# گۆران

## نووسین و پەخشان و وەرگێڕاوەکانی



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

# نووسین و پەخشان و وەرگێڕاوەکانی

# گۆران

ئومێد ئاشنا
کۆی کردووەتەوە و ڕێکی خستووە و پێشەکیی بۆ نووسیوە



ناوی کتێب: نووسین و پەخشان و وەرگێڕاوەکانی گۆران
کۆکردنەوە و ڕێکخستن و پێشەکی: ئومێد ئاشنا
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ١١٧
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب
بەرگ: شکار عەفان نەقشبەندی
نووسینی سەر بەرگ: خۆشنووس محەمەد زادە
پیت لێدان: نسار عەبدوڵڵا
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمان مەحمود
چاپی یەکەم - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر- ٢٠٠٢
تیرێژ: ١٦٠٠
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٠٢ی دراوەتێ

## سەرەتایەکی پێویست

به داهاتنی ١٦ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٢، دوو ساڵی تەواو بەسەر مەرگی لەناکاوی مامۆستا ئومێد ئاشنادا تێپەڕ دەبێ... بەداخەوە ژیانی ئاشنا لە ٤٥ ساڵ تێپەڕی نەکرد، بەڵام لەو ماوە کورتەشدا دەیان بەرهەمی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و مێژوویی جۆربەجۆری بەقەڵەمە بە بڕشتەکەی و بیرە ڕۆشنەکەی خستە سەر خەرمانی سامانی ئەدەب و ڕۆشنبیری نەتەوەی کوردمان و زمانی شیرینی کوردی کە هەندێکیان بە چاپ و بڵاوکردنەوە گەیشتوون و هەندێکیشیان هێشتا هەر دەستنووسن.

ئاشنا بایەخێکی باشیشی ئەدا بە کۆکردنەوەی بەرهەمی شاعیر و نووسەرانی کورد و لێکۆڵینەوە و پیاچوونەوە و پەراوێز بۆ نووسینیان، پەخشان و نووسین و وەرگێڕاوەکانی کۆکردەوە و، چەند لێکۆڵینەوە و وتاریشی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکاندا لەسەر گۆران نووسی.

من لە نزیکەوە ئاگاداری خوێندن و تێکۆشان و ژیانی ئومێد ئاشنا بووم و چەند ڕایەڵی هاوڕێیەتی و خزمایەتی پێکییەوە بەستبووینییەوە، شارەزای زیرەکییەکەی بووم و ئاگاداری خولیای ئەدەب و نووسین و ڕۆشنبیرییەکەی بووم کە بێگومان ئەگەر تەمەن مۆڵەتی بدایە بەرهەمی یەکجار باشتر و زۆرتری دەخستە نامەخانەی کوردییەوە...

ئاشنا دوور بە دوور گۆرانی وەک شاعیرێکی نوێخواز و پێشکەوتووی گەلپەروەر، زۆر خۆش دەویست و شاگەشکە بووکە شیعرەکانی گۆران لە بەرگێکدا چاپ و بڵاوکرانەوە و بەپەرۆشەوە ئەرکی کۆکردنەوە و پاراستنی پەخشان و نووسین و وەرگێڕاوەکانی گۆرانی گرتە ئەستۆ، ئەگەرچی مەرگی لەناکاو مۆڵەتی نەدا خۆی بە چاپیان بگەیەنێت...

ئاشنا کە خۆی پێشەکییەکی تێروتەسەلی بۆ ئەم پەخشانانەی گۆران نووسیوە و، لەم بەرگەدا چاپکراوە، تەنیا هێندە بۆ من دەمێنێتەوە کە لەسەر داوای لەیلاخانی هاوسەری و کاکە عەباسی مەلا براییمی باوکی، (سەرەتایەکی پێویست) بۆ ئەم چاپکراوەی نووسینەکانی گۆران کە لە کۆکردنەوە و ڕێکخستن و پێشەکیی بۆ نووسینی ئاشنایە بنووسم و، پڕ بەدڵ سوپاس و ستایشی دەزگای ئاراس و بەرپرسانی بکەم، کە چالاکانە و خێرا بەپیر بەرهەمەکانی ئاشناوە هاتن و (پیرەمێرد و پێداچوونەوەیەکی نوێ بەژیان و بەرهەمەکانی)دا لە دوو بەرگی ڕازاوەدا و (ژیان و بەرهەمەکانی ڕەشید نەجیب) و (ئەشکی باوان)ی کامەران موکری و ئەم (پەخشان و نووسین و وەرگێڕدراوانەی گۆران)





که لەبەر دەستدایە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە و، بەهیواین لە ئایندەیەکی نزیکدا چەندان بەرهەمی دیکەی بۆ چاپ و بڵاو بکاتەوە.

ئەمەش بەڵگەیەکی ڕۆشنە کە کابینەی چوار بەسەرۆکایەتی کاک نێچیرڤان بارزانی بایەخێکی دیار و بەرچاو و هەست پێکراو، بەئەدەب و کەلەپوور و مێژوو و ڕۆشنبیریی کورد دەدات و شایانی سوپاس و دەستخۆشییەکی زۆرن کە بەچەندان کتێبی بەنرخ کتێبخانەی کوردیان دەوڵەمەند کردووە.

لە ڕاستیدا هەموو بەرهەمە چاپکراوەکانی ئاشنا کە زۆرن و بەژمارەیەکی کەم چاپ و بڵاوکراونەتەوە، شایانی ئەوەن کە دیسان بەژمارەی زۆرتر چاوی خوێنەرانی کوردیان پێ ڕۆشن بکرێتەوە و، چەند مایەی شادیمانە کە هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان لە تەواوی کوردستاندا، لەم خزمەتە گەورانەی ئەدەب و مێژوو و ڕۆشنبیری و سامانی نەتەوەییماندا پێشبڕکێ بکەن و، ئەو پارەیەش کە لەم بوارانەدا خەرجی دەکەن بەفیڕۆ ناڕوات.

ئومێد ئاشنا جگە لەبەرهەمی نووسین و لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی بەرهەمەکانی نەمرانی وەک شاعیری نوێخواز شێخ نوری شێخ ساڵح و مامۆستا حەقی شاوەیس و نەجمەدین (ئاری) و ئەوانی تر، پتر لەسەد وێنەی دانسقەی گەورەپیاوان و نووسەران و ڕابەران و کەلەپووری کوردستان و دیمەنە جوانەکانی کۆکردۆتەوە و پاراستووە بۆ ئەوە دەشێن لە ئەلبومێکی ڕەنگاوڕەنگدا بەکوردی و زمانانی تر چاپ و بڵاوبکرێتەوە.

هەروا بەئەرکی دەزانم کە لێرەدا سوپاسی بنەماڵەی گۆران، بەتایبەتی هێرۆخان و کوڕە گەورەی گۆران کاکە هۆگر و کاک ئەژی گۆران بکەم کە ڕێگەیان داین ئەم بەرهەمانەی (گۆران) لە کۆکردنەوە و ڕێکخستن و پێشەکی بۆ نووسینی ئاشنا، بەدەستپێشخەری و یارمەتی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس چاپ و بڵاو بکەینەوە.

گۆران شایانی ئەوەیە کە هەموو جۆرە بایەخێکی پێ بدرێ، وەک شوێنی لە ئەدەبی گەلی کوردماندا و، لە پێشڕەویی بزووتنەوەی نوێخوازی لە شیعری کوردیدا، ئەو ڕاستییەیە کە بۆتە مایەی نووسینی چەندان نامەی دیبلۆم و دکتۆرا و ئەم کۆمەڵە پەخشانەش بوارێکی چاک دەخەنە پێش نووسەر و قوتابی و زانایان، بەتایبەتی لە زانکۆکانماندا کە لە گشت بوارێکی لێکۆڵینەوەوە کە هەڵدەگرێ، بایەخی پێ بدەن.

ئەم بەرهەم و قەڵەمە دڵسۆزەی نووسەری کۆچکردوومان مامۆستا ئومێد ئاشنا و، گشت بەرهەمەکانی کە بڵاوکراونەتەوە، یان چاوەڕوانی چاپ و بڵاوکردنەوە دەکەن، کە

لەتەک نووسین و وتار و بەشدارییەکانی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانمان و لە کەناڵی تەلەفزیۆنەکان و لە ئێستگەی ڕادیۆکانی کوردستاندا و، سەرجەم هەڵوێستەکانی، ئاشناش دەبەنە ڕیزی نەمرانەوە.

جەلال دەباغ

لە جیاتی بنەماڵەی ئومێد ئاشنا

٢٠٠١/١١/٢٥





## پێشەکی

پەخشانەکانی گۆران ڕەنگدانەوەی سەردەمێکی گۆران خۆیەتی، ئەم پەخشانە هونەرییانە ئەوەندەی شیعرەکانی لەبرەودا نەبوون و دەنگیان نەداوەتەوە وەک ئەوان سەرنجی خوێنەر و ڕەخنەگری بەلای خۆیاندا ڕانەکێشاوە. گۆران خۆشی بەردەوام نەبووە لەسەریان و لەڕاستیدا ئەو گرنگییەی بەشیعرەکانی داوە و هەوڵی تازە کردنەوەی تێدا داوە بەو شێوەیە لە پەخشانەکاندا کاری نەکردووە. ئەم پەخشانانەی لای ئێمە زیاتر لە ڕووی ئیستاتیکی و ڕۆمانتیکیەوە تەماشایان کراوە و گرنگییان دراوەتێ. لەنێو ڕستەکانی بوون و نەبوون ناسکیی خەیاڵی ڕۆمانتیکی و ترپەی دڵی مرۆڤ تێکەڵ بەبێ هیوایی و گۆشەگیری دەبێت.

هەندێ جاریش وەک دیاردەیەکی مەعریفی چەند مانایەکی گەش بۆ ژیان دەدۆزێتەوە. پەخشانەکان زیاتر بەلای مەسەلەکانی ئافرەت و کاریگەری جوانیەکاندا دەچێت، سۆز و هەڵچوون و فرمێسکە ئەم هەست و هۆشە هێڵێکی تەریبی دروست دەکەن و لە ماوەیەکی تایبەتیی ژیانی ئەودا ئاسەواری داهێنانەکانی خۆیان بەجێ دەهێڵن، بڕوانە ناونیشانی پەخشانەکان (چاو، فرمێسک، لاوانەوە، تاسەی لێوی ئاڵ، ئەنجامی هەڵبەست، تاسەی هاودەرد) هەر ئەمەشە کە زۆر لایەنی لێکچوون هەیە لە مانا و تەعبیرکردندا لە نێوان ئەم پەخشانانە و شیعرەکانی گۆراندا. لە پەخشانەکاندا باسی گەورەیی شیعر و دنیا فراوانەکەی کردووە، لە پەخشانەکانی (ئەنجامی هەڵبەست، نامەی گۆران بۆ پیرەمێرد) تەواو چۆتە ناخی ئەو ساتانەی شیعری جوانی تێدا لە دایک دەبێت: (کاتێک من و تۆ ئەمرین هەی داخ، عیشوە و جوانی تۆ، شاعیرییەت و عەشقی من لە ڕووی زەویدا شوێنیان نامێنێ، ئەو کاتە ئەم بولبولە دەنووک ئەکاتەوە، بەناو نەوەی پاشەڕۆژدا، بەناو خوارووو ژووروی کوردستاندا سەرگوزەشتەی عەشقی من و تۆ دەماودەم ئەگێڕێ وەک بەسەرهاتی لەیلا و مەجنون). یاخود زیاتر شیعر لە خۆشەویستیدا دەتوێنێتەوە، شیعر لە گیانی خۆی بەنرختر دەزانێ، خەرامان دەبێت بەنیشانەی تکا و هانا و پەنای هانابردنی دەباتەبەر و خۆکوشتن لەوە بەباشتر دەزانێت کە شیعرێکی خۆی بەدەستی خۆی بسووتێنێ. (ئێستا خەرامان بەدڵێکی ڕەقەوە، بەڕقێکی پڕ لە قینەوە ئەنووسێ تکات لێ ئەکەم ئیتر نامەوێ بژیت، بەگەیشتنی کاغەز دەمانچەیەک بنێ بەسەر دڵی خۆتەوە). من دڵنیام خەرامان دەستکردی خەیاڵێکی ڕۆمانتیکی نییە، بوونێکی مەزن بووە کە هەست و ویژدانی

گۆرانی هەژاندووە، گۆران ڕۆیشت و ڕەنگە خەرامانیش ئاسەوارێکی لە دنیادا نەمابێت، بەڵام شەپۆلەکان زیاتر هەڵدەچن و نەدەنگەکان کپ دەبن و نەدەریاکە ساتێک ئارام دەبێتەوە!

هەموو ڕابردووەکان لە زاکیرەی گۆراندا دێنەوە ژیان، زۆر جار هەموو ساتەکانی ئێستای دەبێت بەو ڕابووردووە، کە دەبێتە خودی تەواوی ئەو (لە بیرمە نیوە شەوێکی ئەستێراوی هاوینی ١٩٢٩ لەبەر دەم پێنجوێنی خەواڵوودا زەبری زەمانە دەستی برایەتی دوو بێ تاوانی لەملی یەکتری پچڕی، تارمایی بەهەنسکەوە لەناو ڕەشایی گوڵەکانا بەرەبەرە ون بوو، منیش بەسەر بارگەیەکەوە شوێن کاروانی هەڵەبجە و ناڵە ناڵی زەنگی تاریکی شەو کەوتم).

گۆران توانیویەتی لە ڕووی تەکنیک و شێوەی دارشتنەوە پەخشانەکانی هەروەک شیعرەکانی لەبەرهەمی کەسانی جگە لەخۆی جوێ بکاتەوە و فۆرم و ناوەڕۆکێکی تایبەتییان بداتێ، بەتایبەتی گۆران ئاگاداری ئەو بزووتنەوە و ڕێبازە نوێیانە بووە کە لەو سەردەمەدا باڵیان کێشابوو بەسەر ناوەندە ئەدەبییە زیندووەکاندا وەک نوێ بوونەوەی ئەدەبی تورکی و ئەدەبی ڕۆمانتیکی ئینگلیزی. بۆ ڕاستی ئەمەش گۆران گەلێ دەقی ڕۆمانتیکی جوانی، ڕۆبەرت هێرک و شیللی و کیتس و بایرونی کردووە بەکوردی و بڵاوی کردوونەوە. ئێستا لە پەخشانەکاندا فرمێسک لەبەرچی و بۆچی (فرمێسک گەوهەرێکی خۆشەویستییە کە خوا لەناو هەموو مەخلوقاتا تەنیا پێشکەشی ئینسانی کردووە، فرمێسک تەنها ئەوە نییە ئەتکێتە برینێکی نەزیفی دڵەوە!) کە سەرچاوەی ئەم فرمێسکانە چاوە لای گۆران دەبێتە دوو پەڕە لە کتێبێکی موقەدەس پڕە لە ئایەتی حوسن، حەقیقەتەکانی ڕۆح سرەکانی دڵ، ڕازەکانی دەروون بەحەرفی نوور تیا نووسراوە، لە چاو سیحراویتر چ ئەسەرێکی ڕۆحی، چ کتێبێکی ئاسمانی هەیە؟!). ڕەنگی چاوەکان لای گۆران دەبنە حەقیقەتێکی ڕووت و پیرۆز، چاوەکان لەچاوی ڕەش و، هەنگوینی و پیرۆزەییدا جوانییەکان کۆدەبنەوە بە هەموویان ئازارێکی پڕنووری هەقیقەت دەخوڵقێنن کە تەواو ئەمە خودی گۆران یا ڕاستتر مەزنیی داهێنانە لای گۆران، ئەم هێڵە دیار و ئاشکرایە هەرچەندە و لە دوای ئەم ماوە مێژووییە هزر و بۆچوونەکانی گۆران لەم بارەیەوە کزولاواز بوون بگرە هەر نەمان بەڵام چونکە ئەم مەسەلەیە بەخودی گۆران و ڕۆحی ئەو ئاوێتە بووبوو دەبینین لە ساڵەکانی دوایی تەمەنی خۆیدا زیندوو دەبێتەوە و دەبێتە هەوێنی گەلێ لە داهێنانەکانی ئەو، دیارە ئەمە لەبواری شیعردا وەک شیعرەکانی، مۆسکۆی جوان و بێدارییەک. لەهەندێ





لە پەخشانەکاندا بێ هوودەیی و جۆرە لەدەستچوون و تێکشکانێکی دەروونی و ڕۆحی دەبینرێت کە سەرجەم ئەمانە لە ئاکامدا دەبنە زنجیرەیەک ئەفراندن و جۆرە کەشێکی وەهای خوڵقاندووە کە لەمێژووی پەخشانی هونەریی کوردیدا بەنەمری و ڕۆحی داهێنانێکی ئەدەبی بەرزەوە ئاماژەی بۆ دەکرێت، مەسەلە ئەدەبییەکە لای ئەو لەپەخشانەکاندا زیاتر لایەنی چۆنییەتی گرتۆتەوە، واتە نەوعیەتی کارەکە لە خودی خۆیدا دروستبوون (تەشکیلێکی) ڕۆحی بەرز و مەزنە، جگە لەوەی هەموو کایە مەعریفیەکانی سەرجەم کارەکە هەر بۆ لای زات و تێکشکانە دەروونییەکان دەگەڕێنەوە، بەمەش گۆران وەک شیعرەکانی لە پەخشانەکانیدا وەک خوڵقێنەرێکی تایبەت بەخۆی بوو.

پاڵەوانەکانی پەخشانەکان، (ئەنجامی هەڵبەست، تاسەی لێوی ئاڵ، چاو، تاسەی هاودەرد) هەموویان لە ئاسوودەیی و دڵنیاییدا بەرامبەر بەدڵەڕاوکێ و نیگەرانی گۆران وەستاون و واتە، لای ئەوان هەموو ئارامی و ئاسوودەییەک و لای ئەمیش هەموو نیگەرانی و دڵەڕاوکێ و هەستکردن بەتێکشکان.

ئەگەر تەماشای ئەم کێشەیە بکەین لە ئەدەبیاتی جیهانیشدا نموونەیان زۆرە و بەئاشکرا دیارە، وەک (نامەکانی، کافکا، بۆ، میلینا-ی خۆشەویستی) نامەکانی- جبران خلیل جبران بۆ ماریا هاسکل- تەنانەت نامەکانی شاعیرێکی مولتەزیمی وەک نازم حیکمەت کە چۆن لەوپەڕی جیهانی ڕۆمانتیکیەتەوە بۆ بیریا خانم-ی خۆشەویستی دەنووسێت، بۆ نموونە هەروەک ساتەکانی ژیان لەناو وشەی پەخشانەکانی گۆراندا ئەگەر بچینە جیهانی کافکا-وە هەمان ساتەکان بەسەر دەبەین کە لەگەڵ گۆران -دا بەسەرمان بردووە. کافکا- بەم جۆرە بۆ میلینا دەنووسێت:-

(هەست ئەکەم وەکو کەسێ وام کە پێش ئەوەی پێی بچزێ بەهیچ گوناهێکا دەرگای بەهەشتی بۆ بخرێتە سەر پشت و هەندێ لە شنەبای بەهەشت هەڵمژێ و لە وەسوەسەی شەیتان و دۆزەخ ڕزگار بێ. نامە یەک لە دوای یەکەکانی تۆ لە باتی ئەوەی گیانم بەتین بکا و هێزم بخاتە بەر زیاتر پەژموردە و پەرێشانم ئەکا، من لێوی خۆم لە کاتی خوێندنەوەدا ئەکرۆژم، هیچ شتێ جێی دڵنیایی نییە، من ڕۆژ و شەوی دوێنێ وەکو منالێ لەگەڵ دایکیا بێ و ئەویش بەخۆشەویستی و سۆزەوە لەگەڵیا بجووڵێتەوە و گوێ بۆ قسەکانی شل بکا ئەوها گوێت لێ گرتبووم) کاتێک کە پەخشانی ئەنجامی هەڵبەست بەم شێوەیە دەست پێ دەکات (توانجەکانت لەسەر سەرم بۆ سەرگەردانێکی دڵداری وەک من) لای گۆران نامەکەی خەرامان دڵنیایی و ئاسوودەیی و بێ گومانی

دروست ناکات. خەرامان داوای مەحاڵ دەکات لە گۆران. دەیەوێ حاڵەتێکی بۆ دروست کات کە مەحاڵە و مەرگی گۆران خۆی تیایدا بەرجەستە دەبێت، ئەو حاڵەتەش ئەوەیە گۆران بەدەستی خۆی شیعری خۆی بسووتێنێ!!. بەڵام میلینا ئارامی و خۆشبەختی لە نامەکانیدا بە کافکا دەبەخشێت. دواجار ئەو مەنەلۆژە پڕ کارەساتەی کە لەخودی گۆران -دا دەی خولقێنێت خۆی نادا بەدەستەوە و بەرەنگاری ئازارەکان دەبێتەوە، پەیامی خۆی کە ئەو شیعرەیە خەرامان داوای سووتاندنی دەکات. ئەم پەیامە خۆی بەم جۆرە بەرجەستە دەکات (کاتێک من و تۆ ئەمرین هەی داخ، عیشوە و جوانی تۆ، شاعیرییەت و عەشقی من، لەڕووی زەویدا شوێنیان نامێنێ. ئەو کاتە ئەم بولبولە دەنووک ئەکاتەوە و بەناو نەوەی پاشەڕۆژدا، بەناو خوارو ژووری کوردستاندا، سەرگوزەشتەی عەشقی من و تۆ دەماودەم ئەگێڕێ، وەک بەسەرهاتی شیرین و فەرهاد و وەک بەسەرهاتی لەیلا و مەجنوون).

هەستی ئیستاتیکی لای گۆران لە پەخشانەکاندا بەجوانترین و مەزنترین شێوە دەبنە داهێنانێکی باڵا. وەک باڵای ئازار و مەینەتیەکانی ئەو، باڵا وەک باڵای پێشڕەوی ڕچە شکاندن و ئەفراندنی بەردەوام.

لە پەخشانی (تاسەی لێوی ئاڵ)دا هاوکێشەی گوڵ و ژیانی ئەزەلی بەرامبەر بە(عەرشی پەروەردگار) دەوەستنەوە و یەکتر تەواو دەکەن، واتا حاڵەتەکان لەهەموو قەلەق و تێکشکان و بێ هودەییەوە تەنیا بەسەر لێوی ئەوەوە تەواو دەبن و دەگۆڕێن و هەقیقەتی خۆیان دەدۆزنەوە. (ئەی یار لێوت بێنە. چونکی لێوی ئاڵ، هەم گوڵی بەهاری شیعرە، هەم پیاڵەی شەرابی عیشق، ئەو گوڵەی کە ژیانی جاویدانیی ئینجانەیەتی، ئەو شەرابەی کە عەرشی خواوەند مەیخانەیەتی).

لە ئەنجامی هەموو ئەمانەدا گۆران بۆ دەربازبوونێکی ڕۆحیی دەگەڕێت، بەڵام نایدۆزێتەوە و بێ ئەنجام دەبێت. چونکە حەسرەت و مەبەستەکانی ئەو نایەتە دی. تەحقیق نابن، بەڵکو شوێن و کاتی خۆیان ون دەکەن. نەچاوی ڕەش تۆزێ دڵنیایی و تەڕیی بەباخی پەژموردەی دەروونی بەخشی، نەلێوی ئاڵ حەسرەتی ئەبەدی ئەوی گەیاندە ئەنجام، بەڵام بەرامبەر هەموو ئەمانە وشە جوانەکان خولقاون و دروست بوون، ئەو وشانەی لە فەرهەنگی ئەبەدییەتی داهێناندا بە نەمرییەوە بەرجەستە دەبێت.





## ئەنجامی هەڵبەست

توانجەکانت لەسەر سەرم، بۆ سەرگەردانێکی وەکو من، چی لەوە خۆشترە: ئەو دەست و پەنجەیەی دڵ دەرزی ئاژن ئەکات دەست و پەنجەی یاری نازدار بێت. کە قسەی ڕەق ڕەقی کاغەزەکەتان دە جار و بیست جار ئەخوێنمەوە، دڵی خۆم ئەوەندەی ئەو پارچە ئاوریشمە بەختیار دێتە بەرچاو، کەلەبەر دەست لەپاش هەزاران تەرتیب و تەقەڵ، هێشتا چاوەنواڕی هەزاران نووکە دەرزی ترە بۆ نەخشێکی تازەی شیرینتر. هەتا ئەتوانی بمکە بەنیشانەی توانج، هەتا هێزت تیایە بەردەبارانم بکە، یاخۆ وەکو خۆت نووسیوتە لە کونجێکی تاریک قەبر بۆ ناونیشانم هەڵکەنە بەڵام ئەو - تەکلیفە بچووکە-ی کردووتە بەجێهێنانی لە وزەی من بەدەرە:

ئەو هەڵبەستە، کە بەساردێکەوە ئەنووسی - کبریتێکی پێوەنێ بیسووتێنە - تاقە ڕووناکی ناو دیوانەکەمە، دیوانەکەم یەعنی مایە و مووری سی و شەش ساڵی تەواوی ژیانم، عومرم. ئەو دیوانەی کە سەرانسەر ئەلف و بێی فرمێسک و هەناسەیە تاقە حەرفێکی شادمانی تیایە ئەویش (زەردەخەنەی خەرامان)ە خەرامان.

یەکەم ڕۆژی جەژن بوو، کەبەر جلوەی زەردەخەنە کەوتم، ئیتر لەپاش ئەوەی لەمابەین مەستی و کەللەیی بوونا شۆڕێکم بەسەر هات ئەزانی چیم کرد؟ خۆیشم نازانم هەر ئەوەندە نەبێ لە گردی سەیوان لەگوومەزەکەی شێخ مارف کە هاتمە دەرێ خەڵق ئەیان وت: ئیمڕۆ ئاخر ڕۆژی جەژنە کە وابێ دوو شەو و ڕۆژی تەواو پیاوێکی شێتی شیعر و دڵداری لە قەرەباڵغی جەژنی سلێمانی تەریک بووە، خزاوەتە قەبرستانێکەوە. لەباتی نان بەخەو بینین لەباتی ئاو بەخەیاڵ، لە باتی ئاگر بەجۆشی دڵ، لەباتی ڕووناکی بە نەشئەی زەردەخەنە قنیاتی کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا لە هەموو دەمارێکم خوێنی شادمانی لافاوی هێز و زیندەگانی فیچقەی ئەبەست چونکی هەموو جۆشی دڵم، هەموو نەشئەی کەللەم، هەموو ڕووناکی ژیانم، هەموو تین و گەرمایی دڵداریم، بەدوو ڕۆژ لە قاڵبی هەڵبەستێکی درێژا داڕشتبوو، هەڵبەست بەدوو نوسخە.

لەتەنکەی باخەڵی چاکەتەکەما بوو، لەو عاستەی کە پیاوی پارە خۆشەویست هەر چەند دڵی لێ ئەدا خشەی دەستەیەک چەک و بانقەنووت ئاوازی ئۆخەی لە تەلی سەعادەتی بەرز ئەکاتەوە. بەم چەشنە کە گەیشتمە ماڵەوە یەکەم فرمانم ناردنی نوسخەکەی تۆ و لکاندنی نوسخەکەی دیوان بوو.

ئێستا خەرامان، بەدڵێکی ڕەقەوە، بەدڵێکی پڕ لە قینەوە ئەنووسی -تکات لێ

ئەکەم ئەم شیعرانە بسووتێنە، نەخەڵەتابی لە چاپیان بدەی.

هەیهات چەند ئاسانتر بوو بنووسیت –تکات لێ ئەکەم ئیتر نامەوێ بژیت، بەگەیشتنی کاغەز دەمانچەیەک بنێ بەسەر دڵی خۆتەوە.

بەڵێ خەرامان! خۆکوشتن ئاسانترە، چونکی ئادەمیزاد بۆ مردن لە دایک ئەبێت بەڵام شیعر سووتاندن، ئەفسووس، ئەفسووس.

شیعر بولبولێکە لە هێلانەی دڵا زاوە، لە عاسمانی دڵداریا پەڕ و باڵی دەرکردووە، بەسەر باخچەی ئافرەت و جوانییا بەستە ئەخوێنێ. ئەو هەڵبەستەی تۆ ئەتەوێ بۆ ئێجگاری دەنووک لێک نێت، پێویستییەکی تری هەیە لە ژیانا.

کاتێک من و تۆ ئەمرین، هەی داخ عیشوە و جوانی تۆ، شاعیرییەت و عەشقی من، لە ڕووی زەویدا شوێنیان نامێنێ، ئەو کاتە ئەم بلبلە دەنووک ئەکاتەوە بەناو نەوەی پاشەڕۆژا، بەناو خوارووژووری کوردستانا سەرگروشتەی عەشقی من و تۆ دەماودەم ئەگێڕێ وەک بەسەرهاتی شیرین و فەرهاد.

وەک بەسەرهاتی لەیلا و مەجنوون.

خورشید(١)

## چاو

ئەگەر جوانی نەمامێکی سەوزی پاراو بێ چاو جووتێ گوڵی گەشە بەتەوقە سەرەکەیەوە، چاو: جووتێک شائەستێرەیە بە بەرزایی ئاسمانەوە، چریسکە چریسک ئەدرەوشێتەوە، جووتێک گەوهەری پرشنگدارە تاجی عەشق و جوانی ئەڕازێنێتەوە، جووتێک پەنجەرەی ڕووناکە ئەنوارێ بەسەر باخچەی ڕۆحا.

چاو: دوو پەڕەیە لە کتێبێکی موقەدەس، پڕە لە ئایەتی حوسن حەقیقەتەکانی ڕۆح، سڕەکانی دڵ، ڕازەکانی دەروونی بەحەرفی نوور تیا نووسراوە، ئاخۆ لە چاو بەلیغتر، لەچاو پڕ مەعناتر لە چاو سیحراویتر، چ ئەسەرێکی ڕۆحی چ کتێبێکی ئاسمانی هەیە.

یەکێک لە موعجیزەکانی چاو ئەوەیە وەک بەردی بەقیمەت بەهەموو ڕەنگێکەوە مەقبوولە.

هەندێ چاو وەک شەو ڕەشن، هەندێکیش چەشنی پیرۆزە شینن. هەندێ چاوی تریش هەن ئەڵێی چاوی هەڵۆن، چەشنی یاقووت ئاگریان لێ ئەبێتەوە، لای من وایە چاوی

(١) واتە گۆران.





ڕەش بەجلوەی حوزن و دڵۆپی فرمێسکەوە شای هەموو چاوە جوانەکان ئەوە نیگای شیرین، ئەوە نیگای بێ وێنە، بەڵام چاوی شین حاڵەتی نەشئە و زەردەخەنەی زیاتر لێ دێت لە ڕۆژێکی مارتا، سایەقە بۆ ئاسمانی ساف چی بێت نەشئە و زەردەخەنەشی بۆ چاوی شین ئەوەیە: چاوی هەنگوینیش لەو کاتەدا کە لەگەڵ خەشم و نازا ئیمتیزاج ئەکات، ماچکردنی لە نۆشینی ئاوی حەیات گەلێ خۆشترە.

ئەی چاوە جوانەکان!

شوعلەیەک لە ئێوەدا هەیە، پێی ئەڵێن: پرشنگی عەشق و سۆز هەر چ دڵێک لەو پرشنگەی تێ نەڕژابێت، هەرچی شوعلەی ئەرز و ئاسمان هەیە بەجارێک هەڵگیرسێت ئینجا قوژبنێکی بچووکی ڕووناک ناکاتەوە.

لە گۆڤاری (هاوار)ەوە

## خولێک بەناو شاردا

## سوورەی چاوکاڵ

نەختێک سەری خۆم بەسەخت ئەزانم، تا ئێستا لەژێر هەرەسی زل زل بەساغی دەرچووە، بەڵام وا دیارە لەئەنجامی کارا سوورەی چاوکاڵ شتێک بەسەر ئەم سەرە دێنێت.

سوورەی چاوکاڵ وا مەزانە لەدوژمنە سورفلە دوولاقەکان بێ بۆ ئەنجامێکی ئیمپریالیزمی شوێنم کەوتبێ. بەڵکو پیکاپێکی ڕەنگ سووری تەنتە- کاڵە تەڕاتێن و گڤەکردنی وەکو گوللە بەدەوروپشتما تەنیا دوو مەبەستی ساکاری تیا مەیسەرە.

یەکەم: خاوەنی دەماخی، خۆی تەخت کا.

دووەم: من یان هەشت نۆیەکی وەکو من لە ژێر تایەدا ملمان بشکێ. ئێستا چش لە حەوت هەشتەکەی تر، بەڵام من کابرایەکی پیرم چەند ڕۆژێکی کەمم ماوە بەسەر دنیاوە، ئەم چەند ڕۆژە کەمەم وەکو دەستمایەی موفلیس لە ڕووناکی چاوم خۆشتر ئەوێ، لەبەر ئەوە بەشووڕەیی نازانم لە پێناویا ڕێگای تکا و پاڕانەوە بگرم. هیوام وایە خاوەنی سوورەی چاوکاڵ بەپێی تەمەن چوار ئەوەندەی من قەدری دوا چۆڕەکانی پێکی ژیان بزانێ و ڕەحمم پێ بکات و ئەوەندە بەتاو هەڵنەکوتێتە سەرم. کاروباری ئەم سەردەمە ئەوەندە گورجی هەڵناگرێ پیاو ناچار بێ لە کۆڵانی قەڵەباڵغا لەسەر هەشتا

لێخورێت. هەر ئارەزووی بەژێرەوەکردنی خەڵکیشی هەیە پیرەکان ببەخشێ. هی وا زۆرن لەهەرەتی جوانیدا بن.

(ژین – ژمارەی ١١٥٩ ساڵی ١٩٥٣)

## فرمێسک

فرمێسک چییە؟ دڵۆپێک ئاوە، بەڵام لە ئاو روونترە لە ئاگر رووناکتر: لەنەشتەر تیژترە، دڵۆپێک کە لە خوێنی دڵی عاشق سوێرتر، لە جگەری رۆڵە کوژراو گەرمتر، لە ویژدان سافتر، لە ئەخلاق پاکترە، لە عەشق حەساسترە، دڵۆپێک کە لە رشتەی مرواری ملی کچان جوانتر، لە ئاونگی سەرلێوی خونچەی بەیانیان شیرینترە. رەحمی دایک، ئارامی عاشق، کەساسی هەتیو، هەژاری مەزڵوم وەلحاصل هەموو مەغدووریەتەکانی کون و قوژبنی ژیان.

ئەمانە هەموو بەرەو رەحمەتی عەرشی گەورە سەری نیازیان هەڵبڕی و چاویان کردەوە بۆ دەرمانی تەسەللا: ئەزانی چی بوو؟ لە عەرشەوە دڵۆپ دڵۆپ تکایە ئەم چاوانە فرمێسک: گەوهەرێکی خۆشەویستییە کە خالق لەناو هەموو مەخلوقاتا بەتەنیا پێشکەشی ئینسانی کردووە، لەبەر ئەوە فرمێسک ئەوە نییە کە تەنیا بەسەر دەردێکی ئینساندا تلۆر ئەبێتەوە یاخود ئەتکێتە برینێکی نەزیهی دڵەوە.

فرمێسک ئەگەر لەرووی- ریقەتی محض- (ناسکییەکی تەواو رووت و باریک) عاتیفەی حەمیمی و شعوری راستەقینەوە بێ فرمێسکە، ئەگینا ریپۆقێکی پیسە چڵکی مەعنەویشی ئاوێتەیە.

## لاوانەوە بۆ برایەکی جوانەمەرگ

## بۆ ئەورەحمان ئەفەندی رەحمەتیی کوڕی سەعید ئەفەندی(١)

ئەوا هەشت گەڵاڕێزانی تەواو، فرمێسکی پایزی بەسەرا باری، هەشت کۆچی بەرەو گەرمیانی تەواو، پۆلی قەل و قاز دار و دەوەنیان رەشپۆش کرد.

ئەو ساڵانەی کۆن بەچەشنی ولاتێک لێک جوێ بێتەوە، یەک لەدووی یەک، بەرەبەرە لەچاو ون بوون. ئێستا لەدوور دوورەوە پەڵەیەک دوکەڵی سپی لەعاستی شوێنەکەیان

(١) ئەورەحمانی سەعید ئەفەندی لە ساڵی ١٩٠٥دا لە دایک بووە. کۆچی دوایی لەساڵی ١٩٣٢دا بووە.





بەرز ئەبێتەوە. لەگەڵ ئەوەشا من هێشتا بەرووناکی، بەگەرمی و تازەیی هەشت ساڵ لەمەوپێش، هەوەڵ دیدارتم لەبیرە: لاوێکی ئێسک سووک، خوێن گەرم، دڵتەڕ، تەڕ پۆش، بەجووتێ چاوی رەشی نێرگسی کە هەریەکە لە عاسمانێک موقناتیسی و زەردەخەنەیان تیا بوو دەستی گوشیم. برادەرەکان بەیەک دەم گوتیان:

ئەورەحمان، لەپاشا منیشیان بەتۆ ناسی. ناوەکەت ئەوەندە بەدەم برادەرەکانتا هاتبوو، لە لێوی خۆشەویستی ئەوەندە ماچ کرابوو، گرنجی و پرووشەکانی سوابوو، سفت بوو بۆیە هەر لەخۆیەوە لە دەم ئەخزا چەشنی مێخەکبەندی سەر کەمەرە لەگەڵ هەموو لێوێک ئەلەرزایەوە.

دەمی منیش چ زوو هۆگری ئەم ئاڵتوون رشتنە بوو؟ چ زوو بەزنجیرەی ئارەزووت راهاتم؟ فێری برا پەرستێ بووم؟ لەو جارەوە هەموو سێ هەفتەیەک لەگەڵتا بەسەرم برد.

ئەورەحمانی هەوەڵ دیدار –بەتەراشی تازەیەوە – بەگوڵە ئاڵەکەی بەرسنگیەوە.

بەزەردەخەنەی ئەورەحمانییەکەی سەر لێوییەوە، ئاشکراترین و رووناکترین نەخشەکانی یادمە.

ساڵی ١٩٢٨ چەند خۆشحاڵ بووم. کە هەردووکمان پێکەوە بووین بەژێر بەفرە زۆرەکەی پێنجوێنەوە، ئەو زستانە درێژەمان بەدیار ئاگرێکی خۆشەوە و بەپێکەنین و گۆرانی بردە سەر. تۆ بەتەواوی بۆ نەوجوانی ژیان خوڵقابووی، بەیانی هەتا ئێوارە وەکو هەنگی برسی بەگۆرانی وتن بەشوێن گوڵی رەنگاورەنگ و شیلەی شیریندا ئەسووڕایتەوە. رۆشنایی ژیانت ئەوەندە تیژ بوو سەرچاوەی شادی هەنگوینی هەرزەکاری لەتاریکترینی پێچ و پەنادا بوایە بەشارەزایی رێت ئەبردەسەری. منیش هەمیشە بەشوێنتەوە بووم.

کەڵکەڵە و رەوشتی دنیای دڵداری و جوانیت گەرمایی جمەوجۆڵی تافی نەوجەوانیت، ئەوەندە لەپێش چاوم شیرین بووبوو، شەو و رۆژ خەریکی مەشقی ئەورەحمانی بووم لام وابوو تۆ سەرمەشقی ژیان و نەوجەوانیت. راستەقینەشی هەر وابوو.

هەروا لەبیرمە نیوەشەوێکی ئەستێراوی هاوینی ١٩٢٩ بوو لەبەردەمی پێنجوینی خەوالوودا، زەبری زەمانە، دەستی برایەتی دوو بێ تاوانی لە ملی یەکتری پچری، تارمایی تۆ بەدەم هەنسکەوە لەناو رۆشنایی گوڵەکانا بەرەبەرە ون بوو، منیش بەسەر بارگەیەکەوە بەرەو –تەوێڵە– شوێن کاروانی هەڵەبجە و ناڵەناڵی زەنگی تاریکی کەوتم، ئیتر لەو حەلەوە ناو بەناوێک چەند رۆژێک یان هەفتەیەک یاخود لای ئەوپەڕی

یەک دوو مانگێ نەبێ، تۆ بەهەموو گوڕی لاوێتی و جوانی قوڵپی برایەتیتەوە لە من ون بووی. قاقەزم زۆر کەم بۆ ناردووی بەڵام تاسەی بەگەرم و یادی بەسۆزم هەمیشە بەرێتەوە بووە، لەگەڵ ئەوەشا حەقم بوو زۆر دەربەستت نەبم، چونکی ئەمزانی لەناو هەچ کۆمەڵێکی ئاهەنگا بی گۆرانی ئەڵێیت، لە هەچ پێچ و پەنایەکی نەوجەوانیدا بیت هەنگوینی دڵ خۆراکی گیان ئەمژیت.

بەڵام ئێستا کە هەچ قاقەزێک ئەکەیتەوە بەباسی مردنی تۆ بۆنی فرمێسکی لێ دێ.

ئەی هوو خۆڕاگرتن چەند گرانە؟ ئەوڕەحمان بمرێ؟ گەرمەی جوانی بژاکێ ڕۆشنایی ژیان لە نیوەی ڕێگادا بکوژێتەوە.

نەوجوانی لەژێر پێی مەرگا بفلیقێتەوە؟

هەروا ئاگرم تێ بەرئەبێت ئەوڕەحمان!.

چۆن؟ ئێستا ئەم ئاسمانە شینە تۆی لەژێرا نیت؟

ئەم هەتاوە نەرمەی پاییز لەسەری تۆ نادات؟

ئەم دنیا گەورەیە بەدووتا خواروژوور بکرێت هەرگیز نادۆزرێیتەوە؟

ئەی لەکوێیت؟

لەژێر گڵا؟ ئاخ!

## تاسەی هاودەرد

برا! دوو دڵی هاودەرد دوو پارچە گۆشتی هەژار بووین، لە کونجێکا پێکەوە ئەمان ناڵاند! هەردووکمان تەلیسمی ژیان دێوە ڕەشەکەی پیشان دابووین، لەعاسمانی هیوامانا ڕووناکی نەبوو، ئەستێرە کزۆڵەیەک چیبە نەئەدرەوشایەوە.

دوودڵ کەنیشانەی مانیان: ئازارێکی زۆر، لێدانێکی سستی بێ تین بوو، نازانم بەهۆی چ هەڵکەوتێکەوە بوو کە لە شوێنێکی کپ و کەلا لە قوژبنێکی بێدەنگی سلێمانی دا یەکانگیر بووبووین بەناڵین، تاوێک بەسکاڵا تێ ئەپەڕان.

هەی داخ وامان ئەزانی کە لەدەریای کلۆڵیدا ناخمان گرتووە، ئیتر جێگای قووڵتر نەماوە تێی بکەوین. وەک پیشەی ئادەمیزادی گەوجە، هیچ نرخی ئەو نیعمەتەمان نەئەزانی کە لە قولی مستمانا بوو. پەنجەمان تەنیا سەر جێگای ئێش و ئازار ئەخست و ناوچاو و ژیانی خۆمان بە لەعنەت ئەکرد نەمانئەزانی ڕۆژێک ئەبێت تۆڵەی ژیان بەرچەپۆکمان بدا، هەریەکە بەلایەکا تەفروتوونامان بکات.





برا! بەتەواوی بڕوام هەیە ئێستا تۆش وەکو من لە دنیادا نیعمەتێکی گەورە لەناو چاوی خۆت بخوازی:

تەنیا پێکگەیشتنەوەمانە کە ئەوسا ئەم پێکەوەبوونە دڵی هیچ کاممان زۆر و کەم دەربەستی نەبوو. ئاخ چەند خۆشە دوو هاودەرد لە قوژبنێکی کشوماتا سەربنێن بەسەری یەکترەوە، سکاڵای ئێش و ئەندێشەی خۆیان بکەن.

بەڵام ئەفسووس، وەکو منالێکی ساوا، ئەوسا زانیم چۆلەکەکەم زۆر جوانە کە لەدەستم فڕی و بەناخی ئوفقی تەماویدا چووە خوارێ ئیتر ئێجگاری ون بوو.

ئێستا ڕەنگە منطق و لێکدانەوە بەکەڵکی زبانی پاراوی ئامۆژگاریکەرێکی سارد و سڕ بێت، ڕەنگە ئاسان بێت خەڵق بڵێن: پاش ڕابردوو گریان بێ سوودە، بەڵام دڵێک کە بەساجا چزاوە بەم دەرمانانە فێنک بێتەوە هەیهو... هەیهو...

(گۆڤاری گەلاوێژ- کانوونی یەکەمی ١٩٣٩)

## تاسەی لێوی ئاڵ

ئەی یار- هەستیم جۆش ئەدا، ڕۆحم لێوان لێوە بەدڵۆپێکی تر لەتەوقی سەرمەوە سەر ڕیز ئەکات، یاخود پێستم وەک بۆمبای لەناوا بتەقێ لێک ئەبێتەوە لەناو پێستی لەشما نەگۆشت و بەز ماوە نەئێسقان و ڕەگ نە ناو سک هەموو بەسەریەکا جۆشی خواردووە بووە بەخوێنێکی کوڵ بەکوڵ بەئاگرێگی تیژ بەعیشقێکی پاک، سۆزی عەشق، هەستمی تواندۆتەوە، پاڵاوتوویە، لەتلّپە ڕزگاری کردووە... ئێستا لەباتی - من- ی مادی گرێکی مەعنەوی، ڕۆحێکی پەتی لەسەر تەوقی سەر ئەسووڕێتەوە.

ئەی یار هەوای ژوورەکەت کەیلی بۆنی بەهەشتی، کەیلی پرشنگی بلوور ئاوێنەییە... لەرەی ئەسپایی مۆسیقیشی تیایە. ئا لەناو هەوایەکی وا پڕ شیعر و پڕ خەیاڵا: سوراحی شەرابی دێرینە لەدۆڵاب دەردێنی... پیاڵەی گوڵداری لێ پڕ ئەکەیت بەشێنەیی ئەینێی بەسەرەوە. بەرەبەرە بەرەو مەستی ئەچی، ڕەنگی ئاڵی نەشئەت لەگەڵ ڕەنگی ئاڵی جوانیت تێکەڵ ئەبێ. جار جار دزە نیگایەکی بۆ ئەچەرخێنێتە ئاوێنە.

ئەی ڕەنگی چاو جازبەی جوانی- لەزەتی دڵنیایی پێ ئەچێژی ئینجا زەردەخەنەیەک: ئاخ یەزدانی پاک زەردەخەنەیەکی گەلاوێژی بەسەر یاقوتی لێوتەوە ئەدرەوشێتەوە ئا لەو حەلەدا ئاواتی عومرم، خەوی شەو و ڕۆژم، هیوای ژیانم، بێنەرە دی:

لێوت بێنە: هەموو عەشقم... هەموو سۆزی دەروونم هەموو ڕۆحی ئاگرینم، هەموو

شیلەی هەستیمی تێ بڕێژم. ئەی یار لێوت بێنە- چونکی لێوی ئاڵ: هەم گوڵی بەهاری شیعرە، هەم پیاڵەی شەرابی عەشق- ئەو گوڵەی کە ژیانی جاویدانی ئینجانەیەتی، ئەو شەرابەی کە عەرشی پەروەردگار مەیخانەیەتی.

(ژیان- ژمارە ٤١٠ ئەیلولی ١٩٣٤)

## گوڵێکی نەوشکفتەی شیعر

## پیرەمێرد لە ڕۆژنامەکەیدا بەم جۆرە گۆران بەخوێنەران ئەناسێنێ

ژیان، ٦ی ئابی ١٩٣١

چەند ساڵێک لەمەوبەر خۆشبەختانە ڕێم کەوتە شارێکی لەتیفی کوردستان. موددەتێکی موناسب لەوێ مامەوە. حەیاتێکی سادە و زەریف، حەیاتێکی پڕ لەشیعر و سونوحاتم ڕابوارد. ئەتوانم بڵێم ئەم شارە بەدەشت و دەری شاعیرانەوە، بەشاخ و نزاری پڕ لە ئەحلام و خەیالاتیەوە لانەیەکی ئەزەلی و ئەبەدی شیعرە، زەڕاتی هەوای پڕ لە ئیلهامە. تاریکەشەو و مانگەشەوی موتەساوییەن شاعیرانە و وەحی بەخشە. بن هەر لقی داری باغێکی صەد فریشتە و صەد پەریی شیعری لێیە و هەر بەم سەبەبەوەیە لە ڕۆژێکەوە بناغەی نراوە بێ شیعر و شاعیر نەبووە.

ئا لەم شارەدا ئەوەل ڕۆژی مواصلەتم لاوێکی زیرەک تێگەیشتوو، ڕەقیق و فەقەت مەحجووب جەلبی دیقەتی کردم. ئیفراطی مەحجووبیەتەکەی تەقریبەن کردبووی بەمەردوم گوریز. غالیبەن گۆشەیەکی ئینزیوای پڕ حسس و خەیاڵی تەرجیح ئەکرد بەسەر حەیاتێکی پڕ جۆش و خورۆشی ناو خەڵقدا.

موعارەفەمان بۆ موددەتێکی مەدید عیبارەت بوو لەچەند مولاقاتێک فەقەت بەرەبەرە مولاقاتەکەمان تەزایودی کرد، ئاشناییێکی موتەقابیل هاتە وجوود- ئاشناییێکی فکر و حیسی قەناعەتی کامیلم بۆ حاصل بوو کە دوور لە ژێر پەردەی کەسیفی مەحجوبییەتەکەیدا حیسێکی رەقیق و بەرز، تەبیعەتێکی شاعیرانە مەوجوودە و شنەی بایێکی خەفیف کافییە ئەو پەردەیە لابدات. وە بەهەموو مەحاسینی بەدیعیەوە شەخصیەتی شیعرییەی دەرخا. زەمان هات و تێپەڕی ئەرز بەدەوری خۆیدا چەند خولێکی دا و نیهایەت لە سولەیمانی یەکمان گرتەوە. ئەمجارە بەمەمنوونیەتەوە دیم کە کزەبایەکە هەرچۆنێ بووبی هەڵی کردووە و تا دەرەجەیەک بووە بەسەبەبی دەرخستنی شەخصیەتی.





شەوێک کە دیسان لە مەوزوعی شیعر و ئەدەبیات ئەدواین بەدەنگێکی نزم و ڕوویەکی سوور هەڵگەڕاوەوە بەعضێ شیعری خۆی لەبەر خوێندەوە، زۆرم لا جوان بوون و تەلەبی نوسخەیەکم لێ کرد. سبەینێ مەنظومەکانم لێ وەرگرت و کە دووبارە پیاچوومەوە بەتەواوی تەحەققوقی کرد لەلام کە ئەمانە زۆر دوور بوون لە شیعری شاعیرێکی موبتەدی وەیا هەوەسکارێک. عەلاوەی ئاهەنگ و سەلاسەتی مەوضوعەکانیش جاذبیەدار و پڕ حەیات بوون بەخەیاڵێکی ورد و بڵند هۆنراونەوە و بەتەرزێکی جوان و ڕەوان ئەدا کرابوون.

لە گوفتاری وا تێگەیشتم ئەیەوێ ئەمانە لە گۆشەی نیسیاندا بمێنێتەوە. فەقەت من شەخصەن ئەم ئیهمالەم بەرامبەر بە ئالیهەی شیعر بە جورم عەد کرد و بیننەتیجە قەرار درا بەناوی موستەعارەوە نەشر بکرێن.

بە ئیفای ئەم خدمەتە ئەدەبییە زۆر مەسرورم ئەووەل مەنظومەی بەحورمەتەوە خرایە بەر نەزەری خوێندەوارانی گیرام.

پ -واتە پیرەمێرد

## کەڵکی ئەدەب

لە سووچی چاپخانەیەکدا کۆڕێکی بچووکمان گرتبوو، لە نووسراو -کتێب – ئەدواین، لە ناومانا یەکێک لێوی لە باسی نووسراوی ئەدەبی هەڵقرچان و بەساردیەوە گوتی: من هەزار نووسراوی ئەدەبیم لا پوولێکە، کام نووسەر کە ئەڵێی بەناوبانگە هەر نووسراوێکم بدەیتێ ناتوانم لاپەڕەیەکی لێ بخوێنمەوە؛ بەڵام نووسراوی زانست (عیلم) هەر مەپرسە، بەرگێکی گەورەی (فیزیا) لە ماوەیەکی کەمدا ئەخوێنمەوە، وەکو تەواوی ئەکەم وا ئەزانم خەوێکی خۆشم دیوە، یەکێکی تر هەڵیدایە و گوتی:

«ئەدەب چییە؟ وڕێنە و خەیاڵ پڵاوە، بەڕاستی هەر نووسراوی زانستە کار ئەکاتە سەر ئیقتیصادیاتی وڵات و پێشکەوتن و بەختیاریی میللەت ئەگینا زگی برسی بە وتاری پف هەڵدراو تێر نابێ و، هەزار کەلیمەی ڕازاوە، سەد خەیاڵی دوور و درێژ پوولێکی گیرفان ناکا بە دوو».

هەروەها کەسی سێیەمیش پشتی هاوڕێکانی گرت و گوتی: «بێ گومان ئەمەیە جیاوازی خستۆتە میانی گەلانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە، ئەبینین ڕۆژهەڵاتییەکان چاویان بڕیوەتە ئاسمان، لەبەرئەمە تۆزێ هەنگاو بۆ پێشەوە بنێن و، لە سەرەتای

ژیانیانەوە چۆن بوون، هەروەها ماونەتەوە و لە جێی خۆیانا چەقیون، پێشکەوتنیان بۆ نییە؛ بەڵام ڕۆژئاواییەکان چونکە ئەزانن هۆی ژیانیان لەسەر ئەرزە هیچ بەتەنگ ئاسمانەوە نین، چاویان بڕیوەتە بەردەم دەوروپشتی خۆیان، مێشکیان تەنیا بەهەوڵدان خەریک دەکەن بۆ هەڵگرتنی قۆرتی سەر ڕێگایان و، هەتا دنیاش بمێنێ لە ڕۆژهەڵاتییەکان دوور ئەکەونەوە، لەبەر چاومانە گەلانی دەوروپشتمان وەک عەرەب و ئێرانییەکان هەزاران ساڵە هەن و، ئەم ماوە درێژەی ژیانیان بەهونەر نواندن لە شیعر و ئەدەبا بردۆتە سەر، بەڵام ئاخۆ لەناو گەلانی ئێستای ئەوروپادا، کە هەندێکیان ساوای پێنج شەش چەرخی تەئریخن، ئەندازەی هەستیان چییە؟

منیش هەر لە سەرەتای گفتوگۆوە تا ئەهاتم پیشم ئەخواردەوە، دوایی کەوتمە جوولە و ویستم بەکەڵە بەیتێک بەری لافاوی پێشم بەرەڵڵاکەم؛ بەڵام ئەم هاوڕێی دواییەم گورج بواری نەدام و، لەسەر وتاری خۆی ڕۆیشت: لەبەرئەوە من ئەڵێم ئەگەر بمانەوێ لەسەر بناغەیەکی باش کورد پێ بگەیەنین و بیخەینە ڕیزی گەلە هاوچەرخەکانییەوە، پێویستە واز لە شیعر و ئەدەب بێنین و، ڕێی ڕووناکی زانست و ڕاستی (حەقیقەت) بگرینەبەر.

ئەم هاوڕێیانە هەرسێکیان لە دەرچووانی قوتابخانە بەرزەکانن و، هیچ گومان نییە لە دەرچووانی قوتابخانەی بەرزونزم گەلێ خوێندەواری هاونیشتمانانمان هەیە، کە لەم چەشنە بیروباوەڕەیدان، یا کوتومت، یا بەکەمێک جیاوازی بەلای زۆری و کەمیدا.

ئێستا بەم بۆنەیەوە دێتەوە بیرم چەند لاوێکی پەسند و ناسراوی تریش، کە بۆیان ڕێککەوتبێ ئەم بیروباوەڕەی خۆیان لا دەربڕیوم.

ئەگەر بمزانیایە کورد ژمارەی خوێندەواری ئەوەندە زۆرە، ئەم چەشنە کەمانە لە ڕیزی کەمی (ئەقەلیەت)دا ئەمێننەوە هیچ دەربەست نەئەبووم و، ئەمگوت: هەروەک هەموو کاروانێکی تر با کوردیش لە ڕەوی ڕاپەڕینی ژیانیا چاو لەیەک دوو تەرەفی خۆی بپۆشێ، مەبەستی هەرە گەورەی ئەوە نییە کاروانی حەرەکەتی بەڕێگای ڕاست و هێمنا لێخوڕێ بۆ ئامانجی؛ بەڵام ئەمەیان کارم لێ ئەکا، ئەمانە بەشی زۆری خوێندەوارانی کوردن، کە لە خۆیا خوێندەواری ئێجگار کەمە و بەشی زۆری ئەم کەمەیش شوێن باوەڕی چەوت و بێ جێ کەوتبێ، ئەی کێ پەلی گەلە دواکەوتووەکەمان بگرێ؟ بیخاتە سەر ئەو شەقامە، کە میللەتانی تری لێوە گەیشتۆتە هەوارگەی بەختیاری؟

لەبەرئەمەیە بە پێویستی دەزانم ئێستا ئەو بیرانە بخەمە سەر کاغەز، کە لە کۆڕەکەدا بەبیرما ئەهات و ئەچوو، هەوڵی لێدوانیانم بۆ هەڵنەئەکەوت پێشکەشی خوێندەوارانی





(گەلاوێژ)ی[1] بکەم، تا بەو بیروباوەڕە ئەو هاوڕێیانەم یەکەیەکە بخەمە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوە، چونکە بەهۆی ئەوەوە، کە ئەوەندە بێ تێبینی دانیان پیا نراوە بێ هێز ماونەوە و بەهیچ جۆرێک بەرگەی لێدوانی سەرپێیش ناگرن، چۆن کابرایەک خۆی بە خوێندەوار بزانێ ئەتوانێ نووسراوی زانست یا فەلسەفە لە ئەدەب جوێ بکاتەوە.

یا چۆن زات ئەکا بڵێ زمانی زانست تەڕ و پاراوترە لە زمانی ئەدەب؟ یا بڵێ لەمیان باش ئەگەم و لەویان هیچ؟ ئەوروپایی تەنیا لەگەڵ زانست و کارسازی خەریکە و ڕۆژهەڵاتی پێچەوانەی ئەو لەگەڵ ئەدەبی ڕووت؛ بەڵام ئەو مەعنایانەی بەتێکڕایی لەدەمەتەقێی هەموویان دەرئەچێ، ئەتوانین بەم چەشنە چەند قەڵەمێکی ئەساسی لێ دەربهێنین و تێکۆشین بە پێی ماوە وەرامێکی کورتیان بدەینەوە:

١- ئەدەب چییە؟ ٢- بەراوردی ئەدەب لەگەڵ زانست و کارسازی لەگەڵ دەزگای تری کۆمەڵایەتی. ٣- بە تایبەتی کەڵکی ئەدەب بۆ کورد.

تەئریخی ئەدەب و زانستەکانی دەرحەق بەئەدەب، تەئریخی هونەرە جوانەکان و زانستەکانی دەرحەق بە هونەرە جوانەکان دوور و درێژ بەزبانی زانستی وەرامی ئەم پرسیارەیان داوەتەوە. ئەدەب چییە؟ پێویست نییە لێرەدا ئێمە گێرەوکێشەی تەرجەمەی مەتنی ئەو کتێبانە بگرینە ئەستۆی خۆمان ئەوەندەمان لا بەسە، کە بزانین لە دنیادا هەروەکو ئینسانێک نابینی ئەگەر یەکێک لە پارچە ئەساسییەکانی لەشی ناتەواو بێت؛ بۆ نموونە: مێشک، دڵ، جیهازی هەناسە، جیهازی خواردن و هەزم، هەروەها میللەتێکیش نابینی ئەدەب و شیعری نەبێ، کە لەگەڵ ئایین، ڕەوشت و خوو، زبان، تەئریخ، هەریەکەیان چەشنە کەرتێکی حەرەکەتی لەشی میللەتێ دروست ئەکەن.

قەومێکی ئینگلیزی بەبێ ئەدەبی ئینگلیزی، قەومێکی فرانسزی بەبێ ئەدەبی فرانسزی، قەومێکی ژاپۆنی بەبێ ئەدەبی ژاپۆنی. هێنانە بەرچاو چەندە دوورە لە ڕاستی!

بێینە سەر کەڵکی ئەم پارچەیە بۆ لەشی میللەت، دڵ ئەو مەلەکەیەیە هەست بەشادی و خەفەت ئەکات، لە دەروونی ئینسانا بۆ ئینسانێک چی بێ، ئەدەبیش بۆ کۆمەڵ کوتومت ئەو شتەیە. دەوری تاکێکی (فەردێکی) کۆمەڵیش، لە باری کۆمەڵایەتییەوە هەر ئەوەیە. پیاوێک بێنە پێش چاو تووشی چەشنە نەخۆشییەک هاتبێ، ئەو جوانییانەی لە زەوی و ئاسمان هەیە، لە ڕەنگ و دەنگ و بۆ هەست بەهیچ کامیان نەکات، ئەو تامەی لەناو ناوی خۆشدا هەیە، ئەو جوانییەی لە کردەوەی شیرینا هەیە، ئەو بەرزییەی لە ڕەوشتی چاک و پاکا هەیە، ئەو ڕووناکی و بریسکانەوەیەی لە

بیروباوەڕی ڕاستا هەیە، هەمووی لا هیچ بێ لە بەهرەی چێشتنی ئەمانە بەشبڕاو بێ، تکا ئەکەم ئەم پیاوە کلۆڵە، کە بەفەرزی مەحاڵ دروستی ئەکەین، ئەبێ نرخی ژیانی چەن بێ؟ باوەڕ بکە ئەدەب نەبوایە، - کە سوپاس بۆ کردگار - ئەم بوونە نەسەری ئەگرتە ئێمە هیچ کاممان بەوانەشەوە، کە بەچاوی سووک بە ئەدەبا ئەڕوانن، ژیانمان لە ژیانی ئەو پیاوە باشتر و خۆشتر و بەمەعناتر نەئەبوو.

ئەدەب و شیعریش بەتێکڕایی هونەرە جوانەکان، ئێمە وا لێ ئەکا لە کاتێکا لەگەڵ گاجووت لەسەر ئاخوڕێک ئەلەوەڕێین لەلایەکی ترەوە گیانمان، ژیانی دەروونیمان لەگەڵ فریشتە دەست لە گەردن بەئاسمانەکان بسووڕێنەوە، هەر ئەوە لە شەڕە شەقی ژیان تاو ناتاوێک لەشی شەکەتمان ئەگرێتە باوەشی، دڵی سەغڵەتمان ئەلاوێنێ، گیانی ماندوو و مردوومان ئەحەوێنێتەوە، هەر ئەوە تاوێک ئەبێ بەزبانی ئایین تاوێک ئەبێ، بەزبانی فەلسەفە تاوێک، بەزبانی سەرکردەی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی گەل لە بێداریمان ئەوروژێنێ، ئەمانکا بەگژ جەور و ستەما، بێزارمان ئەکا لە خراپە، هانمان ئەدا بۆ چاکی، بۆ ڕاستی بۆ داد و ئینساف، ئەو کەسانەی نرخی ئەدەب ناسەلمێنن بۆ عیبرەت (پەند) لە ئینگلیزەکان وەرناگرن، کە ڕازین بەوە هیندستانیان لە دەست دەرچێ، نەک شەکسپیر لە تەئریخی ئەدەبیات کەم بێتەوە! بەتایبەتی ئەدەب بۆ کورد، کە لە سەرەتای دروستکردنی هەستی میللیدا چەشنی هیچ پێویستییێکی تر نییە، کورد ئەیەوێ پێشکەوێ، یەکێتی دروست بکات، دەزگای شارستانی و ژینی تازە دامەزرێنێ، بەقسەیەکی کورت ئەیەوێ خۆی بگەیەنێتە ڕیزی قەومانی پێشکەوتووی دنیا.

بۆ چاوێک بەتەئریخی ئەو قەومانەدا نەگێڕین، کە لە پێش کوردا ئەم شەقامەیان بڕیوە، لە ئەنجامدا بەئاوات گەیشتوون، لەم لاپەڕە درێژەدا ئەخوێنینەوە، کە هەر قەومێک گەیشتبێ بەپایەی شارستانی لە پێش هەموو دەزگایەکی تری کۆمەڵیدا، وەک دەزگای زانست، کارسازی، بازرگانی، ئایین، دانانی دەستوور، دەزگای ئەدەبی دامەزراوە لەوێشەوە درەختی شو پێگەیشتووە، بەری تەواوی دەمی کۆمەڵی شیرین کردووە، ئەوسا دەزگاکانی تری کۆمەڵایەتی لەسەر بنج و ڕیشەی ئەم چووزەرە نەمامیان دەرداوە.

لەناو یۆنانییەکانا شیعری (هۆمەر) پێش فەلسەفەی ئیفلاتوون، زانستیی ئەرستۆ، دەستووری سولون، ئاوەدانیی چەرخی پەرەکلیس کەوتووە، عەرەبەکان حەوت هەڵواسراوەکەی شیعریان لە پێش موعجیزەی ئایینی ئیسلام و شارستانییەکانی دەوری ئەمەوی و عەباسیدا هاتوو، کارەساتە عیلمییەکانی چەرخی تازەش بێنەرە پێش چاو،





ئەبینی هەرچی داهاتووی عاجباتی هەیە لە دنیادا لە پێشا لە خەیاڵخانەی ئەدیب و شاعیرەکان زاون، لە پاش سەردەمێک لەوێوە گواستوویانەتەوە بۆ شوێنە بەکەڵکەکانی، ئەمجا بۆ دەستی وەستا و کرێکار. شۆڕشە بەکەڵکەکانی تەئریخ، ڕاپەڕینەکانی ئایینی، سیاسی، کۆمەڵی، ئیصلاحەکانی ئیقتیصادی ئەمانە هەموو هانە هانەی یەکەم جاریان لە شیعر و ئەدەب بیستووە.

پێغەمبەر، دانا، کاربەدەستان، کەرەستەی پەیغام و دەستوور و فەرمانی خۆیان تا ڕادەیەکی گەورە لە ئەدیب و شاعیرەوە وەرگرتووە، شیعر و ئەدەبە چاوی گەل ئەکاتەوە بۆ بینین، ڕێگای ڕاستی گوێی پێ شل ئەکا بۆ بیستنی دەنگی حەق، دڵی تینوو ئەکا بۆ بیروباوەڕی پاک و جوان.

تۆ شیعر و ئەدەبێکی بەرز و پێگەیشتوو لە کوردستانا بێنە بەرهەم لە پاش سەردەمێکی زۆر کەم نیشتمانێکی پڕ لە ئاسایش و ئارام، گەلێکی بەهێزی یەکگرتوو، ئامانجێکی پیرۆز، سەرکردەیەکی ڕاست و دڵسۆز، شارستانێکی پڕ لە زانست و کارسازی، بەکورتی بەهەشتێکی بەختیاری لە من داواکە.

## سەرنجێکی کورت لە شیعر

ئەگەر بۆ تەعریفی شیعر گوێ لە قسەی شاعیرەکان خۆیان بگرین، لە دنیایەکی جوانی خەیاڵ و ئایدیاڵدا وێڵ ئەبین، هەندێ عیبارەت ئەبیەین، کە زۆرتر مەعنای ستایش و پەسەندیان لێ وەرئەگرێ، نەک تەعریف و ناونیشان هەڵدان، بۆ نموونە: شاعیرێک شیعر بەبەهرەی ئاسمانی ئەداتە قەڵەم، یەکێک بە سروشی خوایی، یەکێکی تر بە سیحری حەڵاڵ، تەنانەت هەندێ جار شاعیر لە ڕیزی پێغەمبەرانا دائەنێن، وەک لەم نیوە شیعرە دەردەکەوێ:

در شیعر سەتن پیغەمبراتر    (مصرعی فارسی)
لە شیعرا سێ کەس پێغەمبەری خوان
خاوەندی خەمسە (پێنجە)ی نیظامی بەناوبانگیش ئەڵێ:
شیعر ئەست لطیفەء إلهی
مضمون سپیدی و سیاهی   (فارسی)
شیعر لیطیفەی خوا
ڕەش لە سپی جیا ئەکا

لە شاعیرەکانی ڕۆژئاواش، سوللی پردرم (فەرانسەیی) بەم جۆرە بە شانی شیعردا هاتووە:

شیعر جۆرێک خەیاڵ کردنەوەیە، کە ژیانێکی بەرزتر خۆی تیا ئەخاتە بەرچاو بەگۆرانی شاعیرەکان چ ئەدیبە کۆنەکان، هەرچەندە زۆریان لە بارەی شیعرەوە نووسیوە! بەڵام کەمتر توانیویانە بەلای تەعریفێکی پڕ بەپێست و جامع و مانعدا بڕۆن، کە بەناچاری چاو بەلایەنی تردا ئەگێڕین ئەبینین منطق زان و فەیلەسووفەکان باشتر لە تەعریفی ڕاستی شیعر نزیک بوونەتەوە، ئەرستۆی باوکی زانستی ئەم سەردەمە یەکەم کەسە لە تەئریخدا، کە ئەم بابەتەی خستۆتە بەر سەرنجێکی لێکۆڵینەوە، وە لە نامەی (پویتیک - شیعر)دا، کە لەلای منطق زانەکانی ئیسلام بە (بوطیقا) ناسراوە، جیاوازیی ناوەندی شیعر و هەڵبەستی خستۆتە بەرچاو.

ئەرستۆ بەچاوی کەرتێکی ئەسڵی تەماشای وەزن و قافیە ناکا بۆ شیعر، ئەمانە بە وێنە و بەرگ دائەنێ وە بەپێویستیان ئەزانێ تەنیا بۆ هەڵبەستی (نظم) نەک شیعر، وە لای وایە زۆر هەڵبەست هەیە هیچ بەلای شیعردا ناچێت، هەروەک زۆر قسەی پەخشانیش پێویستە لە ڕیزی شیعری ساغدا جێگای بۆ بکرێتەوە.

حەکیمەکانی ئیسلامیش بەو پێیەی بنەڕەتی زانیار و فەلسەفەیان لە سەرچاوەی ئەرستۆ ئاوی بۆ هاتووە هەر هەمان ئیشیان دووبارە کردۆتەوە، بەهەندێ جیاوازیی کەم و زۆر نەبێ لەگەڵ یەکتر:

جارجارێکیش هەڵکەوتووە، کە لە لکێکی بابەتدا سەرنجی قووڵتر بدەن و وردتر ببینن یەکێک لەو شتانەی هەتا ئەوپەڕ شوێن ئەرەستۆ نەکەوتوون تیایا قبوڵکردنی هەندێک پەخشان بووە بەشیعر، لەناو نووسەرەکانی ئیسلامیی کۆندا هەرگیز مەیل نەبینراوە وەزن و قافیە لە تایبەتی (خاصیة)ی شیعر جوێ بکرێتەوە. بەدروستیش سەرنج بدەین ئەبینین، کە لە گشت زمانەکانی ڕووی زەویدا شیعرێک، بە شیعر دانرابێ و پشتاوپشت هەتا ئێستا بەجێ هێڵرابێ هەر ئەو شیعرانەن، کە بەپێی تایبەتێتی و پێوانەی نەتەوەی عائیدی خۆیان وەزنێکی تایبەتییان هەیە. تەنانەت قافیەش لەناو هەندێ نەتەوەدا بە پێویستی بنجی (أصلي) دائەنرێ بۆ شیعر، ئەگەرچی شیعری ئەم نەتەوانە هەرگیز وەک هی ئەوانی تر نەیتوانیوە بەکێوی ناوبانگی ئێستاتیکی بەناوی شیعری پەخشانەوە (نثري فني)، ناو بەناو ئایا بخوێنینەوە. سەرەتای داهێنانیان لە سەدەی نۆزدەم بەرەو ژووروتر نابێتەوە. یەکەم جار شاعیرەکانی فەرەنسە خستیانە کۆڕەوە. لایەنگرەکانی - تازەبوونەوە-ی تری دنیا لەوانەوە وەریان گێڕا بۆ زمانەکانی خۆیان ئەمەش لەئەنجامی ئەو پەلامارە سەختانەدا ڕووی دا، کە لەلایەن نووسەرەکان خرانەوە لە سەدەی هەژدەیەما بەپەلپی ژیانی وەزن و





قافیە ئەکرایە سەر شیعر، ئەمانە ئەیانوت، کە وەزن و قافیە بەند و زنجیرێکی بەبێ کەڵک و بەبێ پێویست دەستوپێی شیعریان بەستۆتەوە.

شاعیر هەرچەندە زاڵیش بێ بەهۆی ئەرکی وەزن و قافیەوە ناتوانێ نیازی تەواوی بەڕەوانی بخاتە سەر کاغەز بەبێ ئەوەی لە هەندێ جێگادا بەشێکی بیرەکانی لە بنەڕەتدا دەرنەهاوێژێ، یان لە کورتی نەیان بڕێتەوە.

بەشێکی تریشیان بەپێچەوانەوە بە وشە و تەعبیری زیاد و بێ کەڵک درێژ ئەکاتەوە، ئەگەر پێویستی وەزن و قافیە لەکایەدا نەبوایە، نیاز و مەبەستی دڵ زۆر بەئاسانتر و ڕەوانتر ئەدرکا، ئەم پەلامارە هۆی هەرە لە پێشی بێ هێزیی شاعیرەکانی فەرانسە خۆیان بوون، لە سەدەی هەژدەیەمدا گوڕیش دانەمردەوە هەتا لە سەدەی نۆزدەیەمدا چەند شاعیرێکی گەورەی ڕۆمانتیک سەریان بەرز کردەوە، بەپەیابوونی ئەوان ئیتر ڕێگرەکان ناچار بوون دەمیان لێک نێن و بێ دەنگ بن. لە دوا دوایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەما ڕاپەڕینێکی تریش لە شیعری ڕۆژئاوادا ڕووی دا، ئەمجارە (بەیداخ هەڵگر) شاعیرەکان خۆیان بوون، شیعاریان شیعری (ئازاد) بوو، ئەیانوت شیعر لەگەڵ مۆسیقا پەیوەندییەکی ئێجگار بەهێزی هەیە، لەبەرئەوە وەزن نەک بێ کەڵک، یان بێ پێویستە بۆ شیعر؛ بەڵکو گەوهەر عنصرێکی بنجی (أصلي)یە، لە گەوهەرەکانی دروستبوونی؛ بەڵام ئەو بەند و سنوورانەی بۆ شیعری کلاسیک دانەنراون ڕێگا لە شاعیر ئەگرن لە مەیدانی بابەتی نووسینەکەیان بەئارەزووی خۆی ئەسپ تاو دا، هەرچەند هەستی گیانیی کردن بە گۆڕینی ئاوازەی بەپێی مەعنا ئەویش بەو پێیە جۆرێ ڕەوت و غاری بگۆڕێ، کە بەم جۆرە ئەو پەیوەندی و مۆسیقایەی لە ناوەندی وشە و مەعنادا هەیە، لە ناوەندی ئاهەنگی شیعر و مەعناشا پەیدا ببێ.

بەم ڕەنگە لە ئەدەبی ئەمڕۆی ڕۆژئاوادا جۆرە شیعرێک کەوتۆتە گەڕ پێی ئەڵێن شیعری ئازاد، یان سەربەست؛ شاعیری ئەم شیعرانە گەلێ دەستکاری لە وەزنە باوەکانا ئەکەن و، هەر کەسەی بەپێی چێژ و سەلیقەی خۆیان وەزنی ڕەنگاوڕەنگ بەپێی تەرتیبێکی تایبەتی لەیەک بابەتا ئەخەنە سەر یەک و شیعری پێ دائەنێن. شیعرەکانیان ئەمڕۆ لەناو گەلێ خوێندەوارا باوی هەیە و ئەندازەی بەرزی و نزمییان هەر کەسە بەپێی بەهرە و لێهاتنی خۆی جیاوازە، ئەوەندە هەیە، کە پێوانی وەزن لای گشت نەتەوەکان وەک یەک نییە، هەر نەتەوە وەزنێکی تایبەتی خۆی هەیە، بە پێوانەی تایبەتیی زمانەکانی خۆیان ئەپێورێن، تەنانەت لە یەک نەتەوەدا ئەگونجێ لە پشتێکەوە

بۆ پشتێ دەستوور و پەیڕەوەکانی وەزنی شیعر لە جۆرێکەوە بۆ جۆرێکی تر بگۆڕدرێن.

بەڵام هەرچی بابەتی قافیەیە لە شیعری ڕۆژئاوادا ئەو بایەخەی پێ نەدراوە، کە شیاوی سەرنجێکی دوور و تیژ بێ، لە شیعری یۆنانی و لاتینی کۆندا قافیە هەر بە تەواوی نییە، لە بەشێکی زۆری شیعری ئینگلیزیشا هەروەها، بۆ نموونە بەهەشتی ونکراوی –میلتەن– چیرۆکە تەمسیلییەکانی –شکسپیر– ناو بەناوێک نەبێ.

کەوابێ ئەگەر بمانەوێ بەپێی نەریتێک، کە ڕەوایە و باوە و، بە جۆرێک خۆی لە خۆیا هەیە شیعر تەعریف بکەین، ئەبێ وا بڵێین: شیعر قسەی ڕێکخراوە بە ڕەنگێک، کە لە خوێندنەوەیا هەست بەجۆرێکی وەزن بکرێت. بەڵام لەو ڕووەوە، کە شیعر لقێکە لە ئەدەب و ئەدەبیش بە (ڕێکخستنی قسەی جوان) تەعریف کراوە، ئەبێ لە بیرمان نەچێ، کە بنچینەی ئەم تەعریفەی سەرەوە لەسەر قسەی ڕێکخراوی جوان وەستاوە.

ژین ژمارە ١١٢٦و١١٢٧
٤-١١ / ١٢ / ١٩٥٢

## کۆنی و تازەیی لە هەڵبەستا

هاوڕێیەکی (هەڵبەست دۆست) جیاوازیی ناوەندی هەڵبەستی کۆن و تازەی لێ پرسیم، ئەوەی توانیم بە دەم وتم، بەڵام ئەو ئەوەندەی پێ بەس نەبوو، لێی خواستم لەم بابەتەوە شتێک بنووسم، بەوەشەوە نەوەستا ئەم خواستەی چەند جارێک دووبارە کردەوە.

جیاوازی لە ناوەندی هەڵبەستی کۆن و تازەدا چییە؟

ئەمە پرسیارێکە لە هەنگاوی یەکەمی سەرنجا وەڵامەکەی زۆر ساکار دێتە بەرچاو، بەڵام پیاو هەتا وردتر ئەبێتەوە گیروگرفت لە ڕێی سەرنج زۆرتر سەر هەڵئەدا. ئەمجا لەگەڵ هەموو دیشوارییەک لە ماوەی بردنی ئەو شوێنەدا لە لاپەڕەی گۆڤارێکی وەک (هیوا)دا چنگ ئەکەوێ، وەڵامی پرسیاری هاوڕێی خۆشەویست ئەخەمە بەرچاوی گشتی، نەک لەبەر پەرموونەوە بە توانستی خۆما بەڵکو بەو نیازە کە ئەم چەند دێرە وەک سەرەتایەکی کردنەوەی باس بخەمە بەرچاوی ڕۆشنبیرەکانمان بۆ لێدوان و لێکۆڵینەوە و بۆ دۆزینەوەی وەڵامی وردتر و نزیکتر لە ڕاستی، چونکە ئاشکرایە کە ئەم جۆرە پەیجوورییانە لە وێژەی کوردیدا شتێکە نەک هەر بە کەڵک، بەڵکو زۆریش پێویستە.

لە پێش هەموو شتێکا ئەبێ وەکو سەرەتا (مبدأ)ێک ئەو ڕاستییە بخەینە بەرچاو، کە لە جیاکردنەوەی هەڵبەستی کۆن و تازەدا هەتا قەڵەمی درشت بگرین بەدەستەوە





نیشانەکردن و دیاریکردنی سنوور ئاسانتر ئەبێ، بەڵام کە چووینە ناو باسی وردەکارییەوە شتەکان و بابەتەکان وا بەسەر یەکا ئەئاڵۆزکێن و تێکەڵ ئەبن، کە سەردەرکردن لە بڕیارێکی دڵنیایی بەخش لە وزە ئەچێتە دەرەوە، بەڵام دروستە بۆ ئاسانکردن تەنیا بۆ سەردەمی درێژەکێشانی باس و بەراوردەکەمان چاو بپۆشین لەو نموونە دەگمەنانە و، لە تایبەتییەکانی سەردەم و زرووفی دەستەی کۆن و تازە، جگە لەوەش چاو بپۆشین لە جیاوازیی موستەوای بەرهەمی تێکڕایی و تاکەتاکی هەردوو لاشیان بۆ ئەوەی بتوانین بچینە بەراورد و سەرنجدانێکی واوە، کە سەرمان بۆ لێ دەربکرێ.

بەر لە گشت با لە (وێنە – شکڵەوە) دەست پێ بکەین، نەک لەبەر گرنگیی وێنە، بەڵکو لەبەر ئاسانتر بوونی بەراورد لە مەیدانی بابەتە درشتەکانی هەڵبەستا:

١– هەڵبەستی تازەی کوردی، بە زۆری چووەتەوە سەرکێش (وەزن)ە نەتەوەییەکەی حونجە– پەنجە (هیجا– مقطع) لە کاتێکا کێشی هەڵبەستی کۆن (عروض) بوو، کە ئێستایش هێشتا لایەنگیری لەناو بوێژەکان ماوە، کە ئەمانە لە سەرێکەوە کەمایەتین لەسەرێکیشەوە نوێنەری ڕێژگەیەکی کۆنن، جگە لەمە بوێژی بەناوبانگ مەولەوی و بوێژەکانی تری شێوەی گۆرانی (هەورامی)یش بەعەرووز نا بەکێشێکی دە حونجە (هیجا)یی هەڵبەستیان داناوە.

٢– قاڵبی هەڵبەستی کۆن قەسیدە، غەزەل، پێنج خشتەکی، چوار خشتەکی، تەرکیب بەند... بووە، لە کاتێکا قاڵبی هەڵبەستی تازە ئەگەر لیریک (غنائي) بێ پارچەیەکی کورت، یان درێژ ئەبێ، کە پێکهاتووە لە ژمارەیەک بەندی دوو دێری یان ٣، ٤، ٥، ٦... تاد، کە قافیەی ئەم بەندانەش بە مەرجێک لە دوو دێری کەمتر نەبێ، بەڵێ جۆری جیاواز پێکەوە ئەبەسترێن، لە هەڵبەستی تازەدا وێنەی قاڵبی دراماتیکی هەیە، کە لە هی کۆنا نییە، بەڵام قاڵبی داستان (مەلحەمە) و هەڵبەستی چیرۆکی لە کوردیی کۆن و تازەدا –تێکڕا– وەکو یەکن.

٣– هەڵبەستی کۆن دوایی هەموو بەیتەکانی بەدرێژەکێشانی قەسیدە یان غەزەل لەسەر یەک قافیە ئەڕوا، بەڵام یەک قافیە لە هەڵبەستی تازەدا دێرەکان زۆرتر دوو دوو ئەبەستی پێکەوە، لای ئەوپەڕی لە قافیە بەندی دێرەکانی یەک بەند زیاتر تێناپەڕێ.

٤– لە هەڵبەستی کۆنا نرخی وێنە لە پێش نرخی ناوەڕۆک (محتوى)دا دێ لەبەرئەوە نیشانەی وشەبازی لە هەڵبەستی کۆنا زەق ئەکەوێتە بەر چاو – جیناس، لەف و نەشر... تاد، بەڵام لە هەڵبەستی تازەدا بەتایبەتی لە هی قوتابخانەی ڕیالیزمی

تازەدا وشەبازی و زەڕکەشی کردنی ئوسلوب باوی نەماوە لەباتی ئەوە لەنگەری بایەخ پێدان خراوەتە سەر ناوەڕۆک.

٥- بایەخدان بەڕازانەوەی وێنە لەگەڵ ئەو ماوە تەسکەی یەکیەتی قافیە دروستی ئەکا، هەڵبەستی کۆنی ناچار کردووە یەکێتی بابەت (وحدة الموضوع) بترنجێنێتە ماوەی بەیت. لە غەزەل یان قەسیدەیەکا بەیت لە واتا ( معنی)دا ئەوەندە سەربەخۆیە، کە پیاو ئەتوانێ بەیتەکان بەهەوەسی خۆی پاش و پێش بخات، بەبێ ئەوەی هەست بەجیاوازییەک بکرێ، لە هەڵبەستی تازەدا یەکێتی بابەت دابەشکراوە بەسەر هەموو پارچە هەڵبەستەکەدا، لەبەرئەوە لە پارچەیەک هەڵبەستی تازەدا نەک هەر لەبەر جیاوازیی قافیە، لەبەر تێک نەچوونی ڕیز پێوەگرتنی بابەتیش زۆر گرانە تاقە دێرێک چییە لە شوێنی خۆی بگوێزرێتەوە. لە وێنەی وێژەییدا ئەمانە بوون (بەقەڵەمی درشت) جیاوازییەکانی ناوەندی هەڵبەستی کۆن و تازە، ئەمجا با چاوێک بگێڕین بە ناوەڕۆکا.

ئاشکرایە ناوەڕۆکی هەڵبەستیک لەم گەوهەرانە پێکدێت: بیر، ئەندێشە (خەیاڵ) هەست (عاطفە). هەرچی هەڵبەستی کۆنە لە بایەخدا هەست و ئەندێشە ئەخاتە پێش بیر، لە کاتێکا هەڵبەستی هەرە تازە (ڕیالیزم) پایەی یەکەم بەبیر ئەدات، ئەمە سەرەڕای ئەو جیاوازیانەی لە ناوەندی چەندێتی و چۆنێتی ئەم سێ گەوهەر (عنصر)ەدا هەیە لە هەردوو جۆری هەڵبەستا:

**بیر**: بیری هەڵبەستی کۆن شەقڵی تایبەتی ڕژێمی دەرەبەگیی پێوەیە، لە سەرێکەوە ئایدیالی (مثالي)یە بەرامبەر بەڕیالیستی بیری هەڵبەستی تازە. لە سەرێکی تریشەوە زۆربەی ئەم -کۆن- خۆیی (زاتي)یە، لە کاتێکا زۆربەی بیری هەڵبەستی تازە لە دنیای بابەتی (موضوعی) وەرئەگیرێن، ئەگەرچی لە دەربڕینا ڕەنگی بۆتەی هونەریی بوێژ ئەگرێ.

بەها هونەرییەکانی سەردەمی دەرەبەگی سەر دەفتەریان پاڵەوان پەرستی بوو، پاڵەوانی بابەتی هەڵبەست سێ کوچکەی (یار) و (میر) و (پیر) بوو. سەرچاوەی بیرێک، کە وتە و واتای پیاهەڵدانی میری پێ ئەڕازایەوە ئەفسانە بوو، میر لەشی هەرە ساغی چوارپەلێکی ئیفلیجیش بوایە، هەمیشە بەزۆری بازوو ڕۆستەمی داستان، بەسێبەری دەرگا سولەیمانی زەمان، بە سام و شکۆ ئەسکەندەری ساحێب قران، جادووکاری و تەلیسمەکانی ئەفسوونیش سەرچاوەی زانیاری بوون، بۆ هەڵبەستی ستایشی پیر، نوێنەری جوانییەکانی سروشت و ژوور سروشت هەموو، کە لای بوێژە دڵدارەکان یاربوو، ئەمیش زۆرجار پریشکی ئەفسوون و ئەفسانەی لێ ئەپژا، ئەبوو





بەسەرکردەی لەشکرێک، کە برۆکانی دوو شمشیری تیژ و برژانگەکانی ڕیزە تیری ناو تیردان و پرچی کەمەندی لەشکری دڵان بێ، لە سەری ئەفسوونی پیریشەوە چاڵی چەناگەی بیری زەمزەم خاڵی ڕوومەتی زەنگی پەچە و سێبەری زوڵفی کافرستان، خەتی تازەی ڕووی ئایەتی قورئان بوو.

بوێژی تازە ئەو جووتە پاڵەوانەی دەمێکە ناشتووە، کە میر و پیریان پێ ئەڵێین یاریشی ڕزگار کردووە لەو دەربڕین (تعبیر)ە بێزراوە، کە باڵا شۆخەکەی کردبوو بەسنگی دیوەخان، هەرچی چەکی ئاغا هەیە هەمووی پیا هەڵواسیبوو، لە هەڵبەستی کۆنا ئەوەی لە پاڵەوان بەجێ هێنانی ئەخوازرا هەموو ئاوات و ئارەزووە خۆییەکانی بوێژ بوو. بەرژەوەندییەکانی خۆی بوو. ئێستا ئارەزووی ئاواتەکانی گەل، داخوازی و پێویستییەکانی کۆمەڵ لە پاڵەوانی هەڵبەست داوا ئەکرێ. پاڵەوانی هەڵبەستی تازەش تێکۆشەرە، تەنانەت یاریش بە جوانییە دڵ چەسپ و سرووشتییەکەی ئێستایەوە هاوبەشی خەباتی پاڵەوانە، ئەگەر ڕاستەوخۆ خۆی نەبێ، پاڵەوان!

**هەست**: وەکو لەسەرەوە گەیانمان، واز لە بەرهەمی بوێژە بەرزە دەگمەنەکانمان بهێنین بەجۆرێکی جوێ کراوەیی وە تەنیا لە نموونە بدوێین لە تێکڕای بەرهەمەکانی وێژەی کۆن، بەخەیاڵ لەسەر یەکتری کەڵەکەمان کردووە، ئەبینین ڕاستە ئەم بەرهەمە ژاوەی دێ لە جۆشی هەستا؛ بەڵام ڕەخنەگرەکانی وێژە ناونیشانی هەستی وێژەیی بەم جۆرە هەڵئەدەن، هەستی وێژەیی نابێ کەسەی ( شخصي) بێت و تەنیا بەشوێن بەرژەوەندیی بوێژ خۆیا بسووڕێتەوە، دوایی نابێ هەستەکانی خەم و خەفەت بەجۆرێک بن، ژیان لەبەرچاوی مرۆڤ بکەن بەدۆزەخی ئازار و بێ هیوایی، هەروەها هەستکردن بەجوانی ئەبێ لە سنووری تەسکی جوانییەکانی ئافرەت و سروشت ڕانەگیرێ و، پەرەی پێ بدرێ، تا ئەوپەڕی ڕادەی هەستکردن بەجوانیی بەرهەمێکی هونەری، یان ڕەوشتێکی جوان، یان بیرێکی بەرز یان خوویەکی شیرین، یان فرمانێکی بەکەڵک بەوێنەی – لە پێش هەموو شتێکا – کردەوەیەکی شۆڕشی خۆبەختکەرانەی تێکۆشەر.

جگە لەمەش ڕەخنەوانەکان شتێکی تریش ئەکەن بەمەرج بۆ بەهای ئێستەتیکی (القيمة الجمالية)ی هەست بەگشتی لە هونەرە جوانەکانا و بەتایبەتی لە هەڵبەستا هاوهەستی کردن لەگەڵ ژیان! واتە بەهەست لەگەڵ ئەو شتانە نەبین، کە ژیان لەبەرچاو ئەخەن؛ بەڵکو چێژ لەو شتانە وەرگرین، کە پترمان ئەنووسێنن بە خۆشی و شیرینیی ژیانەوە.

ئەم پێوانەیە لە بازاڕی هەستا ڕەنگە بەشێکی هەڵبەستی تازەش نەگرێتەوە؛ بەڵام هەڵبەستی کۆن بەزۆربەییەکی نزیک لە سەرجەم هەستی پێچەوانەی دەربڕینە بەرامبەر

بە ژیان. لە ڕاستیشا ئەو شتەی پێی ئەڵێن (گیانی سەردەم) ماوەی نەداون بتوانن بەجۆرێکی تر تەماشای ژیان و دنیا بکەن.

**ئەندێشە**: هەڵبەستی کۆن باڵی ئەندێشە (خەیاڵ)ی زۆر تیژ بووە؛ بەڵام ئەندێشە کاتێک نرخێکی هونەری ئەبێ، کە نیگارکێشی هەستە پەسەندەکانی لای سەرەوە بێ، ئەندێشەیەک پاڵەوانەکانی ئەسکەندەرنامە و دێوەکانی کێوی مازیندەران بهێنێتە دی، تەنیا ئەتوانێ هاوتەمەن و هاومێشکی مناڵ ژێر کاتەوە و، هەرگیز ناتوانێ تینوێتی خاوەن چێژێکی وێژەیی بشکێنێ، ئەم جۆرە ئەندێشانە لە ڕیزی کەڵکەڵە و ئەوهامدا ئەژمێررێن.

لە جۆرەکانی ئەندێشەدا ئەوەی هەڵبەستی کۆن دەوڵەمەندە تیایا، ئەو جۆرەیە کە پێی ئەڵێن: ئەندێشەی لێکدانەوە -تەفسیری- وەک لێچواندنی چاو بەنێرگس، بەژن بەسەرووی ڕەوان، ڕوومەت بەپەڕەی گوڵ، لە کاتێکا هەڵبەستی تازە بایەخ ئەدا بەئەندێشەی داهێنەران، کە ئەم جۆرە ئەندێشەیە بەرهەمی سەرنجدانی بوێژە لە دنیای جوانی، بەدرێژایی تەمەنی لەپاش ئەوە یەکخستنی ئەو هەست و بیرانەیە بەوێنەیەکی جوان لە قاڵبی پارچەیەکی هونەری، کە پێی ئەڵێن هەڵبەست.

جیاوازییە سەرەکییەکانی هەڵبەستی کۆن و تازە لە وێنەی هەڵبەست و لە ناوەڕۆکیا ئەمانەن، لە تەکنیک و یەکگرتنی گشتی (التركيب العام)ی هەڵبەستیشدا هەندێ بابەتی جیاوازی لەناو کۆن و تازەدا هەیە، بەکورتی بیان خەینە بەرچاوی سەرنج بێ کەڵک نییە:

١- لە هەڵبەستی کۆنا شەقڵی لاسایی بەئوسلوبەوە ئاشکرایە، لە قاڵبا کەس نەیویستووە لە نەریتی مامۆستا پیشەییەکان لابدات، غەزەل هەر ئەبێ ژمارەی بەیتەکانی تاک بێ و لە (١٥) بەیت تێنەپەڕێت، قەسیدە ئەبێ لەسەر یەک قافیە تەواو بێت و، هەموو دەربڕینەکانی ئەبێ هەر کلێشەی پێشینان بن: نێرگسی شەهلا و، هێلانەی سەمەندەر.

٢- لە بەرهەمی کۆنا ئەو ئارەقەی دانەر ڕشتوویەتی لەناو ڕازاوەیی هەڵبەستەکەیا دیارە، لە کاتێکدا کە بوێژی تازە ڕەنج و ماندووبوونەکەی ئەشارێتەوە.

٣- بوێژی تازە ئەوەندەی بوێژی کۆن لە هونەریی یەکخستنی وشە و سفت چنینی وتەدا وەستا نییە، بەتایبەتی شاعیرەکانی ئێستامان هێشتا لە دەوری تاقیکردنەوە تێنەپەڕیون، لە سەردەمێکیشا ئەژین، کە تەنانەت ئەو فەرهەنگەی وشەی لێ هەڵئەبژێرن بۆ بەرهەمیان هێشتا لە قاڵبا نەمەییون. ئەم هۆیە دەستی زۆرە لەوەدا، کە شتی تازە زوو نەتوانێ شوێن پێ پتەو کا لە مەیدانی هونەرەکەی خۆیا؛ بەڵام





لەبەرئەوەی هێزێکی تازەیە و ئەو شەقامەی گرتووە، کە کاروانی مێژووی بەسەردا پێش ئەکەوێ، لە ئەنجاما گرەو هەر ئەو ئەیباتەوە.

هیوا- ژمارە ٣١ ساڵی ٤
کانوونی دووەمی ١٩٦١

## نامەیەکی کراوە بۆ دڵسۆزەکانی هونەر و ئەدەب

بەجێیە پیاوە گەورەکانمان، لاوە تێگەیشتووەکانمان، ئافرەتی خوێندەوارمان، پیر و جوان لە خاوەن هەست و چێژەکانمان، لە ئەمڕۆ بەدواوە ئەم کردەوە جوانە بکەن بەسەرمەشق و، بەچاوی پەسەندی تەماشای پایەی کەسانی هونەری جوان بکەن، ئا لەم نیشتمانە دواکەوتووەدا، کە پێویستی چەن بەژیان هەیە، ئەوەندەش پێویستی بەگشت لکێکی هونەرە جوانەکان هەیە، چونکە هونەر: «نیگار، پەیکەر، سەما، مۆسیقا، تەماشا (تەمسیل)، ئەدەب... هتد» ئاوێنەیەکە کە گەل دەنگ و ڕەنگەکانی ژیانی خۆی تیا ئەبینێ، ئەو ژیانەی کە هەمیشە بەرەو پێش ئەڕوا و نزیکتر ئەبێتەوە لە کۆشی نەرمی بەختیاری، ئەگەر برا عەرەبەکان لە ڕێگای بایەخدانا بەئەدەب و هونەر پێویستیان هەبێ بەفرێدانی دە هەنگاو، ئێمە هەمانە بە دە قەڵەمباز، چونکە لە هونەرەکانا تەنانەت لە ئەدەب و شیعریشا هیچ نەبێ دە قاتێک لەوان دواکەوتووترین.

ئەمە نابێ بەشوورەیی دابنێین بۆ ئێستامان، ئەو ڕێگا تەئریخییەی نەتەوەکەمان بڕیویەتی ئا بەم ڕاستیەدا ڕۆیشتووە، ئەمە بەدەست من و تۆ، یا ئەم و ئەو نییە؛ بەڵام لە ئەمڕۆ بەدواوە لەم ڕۆژەدا، کە مانگی دەستکردی ئادەمزاد بەدەوری زەویدا ئەسووڕێتەوە هیچ پەڵپو بیانوومان بەدەستەوە نەماوە بۆ ڕۆیشتن لەسەر کەمتەرخەمی، وە لاپەڕەکانی تەئریخی پاشەڕۆژ لە چەوتی و کەچیی کردەوەی ئێستامان بێ دەنگ نابێ و پشتەکانی لەمەوپاشمان چاوی لێبووردن لە شاعیرانمان ناپۆشن.

بگەڕێینەوە سەر جەژنی بیرەوەریی (رصافي) جگە لەوەی بەم فرمانە دان بەنرخی (رصافي) دائەنرێ لە ئەدەبی عەرەبیدا، لە هەمان کاتدا ماوە فراوان ئەکات بۆ گەشەپێدانی گشت هونەر و شیعری عەرەبیش، وە ڕێز دائەنێ بۆ گشت کەسانی خاوەن هونەر لە عێراقا و لە وڵاتە عەرەبیەکانی ترا، جگە لەوەش بۆ سەردەمێکی درێژ لە گەلێک ناوچەی ناوخۆیی و دەرەوەدا، کۆڕی ئەدەب و شیعری شاعیران گەرم ئەکا، وە ئەبێتە هۆی بووژانەوەیەکی پیرۆز لەو ناوچە ئەدەبییانەدا، وە لە ئەنجامی کارا بەرهەمێکی ئەدەبی بەپیت لە خەرمانی هەنگاوەکانی ئەم بیرەوەرییە هەڵئەگیرێ بۆ

وەرگرتنی ئەم گشت کەڵکانە لە جەژنی بیرەوەریی شاعیرێکی گەورە، ئەگەر لە ڕۆژی لای برا عەرەبەکانەوە ئەوەندە ڕاست بێ، ئاخۆ ئەبێ سەبارەت بەگەلی کوردمان هێنانەدی پێویستێکی ئاوا چۆن بدەینە قەڵەم، لە کاتێکا نەتەوەی کورد لە چاو برا عەرەبەکان و لەچاو گشت نەتەوەکانی تری دنیادا دەگمەنێکی ئێجگار کەم نەبێ لە دەزگاکانی خزمەتی ئەدەب وەک: چاپخانە، ڕۆژنامە و گۆڤار، ئیستگەی ڕادیۆ، هی تەلەفزیۆن، سینەما، تەماشاخانەی کۆمەڵانی هونەری جوێ جوێ و کۆبوونەوەی کەڵچەری (ثقافي)ی هەمە ڕەنگە... هیچ هەر هیچ گومان نابات!! بیرکردنەوەم لەم کونجە تاریکانەی ژیانی نەتەوایەتیمان ڕام ئەکێشێ بۆ ئاوڕدانەوە لە تەئریخی ئەدەبەکەمان، وە لە ڕێگەی بەراوردەوە لەگەڵ (رصافي) زۆر سروشتییە سەرنجم لەسەر ناوی شاعیری شۆڕشیی بەناوبانگمان حاجی قادری کۆیی بچەقێ، لە زنجیرەی تەئریخی کۆندا ئەڵقەیەکە بێ گومان جێگای بەرزتری گرتووە، لەو شوێنەی (رصافي) هەیەتی، لە تەئریخی ئەدەبی عەرەبیدا، با (رصافي) پارسەنگیشی لەوە زیاتر بێت لە بەهرە و مامۆستایانی شاعیرێتی و هونەردا، ئەگەر پیاو بکەوێتە هەڵەی ئەوەوەی جوێیان بکاتەوە لەباری ناوەنگ و سەردەمی تایبەتیی خۆیان، وە لە یەک مەیدانا تەنە بەتەن ڕایان بگرێ و بەراوردیان بکات، ڕاستە هەوێنی شۆڕشگێری لە هەردووکیانا زۆرە، بەڵام لای حاجی گەلێ بەجۆشتر و سەرومڕتر لە دەم دەرئەپەڕێ، دوژمنی هەرەگەورەی دەرەبەگ و شێخ و بەگ و ئاغا لە شیعری کوردیدا تا ئیمڕۆش هەر حاجییە دەربارەی داگیرکەریش لە ڕاستبوونەوە و جووڵان دریغی نەکردووە، وەک لەم مەیدانەدا تێی نەپەڕاندبێ لە (رصافي) هەرچۆنێک بێ لەو هیچ چەپی کەم نییە، ئەوەندە هەیە داگیرکەری سەردەمی ئەو ئیمپریالیستی بەریتانیا نەبووە، جنێوەکانی لە سنووری نەریت و تەختی تێگەیشتنی سەردەمی خۆیان ئاڕاستەی سنگی داگیرکەرەکانی دراوسێی کراوە، جگە لەمانەش گشتی، هەردوو شاعیر تێنوو و دڵ گیرۆدەی زانستی نوێ بوون، لە کاتێکا کە هەردووکیان بەو زانستە کۆنە گۆش کرابوون، کە ڕۆژ نەبوو توانجی پیسی تێ نەگرن، ئەگەر حاجی لەم ڕۆژی ئازادییەدا بەسەر زەویی کوردستانا بگەڕایە بەهۆشیاریی سیاسی، بەبیروباوەڕ و بەخوێندەوارییی ئێستا بینووسیایە ئاخۆ چ پیرە ئاگرێکی بەرئەدایە دڵ و مێشکی خەباتکەرانی ئەم سەردەمەوە؟! لەم ڕۆژەدا چەن بەرێ و جێ ئەبینم لەبەر ڕووناکی ئەم تەقەلا شیرینەدا بۆ ژیاندنەوەی یادی (رصافي) ئێمەیش شاعیرە شۆڕشییە بلیمەتەکەی خۆمان حاجی قادرمان بیر بکەوێتەوە، وە هەر شوێن بە شوێنی هەنگاوەکانی ئەو پرۆژەیە؛ بەڵام لە





ماوە و ئەندازەیەکی بچووکتری ناوخۆییدا، جەژنێکی بیرەوەریی بەرهەم بێنین بۆ یادی -بەوێنە- تێپەڕینی (١٥٠) ساڵ بەسەر لە دایکبوونی حاجیدا -بەپێی ئەو تەئریخانەی بە دەستەوەن- (٣، ٤) ساڵێک جیاوازی بەرچاو ئەکەوێ؛ بەڵام ئاخۆ شاعیرەکانی کورد کەی تەئریخی لە دایکبوون و مردنیان ئەوەندە ڕاست بووە، کە (٣، ٤) ساڵ هەڵە شیاوی بایەخ کردن بێ لە حسابی تەمەنیا، بەتایبەتی لە کاتێکا کە ئامانج تەقەلایەکی وا پڕ کەڵک و پڕ سوود بێت.

ئەمجا ئەگەر ئەم پێشنیازەم لە دڵی خوێندەوارە خۆشەویستەکان تا هەستێکی لێ خۆش هاتن نەبزوێنی، زۆر شادمان ئەبم کۆمەڵی هونەرە جوانەکان لە سلێمانی بەنامە ئاگادار بکرێت تا ئەگەر ڕووی هاندانێکی ئەوتۆمان دی لەگەڵ برا ئەندامەکانی تری کۆمەڵ زات بدەینە بەرخۆمانەوە، دەست بکەین بەبڵاوکردنەوەی وردە بابەتی ئەو پرۆژەیەی لە مێشکمانا بۆ ئەم نیازە ڕەنگمان ڕشتووە، ئیتر گیانە نیشتمانپەروەرەکەی حاجی قادر بەهەموو جۆش و شۆڕشگێڕی خۆیەوە چاوەڕێی هەستی دڵسۆزی و وەفایە لە ڕۆڵە ئازادخوازەکانی ئەمڕۆی نەتەوەی کورد.

## بەرهەمی وێژەییمان ئەبێ چۆن بێ؟!

بەرهەمی وێژەیی نەتەوەیەک ئەو بەرهەمەیە شەقڵی تایبەتیی ئەو نەتەوەیەی پێوە دیار بێ، تایبەتێتی نەتەوە لە گشت سەرچاوەکانی ژیانیدا، بە ژیانی ئابووری و سیاسی و ئایینی و یاساکانی کۆمەڵایەتییەوە، بە (شکۆ) مێژوویییەکانییەوە لەگەڵ چۆنێتی سروشتی نیشتمانەکەی.

لە بوێژە بەناوبانگەکانمان (ئەحمەدی خانی) و (مەولەوی) سەردەفتەری ئەوانەن، کە ئەم شەقڵە لە هەموو پارچەیەکی بەرهەمیانا وەکو چرا ئەدرەوشێتەوە. ئەحمەدی خانی لە هەموو بابەتێکا، لە ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئایینی، شکۆی مێژووییدا شەقڵی کوردایەتی زۆر پرشنگدار ناوە بەسەرتاپای داستانی بەناوبانگی (مەم و زین)ەوە، تەنیا لە بابەتی پیشاندانی ڕواڵەتی تایبەتیی سروشتی کوردستانا ئەوەندە ڕوون نایەتە بەرچاو، وەصفەکانی سروشتی زۆرتر کلاسیک و گشتێن بۆ سەرانسەری کیشوەری ئیسلام، وە لەگەڵ وەصفەکانی (نظامی) و (جامی) و (فضولی)، کە هەریەکە لە وڵاتێکی سروشت جیاوازدا ژیاون، جیاوازییەکی ئەوتۆی تیا بەدی ناکرێ، لەمەدا (بە تایبەتی لەمەدا) بلیمەت مەولەوییە، لە هەموو دێڕێکی هەڵبەستەکانیا بەردێک لە هەڵدێرە سەختەکانی کوردستان، لووتکەی ئاتەشگا بە بازرەقە بەستێ تل ئەبێتەوە،

شەپۆلێک لە قەلبەزەکەی سەرچاوەی زەلم خۆی ئەدا بەسەر تاوێری بەردا و ئەبێ بەلافاوی کەفی شین، پەڵە هەڵمێکی دووکەڵاوی لەسەهۆڵەکانی گۆمی زرێبار بەرز ئەبێتەوە لەگەڵ هەناسەی ساردی مەولەوی خۆی بەری ئاسمان ئەگرێ، بوێژە ناسراوەکانی تریشمان هەموویان سەرنج لە سامانی وێژەی بەجێ ماویان بدەین، ئەبینین بەپێی ئەو پلەیەی لە ناوبانگا پێی گەیشتوون مایەیان هەیە لە نواندنی تایبەتێتییەکانی نەتەوە و نیشتمانیان لە ئاوێنەی بەرهەمیانا هەرئەوەندە سەرنج ئەبێ بەس بێ بۆ ئەوەی نووسەرەکانمان ناچار بکات بۆ پێ لێنان لە ڕاستیی سەرەتا (مبدء)ی لای سەرەوە، بەرهەمی وێژەیی ڕاستەقینەی نەتەوەیەک ئەوەیە، کە شەقڵی تایبەتێتی ئەو نەتەوەی پێوە بێ.

ئەم ئەنجامانەی پێی گەیشتین، بەناچاری دەستمان دەخاتە سەر ڕاستییەکی تر:

نووسەرێک سەرەتای تاقیکردنەوەکانی ژیانی خۆی، سەرەڕای قاڵکردنی بەهرەی نووسینی بەبیروباوەڕ و زانیارە هاوبەشییەکانی مرۆڤایەتی، چەند ئاگادارتر بێت لە تایبەتێتییەکانی نەتەوە و نیشتمانی خۆی، ئەوەندە چاتر ناوەڕۆکی هاوبەشەکیی مرۆڤایەتی بەڕەنگی تایبەتی نەتەوە و نیشتمانەکەی خۆی ڕەنگین ئەکات، وە بەمە هونەرەکەی خۆی پتر ئەگەیێنێتە پلەی هونەری ڕاستەقینە، کەوابێ ئەو وێژەیە بۆ نەتەوەی کورد پێویستە، ئەبێ وێژەیەک بێ، کە لەسەر بناغەی ڕابوردوومان دابمەزرێت واتا نووسەرەکانمان لەسەریانە بەدرێژیی تەمەنی وێژەییان لە مەلەوانیی قووڵاییەکانی ژیانی گەل و نیشتمانیان مانوو نەبن، وە لە لێکەوتنی سەرومڕا بن، لەگەڵ خەم و خۆشی و شیوەن و شادی و ئاوات و هیوا و بیروباوەڕەکانی ناو خەڵکەکانی گەلیان، سەرەڕای ئەوەش، وە بۆ ئەوەی بتوانن چاتر ئاگایان لە وزەی ئەم پێویستە ببێ، لەسەریانە سامانی بیری پێشینانی کورد زۆر بەوردی بخوێننەوە، زۆر باش بیچێژن، بەتەواوی بەهرەی داهێنەریی خۆیانی پێ گۆش بکەن. بەبێ ئاگاداری لە سامانی بیری پێشینان، بەرهەم هێنانی وێژەیەکی هونەریی ڕەسەن بەهیچ زەمانێک لە هیچ سەروەختێک کاری ڕوودان نەبووە.

بەرامبەر بەم ڕاستییە زەقە ئاخۆ باری ئێستای وێژەی کوردی لە چی دایە؟

ئەوەی بە ڕوون و ڕەوانی دێتە بەرچاو ئەوەیە، کە نووسەرانی کورد ئەمڕۆ ئەتوانرێ بکرێن بە دوو دەستەوە، دەستەیەکیان کەمن، وە لە کەمتربوونەوەش دان، ئەمانە ڕاستە لە سامانی وێژەیی کۆنمان شارەزان؛ بەڵام جێگای داخە، کە خۆیشیان دوور لەم دنیا نوێیەی ئەمڕۆ هەر لە سەردەمێکی کۆنی مێژوویدا ئەژین، پەیوەندیێکی وێژەییان





لەگەڵ ئەم ژیانەی ئێستای ئێمەدا بێ ئەوەندەیە، کە بەرهەمی ناو ناویان، چەند هەڵبەستێک، یان چەند پارچە نووسینێکی تر ئەخەنە سەر کۆگای ئەو سامانەی لەباو باپیرمان بەجێ ماوە، بەمە لە کووپەی کۆن شەرابی تازە دەرهاتوو بەخوێندەوارانی سەردەم نۆش ئەکەن، کە لە باتی مەست بوون، پەستی دایان ئەگرێ.

دەستەی دووەمی نووسەران لاوەکانن لەگەڵ ئەو پیرانەی توانیویانە هاوڕێتیی کاروان بکەن، ئەمانە زۆربەی نووسەرانن و هەتا دێ زۆرتریش ئەبن، جێگای داخ بۆ ئەمانیش – بەش بەباری زۆربەیان– ئەوەیە کە لە سامانی کۆنی وێژەی کوردیدا، ئەگەر تەواو (کۆڵ)یش نەبن، دەستیان ئێجگار کورتە، چیرۆکنووس و وتارنووسەکانیش بخەینە لاوە تەنانەت لە بوێژەکانمان نووسەری وا هەیە، کە خەریکە ناو دەرئەکا بەبەرهەمی تازە بابەتی، لەگەڵ ئەوەش ناتوانێ بەڕەوانی هەڵبەستێکی یەکێک لە بوێژە بەناوبانگەکانی وەک (نالی)، (سالم)، (مەحوی)، (مەولەوی) بخوێنێتەوە و باش تێی بگات.

ئەمە ناتەواوییەکی گرنگە بۆ پێشکەوتنی هێزی داهێنەری نووسەر خۆیشی و بۆ پاشەڕۆژی بەرهەمی نەتەوەییشمان.

بەڵام ئاخۆ لەم پێناوەدا ڕووی پرسینەوە بەتەنیا ئەکرێتە نووسەرە لاوەکان خۆیان؟

لەپێش هەموو شتێکا پێویستە بچینە ژێر، کە سامانی وێژەی نووسراومان لە خۆیا ئەوەندە نییە، بەتایبەتی لەچاو مێژووە درێژەکەی نەتەوەکەمانا، ئەوەش کە هەیە زۆر کەمی دۆزراوەتەوە و کۆکراوەتەوە، لەوەش زۆر کەمتری گەیشتووە بەچاپ و بڵاوکراوەتەوە لەچاو خۆماندا سامانداریی وێژەییمان لە هەڵبەست و پەخشانی فۆلکلۆریدایە، کە هێشتا نەگەیشتووە بەنووکی پێنووس، وە هەر بەدەست بەناو پشتاوپشتی نەتەوەی کوردا دەستا و دەستی کردووە، ئەمەیش چەپۆکی ڕۆژگار ئەوەندە زمانی بە (دەماودەم– گێڕەکانی) چەرخاندووە، فەساڵی بنەڕەتیی بابەتەکانی گۆڕاوە، ئەوەندە جارێک کلک و گوێ کراون، جارێکی تر بەدەستکاری تازە تازەتێوەدانی ناڕاست و ناپوختی لاوەکییان هاتووەتە سەر لێڵ و لیخن بوون، مەگەر پسپۆری ورد و شارەزا بتوانێ تاڕادەیەک بییان باتەوە سەر بنجی پێشوویان، لەلایەکی تریشەوە (لەبەرکەرەکان)ی ئەم سامانە بەنرخانە، لەبەرئەوە نەریتی ژیانی سەردەم برەوی پیشەکەیانی هێناوەتە کەساسی هەتا دێ ژمارەیان کەمتر ئەبێتەوە و مەترسیی تۆوبڕبوونیان مەترسییەکی بێ جێ نییە.

ئەم ڕاستییە هەروەک تاوانی کەمتەرخەمی لەسەر شانی نووسەرە لاوەکان خۆیان سووکتر ئەکا و دابەشی ئەکا بەسەر هەموو لایەکی هۆشیارانی گەلی کوردا، لەلایەکی

تریشەوە بۆمان دەرئەخا، کە کۆکردنەوەی سامانی وێژەی کۆن و بژارکردنی لەلایەن دەزگایەکی پسپۆرییەوە، بڵاوکردنەوەی لە ڕێگای چاپەمەنییەوە پێویستێکی زۆر لەوە جەخت تر و گراوی ترە، کە بەسەر پێوە سووکەتەماشایەکی ئەکەین، نەک تەنیا وێژە؛ بەڵکو هەموو هونەرە جوانەکانی پاشەڕۆژی نەتەوەکەمان لەسەر بناغەی ئەم سامانە دائەمەزرێت، لە کاتێکا ئەمانەوێ قوللەی کۆشکی وێژە و هونەرمان بگاتە ئاسمان، چەند جێگای توانجە، کە دەربەست نەبین ببینین، ئێستا بەردی بنچینە لەسەر بۆش دائەنرێ؟

(ئازادی ژمارەی ٤٩ی ساڵی دووەم- ٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٠)

## دوو ئاراستە لە تەقەلای گەشەپێدانی کوردیدا

جار جارێک لە خەیاڵی تێکڕای بەرهەمی وێژەیی تازەمان لە هەردوو شێوەکەی سۆرانی و کرمانجیدا ئەهێنمە بەرچاو ڕواڵەت (ظاهرە)یەک سرنجم ڕائەکێشێ، کە لام وایە درکاندنی بۆ خوێندەوارانی بەڕێز پەتی نییە لە کەمەکێک کەڵک و سوود.

ئەبینم ئێمە نووسەرانی شێوەی سۆرانی لە پێناوی گەشەپێدان و گۆڕاندن (تطویر)ی وێژە و زماندا، لەنگەری گەورەمان خستۆتە سەر بژاری زمان، کە ئەمە بەتەعریفێکی زۆر وردیش نەبێ بایەخدان بەوێنە (شکڵ) ئەگرێتەوە.

لێرەدا نامەوێ چاو لە هەندێ ڕاستی بپۆشم، بە وێنە لە چاوپێودانە تەسکەکەی دەسەڵات و زرووفمانا، لە نوێکردنەوە و پۆشتەکردنەوەی شێوە -زمانە- کەمانا هەنگاوی پێشکەوتنمان ناوە، ژمارەیەک وشەی بێگانەی نارەوا بەکارهاتوومان واز لێ هێناوە لە باتی ئەوانە وشەی کوردیی ڕەسەنی لە کۆنەوە کەنەفت کراومان لە کون و قوژبن دەرهێناوە، لە شوێنی هەندێکیانا دامان ناون، هەندەکەی تریشیان یا لە ڕەگی وشەی شێوەکەی خۆمان بەرامبەری تازەمان بۆ تاشیون، یان چووین لە شێوەکانی تری کوردیدا هاو(واتا)مان بۆ دۆزیونەوە.

بەڵام بەم جۆرە تەقەلایانە لە شێوەکەمانا بنەڕەتی زمانێکی نووسین پەیدا بووە، کە وەک لە سەرەوە وتمان، ئاراستەکەی بۆ ئەوە ئەچن، کە نووسەر بە هەچ نرخێک بووە ئەبێ خۆی بپارێزێ لە کارکردنی وشەی بێگانە لە بەرهەمی نووسینیا.

وشەی بێگانە لە کوردیدا بەخانەی هەزاران نەبێ ناژمێررێ، لە کاتێکا ئەوەی تا ئێستا توانیومانە بەرامبەری بۆ بدۆزینەوە ژمارەی لە چەند سەدێکی کەم زۆرتر نییە.





بەرابەر بەم ناتەواوییەی وشەی کوردییە، خۆپاراستن لە بەکارهێنانی وشەی بێگانە بەرەو ئەوەی بردووین، کە هێزی دەربڕین (تعبیر)مان لە چوارچێوەیەکی تەسکا قەتیس بمێنێ، ئەمە نەک هەر لە بابەتی زانست و فەلسەفە و بیری زانیاریی وردا، بەڵکو لە جەرگەی هونەری وێژەییشدا، کە زۆرتر بەری بیر و هەست و نیازەکانی ناو تاقیکردنەوەکانی مرۆڤ خۆیەتی، هەروا بەتەنیا پێودانێکی جیاوازی لە جۆرەکانی وێژە و لە پلەی وردی و بەرزیی بابەت (موضوع)دا هەیە، بەوێنە: هەڵبەست دانان بەکوردیی پەتی بای باڵی گەلێک خۆشترە لە نووسینی چیرۆک و تەماشانامە (تمثيلية)، کە ئەم ڕاستییە زۆری هەیە بەسەر پێش نەکەوتنی چیرۆک و تەماشا نووسییەوە لە شێوەی سۆرانی و، لەگەڵ ئەوەی ئەو لادانەی خۆیان تەرخان کردووە بەتایبەتی، کە بۆ نووسینی چیرۆکی کورت ژمارەیان کەم نییە و، هەروەها لە بەهرە و مایەشا بێ بەش نین.

هەروەها ناتەواویی وشە کە هۆی دەربڕینی بیر کاری کردۆتە سەر ناوەڕۆکی بەرهەمیشمان، ئەو بیرە -بەپێی فێربوون و ڕاهاتن- بە وشەی بێگانە لە مێشکی نووسەردا ئەدرەوشێتەوە، تا بۆی ئەخرێتە بەرگی وشە ناتەواوەکانی زمانی نووسینی خۆیەوە، ئاشکرایە لە مایەی پرشنگ و لە چەنیەتی و چۆنیەتیش شتێک ون ئەکا، ئەمە ئەبێتە هۆی ئەوەی، کە ئوسلوبمان هەمیشە لە مستەوای ڕاستەقینەی خۆمان نزمتر و (کۆڵی)تر، یان لێڵ و لیخنتر بێتە بەرچاو.

ئاراستەی دووەم، ئەو ئاراستەیەیە، کە نووسەرەکانی شێوەی کرمانجی لە نووسیندا گرتوویانە، نووسینی تازەی کرمانجی بە دوو بەش تەماشا ئەکەین:

- یەکەم: بەری پێنووسی کوردە ڕۆشنبیرەکانی کوردستانی تورکیا، کە لە سوریا ماوەی بڵاوکردنەوەی بەرهەمیان چنگ نەکەوتبوو.

- دووەم: برا کوردەکانی وڵاتی وێژەی پێشکەوتووی سۆسیالیست. ریالیزم (أدبي واقعي)، واتە کوردەکانی وڵاتی یەکێتی سۆڤیەتی.

ئەمانە هەردوو لایان، بەتایبەتی سۆڤیەتییەکان ڕێگایەکیان گرتووە بۆ گەشە و پێشخستنی زمان و وێژە بەتەواوی پێچەوانەی هی ئێمەیە، ئەوانە بایەخی زۆریان بەپێشخستنی بیر و ناوەڕۆک داوە، لەباتی بایەخدان بەبژاری زمان لە وشەی بێگانە، نووسەرەکانی سوریا ئەگەر لە ناوەڕاستا نەختێک مام ناوەنگی ڕاوەستابن، سۆڤیەتییەکان ئەم ئاراستەیەیان زۆر بەئاشکرایی دیارە، سۆڤیەتییەکان هەروەک وشە باوەکانی کۆنی بێگانەیان دەست لێ نەداوە، وشەی تازە داهاتووی بێگانەش هەر ئەوەندەی نرخێکی زانستی هەبێ ئەیقۆزنەوە بەکاری ئەهێنن، ئاشکرایە کە لەم

ڕێگایەوە بیر و لێکدانەوەی خۆیان لەچاو ئێمەدا لە ناتەواویی وشە ڕزگار کردووە، ئەوەی بەبیریانا دێ بەو زمانە ئەیخەنە سەر کاغەز، کە کەسوکاریان بەوشەی بێگانەکانی تێکەڵ بوویەوە، قسەی پێ ئەکەن.

گرتنی ئەم ئاڕاستەیە ماوەی دەربڕینی هەرە ورد و لێکدانەوەی هەرە قووڵی -لەچاو ئێمەدا- بۆ ئاسان کردوون.

زاڵبوون و پێشکەوتنی کوردە چیرۆکنووسەکانی سۆڤیەتی لە چیرۆکی کورت و درێژدا لە وێژەی سەرگوروشتە نووسین و گەشتنامەدا تاڕادەیەک لە هەڵبەستیشا ئەشێ جگە لە کۆمەڵە هۆیەکی یارییەدەری تری زانراو، بەڵگەی دروست بۆچوونی ئەم سەرنجە بن.

بەڵام لێرەشدا دوودڵییەک چەقی ڕێ لە بیرکردنەوەی پیاو ئەگرێ، ئاخۆ ئەو زمانەی وا دروست ئەبێ، وە بەبەرهەمێکی وێژەیی وا کۆنکریتی بنج بەست ئەبێ، دوای بژارکردنی وشە بێگانەکانی وەکی فارسی و تورکی ئێستا کارێک نابێ لە وزەی پیتەکانی پاشەڕۆژمان بچێتە دەرەوە؟ ئەمە لە کاتێکا لە بارەی بژاری زمانەوە بیروباوەڕی ئێستا بەم گوێرەی ئێستا بمێنێ. جگە لەمانەش، گرنگتر لەمانەش؛ بەڵکو هۆی دوور ئەندێشییەک، کە منی خستە ناو شەپۆلی لێکدانەوە و دوایی سەر دەربڕینی بەنووسین، ئەو ئەنجامەیە، کە لە هەبوونی دوو ئاڕاستەی وا پێچەوانەدا بەسەر پرۆژەی یەکخستنی شێوەکانی کوردی دێن.

شێوەی هەردوولای سۆران و کرمانج، کە لە ڕێگایەکی شێنەیی و سروشتییەوە بەرەو یەگگرتن ڕوویان ناوە پێچەوانەی ئەم دوو ئاڕاستەیە بەیەکتری لەوانەیە ببێ بەکۆسپی بەردەمیان؛ بەڵکو لەباتی نزیکبوونەوە، هەتا دێ لە یەکتری دووریان خاتەوە.

ئەمانە ڕێچکەی بیر و لێکدانەوەی تێکەڵ و پێکەڵن، کە -وەک وتم- جارجار لە مێشکما جێگای جووڵە و خول خواردن بۆ خۆیان ئەدۆزنەوە، بەبێ ئەوەی بتوانم کاتی پێویست تەرخان کەم بۆ ڕێکخستن و پەرداخت پێدانیان یان، پینە و پەڕۆی کەم و کوڕییان چۆن بۆم ڕێک کەوت پێنووسم لێ ڕادان، تەنیا چونکە لە ژێرەوەی دیمەنە لێڵ و پرش و بڵاوەکەیانا بریسکانەوەی ڕاستییەک بەدی ئەکەم، کە ڕەنگە کوتومت ئەوە نەبێ من بۆی ئەچم؛ بەڵام بێ گومان کە نزیکە لەوەوە نووسەرە بەنرخەکانمان لە ئەنجامی لێ وردبوونەوە و کۆڵینەوە ئەتوانن بگەنە ساغکردنەوە و کەڵک و پەند لێ وەرگرتن.

(ئازادی ژمارە ٥٠ی ساڵی دووەم- تشرینی یەکەمی ١٩٦٠)





## وشەیەک لە بارەی ڕەخنەوە

(ئازادی) لە کاتێکا لاپەڕەی وێژەی کردەوە، خستیە بەرچاوی، کە بۆ ئاگر تیژکردنی جووڵانەوەی ڕەخنەوانی لە وێژەی کوردیدا لە پێشکەش کردنی دەستەبارەی خۆی درێغی نەکات، چونکە ڕەخنەوانی کلیلێکی گرنگە لە وێژە و، شوێنێکی تایبەتی هەیە لەناو جۆرەکانی بەرهەمی وێژەییدا.

ڕەخنە خۆی، هەرچەندە بەرهەمێکی داهێنەرانە نییە، بەڵام لە ناوەندی نووسەرە داهێنەرەکان و خوێندەوارانا ڕۆڵێکی گرنگ یاری ئەکا بۆ کارلێکردنی بەرامبەر و، ئەبێتە هۆ بۆ گەشەکردنی بەرزبوونەوەی سەرومڕی موستەوای وێژەی داهێنەران. ڕەخنەوان لە لایەکەوە پاڵ بەنووسەرەوە ئەنێ بۆ هێنانەدی بەرهەمی پوختتر، بۆ ڕاستکردنەوەی ژمارەی زۆرتر لە هەڵە و ناڕێکی و ناشیرینی، لە لایەکی تریشەوە ڕابەریی دەستەی خوێندەواران ئەکات بۆ تێگەیشتنی چاتر لە ناوەڕۆک و هەستکردنی ڕاستتر بەمایە هونەرییە جوانەکانی بەرهەمی وێژەی داهێنەرانە.

ئەم هاوکارییە سێ کوچکەییە لە ناوەندی ڕەخنەوان و نووسەر و خوێندەواردا، جووڵانەوەی وێژەیی هەتا دێ بەگوڕتر پێش ئەخا و شەقامی ڕاستتری لەبەردەما ئەکێشێ، مایە هونەرییە داپۆشراوەکانی بەرهەم باشتر ڕوون ئەکاتەوە.

بەڵام ڕەخنە لە هەمان کاتا مەرج و گیروگرفتەکانیشی زۆرن، لە مەرجەکانی یەکێک ئەوەیە: ڕەخنە ئەبێ بە نیازی دروستکەرانە پێک بێت، یەکێکیش ئەوەیە سرنجدان لە ڕەخنە لێ گیراو، ئەبێ لایەنگیریی تیا نەبێ، وە هەتا ئەتوانرێ لەسەر بنەڕەتی بابەتی (موضوعي) بێت، نەک خۆیی (ذاتي)، یەکێکیش ئەوەیە پاڵ پێوەنەری ڕەخنەگر دڵسۆزی بێ بۆ دۆزینەوەی ڕاستی چ لە ماوەی بەهای هونەریی ڕاستەقینەدا، چ لە ماوەی هەڵە و ناتەواویدا.

گیروگرفتیش لە ڕێی گەشەکردنی ڕەخنەدا ئەوەیە، کە ڕەخنەوان ئەرکی ئێجگار قورسی لەسەر شانە:

ڕەخنەوان ئەگەرچی بەویژدانی داهێنەر دانانرێ؛ بەڵام لە بەهرەی داهێنەرییدا پێویستە کەم و زۆر هاوپێیی لەگەڵ نووسەرە داهێنەرەکاندا بکات، سەرەڕای ئەوەش ئەبێ لە هەندێ تایبەتێتیی ترا پارسەنگی بەسەر ئەوانیشا ببێتن وەک: فراوانی سەرمایەی زانست وەک قووڵی و وردیی و بیرتیژیی سرنج وریایی هەستی بەواتای (حاسة).

لە باری سرنجی ترەوە تەماشا بکەین، گیروگرفتێکی تری ڕەخنەوانی ئەوەیە، کە ئەم هونەرە لە هەندێ شتی سەر بەجوانی ناسیدا (ئیستەتیک) چارە نییە لەسەر بنەڕەتی سەرنجدانی خۆیی (ذاتي) ئەڕوا، لەبەرئەوە پێوانەیەکی گشتیی بەتێکڕایی دان پیانراوی بەدەستەوە نییە.

سروشتییە، کە ئەمە و گەلێک هۆی تر، یەکگرتنی وشەی ڕەخنەوانەکان لە هەندێ بابەتا لە وزە ئەکاتەدەر، جیاوازیی بۆچوون، ئەنجام دەرهێنان (استنتاج)ی لە یەکتری دوور؛ بەڵکو بەیەکتری پێچەوانە، شتێکە لەگەڵ قانوونەکانی گۆڕانی ژیان و زرووفی کۆمەڵایەتی و زرووفی تاک ئەڕوا، وە لە وێژەی ڕەخنەوانیدا جێگای واق وڕمان نییە.

ئێمەش ڕێبازی بڵاوکردنەوەی بەرهەمی نووسەرە بەڕێزەکانمان لە ڕەخنەدا لەسەر ئەو بنەڕەتە داناوە، کە گوێ نەدەینە ئەو جۆرە جیاوازییانە.

(ئازادی ژمارە ٥١ی ساڵی دووەم- ٢٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٠)

## تەرمۆکی و تەیران

جووتێک بوێژی کۆنی گەورەمان هەن، بەناو و بەناوبانگ لە هەموو لایەکی کوردستانا ناسراون، خۆش ویستراون، پایەی بەرزی وەستایی وێژەیان بۆ دانراوە؛ بەڵام بەرهەمیان لە پارچە هەڵبەستێکەوە بیگرە، لەچاوی تینووی خوێنەران ون بووە، یەکەمی ئەم دوو بوێژە بەناوبانگە (عەلی تەرمۆکی)یە، کە لە سەدەی دەیەمی زایینی، خاوەندی یەکەم گرامێرە لە شێوەی کرمانجیشا و، لە تێکڕای زمانی کوردیشدا.

تەرمۆکی، لەلایەن لە کیس چووی ڕۆشنبیریی کورد مامۆستا ڕەفیق حیلمییەوە، چەن هەڵبەستێکی لە فەرانسزییەوە کرا بەعەرەبی وەک: لە نامیلکەی (دراسة في الشعر الكردي)دا، بۆ یەکەم جار خرایە بەرچاوی خوێندەوارانی کوردی عەرەبی زان.

ئەم چەند هەڵبەستە نموونەییە بەرزی و بەتازە بابەتی، سرنجی هەموو کەسیان ڕائەکێشا، وە کاری ناکارکردیان لە هەستی هەموو خوێنەوارێکا ئەبزوان.

من بەش بەحاڵی خۆم، بەدەم ڕادانی دوو ڕێژگەی جیاجیاوە کەوتبوومە کێشەیەکی لێکدانەوە، لەلایەکەوە شادمان بووم، هەتا بڵێی بەو چێژەی لە خوێندنەوەی هەڵبەستەکان خۆیان وەرم ئەگرت و بەو شانازییەی، کە مێژووە ساماندارەکەی وێژەمان بەم هەڵبەستانەی هەزار ساڵ لەمەوبەرەی تەرمۆکی ئەیخستە ڕوو، لەلایەکی تریشەوە لەبەرئەوەی (وێنە) کوردییەکەیان لەگەڵ نەبوو لە ئەنجامی پشکنینی زۆریشا لە هیچ





لایەک دەست نەئەکەوتن هەرچەنم ئەکرد، سێ و دووی گومان لە ڕاستیی نیسبەتیان بە تەرمۆکییەوە لە دڵم دەرنەئەچوو، ئەو وشە تازە واتا (مەعنا)یانەی لەم هەڵبەستەدا بەکارهاتوون، ئەو هەستە گەرموگوڕانەی دەربڕاون، ئەو وێنە هونەرییە زیندووانەی قسەی جوانیان پێ خراوەتە جووڵە و بزووتن، لە هی هەزار ساڵ لەمەوپێش، نە کورد نە هیچ نەتەوەیەکی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەچن. شتێکن مەگەر لە هەستە پڕ جۆشەکەی ڕۆمانتیزمی سەردەمی گەشەدا وێنەیان هەبێ، کە ئەو سەردەمە کورد نەهێشتا پێی تێ ناوە، نە لەمەودوایش هەرگیز پێی تێ ئەنێ، پێی تێ نانێ چونکە قوتابخانەی ڕۆمانتیزم دەمێکە قۆناغی گەشە و خەمڵینی تێپەڕیوە، چونکە وێژەی کوردیش بە ئاڕاستەی ئێستایا دیارە، کە ڕێگای ڕیالیزمی تازەی گرتووەتە پێش، تەقەلا ئەدا بەسەریا فێری ڕۆیشتن بێ.

لە جووتە بوێژی کۆنی بەناوبانگ، دووەم: فەقێ تەیرانە، بلیمەتی وێژەی کوردی ئەحمەدی خانی چوار سەدە لەمەوبەر، لەناو مامۆستا گەورەکانی هەڵبەستا ئەیژمێرێ و نرخی تایبەتی ئەداتێ، خانی لە کاتی سکاڵادا لە بارەی کەساسیی نەتەوەی کوردەوە هۆی بازاڕی هونەری کوردی بەناکۆکیی گەل و بێ خاوەنیی وڵات دائەنێ و؛ ئەڵێ «ئەگەر خاوەن سێبەرێکم گومان ببردایە».

من دی، عەلەمێ کەلامی مەوزوون
عالی بکرا لە بانێ گەردوون
بینا وە ڕۆحا مەلێ جزیری
پێ حەی بکرا عەلی حەریری
کەیفک وە بدا (فەقیهێ تەیران)
حەتتا بە ئەبەد بمایە حەیران!

واتە:

منت ئەدی، کە ئاڵای قسەی هۆنراوەم
بەسەر ئاسمانی شینا بەرز ئەکردەوە
لە نوێ گیانم ئەکردەوە بەر مەلای جزیری
عەلیی حەریریم دووبارە ئەژیاندەوە
دەماخێکی وام بە (فەقێ تەیران) پەیدا ئەکرد
کە ببڕای ببڕ هەر سەرسام بمایە!

سەمەرە ئەوەیە لە (دراسة في الشعر الكردي)دا، کە توانراوە ورد و درشتی کۆن و

تازەی بوێژەکانی کورد ناوژمێرکراون، ناوی فەقێ تەیران بوێرراوە.

ئەم سەمەرە بوونەم لە کاتێکا زەقتر هاتە بەرچاو، کە لەم ڕۆژانەدا لە کەشکۆڵێکی وێژەی کوردیدا بەزمانی ئازەری (کورد أدبیاتي آلماناغي) سێ پارچە هەڵبەستی فەقێ تەیرانم بۆ یەکەم جار خوێندەوە.

ئەوەندەی لە نۆرەی خۆیا (ملوانکەی یاقووت)ی تەرمۆکیم ڕۆمانتیک دیبوو، لەم سێ هەڵبەستەدا فەقێ تەیرانم لەوەندە گەلێ زیاتر، ریالیست و شۆڕشگێڕ بەرچاو کەوت.

فەقێ تەیران، وەک ئەڵێن لە ساڵەکانی (١٣٠٧-١٣٧٥)دا ژیاوە، حەوت سەد ساڵێک لەمەوپێش، لەناو جەرگەی شەوەزەنگی سەدە ناوەنجییەکانی مێژوودا، لە دەمی فەقێ تەیرانی کورد لە جۆری ئەم سێ هەڵبەستە ئاگر و رووناک دەرچووبێ شتێک نییە پیاو بەئاسانی لە دەرخستنی نرخی بدوێ.

ئەگەر پەیوەندیی دکتۆر کامەران بەدرخانی تیا نەبوایە، کە دڵسۆزی و نیشتمانپەروەرییەکەی دووری ئەخاتەوە لە گومانی ناقۆڵا، ئەموت دانەری فەرانسزی (دراسة في الشعر الكردي) لووسی پۆل، بەنیازی شاردنەوەی گڕی شۆڕشینی، بەرهەم و ناوی فەقێ تەیرانی کردووە بەژێر لێوەوە.

ئەمە بەمەرجێک ڕاستیی نیسبەتی ئەم هەڵبەستانەی کەشکۆڵ (آلماناغ) بە فەقێ تەیران لە ماوەی گومان و دوودڵی بەتەواوی بچینە دەرەوە.

کەشکۆڵی باسکراو، لاوی ڕۆشنبیری تێکۆشەر (دکتۆر ڕەحیم قازی) کۆی کردۆتەوە، وە لە چاپخانەی دەوڵەتی لە باکۆ چاپکراوە، سێ هەڵبەستەکەی فەقێ تەیران لە کەشکۆڵا بەم سەرباسانەوەن: (دەربەدەر، ئاواتی دوارۆژ، دڵەکەم) بەئیمزای (ت. عەسکەرۆف) نازانم لە چ زمانێکەوە کراون بە ئازەری (تورکمانی).

دڵ ئەخوازێ دوکتۆر ڕەحیم قازی، یان هەرکەس لەوانەی پەیوەندیدارن، یاخو هەر ڕۆشنبیرێکی تر، کە دەستی ئەڕوا و لە توانایا هەیە تەقەلا بدەن کوردییە بنجیەکانی (أصلی)یەکانی ئەم هەڵبەستانەی فەقێ تەیران و تەرمۆکی، وە هەر بەرهەمێک نرخی ئەم هەڵبەستانەی هەیە بخەنە دەست، دوای ئەوەش لە چاپدران و بڵاوبوونەوەیان پێک بێنن.

لە گەنجینەی سامانی مێژووییمانا ئەم جۆرە بەرهەمانە لە گەوهەر و مرواریی نایابەکان ئەژمێررێن، لەناو نەتەوەکانی دنیادا هۆی خۆپیشاندان و شانازیمانن؛ بەڵام تا





لەژێر خاک و خۆڵی فەرامۆشی دەرئەهێنرێن و ئەخرێنە بەردەست و هەرکەس بیەوێ بتوانێ بەچاو بیانبینێ، هەر بەقسەی ڕووت ساغ نابنەوە بۆمان، هەروەکو کورد لە گەشەپێدانی ژیانی وێژەییشمانا ناتوانن ئەو پێویستە گەورەیە ببینن، کە لێیان ئەوەشێتەوە.

(ئازادی ژمارە ٥٥ ساڵی دووەم- ٢٢ی تشرینی دووەمی ١٩٦٠)

## ڕێگا سەختەکان

ڕێگا سەختەکان بەرهەمی چیرۆکنووسێکی ناسراوی ئەرمەنستانی سۆڤییەتییە، ناوی (ڤاختان ئەنانیان)ە، لە ساڵی (١٩٠٥)دا لە گوندێکی ناو چیای دیمەن جوانا لە دایک بووە، سەردەمی منالی لەو گوندە بچووکەدا ڕابواردووە، کە دارستانی چڕی شاخەکان لە هەموو لایەکەوە دایان پۆشیوە.

لە خوێندنەوەی چیرۆکە کورتەکانی (ڕێگا سەختەکان)، کە لە ڕووسییەوە کراوە بە ئینگلیزی، دەرئەکەوێ کە گوندی ڤاختان ئەنانیان لە ناوچەی کوردەکانی ئەرمەنستانا، وە لە سنووری کوردستانی ئێران - تورکیاوە نزیکە، هەروەها وا دەرئەکەوێ، کە نووسەر بەهۆی مەراقی نێچیرەوانییەوە سەر و ساختێکی زۆری لەگەڵ ژیانی کوردی ڕەوەکی ئەو ناوەدا هەبووە و، لەناو شوان و ڕاوکەرە کوردەکانا ئاشنایەتی زۆری پێکەوە ناوە، لە ڕێکەوتی قسەدا بەکارهێنانی هەندێ وشەی وردی کرمانجیشی پیشان ئەدا، کە ئەو شێوەیە بگرە تا ڕادەیەکی باش ئەزانێ، بۆ ئەوەی پایەی وێژەوانیی (ڤاختان ئەنانیان) ڕوون بکەمەوە، لە پێشا سەرگوروشتەی ژیانی ئەکەم بە کوردی، کە لەلایەن دەزگای چاپی زمانە بێگانەکانەوە لە مۆسکۆ لە بەرگی کتێبەکەیا نووسراوە، لە پاش ئەوەش ئەمجا ئەچمە سەر نیازی بنەڕەتیم لە نووسینی ئەم وێژانە.

(ڤاختان ئەنانیان) هەر لە منالییەوە بەناسین و خۆشویستنی سروشت پەروەردە بووە، لەو تەمەنەیا هەرگیز تێری نەئەخوارد لە گوێ شلکردن بۆ داستانی عاشقە (شایەرە) بێ چاوەکان، یان بۆ سەرگوروشتەی ئەو ڕاوکەرە ئازا و چاو نەترساوانە، کە بەتاقە دەستێک پەلاماری ورچی کێوییان ئەدا، لە کاتێکا چەکی دەستیان لەو کوتەکە کۆنە پتر نەبوو، کە لە تەقەلای پاسی ڕانە ئاژەڵدا لە چەن لاوە کەڵبەی گورگ کرۆشتبوویان، بۆ باسی ئەو کارەساتەی ڕابوردووی دوور، کە ئاڵۆزکاوییەکانی خەیاڵی پیرەکانی لە هەندێکی چیرۆکەکانیا، بەڕاستییەکی ڕووناک و بەداهێنانێکی جوان ڕازاندووەتەوە، ئەمانەش گشتیان مایەیەکیان لە شیعری دیمەنی (ڕێگا سەختەکانی

چیا) خراوەتە سەر. ئەنانیان یەکەم کتێبی (لەناو ئەڵقەی ئاگرا) لە ساڵی ١٩٣١دا دانا، لەودەمەدا گەلێک چیرۆکی بڵاوکردۆتەوە، کە یەکێک لەم چیرۆکانە کراویشە بەفیلمی سینەما، بەتایبەتی چیرۆکەکانی سەرگوروشتەی لای منالآن و لای خوێندەوارانی گەورەش وەکو یەک خۆشەویستن.

***

ئەم وەسفانەی لە کورتەی سەرگوروشتەی ژیانی (ڤاختان ئەنانیان)دا وتراون، لە ناوەرۆکی چیرۆکەکانی (ڕێگا سەختەکان)دا زۆر بەڕوونی و بەتیژی بەرچاو ئەکەون. شتێک لەم سەرگوروشتەیەدا ڕوون نەکرابێتەوە، لە باری سرنجی خۆمەوە شەقڵە دیارەکانی ژیانی کوردی کوێستانە لە زۆربەی بەرهەمی نووسەردا وەک قسەی نەستەقی خۆمان ئەڵێ: «مشتێک نموونەی ئەمارێکە»، چیرۆکەکانی «ڕێگا سەختەکان» هەستی ئەوە ئەدەن بە پیاو، کە (ئەنانیان) بەرهەمی نووسینی لە کوردییەوە وەرگێڕێ بۆ زمانی ئەرمەنی، یەکێک لە چیرۆکەکانی «ڕێگا سەختەکان» سەرگوروشتەیەکی سەمەرەیە. سلێمانە درێژ کۆنە ڕاوکەرێکی کورد بۆی ئەگێڕێتەوە، کە پەشیمانی دەرئەبڕێت لەو سپڵەکارییەی بەرامبەر بەڕەشمارێکی خاوەن چاکە کردوویەتی، چیرۆکێکی نەختێک درێژە.

«تۆڵە: إنتقام» سەرگوروشتەی زۆر سەمەرەتری ڕاوکەرێکی کوردە «داوود» کە ورچۆڵەیەکی ساوای لە کوشتن ڕزگار کردووە، پێی گەیاندووە، بەجۆرێک کە بووە بەهاوڕێی ساڵانی دوور و درێژی بەهەردە و چیاکانەوە.

ئەوەی لەمە زیاتر سەرنجم ڕائەکێشێ چیرۆکێکە (أقصوصة)، کە بەدەستکاری لە ئەفسانەیەکی باوی کوردی وەرگیراوە، ئەمە ئەو بەیتە کوردییەیە کارەساتی باوک و کوڕێکی نێچیرەوان ئەگێڕێتەوە، کە یەکێکیان کەوڵ پۆشینی ئەوی تریان لە پارێزی نێچیرا سەری لێ تێک ئەدا و تفەنگی پێوە ئەنێ و ئەیکوژێ.

(ڤاختان ئەنانیان) ئەمەی بەجۆرێک دەستکاری کردووە، کە بنەڕەتی چیرۆک نەگۆڕاوە و لەگەڵ ئەوەش ناوەڕۆکە کۆنەکەی ئاڕاستەیەکی تازەی پێشکەوتووانەی وەرگرتووە، لێرەدا سروشتییە قسەم لەسەر ئەوەیە، کە ئەم چیرۆکە لە هەمان بەیتی لای ئێمە وەرگیراوە و، لە زمانی نەتەوە دراوسێکانیشمانا جۆری تایبەتیی خۆیان لەناوا ئەبێ، هەرچۆنێک بێ، بێ سوودم نەزانی ئەم چیرۆکە کورتە بکەمەوە بە کوردی و بیخەمە پێش چاوی ڕۆشنبیران، بەو نیازە کە بانگیان کەم بۆ سەرنج دان لە ڕچەیەک لەو ڕچانەی ئەگونجێ بتوانین بۆ ژیاندنەوە و نوێکردنەوەی فۆلکلۆری کوردی پیایانا بڕۆین.





## بەردە نووسێک

لە شاخەکانی کوردستان، لە شوێنێکا کە ئەکەوێتە سەر سنووری عێراق و ئێران و تورکیا، بەردێکی پانی گەورە نزیک بەسەرچاوەی چەمێک کەوتووە، لە ساڵانی زۆر لەمەوپێشەوە نووسینێک لەسەر ئەم بەردە هەڵکەنراوە، کە ئێستاش بەئاسانی ئەخوێنرێتەوە، سووڕانەوەی دوور و درێژی گەردوون ئەو بەردەی تا ئەمڕۆ نەسواندووە، وا دەرئەکەوێ لەمەو پاشیش هەرگیز ناتوانێ بیسوێنێ.

دانیشتوانی دێهاتی نزیک بەو شوێنە، لە بارەی ئەم بەردەوە دەماودەم ئەفسانەیەک بۆ میوانەکانیان ئەگێڕنەوە، ئەمانە ئەڵێن: لەژێر ئەم بەردەدا ڕاوکەرێکی کۆن لەناو گڵایە، کە ناوی لە بیری کەسا نەماوە، ڕاوکەرێک بووە، کە لە سەردەمی خۆیا ناوبانگی بەهەموو لایەکا بڵاوبۆتەوە، لە کاتی ڕاوا هەر نێچیرێکی بەدی کردبێ، باڵدار بووبێ یان خاڵدار لە دەستی دەرنەچووە.

ئەم ناوبانگەی ئەوەنە حیرسی زۆرکردبوو، هەرگیز نەیئەتوانی لە ئاوەدانی و لەناوماڵ و منالی خۆیا ئۆقرە بگرێ، هەمیشە بەهەرد و چیا سەختەکانەوە ئەسووڕایەوە.

ڕۆژێک کە بۆ تاوێکی کورت لە ماڵەوە پشووی ئەدا، ڕووی کردە منالەکانی و وتی: «ئافرەت! ئەوەی ڕاستی بێ، بێزار بووم لە ڕاوکردنی کەڵەکێوی کوشتن، ئەمەوێ لەمەو پاش بەزیندوویی نێچیر بگرم».

لە پاش ئەم قسەیە زۆری پێ نەچوو دەستی دایە ڕەزم و تفەنگەکەی بەرەو چیا ملی ڕێی گرت.

بەهەردەیەکەوە کەڵە کێوییەکی چاوپێکەوت، تا هەلی لێ هەڵکەوت کوشتی پێستەکەی بەشاخ و کەللەوە دەرهێنا، ئەمجا سەرتاپا هەڵیکێشا لە لەشی خۆی، کە هەردوو دەستی خستە سەر زەوی و لەسەر چوارپەل وەستا درۆزنیش نەی ئەتوانی لە کەڵەکێوی جویێ بکاتەوە، لە پاش ئەوەی بەم جۆرە خۆی گۆڕی، ڕووی کردە ڕانێکی بزنە کێوی، کە بەسەختییەکەوە خەریکی لەوەڕ بوون، ڕۆژەکە ڕۆژێکی تەمومژ بوو، نێچیرەوان لە ڕانەکە تەواو نزیک بووەوە، لەوەدا بوو ئێستا نا، تاوێکی تر دەستی بگاتە نێچیرەکەی، بزنە هەژارەکانیش هەستیان بەهیچ تالووکەیەک نەکردبوو، بێ خەم، بێ خەم ئەلەوەڕان.

هەر لە هەمان کاتدا ڕاوکەرێکی تریش بەتفەنگێکی دوو لوولەوە لە پارێزگرتنا ئەبێ بۆ هەمان ڕانە بزن، کەڵێکی زەلامی قەڵەو بەدی ئەکات لە پەڕی ڕانەکەوە، ئەوەندە

زەلامی دێتە بەرچاو باوەڕ ناکات بەیەک گوللە بۆی بکەوێ لەبەرئەوە دوو فیشەکی بەجارێک بۆ ئەخاتە لوولەی تفەنگ و نیشانی لێ ئەگرێت، بەیەک جار دووکەڵ و دوو تەقە لەدەمی تفەنگ دەرچوو، کەڵە کێوی کەوتە تەقڵەلێدان و بەدەنگی مرۆڤ هاواری لێ هەڵسا: ئاخ... کوژرام.

کە ڕاوکەری دووەم گەیشتە سەری هێشتا نووزەی تیا مابوو، تەقەکەرەکە پێی وت: ماڵوێران ئەم کەوڵە چی بوو لەبەرتا، بۆچی خوێنێکی ناڕەوات کردە گەردنم؟

کابرا بەو نووکە گیانەوە کە تیا مابوو، سەرگوروشتەکەی خۆی لە نووکەوە بۆ گێڕایەوە، وە تێی گەیاند، کە بایی بوون حیرسی زۆرە، بوو بەهۆی ماڵوێران بوونی.

لەپاش ئەوەی گیانی دەرچوو، ڕاوکەری دووەم هەر لەو شوێنە کردی بەژێر گڵەوە و ئەو بەردە زلەی کرد بەکێلی ژوورسەری، لە پاش ئەوەی ئەم چەن وشەیەی لێ هەڵکەند:

«ئەوی پێستی خۆی ئەگۆڕێت، بەشی سەر دڵی دووگوللە ئەبێت».

(ئازادی ژمارە ٥٦ ساڵی دووەم- ٢٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٠)

## کەڵکی تەمسیل

### * بەبۆنەی دروستبوونی لێژنەی تەمسیلی قوتابیانەوە

پێشکەوتنی هونەرە جوانەکان لەناو گەلێکا، نیشانەی هەرە ئاشکرای گەشەکردن و بەرز بوونەوەی گیانی ئەو گەلەیە، نیشانەی نەرم و ناسکبوونی هەست و چێژێتی، ئەمە لە شیعرەوە دەست پێ بکە تا مۆسیقا و نیگارکێشی و پەیکەرتاشی، تا سەما و میعماری بەجۆرێک ڕاستە کە هەموو نەتەوەکانی رووی زەوی باوەڕیان پێ کردووە و، هەریەکە بەپێی بار و ناوچەی خۆیان لە ماوەی وزە و دەسەلاتیانا هەڵسووڕاون بۆ بایەخ و برەوپێدانی هەموو جۆرێکیان، بەتایبەتی هونەری تەمسیل لەو وڵاتانەدا، کە گەلەکانیشیان وریا بوونەتەوە. ئەوەنە کەوتۆتە بەرچاوی پەسەند و بایەخ، ئەوەندە کەڵکی گەورەی لێ بینراوە بۆ گەل، کە هەروەکو لەگشت شارێکا کۆشکی هەرە گەورە تەمسیلخانەی گشتییە، دەستەی تەمسیلی گەڕۆک بەتفاق و تەدارەکی تەواو پۆشتەوە، بەناو دێهاتە وردەکان و تەنانەت خێڵە کۆچەرەکان وەکو پەپوولە ئەسووڕێنەوە، تەمسیل لە کاتێکا بۆ وڵاتە پێشکەوتووەکان ئەوەندە باش بێت، بۆ ئەو نەتەوانە ئەوەندە کەڵکی گرتبێ لە سەدی نزیکی سەد خوێندەواران، وە لە ڕێگای چاپەمەنی و سینەما و ڕادیۆ و هەزار هۆی ترەوە چاو و دڵیان ڕووناک ئەکەنەوە و





خۆراکی بیر دەرخواردی مێشکیان ئەدەن، ئاخۆ بۆ گەلەکەی ئێمە، کە نیسبەتی خوێندەواری ناگاتە (٣٠٪) ئەبێ بابەتێکی چەن ژیانی و کاریگەر بێ؟

چونکە ئاشکرایە لەناو هونەرە جوانەکانا هیچ لکێک ئەوەندەی تەمسیل کاری قوولتر لە هەستی ئەندامەکانی کۆمەڵ بەتایبەتی نەخوێندەواردا ناکا و، وریایان ناکاتەوە.

ئەگەر ئەمڕۆ گەلەکەمان لە بارێکا نەبێ سرنجی دەربەست بوون و خەمخواری بگرێتە ئەم ناتەواوییە و دڵخۆشکەرەی دڵسۆزان، ئەو جووڵانەوە پیرۆزەیە، کە لەناو ڕۆڵە لاوەکانی نیشتمانا لەم دەمەوە بۆ ئەوەدەم بەرچاو ئەکەوێ، ئەگەرچی لە ئەندازەیەکی بچووکیشا بێ، لە کردەوە جوانەکانی ئەمجارەی قوتابییە لاوەکان، کە قوتابیانی ئانەوی شەو بۆ تەمسیل دروستیان کرد، وەک جاری پێشوو نووسیومانە، یەکەم چیرۆکی ئەم لیژنەیە (کولان) پراوە کراوە، وە بەم زووانە ئیزنی یاری کردنی وەرئەگیرێ.

جوانتر ئەوەیە، کە بڕیاری داوە واریداتی ئەم تەمسیلە تەرخان کەن بۆ ڕەسمی (مەدرەسی) بۆ قوتابییە هەژارەکانی ئانەوی شەو، کە ژمارەیەکی زۆر دروست ئەکەن، وە ئەتوانن لە وادەی دانراوا ڕەسم بدەن، ئیدارەی قوتابخانە بەناچاری ئەیانکاتە دەرەوە، وە لەبەر ڕەنجی خوێندنی ساڵانی دوور و درێژ بەشبراویان ئەکات، لەبەرئەوەی زۆر دڵێرن، کە خەڵکی شارە نیشتمانپەروەرەکانمان زۆر بەبایەخەوە تەقەلای ئەم لاوانە پەسەند ئەکەن، وە هەستی پەسەندیان بەبرەوپێدانی تەماشای تەمیسلەکەوە بەکەرەمی یاریدەدەران دەرئەبڕن.

## ئەدیبەکان لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

«پەندێکە لە کتێبی (چیم دی لە وڵاتە یەکگرتووەکان؟) بەقەڵەمی کاتبی گەورەی سۆڤیەتی (ئیلیا ئەهرەنبوورگ)، لە ڕۆژنامەی (دفاع)ی بەغدا وەرگیراوە».

لە ئەمریکادا گشت جۆرێک ڕواڵەت هەیە ثەقافەتی بەرز پیشان بدا، سەرم دا لە زۆر شاری زانستگایی (جامعي) وە لەناو باخچەکانا گەلێ موختەبەرم دی، بەرچاوم کەوت، کە تاچ ڕادەیەک بایەخ ئەدرێ بەزاناکان، وە ئاگاداری ئەکرێن، چوومە گەلێک کتێبخانە و نوێنگا (معرض)، زۆر کۆنسەرت (ئاهەنگی مۆسیقام) تەماشا کرد، لەگەڵ ئەوەش ئەتوانم بەسووری بیڵێم، کە ثەقافەتی گیانیی ئەمریکا هێشتا لە دەوری دروست بوونایە، بەزۆربەی ئەستێرەکانی دنیای تازە فەرمانیان هەر ئەوەیە پرشنگی

خواستەمەنی بڵاوبکەنەوە؛ بەڵام لەم پرشنگە خوازراوەدا پرشنگی تایبەتیی خۆیان خەریکە دەست بکا بەدەرکەوتن، سینەمای ئەمریکا پارچەی نایابی داوە بەدەستەوە شان بەشانی ئەو بەرهەمە زۆرەی کە ئەوەندە مۆرکی ڕەشۆکێتی (إبتذال)ی پێوەیە بیرکردنەوە ئەجووڵێنێ، چارلی چاپلن خۆشەویستیی خەڵکی پچڕیوە لەهەر پێنج ئیقلیم پیشاندانی فیلمی جوان جوانیشم دی، لەلایەن فۆرد مسیلتون وە ماموسیانەوە. فیلمەکانی (مارکس - برازوس)یش گاڵتەی نیازپاکیی زۆریان تیابوو، بەڵام نیگا بێزراوەکانی (دیزی) ئەوەندە شیعرە، کە ئەتوانێ پیاوێکی وا داخورپێنێ کا ژیانی پەتیی لە گشت بارێکی شعردا.

هەندەسەی خانووی ئەمریکا لەگەڵ ئەو وشکییەی تیایەتی لەگەڵ دوورکەوتنەوەی جاروباری لە ئینسانیەت، بەپەیوەندیی خوێن بەستراوەتەوە بەسەد متمانەوە، ئەویش هەروەها بەشدارییەکی هەیە لە ثەقافەتی جیهاندا، من نووسەرە ئەمریکییەکانی وەک هەمینگوای، فۆلکنەر، ستیناک، کاڵدویل... هتد، لە شوێنی زۆر بەرزدا ئەبینم، بەڵام جێگای واق وڕمانە، کە مەیدانی ئەمریکا چۆڵە لە ئەدەبی ناوەنجیی نیازپاک، نزیکی دەسەر یەک قوطبی گەورە هەیە بەرامبەر بەهەزار کەسێک بازرگانی کوتاڵی خوێندنەوە، لەملاوە شێوەنووس (اسلوب)ی بەرزی هەمینگوای، لەولاوە چیرۆکەکانی ڕۆژنامە ڕۆژانەکان، کە لە گەوجی ڕەشۆکیەتیدا گەیشتوونەتە سنوورێک تەنانەت خوێندەواری هەرە بێ ناوی ئەوروپا بێزیان لێ ئەکاتەوە!

لە ئەمریکادا خانووی (٤-٥) نهۆم نابینرێ، لە (دێهاتان) خانووی بچووک بە هەزاران ئەژمێررێ، لەگەڵ ناوبەناوێک (ناطحات) زۆر نهۆمە قووچەکان، ئەم تابلۆیە لە ئەدەبیشا هاووێنەی ئەبینیت؛ هەتا بڵێی زۆر بڵند، هەتا بڵێی زۆرباش! لەگەڵ ئەوەیش نووسەرە گەورەکانی خۆیان بڕ نەداوە لە عالەم، لە دەرەوەی کۆمەڵایەتی ناژین؛ بەڵکو پەیوەندن بەگەلەوە ئەگەرچی جەماهیر بەرهەمیان ناخوێنێتەوە، کاتبە فەرەنسییەکانی هاوسەردەم دانراوەکانیان شتێک لە (تجرید)یان پێوەیە، لەمانەدا کردەوە دوای بیر ئەکەوێ لە پاشا پڕن لە تحلیل لە کاتێکا ناوچە (محیط) شوێنی دیار نییە تیایانا، پاڵەوانەکانی چیرۆک کۆئەبنەوە، ئەڕۆن و جیا ئەبنەوە، دووبارە یەک ئەگرنەوە و دەست ئەکەنەوە بەقسەکردن لای نووسەرە چاکەکانی ئەمەریکا کار بەم جۆرە نارِوا ئەوان یەکەم ڕۆڵەی ژیانی واقعین.......

لە زۆریان شارەزا بووم، لە ژیانیشیانا وەک نووسینەکانیان لە کۆنە درەختی ڕەگوڕیشە قووڵ ئەچن، زۆر گرانە بتوانی لە بابەتێکی (مجرد)دا لە گەڵیان بدوێی؛





بەڵام لە قسەکردنا وەستای باشن لە باریانا هەیە بەچاوی سووک بڕواننە دەوروپشتیان؛ بەڵام لێی شارەزان، ڕەوشتی ژیانی گشت یەکێکیان بەرزە لە ڕەنگەکانیان، ژیانیان شتی ئێجگار زۆری پیارۆیشتووە (ستین باک) کرێکارێکی کشتوکاڵی بوو؛ بەڵام (فولکنەر) نیگارکێشی خانوو، وە موەزعی پۆستەخانە بوو، ئەمانە کابرایەک نین لە گۆشەگیریدا بژین، ئەو پیاوانەن کە ئاواتە شاراوەکانی گەلیان دەرئەبڕن لەگەڵ خەوبینینەکانی دڵە گەورەکەی، کە بزوێنەری (لە توانست بەدەر) نییە بتوانێ جێگای پڕ بکاتەوە!.

## ڕەگەزپەرستی لە ئەمەریکا

بەندێک لە کتێبە بەناوبانگەکەی نووسەری سۆڤیەتی ئیلیا ئەهرەنبورگ (بینیم لە وڵاتە یەکگرتووەکان)، «کە بەگیانێکی بێ لایەنەوە لە بابەتی ڕەگەزپەرستیی سپییەکانی ئەو وڵاتە ئەدوێ...»

ڕۆژنامەی بەناوبانگ (لیمان کایەکیل) لە وتارەکانمی خوێندەوە لە بارەی ئەمەریکاوە، وای بەرچاو کەوت، کە بەشوێن ڕەخنەگریدا بۆ شتێک گەڕاوم و ڕەخنە لێگرتنی ئاسایی، وە وتی: ئەمەریکاییەکان خۆیان خەوش (عیب)ی خۆیان باشتر ئەزانن و دڵگیرن لە کردەوەی هاندەرەکانی سزادانی زەنگییەکان، جگە لەوەش وتی: ئەمەریکاییەکان بەختیار ئەبن ئەگەر بتوانن ماوەی خۆ نەقدکردن بدۆزنەوە لە خۆیانا لەبەرئەوە لای وایە، کە ئێمەی سۆڤیاتییەکان هەچ کاتێک توانیمان نرخە ئەمەریکاییەکان و ناتەواوییەکانی خۆمان باش هەڵسەنگێنین، تەنیا ئەوکاتە ئەو - لیمان- بۆی دەست ئەدا بەئینسانێکی ئاساییمان بژمێرێ!

من باش ئاگادارم، کە ئەمەریکاییە باشەکان بەڕاستی هەست بەشەرم ئەکەن لە باری وڵاتەکەیان بەرامبەر بەزەنگییەکان؛ بەڵام تەنیا خۆش هەڵهێنان بەس نییە بۆ ئەوەی پیاو ببێ بە (باش!)؛ بەڵکو دۆزینەوەی چارەی ساغکردنەوە پێویستە، لە جنوب لە زۆر کەسم پرسی: «ئایا لە سەردەمی دە ساڵی دواییدا باری زەنگییەکان هیچ چاتر بووە؟»

وەڵامیان دامەوە: «لە وڵاتی تایلاندا بەڵێ؛ بەڵام لە وڵاتە یەکگرتووەکانی تر خراپتر بووە، یان لە ڕووی سرنجی بنەڕەتییەوە هەروەکو جاران ماوەتەوە!».

تەنیا بەوەندە کە (لیمان) وابزانێ (بیلبۆر) پیاوێکی خراپە باری کوێرەوەریی زەنگییەکان سووکتر نابێ، چونکە (لیمان) لە نیویۆرک دانیشتووە، کاغەز بەوتار ڕەش

ئەکاتەوە لە بارەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکاوە زەنگیی قوڕبەسەریش لە میسیسیپی لەناوی بیلبۆر ڕائەچەنێ!

یەکێک لە دەرکەوتووەکانی پیاوانی دەوڵەتی ئەمەریکا، لە کۆنگرێسی پاریس بۆ یۆگسلافییەکانی ڕوون ئەکردەوە، کە وەکیەکی چییە و لێبووردن (تسامح) چییە، هەر ئەم پیاوە چارەکە سەدەیەک لەمەوبەر نوێنەری کارۆلینای جنوبی بوو لە کۆنگرێسی ئەمەریکادا، پڕ بەدەم ئەیقیژان «لەم ولاتەدا هەرگیز زەنگی نابێ حقوقی سپی هەبێ!» لەو سەردەمەوە تا ئێستا زۆر شت گۆڕانی بەسەرا هاتووە، ئاخۆ ئەم کابرایەش لە بیرەکۆنەکانی دەستبەردار بووە؟ ئاخۆ قانوونەکانی کارولینا دەستی گۆڕینیان لێدراوە، ئەگەر من بوومایە لە جێی ئەم پیاوە ڕووم نەئەهات دەم لە باسی وەکیەکی و لێبووردی بدەم!

بەڵام دووبارە با بگەڕێینەوە سەر (لیمان)، ئێمە هەرگیز چاومان نەپۆشیوە لە بەهرە باشەکانی ئەمەریکا، ناتەواویی خۆیشمان هەرگیز نەشاردۆتەوە، نە لە خۆمان و نە لە خەڵکی تر، زۆر دڵسۆزم لە هەستی پەسەندی خۆما بەرامبەر بە ئەمەریکا، تەکنیکی پێشکەوتنی لە کارسازیدا، پەسەندکردنی زانستیی دانشگاکانی (جامیعەکانی)، فاکولتەکانی (مختبرات) مۆزەخانەکانی، کتێبخانەکانی...

هەروەها هەستی پەسەندم هەیە بۆ گەلێ لە نووسەر و موهەندیس و فلیمکێشەکانی (مخرج)، باوەڕیشم هەیە، کە ئێمە ئەتوانین لە ئەمەریکا گەلێ شت فێربین. لە ژوور ئەوەشەوە ئێمە خەوشی خۆمان ئەزانین وەک (بۆرۆکراسی)، دواکەوتوویی، تەکنیکی نەریتی، توندوتیژی... وە ئەم خەوشانەش، کە دەرئەخەین تەنیا بۆ چێشتنی تامی ڕەخنەگرتن نییە، بەڵکو بۆ خۆ ڕزگارکردنە لێیان؛ بەڵام پێویست ناکات بابەتی قسە بگۆڕین: ولاتی ئێمە ئاخۆ یەکێکی تیا ماوە پشتگیریی «بەندەداری – استعباد) بکات؟

لێرەدا ڕشتەی قسە ئەوە نییە، کە (لیمان) پێی لە بەهرەی ئینسانی ئەبێ، بۆ ئێمە، یا نا ڕشتەی قسە ئەوەیە، کە ئایا ئێمە ئەتوانین ڕەگەزپەرستی دڕندەی مێشک داخراو بەئینسان بدەینە قەڵەم؟.





## مژدە

ژین زۆر بەشانازییەوە مژدە ئەدا بە خوێندەوارانی کەوا لەم ژمارەیە بەدواوە ئەکەوێتە ژێر دەستی مامۆستای شیعر و ئەدەب (گۆران)ەوە لەمەودوا سەرپەرشتی ئەکات وەهیچ پێویستییەک ناکات بە باسکردنی مامۆستا گۆران چونکە ناسراوە لەناو هەمووماندا وە هیوامان وایە کە ژین لەژێر سایەی ئەودا زیاتر بتوانێ خزمەتی گەلەکەمان بکات هەروەکو کردوویەتی.

## سوپاس و سکاڵا

لە ژمارەی هەفتەی پێشووی (ژین)دا لەژێر سەروتاری «مژدە»دا ناوی بچووکم وەک سەرپەرشتیکەری نووسینی ژین پێشکەش کرابوو بەخوێندەوارانی خۆشەویست، بەرامبەر بەو هەستە گەرمەی لەلایەن پەیوەندیدارانی ژینەوە لە عاستم دەربڕابوو، پڕ بەدڵ ئارەزووم ئەکرد زمانی سوپاسم ئەوەندە بێ بڕشت و کەم بەز نەبوایە!

لە سەرێکی تریشەوە، بەزەبری نیازی پاک، بەرامبەر بەخوێندەواران منیان بەبەڵێن و چاوەنوارییەکی واوە بەستۆتەوە، کە بەڕاستی، هەتا سرنج چاتر ئەدەم ڕوونتر ئەبینم دووره لە وزەی لێهاتنم بەو پێیە تەریقی و شەرمێکی زۆرتریش سەرم لێ ئەدا.

بەتایبەتی چونکە، لە ڕۆژی کۆچی ئێجگاریی پیرەمێردی نەمرەوە تا ئێستا شوێنگرەکانی یەک لەپاش یەک لە ماوەی دەستەلات و توانستیانا بەپێی ظروفە ئاشکراکان ئەوەندە ڕەنجی بەردایان داوە و هەنگاویان بۆ پێشەوە هاوێشتووە، کە بەهیچ جۆرێک زات ناکەم چاو ببڕمە هیوای (لەوان تیژتر) ڕۆیشتن، تەنانەت خۆم بەبەختیار و ڕووسوور ئەزانم بەرابەر بەوان، بەخوێندەواران، بەو گەلە کە ڕۆژنامەی ژین بۆ کلۆڵیی نەتەوەکەمان وەختە بلێم بەتاقی تەنیا خزمەتی زمان و ئەدەب و سەقافەتی ئەکا، بۆم سەربگرێ هەر لەو جێگایەدا ئەوەستم، کە ئەوانی پێگەیشتوون، وە بتوانم وەکوو ئەوان وردە وردە ملی ڕێ بگرم بەرەو ئامانجی «گلەیی نەهێشتن» چەند هەنگاوێکی کەم ڕواڵەت ببرم بەرەو ئەو هەنگاوانەی دڵ ئارەزوویان ئەکات، وە کەڵکێکی باشیان لێ ئەوەشێتەوە بۆ زمان و ئەدەبی کوردی، وە ڕۆژنامەیەک نزیک ئەخەنەوە لەو نیشانگا زۆر دوورەی پێی ئەڵێن؛ تەواوی (کمال)... ئەو هەنگاوانەی هاویشتیان فرمانی کەس و دوو کەسی وەکو من نییە.

کردەوەی وا پاڵەوانانە، تەنیا لە هێزی ویستنی عێلجاڕی دەوەشێتەوە، لە کاتێکا هەنگاوی وا ئەنرێ کە کۆمەڵی خوێندەوارانی هۆشیاری کورد بەهەموو گوڕ و تەوژمێکی

دڵسۆزییەوە پاراستن و گەشەپێکردنی زمانی کوردی بەئەدەب و شیعر و ثەقافەیەوە، بەپێویستی سەرشانی خۆیان بزانن، وە بۆ بەجێ هێنانی ئەم پێویستە لە کاتێکا، کە چاو بۆ هۆی فرمان و کەرەستە و تفاق ئەگێڕن، چاپخانە و ڕۆژنامەی ژین بەدەزگای هەرە بەردەست و ئامادە تەماشاکەن بۆ خزمەتی ئەو ئامانجە.

لە کاتێکا دیم لە ناوەندی دەزگای ژین و بەشی زۆری خوێندەوارانی کوردزمانا پەیوەندییەکی دڵسۆزانە و نیازێکی ڕاستی هاوکاری (تعاون) و خزمەتی نەتەوە لە ڕێگای خزمەتی زمان و ئەدەبەکەیەوە، گوڕی پەیدا کرد، ئەو حەلە منیش و پەیوەندیدارەکانی ژینیش بەهەموو هێزی ڕاستییەوە ئەتوانین دەرگای هیوا بخەینە سەر گازی پشت لەسەرکەوتووان و زاڵبوونی خۆمان؛ بەڵام ئەو حەلەش ڕەنج و تەقەلای ئێمە هەچ بەرێکی شیرین بدا هەموو ئەندامێکی گەل لە کەڵک و سوودیا هاوبەش ئەبێ، لەگەڵمان، هەروەک لە هونەر و شانازیی تێکۆشینا، لەچاو سەرجەمی نووسەر و خوێندەوارەکانی ترا، ئێمەش لە بەشێکی بچووکی لە قەد خۆمان زیاترمان بەر ناکەوێ!

## بۆ نووسەرە بەنرخەکان

بەشادمانی و شانازییەوە لەم ڕۆژانەدا هەست ئەکەین بەبزووتنەوە و گەرمییەکی گشتیی بەرامبەر بەڕۆژنامەی ژین، بەتایبەتی نووسەرە لاوەکان دەستیان داوەتە ناردنی هەرەوەزێکی باشی نووسینی هەمەجۆرە «شیعر، چیرۆک، سەرگوروشتە، ناوە گەورەکان... هتد»، ئەمە بەڕاستی هێزێکی هاندەرە بۆ دڵی ئیشکردن و زاتی چاومان لەو هەنگاوانەدا، نیازمان ئەبێ بییان هاوێین بۆ پێشەوە، بۆمان ڕوون ئەکاتەوە، کە ئەو ڕێگایەی گرتوومانەتە بەر ڕێبوارەکانی بێ کەس و بێ هاوڕێ نین.

ئێمەش وەکو ئەوان ئامادەین دەستی هاوکاری ڕاکێشین بۆیان، وە بەڵێن بدەین، کە بە ڕێگای خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی و نیشتمانپەروەری دا بڕۆین، لە گەڵیان بە دڵسۆزی و نیازێکی تەواوەوە هاوڕێیی ئەم ڕێگا پیرۆزەشە لەپێش ئەوەی لەناو ئەندامەکانی کاروان خۆیانا و لە پاش ئەوە شارەزایی ترس و قۆرتەکانی ڕێگاوبان.

هەرچی ئێمەین، بۆ ئەم مەبەستەمان ئەوەمان لەسەرە بڕیار دەربڕین، کە لە چاپکردنی نووسینا تەنیا کەڵکی گەل ئەخەینە بەر سرنج، وە ئەو نووسینەی بۆمان دێ تەنیا بەپێی نووسراوەکەی خۆی هەڵی ئەسەنگێنین، نەک بەپێی چ کەس بوونی خاوەن نووسین، دوایی ئەگەر هات و نووسینێکمان خستە پشتگوێ تەنیا لەبەر ئیعتباراتی عەقڵ گیر و منطق بێت، لە باری سرنجی لایەنێکی پەیوەندیدار بەخۆمانەوە. سنگمان کراوە و ماوەدار بێت بەرامبەر بەهەموو ڕەخنەلێگرتنێکی نیازپاک لەهەر لایەکەوە کە ڕوومان





تێ بکات، گوێمان لە مشت بێ بۆ گشت ئیقتراحێکی باش، چاومان کراوە بێت بۆ بینینی هەچ ناتەواویەک، کە پەنجەی ئەخەنە سەر بۆمان، لە ماوەی توانستی خۆمان و ڕۆژنامەکەمانا بەڕاستی و بەدڵسۆزی تێبکۆشین بۆ بەجێهێنانی ئەو ئیقتراحانە و لابردنی ئەو ناتەواویانە، ئەمانە هەموو لەسەر ئێمەن، برا نووسەرەکانیش چییان لەسەرە ئەوەی بابەتی گشتی بێ خۆیان ئەیزانن، ئێمە لێرەدا تەنیا چەن نوقتەیەکیان ئەخەینە بەرچاوی سرنج و ئاگاداری، کە تایبەتین بۆ زرووف و باری ئێستای ژین، پێشەکییان ئەوەیە کە لە کاتی نووسینا بۆ ژین هەرگیز لە بیریان دوور نەخەنەوە، کە ژین ڕۆژنامەیەکی ئەدەبییە ئەبێ لە سیاسەت خۆی دوورەوەپەرێز بگرێ، بەتایبەتی ئەو بابەتە سیاسییانەی، کە بەپێی تێگەیشتنی ئەمرۆی وڵاتەکەمان (بقە)ن، نەک بە ڕێو ڕەوانی، بەپێچوپەناش لێی کا بۆ ئینسان ئەبێتە هۆی دروستبوونی پەڵپ، کە لەم ڕووەوە دەستی تەماعێک بۆ (زۆر) درێژ ئەبێ (کەم)ەکەی ئێستایشمان بەرئەداتەوە و لە کیسمانی ئەدا، لە پاشانا ژین تا لەم بارستەیی ئێستا یانی بەتایبەتی بەم پیتە درشتانەوە ناچارە خۆی لە چاپکردنی وتاری درێژ بدزێتەوە لە ڕووی ڕاستیشەوە لە ژمارەیەکا بەزنجیرە هەرچۆنێک بێ هەزم بکرێ؛ بەڵام لەوەندە زیاتر نووسینی پچڕپچڕ یان سەرتاپای یەک ژمارە بەتاقە یەک وتاری درێژ پڕ کردنەوە، سەرەڕای ئەوەی خوێندەوارە خۆشەویستەکان بێزار ئەکات، نووسەرەکانیش خۆیان لە هێزی کارتێکردن و کەڵک بەخشین بەشێکی باش ئەدۆڕێنن، نووسەرەکان پێویستە ئاگایان لەم نقطەیە بێت و هەتا باری ڕۆژنامەکەمان وەکو ئێستای بێت، خۆیان لە بابەتی درێژ یان درێژکردنەوەی بابەت بپارێزن، تکای سێیەمیشمان ئەوەیە، کە نووسەرەکانیش بەرامبەر ئێمە و هاوڕێ نووسەرەکانی تریان (دڵ فراوان) بن وەکو ئێمە، ئەگونجێ لەبەر هۆیەک، کە ئەوان ئاگایان لێی نییە نووسینێکیان بکەوێتە پشتگوێ، ئەگونجێ نووسینیان لە لایەک لە لایانەوە قسەی بێتەسەر، یان ڕەخنەی لێ بگیرێ، ئەبێ ئەوانیش توانستی بەرگەگرتن و چاوپۆشیی خۆیان پیشان بدەن، جگە لەوەش ژمارەی ئەو وتارانەی بۆمان دێن تەنانەت ئێستا زۆرە، هیوا هەیە زۆرتریش ببێ، لەبەرئەوە ناچارین هەم بەپێی نۆرە، هەم بەپێی بایەخ ڕیزیان پێوە بگرین، نووسەر ئەبێ دواکەوتنی بڵاوبوونەوەی نووسین نەکا بەهۆی ساردبوونەوە، وە بتوانێ دان بەخۆیا بگرێت.

وە دوا تکاشمان ئەوەیە ئاگادار بن، کە پیت چنەکان (مرتبەکان) خوێندەوارێکی تەواو نین خۆشخوێن نەبێ، ئەبێ وەکو دەرس پێیان ڕەوان کەین، خۆ ئەگەر هاتوو پیرەنووسین ئەوەندە کەمتەرخەمانە و ناخۆش نووسرابوو، بەخۆیشمان نەخوێنرێتەوە، ئەوا دۆش دامانێک ڕوو ئەدا، کە گران بتوانین سەری لێ دەرکەین!

(ژین – ژمارەی ١١٢٤)

## مێژووی ئەدەبی کوردی

هەروەکو جاری پێشوو نووسیبوومان (مێژووی ئەدەبی کوردی) بە (٦٣٤) لاپەڕە، بەقەڵەمە ڕەنگین و کۆڵنەدەرەکەی مامۆستا علاءالدین سجادی لە چاپ دەرچوو، بەنیگاری نایابی تأریخی بەکلیشەی جوان جوان بۆ سەر وتارێکی زۆروزەبەندە، وەک کتێبی وڵاتی ئێمە نا، وەک هی وڵاتێکی پێشکەوتووی نرخی کتێب زان ڕازاوەتەوە، ئەو بابەتانەی لەم کتێبەدا خراونەتە بەر ڕووناکی لێدوان زۆری وایان تیایە بەنیسبەت زمانی کوردییەوە تازەن، وەک پەیوەندیی زمان و ئەدەب، سەرەتای داهاتنی ئەدەب، جۆرەکانی ئەدەب، ئەدەب لە ڕۆژهەڵات... هتد.

بەتایبەتی لە بارەی شاعیرە کۆنەکانمانەوە، کە لە بابا تاهیرەوە دەستی پێ کردووە لە بێکەسا بەشەرتێک خوالێخۆشبوو پیرەمێردیشی تیابێ دوایی هێناوە، زانیاریی ئەوەندە ورد و بەنرخی تا ئێستا نەبیستراوی کۆکردۆتەوە، تەنیا ئەم زانیارییانە بەسن بەهایەکی گەلێ گران بدەن بەم کتێبە، بۆ نموونە نووسەری ئەم وتارە، کە سەر و ساختێکی کۆنی لەگەڵ ئەدەبی کوردی هەیە، پێی لێ ئەنێت، کە لەو شاعیرانەی مامۆستا علاءالدین لەژێر گڵی فەرامۆش دەری هێناون تا ئێستا ئەم سیانەیانی نەبیستووە؛ «مەجدی، سەی یاقۆ، سالمی سنە»!

لە زمانی کوردیدا، ڕۆژێک زووتر کۆکردنەوە و جێگیرکردنی (تثبیتی) ئەم زانیارییانەیان خستنە بەرچاو و لێکۆڵینەوەی ئەو بابەتانەی سەرووتر، شتێک نین بۆ کەسێک هەستی نیشتمانپەروەری بەخۆیەوە گومان ببات، بەچاوی کەم تەماشایان بکرێ! لە بارێکی تری سرنجەوە بڕوانین، وەکو ئاگادارین مامۆستا علاءالدین بەو جۆرەی لە ژمارەی پێشوودا وتمان، چەن ساڵێکی زۆرە هێزی مێشک و لەش و گیرفان لەبەرد ئەدا، هەتا ئەم کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی)یەی بەرهەم هێنا، بەم بەرهەم هێنانە، ڕاستە کەلەبەرێکی گەورەی لە سامانی ئەدەبی نیشتمانا پڕکردەوە؛ بەڵام با ماندووبوونە بێ ئەندازەکەی مێشک و لەشیشی لەولاوە بوەستێ، ئاخۆ گیرفانی خۆی بێ کەلەبەرتێکەوتن ڕزگاری بوو؟ گیرفانی خۆیشی هیچ، ئەو (کومپیالانەی) یا ئەو تاقە یەکەی؟ کە بەشوێن قەرزوقۆڵەدا بۆ مصرفی کتێب بەئیمزای (علاءالدین) کەوتوونە چنگ خاوەن قەرز، کام هێزی قەرزدانەوە جارێکی تر لە قاصەی سەوز دەریان ئەکێشێتە دەرەوە؟ ئەم پرسیارە لەو خوێندەوارە نیشتمانپەروەرانەی کورد ئەکەین، کە لە کڕینی کتێبی وادا دوودڵی پیشان ئەدەن، کە بڕوامان وایە ژمارەیان زۆر نییە و هیواداریشین زۆر کەمتر ببنەوە!.

(ژین – ژمارەی ١١٢٨)





## شاعیران و نووسەرانی مەهجەر

## مازۆری کێشەکان لە شیعری عەرەبیدا

لە شیعری عەرەبیدا جووڵانەوەی (نوێکردنەوە) بەشەقاوی گەورە لە شاعیرە دووروڵاتەکانەوە دەستی پێ کرد کە لە ئەدەبی عەرەبیدا بە شاعیرەکانی مەهجەر ناو ئەبرێن. ئەمانە لەو دەستەیەی عەرەبی زمانن کە هۆیەک لە هۆیان لە وڵاتی خۆیانی پەڕەوازە کردوون، دوایی لە یەکێک لە وڵاتەکانی هەردوو ئەمەریکادا گیرساونەتەوە. ئەم نووسەرانە چ خۆیان و چ هاووڵاتەکانی تریان کە لەگەڵیانا هەوارگەی غەریبییان لە ئەمەریکا دروست کردبوو- دڵیان لەگەڵ خۆیان لە وڵاتە خۆشەویستەکەیان هەڵنەکەنرا. بەپێچەوانەوە ئاگری خۆشەویستیی نیشتمان لە قووڵایی دەروونیانا زیاتر بڵێسەی خۆش کرد.

بەئەندازەیەک لەگەڵ ئەوەی وەک شوێنەزایەک فێری زمانەپێشکەوتووەکانی ڕۆژئاوا بووبوون وەپایەی زانستییان گەیشتبووە پلەی خاوەنبیرەکانی ئەو وڵاتانە، وە بۆیان ئەلوا لەو زمانانەدا وەک نووسەرێکی باش شوێن و ناو بۆ خۆیان دیاری بکەن، بەڵام ئەوان لاسارانە سەری زمان و نووکی قەڵەمی خۆیانیان نووساند بەقسەی عەرەبییە یادگارەکەی باوباپیریانەوە.

لە ئەنجامی ئەم ڕەسەنییەدا کە نواندیان، چ لە شیعر و چ لە پەخشانا جۆرە ئەدەبێکی تازەیان لەنووسینی عەرەبیدا داهێنا، کە کەم ناقیدی بە ئینصاف هەیە نەچێتە ژێر کارکردنی لەپێشخستنی ئەدەب بەتێکڕایی وە بەتایبەتی شیعری عەرەبی وە بەرهەم هێنانی خوێن و بزووتنەوەیەکی تازە لە لەشی ئەم زمانەدا.

بەڵام ناقیدەکان کە بەسەرجەم تەماشای نووسینیان ئەکەن، دوو نیشانەی زۆر دیاریان ئەخەنە بەرچاو کە هەردووکیان بەپێی ناوچە و ظورووفێک کە ئەو نووسەرانە تیا پێگەیشتوون سروشتین. بۆ یەکەم لە وێنەی لێگرتنا ئەڵێن: کە لەچاو نووسەرە گەورەکانی عەرەبی ڕۆژهەڵاتدا ئەمانە کزی زمانن وە لە ئوسلووبا لاوازن، کە ئەمەی دواییشیان هەر دەستکورتی ئەگرێتەوە لەو زانیارە بێ بن و بێ سنوورانەدا کە پەیوەندییان لەگەڵ وتەی عەرەبی هەیە. دووەم ئەوەیە کە ئەدیب و شاعیرەکانی مەهجەر بەتێکڕایی زەنگێکی دڵتەنگی لە قووڵایی گیانیانا دەنگ ئەداتەوە، ئەگەرچی بەرزی و نزمی ئەم دەنگە لەهەر نووسەرەدا بەپێی بار و تایبەتێتیی خۆی ئەندازە ئەگۆڕێ.

ئەم دوو نیشانەیە لەسەر شاعیرەکانی مەهجەر بەبێ هێزیی و، یان ناتەواوی بکرێن بەماڵ، یان نەکرێن و بەنیشانەی تەطەوور بۆیان بدرێتە قەڵەم، لە هەر دوو بارا

ئاشکرایه هۆ هەر ژیان و پێگەیشتنیانە لە دووروڵاتێکی وەکو ئەمەریکاکان دا. ئەم ژیانە لەلایەکەوە لە شیعری مەمکی عەرەبیی کلاسیک دووری خستنەوە. لەولاشەوە مەمکە پڕ شیرەکەی زانست و ثەقافەتی ڕۆژاوای نان بەدەمەوە بە زمانێک لەو زمانانە کە لەچاو هینەکانی ڕۆژهەڵات گشتیانا- نەک تەنیا عەرەبی - وەک درەختی میوەی بەهار پاراو و پڕ گوڵ بوون.

(لە بارەی سرنجی نیشتمانپەروەرییەوە، بەڕاستی ئەبێ بەمایەی شانازی و، هونەر، بۆیان دابنرێ،) کە لە کاتێکا مژیان لەم مەمکە پڕ شیرە ئەدا، نیگای تاسەی بێ بڕانەوەیان هەر ئاڕاستەی مەمکە خۆشەویستەکەی دایکی نیشتمانی خۆیان بوو. لە ئەنجامی ئەم هونەرەیانا هەر عەرەب زمان مانەوە، وە بەشی هەرەزۆری بەری ڕەنج و قەڵەمی خۆیان پێشکەش نەتەوەکەی خۆیان کرد، کە لەم ڕووەوە بەشەرییەتیش زیاتر لێیان ڕازی بوو، چونکە لەو خێزانانەی بەشەرییەت دروست ئەکەن دایکی خۆیان، نەتەوەی عەرەب پێویستی بەخزمەتی ئەوان زۆرتر بوو، لێرەدا دەرئەکەوێ، کە چەن منطق دەرئەچێ زمانی ئەدیبەکانی مەهجەر نەگاتە ڕیزی عەرەبییەک، کە (منفلوطي و طه حسين و زەییات) لە مەلەوانیی عومرێکی دەریای ئەزهەر و کتێبە کۆنەکانا وشە وشە دەریان هێناوە و، خەزینەی بیرەوەریی خۆیانیان پێ پڕ کردووە.

هەروەها بۆشمان ڕوون ئەبێتەوە، کە ئەو لەرەی دڵتەنگییەی لە ئاوازەی ئەماندا بەرگوێی دڵ ئەکەوێ لە چ جۆرە تاسەیەکی پڕ بەسنگی نیشتمانی دوورە دەست هەڵئەقوڵێ!

***

ئەمە سەرەتایەکە بەپێویستمان زانی بۆ پێشکەش کردنی هەڵبەستێکی نایابی بیری شاعیران و نووسەرەکانی مەهجەر (جبران خلیل جبران) لەژێر ناونیشانی (دوێنێ – بالأمس)دا، جبران خلیل جبران کە مردنی ئەکەوێتە ساڵی ١٩٣١ لە شاری نیویۆرک.

جبران هەم شاعیر بوو، هەم نووسەر بوو، لە فەلسەفە و کۆمەڵایەتی و ئەدەبدا دەستی درێژی بەناوبانگە، بەهرەی هەرەگەورەی هێزی خەیاڵێکی زۆر باڵ تیژ بوو، ئەم هەڵبەستەی (دوێنێ)ی کە لە هەموو ڕوویەکەوە نیشانە و فەساڵی گشتیی ئوسلوبی ئەدەبی هەم جبران خۆی و، هەم هی شاعیرەکانی تری مەهجەر پیشان ئەدا، هەر بەشیعر کردمان بە کوردی و، تا ڕادەیەکی دوور تەقەلامان دا، کە ئەوەندەی بگونجێ تایبەتییەتەکانی ئەو شوێنە ون نەکەین.

(ژین – ژمارەی ١١٢٩)





## زەنگییەکان وە هەڵبژاردن لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

«بەندێک لە کتێبی – بینینەکانم لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا» هی نووسەری بەناوبانگی سۆڤیەتی (ئیلیا ئەهرەنبورگ) لە گۆڕینی عەرەبییەوە وەرگیراوە، لە ڕۆژنامەی (دفاع) بەپێی دەستووری ئەمەریکا گشت هاونیشتمانێکی ژن و پیاو تێکەڵ بوونی هەڵبژاردن (انتخابات)ی بۆ هەیە، بەبێ هیچ جۆرە سرنجدانێک لە جیاوازیی ڕەگەزی؛ بەڵام کە هاتە سەر کردەوە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی جنوب، گشت زەنگییەکان بەش بڕاون لە حەقی دەنگدان (تصويت)، لە وڵاتی ئەلەباما ژمارەی دانیشتوان ئەگاتە (٣) ملیۆن، لەمانە یەک ملیۆن و سەد هەزار سەریان زەنگین، دێتە سەر هەڵبژێر (ناخب) بەرامبەر بە (٩٦) هەزار هەڵبژێری سپی، ژمارەی هی ڕەش ناگاتە چوار هەزار کەس، ژمارەی زەنگیی گەیشتوو (بالغ) لە (پەرمینگهام) ١٣٠ هەزارە؛ کەچی لە (١٢٠٠) هەڵبژێر زێتریان نییە، لە وڵاتی میسیسیپی زەنگییەکان نیوەی تەواوی دانیشتوان ئەبن، ئەم نیوەیە بەیەک قەڵەم لە حەقی دەنگدان بەش بڕاون، ئاخۆ چۆن لوا بۆ وڵاتەکانی جنوب بەم جۆرە قانوونی یەکیەتی (قانوونی اتحادی) بکەن بەژێر پێوە؟ بۆ ئەمە ژمارەی (هۆ) زۆرە، یەکەم سەرانەی (ضريبة الرؤس) زەنگییەکانی جەنوب ئێجگار هەژارن، چەن دۆلارێکی کەم لای ئەوان وەک سامانێکی گەورە ئەنوێنێ، یەکێک لە زەنگییەکانی ئەو ناوە لێمان پاڕایەوە، کە هەڵیگرین تا یەکێک لە وڵاتەکانی شیمال، دەمێک بوو بەئاواتەوە بوو بگاتە (هارلم)؛ بەڵام هەرگیز نەیتوانیبوو ئەوەندە دۆلار پێکەوە بنێ، کە بەشی ئەم گەشتەی بکات، کەوا بوو ئەمە چۆن ئەتوانێ پارە پەیداکات بۆ سەرانەی دەنگدانی هەڵبژاردن؟ جگە لە سەرانە تاقیکردنەوەش هەیە.

هەڵبژێر لەسەریەتی «لە دەستوور بگات و لە لێدانەوەی بزانی» ئاشکرایە، کە ئەوانەی تاقیکردنەوەیان پێ ئەسپێررێ لە لایەنگیری و ڕەگەزپەرەستیدا قاڵن و ئامادەن ماوە نەدەن هیچ زەنگی لە تاقیکردنەوەدا بەگیر ئەهێنن، گەلێ بابەتی لێرە و لەوێ پێ ئەوتنەوە و داوای لێدانەوەی لێ ئەکەن دوایی دەست ئەبەن ڕۆژنامەیەکی بەزمانی چینی ئەدەنە دەست، وە پێی ئەڵێن «ئەزانی ئەمە چی تیا نووسراوە» مامۆستای ڕەش وەڵامی دایەوە «بەڵێ زۆر چاک ئەزانم! نووسراوە ئێوە هەرگیز ماوە نادەن دەستی زەنگی بگاتە صندوقی هەڵبژاردن». لە پاش گشت شتێک ئەگەر هات و زەنگی سەرانەی دا و لە تاقیکردنەوەش دەرچوو، ئەمجا چەن داردەستێکی قەف ئەستوور بەسە بۆ هۆش هێنانەوە بەر و، بۆ واز پێهێنانی لە لاساریی سەودای هەڵبژاردنی!.

(ژین – ژمارەی ١١٤٦)

## خوێندەواری و زەنگییەکان لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

«بەندێک لە کتێبی (بینینەکەم لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا) بەقەڵەمی نووسەری سۆڤیەتی (ئیلیا ئەهرەنبورگ) لە ڕۆژنامەی (الدفاع) وەرگیراوە.».

لایەنگرەکانی ئازادخوازی ڕەگەزی ئەبێژن لە توانستا نییە گشت جۆرە هەقێک بدرێ بەزەنگی، چونکە نەخوێندەوارن، بەڕاستیش ڕەگەزپەروەرەکان چییان لە دەست بێ درێغ ناکەن لە کردنی، بۆ ئەوەی زەنگییەکان لە خوێندن بێ بەش بکەن. (بیل نیلسۆن) لە بارەی ڕێکخراوی کاروباری تەربیەتی نیشتمانییەوە زۆری بەگوێ دادام و گشت ئەمریکاییەک هەتا تەمەنی (١٦) ناچارە بخوێنێ؛ بەڵام پاش ئەوەی گەیشتنە (میسیسیپی) ئیتر لەم بابەتەوە ورتەی لە دەم دەرنەچوو، ژمارەیەکی زۆر لاومان دی، کە خوێندنەوە فێر نەبوون بەچکە زەنگی وا زۆر بوو، کە لە ژیانیا هەرگیز قوتابخانەی نەدیبوو، ئەمانە لە ساواییەوە لە ڕەنجدان بەولاوە هیچی تر فێر نەبوون، لە وڵاتی (میسیسیپی) مامۆستا ئینسانێکی زۆر کلۆڵە، ساڵانەی ئەمجا (٦٠٠) دۆلارێکی چنگ کەوێ بەتایبەتی مامۆستای ڕەش نەک هەر کلۆڵە و بەس؛ بەڵکو ئەبێ سەریش بۆ سپی دابنەوێنێ هەرچەن موفەتیشی سپی سەر لە قوتابخانەیەکی ڕەشەکان ئەدا، مامۆستا بەناوە بچووکەکەی بانگ ئەکات وەرە، (بیل بردجون)، ئەمە ئەگەرچی تەمەنی موفەتیش (٢٥) ساڵ و هی مامۆستا پەنجایش بێت! لە کاتێکا کە لەسەر دووەم پێویستە هەمیشە لە وەڵاما بڵێ، (بەڵێ) قوربان میستەر سمیث!».

لە وڵاتی ئەلاباما جارێکیان وا ڕێککەوت، کە هەرچی پارەی فێرکردنی گشتیی هەبوو بەجارێک درا بەسپییەکان، بەجوانیان زانی هیچ نەبێ مامۆستای ڕەش بانگ کەن بۆ ئەوەی پێی بڵێن «داخمان ناچێ ئەمساڵ پارە کەم بوو، هیچتان بەرنەکەوت!» لە وەڵامدا مامۆستای هەژار تەنیا ئەوەندە هاتە زمان «فەرمانتان بەجێیە، دیارە سپییەکان پێویستیان بەفێربوون زۆرترە لە ڕەش». وام بۆ ڕێککەوت، کە لە جنوب ژمارەیەکی زۆر خوێندەواری ڕەشم ناسی لە نووسەر و زانا و پزیشک و محامی و مامۆستا بەڕاستی ئەمانە بەلەش سپیی پاک بوون بەسەر و فەساڵی وڵاتی جنوبەوە کە پڕە لە دڕندە و ناپاکی سپیی خاوەن شەهادەتنامەی بەرز!

ئیدارەخانەی هەندێ ڕۆژنامەی زەنگییەکان چووم هەندێ نووسەر زۆر بەسەرگەرمی لایەنگری حقووقی ئینسانیان ئەکرد، وە بەمە خۆیان خستبووە ترسی بەکوشت چوون لە هەموو کاتێکا، لە زانستگای (فیسک)ی تایبەتی (٧٠٠) زەنگییەکی نێر و مێ





قوتابین، ئەمانە لە پاشەڕۆژدا ئەبن بەپزیشک و مامۆستا و محامی؛ بەڵام هەرگیز ناتوانن بەلای فێرکردن یان تیمار یان داواکردنی هیچ سپییەکا بچن، مامۆستای ڕەش نابێ بچێتە کتێبخانە گشتییەکان، پرۆفیسۆر براوی، کە کیمیاگەرێکی بەناوبانگە لای من پێی لێنا، کە هەرگیز نەیتوانیوە لە لابراتۆری زانستگای دەوڵەتیدا ئیش بکات، لەم زانستگای (فیسک)ەدا چەن سەعاتێکی نایابم ڕابوارد و لاوەکانم دی، پڕ ئارەزوو بوون بۆ دۆزینەوەی ڕاستی (حەقیقەت) قوتابییەکی کچم ناسی ئەیزانی بەڕووسی بدوێ، لەسەری دایکەوە نیوە ڕووسی بوو، بەڵام باوکی زەنگی بوو، پێستی ئەوەندە سپی بوو، کە هیچ نیشانەیەکی لە زەنگییەتی پێوە نەهێشتبوو تەنیا کارتی ناسینەوەکەی (بطاقەی هویة) پیشانی ئەدا، کە دوو ڕەگ (ڕەنگدارە)، ئەمە بەس بوو، کە بەڕەنگدار تەماشا بکرێ، وە گشت دەرگایەکی لە ڕوو داخرابێ، موهەندسێکیشم لە ئۆرلیانی تازە ناسی قژ سوور و شڵ (بەلامی قەڵەو) پیاوێکی پیاوانە بوو بەفراوانی زانستی سەراسیمەی کردم، خوڵکی فنجانێک قاوەم کرد، بەبێ ئەوەی هۆ پیشان دات دەستی نا بەڕوومەوە، دوایی لە هەندێ هاوڕێ تێگەیشتم، کە لەبەر ئەوەی لە شاردا وەکو (ڕەنگدار)ێک ئەناسرێ، نەیوێراوە پێ بنێتە ناو قاوەخانەی سپییەکان، چونکە ڕەنگدار ئەم حەقەی پێ نەبەخشراوە.

هەندێ لە ڕۆژنامە زرنگەکان، لە ڕۆژنامەکانیانا چەن ستوونێکیان تەرخان کردووە بۆ ڕەشەکان، ئەم ستوونانە سپی هەرگیز نایان خوێنێتەوە، ئەگەر هاتوو سپییەک زاتی خوێندنەوەی ڕۆژنامەی ڕەشەکانی کرد، ئەدرێتە بەر توانج و لێدان، ئەگەر هاتوو ئەم سپییە حەزی لە مردنی خۆی کرد ئەوەندە بەسە زات بکات بڵێ ئەمجا چی بووە؟ بۆچی ڕەشیش وەکو سپی ئینسان نییە؟!

(ژین - ژمارەی ١١٤٨)

## میر جەلادەت بەدرخان

## ١٨٩٧-١٩٥١

## بەبۆنەی بیرەوەریی دووەم ساڵی کۆچیەوە

میر جەلادەت بەدرخان یەکێکە لەو پاڵەوانە مەزنانەی کە لەشکرگیری تأریخ لە کاتی نالەبارا ئەیان هاوێتە مەیدان، ئەرکی خەباتی هەرە قورسەکە ئەگرنە سەرشان، تاڵاوی ئێش و ئازارە هەرە ناخۆشەکەی ئەنۆشن، خۆشەویستەکەی ئەدەن؛ بەڵام ئەو پاداشتەی

وەری ئەگرن، یان هیچە، یان تۆزە ناو و ناوبانگێکە، کە زۆر کەمترە لەوەی بەڕاستی پێیان ئەشێ.

تأریخی تێکۆشینی میر جەلادەت بەگ ئەگەڕێتەوە بۆ سێ چوار پشتی پێش خۆی، لەناو گشت خێزانی بەدرخانییەکانا. ئەم خێزانی بەدرخانییانە لەو حەلەوە سەرکردەی هەرە لێبووردووی جوولانەوەی کوردایەتی بوون و بەرامبەر بەدەزگا داگیرکارەکانی سەردەم خەباتکەری هەرە کەللەڕەق بوون، بەتایبەتی میر جەلادەت بەگ، خۆی هەر لە منالییەوە لە تێکۆشینی نیشتمانیدا لە ڕێگای ڕاست کەلا نەبووە، لە هەرەتی سولتان عەبدولحەمیدی دووەم لایەنی جوولانەوەی ژون تورکی گرت، وە بوو بەئەندام لەم پارتی (اتحاد وترقي)دا، کە ژون تورکەکان بەڕێگای شوڤێنیستی دا دەستیان کرد بەهەڵەشەیی و سیاسەتی تۆقێنەری (إرهاب) بەرامبەر بەنەتەوە ناتورکەکانی تری وڵاتی عوسمانی، میر جەلادەت خۆی هاوێشتە ناو تەوژمی جوولانەوەی کوردایەتییەوە، لە جەنگی دەستدرێژیی یۆنانستانا بۆ سەر تورکیا، بەدەستیاوی دەوڵەتە ئیستیعمارییەکان، نیشتمانپەروەرانی کورد کە میر جەلادەت یەکێکیان و، ئەندامەکانی تری خێزانی بەشی زۆریان بوون، لە کانی دڵەوە لەسەر تورکیایان کردەوە، بەڵام کە دوایی پاشگەز بوونەوەی ئەتاتورکیان دی لە بەڵێنەکانی، ئەمانیش وەرگەڕانەوە لە خەباتەکانی ئەو سەردەمەدا. میر جەلادەت تێکەڵ بەشۆڕشی چەکداریی کورد بوو، لە ئەنجامی بەزینی شۆڕشا کشایەوە شام وە لەوێ دەستی کرد بەخەباتی قەڵەم، گۆڤاری (هاوار) و ئەو زنجیرە کتێبە لاتینییانەی کە لەو ساڵانەدا پێشکەشی نەتەوەی کوردی کردن، ئەگەر بەسەرنجی ورد تەماشا بکرێن زۆرباش بۆمان ڕوون ئەبێتەوە، کە میر جەلادەت بەخەریک بوون لەگەڵ چاپەمەنیی کوردی وەختی نەئەکوشت، بەڵکو بنەڕەتێکی پتەوی دائەنا بۆ پاراستن و گەشەپێدانی زمانی کوردی بۆ دروستکردنی دەزگایەکی ثەقافی کوردی، بۆ هۆشیار کردنەوەی نەتەوەی کورد لە ڕێگای ئەدەب و هونەر و زانستەوە، میر جەلادەت لە جەنگی دووەمی جیهاندا لایەنی بەرەی دەوڵەتە دیموکراتەکانی گرت، لە کاتێکا ئەو سەرکردە لێکەوتووانەی لە پایە و ظروفی ئەوا بوون لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستا هەمووی ڕووی هیوا و پاڕانەوەیان چەرخانبووە هاوپەیمانە فاشیستەکان، بەدرێژایی سەردەمی جەنگی دووەم خۆی و میر کامەرانی برای لە دەزگای ڕادیۆ و چاپەمەنیدا بەدڵسۆزی ڕەنجیان ئەدا بۆ سەرکەوتنی بەرەی سوێنخوارانی دیموکراسی؛ بەڵام لە دوای بڕانەوەی جەنگی دووەم، تەماشای کرد ئەمجارەش وەک ئەنجامی جەنگی پێشوو ئەو هیوا گەشانەی لە بارەی پاشەڕۆژی





سیاسی کوردەوە تاریکیی دڵیان ڕووناک کردبووەوە، دووبارە یەکە یەکە دەستیان کرد بەکوژانەوە، ئەمە لەباتی ئەوەی لە دڵی بچەسپێن، کە ڕێگەی چنگ کەوتنی حەقی کورد شەقامی ئاشتیی گشتی ناو دەوڵەتانە، نەک جەنگ، وە ڕای بکێشێ بۆ بەرەی ئاشتیخوازان بەپێچەوانەوە بەجۆرێکی وا بێ هیوای کرد. کە لە ساڵەکانی دوایی عومریا تاڕادەیەک پشتی لە سیاسەت سارد بووەوە! بەڵام بێ گومانم لەوەی ئەگەر بیر ڕەشەکەی «چەپ گەرد»! ئەوەی تێی کەوت و بوو بەهۆی مردنی، ماوەی بدایە میر جەلادەتی خوالێخۆشبوو لە باریا بوو زوو ماندوویی بحەسێتەوە، وە خۆی بهاوێتەوە ئەو شوێنەی، کە شیاوی بوو لە مەیدانی خەباتا بۆ حەقی ژیانی نەتەوەی کورد، بەڵگەی گەشم ئەو زرنگانەوەی خەم و پەشیمانییەتی کە لەدوا قسەی سەرەمەرگیا لە کانی دڵی دەرچووە: «ئەی مەرگ! ئەی خاوەن جووتەباڵی ڕەش! لەبەرچی ئەم شوێنەت بۆ هەڵبژاردم؟ لەبەرچی ئەم ئەنجامەت پێ ڕەوا دیم؟ لە مەیدانی نەبەردا بەرامبەرت وەستام و نەترسام! لە چۆڵ و بیابانی زراوبەرا بەرەنگارم بووی چاوم نەترووکان!! بۆچی لە ئەنجامی کاردا، لێرەدا گرتمت، کە هیچ بەدڵم نەبوو؟!».

(ژین – ژمارەی ١١٥٨)

## پێمان ڕەوا نابینن!

چیمان پێ ڕەوا نابینن؟ نانیان لێ سواڵ ئەکەین و نامان دەنێ؟ نەء یا بۆ ساقە سەریان لێ داوا ئەکەین؟ نەء... ئەمانەوێ لە پارەی باخەڵی خۆیان بەشمان بەن؟ نەء... ئەوەی ئەمانەوێ حەقێکی ڕاستەوخۆ و مەشروعی خۆمانە، هەر هیچ نەبێ ئەوەندەی ئەوان مانگانەکەیان بەحەقی ڕاستەوخۆ و مەشروعی خۆیان ئەزانن، ئەمانەوێ بەپێی ئەو حەقەی قانوون پێی بەخشیوین وەکو ڕۆژنامەیەکی محەلی، ئیعلاناتی دائرەکانیان چی هەیە بیدەن بەئێمە بۆ بڵاوکردنەوە و ڕێگای چاوپۆشین نەگرن لەبڵاوکردنەوەی، یان نەینێرن بۆ ڕۆژنامەی شوێنە دوورەکانی تر، بەکورتی ئەمانەوێ لەسەر حیسابی ژیانی ئێمە بێ قانوونی نەکەن!

ملیۆنێک کوردی عێراق لەم عەصری سەقافەت و چاپەمەنییەدا تاقە یەک ڕۆژنامەی هەیە، ئەویش چاک و خراپ ئەم ژینە ئەیەوێ دوشمنایەتی لەگەڵ ژین ئەکا، دوشمنایەتی لەگەڵ زمان و ئەدەبی کورد گەوهەری (عنصر) هەرە لەپێشی ڕۆشنبوونی نەتەوەی کورد ئەکا، کە بڕیاری دوشمنایەتی کوردیشی دا مەعنای ئەوەیە دوشمنی خوێنەخواری گەلی عەرەبیشە، ئەو عەرەبەی لە عێراقا برای کوردە و، لە تاڵی و

شیرینی ژیان و گوزەرانیا شەریکیەتی! ئەمانەش کە هەتا پێیان بکرێ بەپێچەوانەی نصی قانوونەوە ئیعلان بڵاو ناکەنەوە بەچاپ، ئەگەر بڵاویان کردەوە ئەینێرن بۆ ڕۆژنامەی شوێنە دوورەکان، تەنیا هەندێکیان نەبێ، هەندێ ئیعلان بەناچاری ئەنێرن بۆ ژین. ئا ئەمانەش، ئاشکرایە بەم دوو نەتەوەی کورد و عەرەبە بێگانە نین، بەشی زۆریان کوردن، چەند سەرەک دائرەیەکیشیان عەرەبن بەتایبەتی کوردەکانیان لە مەیدانی قسەدا دڵسۆزێکی بێ ئەندازەی نەتەوەی خۆیانن و خۆیان وا ئەدەنە قەڵەم، کە کەس نەماوە لەم ماوەیەدا بەتۆزی قولی پێیان بگات، ئێستاش هەرچەن ئیعلان وەرگرتن هەقێکی قانوونیی خۆمانە و لەبەرئەوە ڕێگەی موراجەعەتی ڕەسمیمان لێ نەگیراوە داوای بکەین، موخالەفەی دائرەکان لەم ڕووەوە بخەینە بەرچاوی ژوور دەستەکان؛ بەڵام جارێ بەم چەن دێرە، کە پێشکەشی پێش چاوی گشتی ئەکرێ وازمان هێنا.

(ژین - ژمارەی ١١٦٠)

## لویس ئەراگۆن(*)

لویس ئەراگۆن نووسەرێکی گەورە و شاعیرێکی داهێنەرە، نرخ و بایەخی تەنیا لەسەر فەرانسە بەند نییە؛ بەڵکو هەموو لایەکی دنیا ئەگرێتەوە، چونکە لویس ئەراگۆن سەرکردەی قوتابخانەیەکی ئەدەبیی ئینسانی وایە، کە لە گشت لایەنە کۆمەڵایەتییەکانا دەستی کردووە بەگەشە و کەوتنە گوڵ، قوتابخانەیەک کە پێویستیی تەئریخی و ناتەواویی نەفسی و کۆمەڵایەتی گەوهەری بنەڕەتیی گەشە و پێشکەوتنە سەرومڕەکەی دروست ئەکەن ئەویش قوتابخانەی ڕیالزمی تازەیە لە هونەر و ئەدەبدا.

ئەراگۆن ڕابردوویەکی ئەدەبیی پڕ و پۆشتەی هەیە، وەنەبێ هەر لە منالییەوە ئەم ئاڕاستەیەی ئێستای وەرگرتبێ، لەسەرەتادا لەناو خێزانێکی پەرداختا ژیاوە، بەڵام بەرامبەر بەئوسلوبە ئەدەبییە باوەکانی پێش شەڕی یەکەم هەڵچوون و یاخیگەری پیشان ئەدا، وەک بەشی زۆری ئەو لاوانەی دوا بەدوای ئەو شەڕە تێکەڵ بەکێشەی ژیان بووبوون، ئەمانە لەگەڕانیانا بەشوێن شۆڕشێکا، کە هونەر و ئەدەب بەرەو پێش ببات ڕێیان کەوتە (سوریالیزم)وە وایان زانی کە ڕێی ڕاستیان دۆزیوەتەوە، ئەراگۆن یەکێک لە سەرکردەکانی ئەم قوتابخانەیە بوو، شان بەشانی بریتۆن، ئیلوار، و هاوپایەکانیان و کۆمەڵە دانراوێکی دەرکرد، کە لە بەجێماوەی هەرە بەنرخی ئەم قوتابخانەیە ئەژمێردرێ وەک: (بلێسەی شادی) و (جووڵانەوەی سەرومڕ) و (ڕێبوار)... هتد.

بەڵام هەروەک ئەراگۆن خۆی لەناوهێنانی بەلزاک و هۆگۆ و پاریسدا ئەڵێ: «ئەدیب

(*) لە گۆڤاری (الثقافة الجديدة)وە وەرگیراوە.





هەن ئەیانەوێ پەلی خەلقی بگرن لە جەرگەی شەپۆلی دەریاوە بۆ کەناری کشومات؛ بەڵام خۆیان سەر شەپۆلی دەریا ئەکەون، لە گەڵی ئەڕۆن بەرەو شوێنێک، کە بۆی ئەچێت، ئەتوانین لە بارەی ئەراگۆنەوە هەمان شت بڵێین، کە ئەو بەهۆگۆی وت «هەستی بەم جووڵانەوەیە کرد، کە لە کەناری دوور ئەخستەوە» ، «وە خۆی کرد بەمەردی ناو ئەم دەریایە و بوو بەمەلەوانی پاشەڕۆژ، چونکە زۆری پێ نەچوو ئەراگۆن پشتی لە سوریالیزم هەڵکرد و کەوتە پەنجووری ئەو لێکدانەوە و هەستانە، کە ئەدەبەکەیان لە دەروونی خەڵق و دڵی ڕۆڵەکانی گەلا پەروەردە ئەکرد، ئیتر لەگەڵ بەرزبوونەوەی بلێسەی ئاگری شەڕی دووەما ئەراگۆن بوو بەشاعیری ناوبانگی نەتەوەیی فرانسە، کە دەستی ناپاکیی لێ کەوتبووە کار، وە بوو بەنوێنەری گەل بۆ دەربڕینی هیوا و ئارەزووی دەخستە گۆرانیی ئاوات و خەوبینینە دابڕاوەکانی وەک: «گۆرانی بۆ ئیلزا» و «چاوەکانی ئیلزا»ی کە لە ساڵانی ١٩٤١-١٩٤٢دا بەشوێن یەکدا دەرچوون، جۆرە سکاڵایەکی ناسک و شیرینی وا بوون، کە شاعیر هەرچی هەستی خۆشەویستیی سۆزاوی خۆی هەیە لە هەڵبەستی دڵدارییی پڕ لە هەست و دڵسۆزی شعوری نایابا لەناو دوو بەرگیانا دای ڕشتبوون، ئەم دوو کتێبە لە بەرهەمی هەرەجوانی ئەدەبی فرانسزی ئەژمێردرێت، لە هەڵبەستی دڵداریدا ئەم ئیلزایە کە نیشتمان خۆشەویستی فرانسەیی پێ ئەنوێنێ، (ئیلزا تریبوولیەی) ژنی خۆی بوو، کە لە ئەنجامی دڵداریدا خواستی، ئەویش ژنە نووسەرێکی فرانسزی پەنجە بۆ کێشراوە، کە جووڵانەوەی فرانسە بەرامبەر بەئەڵمانە داگیرکارەکان دەستی پێ کرد، ئەراگۆن شاعیری جووڵانەوە بوو، هەڵبەستە جوانەکانی بەدزی چاپ ئەکران و خەڵق بەهەڵپە لەبەریان ئەکرد و گیانی شۆڕشیان پێ ئەگەشانەوە، هیوای دڵیان پێ تازە ئەکردەوە، هەرە بەناوبانگی بەرهەمی ئەم سەردەمەی ئەمانە بوون؛ «گوێ بگرە فرانسە، پەیام بۆ تۆ فرانسە،...» ، لەگەڵ تەواوبوونی شەڕ ئەراگۆن بووبوو بەناسراوێکی جووڵانەوەی گەل لە فرانسەدا، وە بەناوبانگترین سەرکردە بوو لە قوتابخانەی ڕیالیزمی تازەدا لە ئەدەبا، کە ئەم قوتابخانەیە هونەرپەروەرەکان بانگ ئەکا، بۆ هاتنە خوارەوە لە قوللەی عاجی بۆ تێکەڵ بوون لەگەڵ گەل و، هاوبەشی کردن لە شادی و خەمەکانیان، تەقەلای ئەراگۆن لەم مەیدانەدا لەوە زلترە، کە لەبیر بچێتەوە، گۆڤارەکەی «ئەدەبی فرانسزی» خزمەتی شکۆداری هەیە بۆ لەسەرکردنەوەی هونەری ڕیالیزم و نووسەر و هونەروەرە ڕیالیستەکان!

لە ژوور ئەمانە گشتەوە، ئەراگۆن چیرۆکنووسێکی بلیمەتە، چیرۆکەکانی وەک: «زەنگەکانی باڵ، گەڕەکە پێشکەوتووەکان، شەهیدەکان» لە کۆڕەکانی گەل و ئەدەبی فرانسەدا سەرکەوتنێکی گەورەیان چنگ کەوتووە، ئەمە سەرەڕای کۆڵینەوە ئەدەبی و هونەرییە زۆرەکانی، بەم بۆنەیەوە پێویستە ئەوەیش بخەینە بەرچاو، کە ڕۆڵەی

مەترۆپۆلی فرانسە بوو، دوشمن و داخ لە دڵی گشت جۆرە ئیستعمارێک بوو، لە پێش گشتا هی فرانسە!.

## سەفەربەری مەلا حەمدوون

لە چوار ساڵە تاریک و خوێناوییەکەی شەڕی یەکەمی جیهانیدا (١٩١٤-١٩١٨) شاعیرێکی بێ چاو؛ بەڵام بەهرەدار، لە شاری سلێمانی و دەوروپشتیا دوارۆژەکانی پیری و تەنگانەی گوزەرانی ئەبردەسەر، ئەم شاعیرە بەناو (مەلا فەرەج)، بەناوبانگ (مەلا حەمدوونی حافز)، بە تخلصی شاعیری (حەمدی) بوو.

حەمدی لە کاتێکا تەنیا بەهرە گەشەکەی هونەری شیعری بەس بوو بۆ بڵاوبوونەوەی ناوبانگ، کەچی لەناو خەڵک و خوادا زۆرتر بەخاوەندی چاوی (غەیبی) مەلا حەمدوونی حافز ناوی دەرکردبوو. لە ڕووی ڕاستیشەوە کردەوەی چاوساغانە و زیرەکانەی وا سەمەرەی پیشان ئەدا، لەچاو ساغ ڕووی بدایە جێگەی واق وڕمان بوو، چ جای لە کوێرێکی زگماک، ئەم دوو دەسمایەیە بچنە سەر پیشەی مەلایەتی و حافزیەتییەک، کە خواناسی و ڕەوشت و خوویەکی پەسەندیشی لەگەڵ بووە، ئەتوانین لەناو کۆڕە بەرزەکانی کات و شوێندا مۆرک و ماقووڵییەک بۆ مەلا حەمدوون بخەینە پێش چاو، کە لە هی حافزێکی عادەتی توانیویەتی بەشی زۆری تەمەنی بەپۆشتەیی و گەشت و گەڕان تا ئەستەمۆڵ! تێپەڕێت.

بەڵام ئەو پەرداختەی ئەستەمۆڵی، کە مامۆستا ڕەفیق حیلمی لە (شیعر و ئەدەبیاتی کوردی)دا جوانی بەشانا دێنێ، ئەگەر تا بەر دەرگای (زاڵمی سەففاکی سەفەربەر)یش لوابێ، دیارە لەوە زیاتر لەگەڵی نەڕۆیشتووە، وە نووسەری ئەم وتارە ئەگەرچی زۆر مناڵیش بووم، لە بیرمە کە زەبری گرانی لەو شەڕەدا داڵدەی پێ بردە بەر شاعیری ناسراوی جاف (طاهر بەگ) لە هەڵەبجە، کە ئەویش لەو ساڵانەدا -بۆ کڵۆڵی مەلا حەمدوون - سامان و دەسەڵاتێکی ئەوتۆی نەمابوو، هەر ئەوەندەی ئەتوانی گوزەرانێکی کولەمەرگی بۆ پێک بێنێ، بەڕاستی درێغی لەوەندە نەئەکرد، بەڵام هەر ئەوەندە!.

ڕاستە مەلا حەمدوون هەم پیر بوو، هەم بێ چاو بوو، لەبەرئەوە سەربازی و چوونە ناو کوورەی ئاگری سووری لەبەر نەبوو، دانیشتووی ناوچەیەکی تا ئەندازەیەک کەلا بوو لەبەرئەوەیش لەژێر هەڕەشەی (بۆمبارانی فڕۆکە و شێلکی گوللەی تۆپخانەدا نەبوو؛ بەڵام کوێرەوەری و کڵۆڵیی شەڕی دۆزەخین دووری و نزیکی کەی بۆ هەبووە؟ ئەوەی لە مەیدانا پارچەی لەشی نەبوایە بەنیشانەی گوللەی تۆپ، لە شوێنە کلاکانی پشت





مەیدان، لە دەشت و دۆڵەکانی دەوروپشتی سلێمانی، گرانی لاکی فڕێ ئەدایە سەر نوێلکەکان، نەخۆشی لەبن دیواری کەلاوەکانا گیانی ئەکێشا، ستەم و زۆری میری و زۆرداران ڕەگ و ڕیشەیان لەبن دەرئەهێنا، چونکە ئەو دێوە ڕەشەی شەڕی پێ ئەڵێن و گۆشتی ئادەمیزادی بەسەرجەم تیا کوڵ ئەدا، لەگشت کاتێکا لەسەر سێ کوچکە بەدووخە زانراوەکەی خۆی وەستاوە: گرانی، نەخۆشی، ستەم و زۆرێک کە وەک یەک ئاراستەی مێشک و لەش ئەکرێ...

ناوچەی سلێمانی، بەڵکو گشت لایەکی کوردستان، لەهەر سێ جۆرەکەی ئەم پەتاشوومانە هەرە سەختی دی ناوچەی سلێمانی لە ئاگری سووری مەیدان بێ وەی بوو، بەڵام گرانی زەبرێکی وای پێ نواند کە پیاو لە برسانا پیاوی ئەخوارد، نەخۆشی بەجۆرێک پەرەی سەند هەر کەس لە جاڕی درەوی گرانی بەجێ بمایە ئەم ئامانی نەئەدا بۆ دوورینەوە... دێهات بەشی زۆریان وێران بوو بوون، شارەکان بەگەڕەک کەلاوەیان تیا کەوتبوو بەسەریەکدا. بێ قانوونی گەیشتە ڕادەیەک مەفرەزەی پۆلیس زەلامی بە لقی درەختی چەقی ڕێدا هەڵئەواسی و ئەیخنکان! تەم و تاریکیی ئەم حاڵانەی شەڕ ئاشکرایە، تا چ ڕادەیەک لەسەر سنگی یەکێکی وەکو مەلا حەمدوون بار ئەبێ، کە هەم زەلیلی چاو، هەم مەلا پیرە، هەم شاعیر بوو، کە بەپێی هەرسێ ناونیشانەکەی ناچار بووە نانی گوزەران لە قولی مشتی چاکەکەران دەربێنێ، لە کاتێکا خاوەنی قولی مشتەکە لە ورگی سبەینێی خۆی دڵنیا نەبووە.

***

پیاو قەسیدە نایابەکەی سەفەربەری مەلا حەمدوون بەوردی بخوێنێتەوە ئەتوانێ دیمەنە تاریکەکانی شەڕ لەم نیگارە باشتر تێ بگات، کە ئێمە کێشامان، بەڵام تا ئەم نیگارەش لەبەرچاوی خۆمان ڕانەگرین، گرانە نهێنی زاڵبوونی حەمدوون لەم پارچە هونەرەیا باش بەراورد بکەین، وە بەپێی حەقێک کە پێی ئەشێ هەڵی سەنگێنین. لەبەرئەوە بوو، کە گێڕانەوەم لە ئەسڵی قەسیدە خستە پاش ئەم چەند دێرەی لای سەرەوە، ئەمجا سەرەتای قەسیدەی ناوبراو بخوێنینەوە:

ئەم ڕۆژە چ ڕۆژێکە کە عالەم شڵەژاوە؟!
هەرکەس بە جەخارێ جگەری قیمەکراوە!
ئەم وەضعە کە ناوی (بەسەفەربەر) ئەبەن ئەمڕۆ
فەرمانی بەخوێن ڕشتنی ئەم عالەمە داوە!
دەشت و جەبەل و شیو و جزیرەی هەموو دنیا

گوڵ گوڵ بووە سەرپاکی بەخوێنی شوهەداوە
دنیا پڕی ئاشووبە خەلایق بەعموومی
ئاسایشی لێ مەنعە، ئەڵێی جونبوشی ئاوە!
وەک تەرزە ئەبارێ بەهەموو دەم ئەسەف و خەم
هەوری غەزەب و قەهری خوا توند و بەتاوە!
لەو ڕۆژەوە دنیا هەیە تا ئەم دەمە بێ شک
مەغلووبەیی بەم غایەیە نەبووە و نەکراوە!

حەمدوون ئا بەم شەش فەردە، کە یەک دوانێکم لە جێگای ناو بەناوی قەسیدەوە گوێزاوەتەوە بۆ سەرەتا، بەزمانێکی ساکار و ڕەوان چوارچێوەیەکی پڕ بەپێستی گەرووی خەفەت لێ نیشتوو بۆ جیهانی شەڕ بەتێکڕایی ئەکێشێ، لە توانستی چاوێکی گۆشەگیری جێگایەکی وەکو ئەم ناوچەیە گەلێ ڕوونتر ئاگاداریی لە ئەحواڵی هەموو دنیای کوشتن و بڕین پیشان ئەدا، لێرەدا دۆست و دوشمن، نیشتمان و وڵاتی بێگانە لێک جوێ ناکاتەوە، ئادەمیزاد بەتێکڕایی بەدەست جانەوەری سەفەربەرەوە داماو و شپرزە ئەبینێ وڵاتانی ڕووی دنیا، تا دوورگە دوورەکانی ناو دەریا، هەڵکشاو ئەبینێ لە خوێنی کوژراوانی بێ تاوانا... ئەیەوێ خەم و پەژارە و پەرێشانیی خەڵک لە شتێک بچوێنێ و ڕێ بەدێیی پێ بکات بۆ ئەمە لە هەوری خەسم و ڕقی خوای گەورە سەختتر و تیژتر و توندتر و بەئاوتر نادۆزینەوە.

لەپاش ئەم سەرەتایە قەسیدەکە دابەش ئەبێ بەسەر نیگارکێشانی چەن پەردەیەکا لە دیمەنە جۆرجۆرەکانی شەڕی سەفەربەر، لە گشت ئەمانە، ئەوەی لە پێشترا سەرنجی خوێندەوار ڕائەکێشێ لێدوانێکی شارەزایانەیە لە باڵندەی بەڵازادە، فڕۆکە، کە ئەو هێشتا نەیبیستبوو لە گەشت و گەڕان و کاروباری شارستانیدا داهاتوویەکی چەند بەنرخ و بەکەڵکە، هەر ئەوەندەی لێ بەرگوێ کەوتبوو، کە بەداهاتنی، دەرگای مەیدانێکی تری شەڕی لە گوێی ئادەمیزاد خرایە سەرپشت:

هەر شەش جیهەتی گرتووە ئاشووب و موصیبەت
مێشوولە مەجالی نییە بفڕێ بەهەواوە
طەییارە بەئەسبابی شەڕ و فیتنەوە دائیم
جەولانی ئەڵێی هەورە بەسەر مەرکەبی باوە
باڵۆنی هەڵۆ شێوە لەگەڵ دێتە تەحەڕوک
عالەم لە نەظریا بەمەسەل پۆڕی خوراوە





ئەم جووتە بەڵازادەیی باڵندەیە ئەمڕۆ
سەییارەو و سەییالەیی بەرقن بەهەواوە
بەرق و غەزەبی دا ئەو نارنجەک و بۆمبا
ئاگر ئەپرژێنێ بەزەمیندا لە سەماوە

بۆ پەردەی دووەم ئەو بەندە نیشان ئەدەم، کە بەزمانێکی تێکەڵ بە تەوس و گەپ باسی چەرخەچییەکانی پۆلیس و ژاندرمە ئەکات، کە بەدێهات و شارەکانا ئەسووڕانەوە و، لە کەری تۆپیو ئەگەڕان ناڵی بکێشنەوە، ئەو گەڕ و گێچەڵەی ئەمانە بەرەشوڕووتی گەلیان ئەکرد ڕواڵەتە ڕەسمییەکەی سوغرە بوو، گرتنەوەی سەربازی ڕاکردوو بوو، دانەوێڵە داگیرکردن بوو بۆ ئۆردو بەناوی کڕینەوە؛ بەڵام ئەوەی بەمیری و بەئۆردو بگەیشتایە لە هەڵپەی ئەم چەرخەچییانە تەنیا گوێچکە بوو لە «گامێش» هەرچی لەم تاقە گوێچکە ئەمایەوە لە گامێشی زەبەللاح ئەچووە شۆلەکەی ورگی خۆیان و ژوور دەستەکانیان:

ژاندرمە ئەسووڕێتەوە وەک واشەیی برسی
بۆ لاشەیی میللەت بەفڕوفێڵی غەزاوە
فەوتاوە لەبەر سوغرە کەر و ئێستر و یابوو
حوشتر سەقەت و شەل بووە، گا پشتی شکاوە
کەر شەوقی زەڕینی نییە حەتا لە بەهارا
ترسی هەیە نەک بیخەنە ژێرباری قەزاوە!

دوا پارچەیەک کە لە قەسیدەی سەفەربەر ئەمەوێ بیخەمە بەرچاو ئەم شیعرانەیە، کە خەمخواردنی دڵسۆزانەی مەلا حەمدوون پیشان ئەدەن بۆ بنچینەی دەزگای موسڵمانی، کە لافاوە نەگبەتەکەی شەڕ هەرەسی پێ هێناوە و، ترسی خاپوور بوونی هێناوەتە بەر:

بنچینەیی دەرکەوتووە ئاثاری شەریعەت
یەکسەر هەرەسی بردووە ئانێکی نەماوە
ئەم دینە لە پێشا وەکو زەمزەم بوو بەڕوونی
هیچ غەشی نەبوو، ئێستە ئەڵێی لیڵی قوڕاوە
یاڕەبی لەبەر خاطری پێغەمبەرەکەی خۆت
ڕەحمێ بکە بەم کۆمەڵی ئیسلامە کە ماوە!

چاویلکەیەک کە دڵی مەلا حەمدوون پێی ئەبینی هەستی موسڵمانی نیو سەدە لەمەوبەری ئەم ناوچەیە بوو، کە لە تاریکستانی نەزانینا بۆ نووستن ئەژیا، هێشتا

زووبوو ئەو کە لە شاری نووستوانا توانی بێداری وە بەسەر لێقەومانی بەشێکی زۆری ئادەمیزادا، کە گەلی ئیسلامە، وا بەجۆش و کول بلاوێنێتەوە، لە خەمخواریی بنچینەی ئاثاری شەریعەتا هەست بەتەقەلایەکی رەسەن و پەسەند ئەکەم، کە لەلایەن مەلا حەمدوونەوە بۆ دەربەست بوونی گشت جۆرێکی دەزگا و دوکانی بەکەڵک و جوانی شارستانی درابێ، تێکرا: چ هی ئیسلام بەتایبەتی، چ هی ئینسانەکان بەگشتی...

هەر بەم چاویلکەی موسڵمانییەوە حەمدوون لە فەساڵی دوشمنی داگیرکەرا هەر رەنگی کفر و فەرەنگێتی ئەناسێتەوە، خەمە تاریکەکانی دڵی خۆی لەم فەساڵە ئێسک قورسە ئەچوێنێ و دوا بەیتی قەسیدەکە بەم نزا بەکوڵە تەواو دەکات:

(حەمدی) دڵی یەخسیری فەرەنگی خەمە ئەمرۆ
بەربوونی بە بەربوونی گەرووی بەسرە و و فاوە!

لەشکری ئەو دوشمنی فەرەنگە، کە حەمدوون رەنگی کفری لە فەساڵیا ئەدی، وە ئێمە گەوهەرە ناپاک و شوومەکەی ئەبینین کە ئیمپریالیزمە بەگەرووی فاو و بەسرەوە نەوەستا، چەمۆڵەی لە سەرانسەری عێراق دادا؛ بەڵام هەرچەند ئەو بەعەزرەتەوە سەری نایەوە، نزاکەی هەرگیرا ئەبێ، چونکە لە سەرچاوەی خواست و ئارەزووی گەل و نەتەوەکەی هەڵقوڵیوە، ئەوەتا هاودین و هاونیشتمانەکانی تەنانەت بەدان و نینۆک ئەجەنگن بۆ ئازاد بوون لەشەڕ و ئیمپریالیزم، تەنانەت خوێن ئەڕێژین بۆ رزگارکردنی نیشتمان و پاراستنی ئاشتی!

ژین – ژمارەی ١١٨٦و١١٨٧و١١٨٨
١١-١٨-٢٥ / ٢ / ١٩٥٣

## کۆنەپەرستی سەدەها ساڵە لە یەک تەل ئەدات

وەکو گەیانراوە بەم کۆمەڵە پیرۆزە تۆ ئەی گالیلۆ* باوەڕت بەبیرێکی هەڵەیە، کە ئەڵێت: رۆژ ناوچەی عالەمە، زەوی بەمەلاولایدا ئەسووڕێتەوە، وە لەسەر ئەمری گەورەمان پۆلصی پێنجەم و ئەندامانی مەحکەمەی بەرزی ئایین، باوەڕەکانی خاوەنی هۆش و بیری راست ئەبێن، کە باوەڕکردن بەڕاوەستانی رۆژ و گەرانی زەوی ناچێتە عەقڵەوە، ئێمە ئەڵێین و بریارمان دەرئەکەین، کە بۆ ئەوەی گالیلۆ لە رووی ئەم کۆمەڵە پیرۆزەوە کەوتۆتە جێ شکەوە و ئەم باوەڕت هەڵەیە و پێچەوانەی ئایینە، ئێمە ئەمر

* گالیلۆ: زانایەکی ئیتاڵیا بوو، لە ساڵانی (١٥٦٤ تا ١٦٤٢) ژیاوە، سەرەتای بزووتنەوەی زانستی لەمەوە دەستی پێ کرد.





ئەکەین کتێبی «دەمەتەقێی گالیلۆ» مەنع بکرێت و بریار ئەدەین تۆش بخرێیتە بەندیخانەوە.

## لە دومیزبالوت کرێکار چۆن ئەژی؟

دومیزبالوت کۆمپانیایەکی فرانسزییە، دروستکردنی بەستی دوکانی قۆنتەرات کردووە، چاوەنواڕی وا ئەکرا کە لە فەرمانی ئەم پرۆژەیەی بەستی دوکاندا ژمارەیەکی باش کرێکار و خوێندەواری بێ کارمان دامەزرێن و، ژیانی ئابووریی نیشتمانەکەمان لەم رێگایەوە کەم تا زۆرێک هەناسەی بێتەوە بەر و نەختێک ببووژێتەوە.

کاک (ع.ب) کە برایەکی کرێکارمانە و خوێندەوار و شان و قۆڵ بەهێز؛ بەڵام لەم وڵاتەدا بێ ئیشوکارە، لە نامەیەکا کە بۆ (ژینی) ناردووە بۆمان روون ئەکاتەوە، کە چاوەنواڕیمان چەن بێ جێ بووە، حوشتر هەزار و یەک کوری بێگانەی بخەنە بەر مەمکان، ئەمجا زیاتر دەردی گران و باری سەرپشتی قورستر ئەبێ، کاک (ع.ب) لە پاش ئەوەی بەدڵێکی بریندارەوە ئەیگێڕێتەوە، کە چۆن بەکوتەکی ئاغا و کوێخا فەللاحی ناوچە بەزۆرەملێ کۆکراونەتەوە بۆ ئیشی ئەم کۆمپانیایە بەرۆژانەیەک کە لە ١٥٠-٢٥٠ فلس تێ ناپەڕێ، ئەڵێ ئاغا و کوێخاکان خۆیان و بەردەستەکانیان بەمانگانەی چەور دەمکوت بوونە، لەو جووڵانەوانە هاندراون، کە نەختێک چیبە سوود ئەگەیەنن بەژیانی کرێکاری ئەو ناوچەیە. کاک «ع.ب» ئەڵێ لە زیربندول شوێنی بنکەی کۆمپانی و چەند خانوویەکی مەجلیسی ئەعمار دروست کراوە بۆ دانیشتنی مەئموورەکانی کۆمپانی، هەموو جۆرە هۆیەکی حەسانەوەیان تیا ئامادەکراوە، لە کارەبا و ئاوی پاک و پانکە و تفاقی ناوماڵ، ئەمە بۆ کاربەدەستەکانی کۆمپانیا؛ بەڵام بۆ کرێکارە هەژارەکان با گوێ لە کاک (ع.ب) بگرین، «هەندێ چادری شڕ بۆ چەند خاوەن میزیشتیەک، زۆربەی کرێکار لەبەر هەتاوی سوور ئارەقی فرمانی زۆر ئەکاتەوە، یەک ئوتومبێل رۆژێ سێ کاروان قوڕاو لە رووباری (زێ)وە دێنێ بۆ (٢٠٠) کرێکار، ئاو ئەڵێی چڵکاوی کۆڵانانە و، لە تەنەکەی بەنزینا لەبەر هەتاو ئەبێ بەژەک، کرێکار تا ناچار نەبێ دەمی بۆ نابا، وە هەرگیز تینوێتیشی بەم ژەکاوە ناشکێ».

کاک (ع.ب) باسی لەشساغی کرێکار ئەکا، ئەڵێ «هەر ئەمەندە کرێکار بڵێ نەخۆشم، کاربەدەستان چاویان ئەپەرێتە تەوقی سەریان تا کاغەز لە موهەندیسەوە نەچێ دکتۆر تەماشای نەخۆش ناکات و دەرمانی ناداتێ، شەش کرێکاری لاوی هەورامی، کە بەفرمانکەر ناویان دەرکردووە لەبەرئەوەی نەخۆش کەوتبوون بەبێ گوێدانە پاسی دکتۆر یەکی سەر و رۆژیان لە رۆژانەکەیان بریبوو، ئەوانیش لە بێزاریدا لە فرمان

کشانەوە و ڕۆیشتن. لە بارەی خۆراکی کرێکارەوە، کاک (ع.ب) ئەڵێ «چێشتخانە و دوکان لەناو کرێکارانا هەیە؛ بەڵام نرخ ئێجگار گرانە، نانێکی تەنک بە (١٠) فلسە، سووکە قاپێک چێشت بە (٦٠) فلسە، کەوچکێک ماستاو بە (١٠) فلسە، کیلۆی تەماتەی ترشوتاڵ بە (٤٠) فلسە، لەبەرئەوە کرێکارێک هەر چەندێک لەسەر فرمانی بمێنێ ناتوانێ سێ ژەمە لە نان و چا و، نان و ئاو زیاتر بخوات».

وەک (ع.ب) ئەڵێ: کۆمپانی تەنانەت بۆ هاتووچۆی سەر فرمانیش ئۆتۆمۆبێل نادات وە کرێکارەکان، جگە لە (٨,٣٠) سەعات کاری گران ناچار بەشێکی تریش وەخت لە هاتووچۆدا سەرف ئەکەن، بەماندوویی و مردوویی بۆ ئەم غەدرانە کرێکاران چەند جارێک شکاتیان کردووە، تەنانەت لە ١٩٥٤/٧/٨دا لە چەقی ڕێگادا بەرۆکیان بەموتەسەریفی لیوا گرتووە؛ بەڵام لە ئەنجامی کاردا لەباتی ئەوەی سوودیان چنگ کەوێ، قورسایی و ئەرکێکی زۆریان خراوەتە سەر، بەشێکیان دەرکراون، ئەوانی تریش بەسەر ئیشی گرانترا پەرشوبڵاو کراونەتەوە، وە مودیری کۆمپانی و موهەندیسە فرانسزەکان لەگەڵ موراقیبە لوبنانییەکان بەدەنگی بەرز نەڕاندوویانە بەسەر کرێکارەکانا وتوویانە، ئێمە بێگانەین لە کاروباری خۆمانا سەربەستین. وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی کاربەدەستێکی لە کۆمپانی داناوە گوایە بۆ پاراستنی حەقەکانی کرێکاران! بەڵام (ع.ب) واتەنی پێویستی بەرودوای ئەوەیە، کە کرێکارێک پەنای پێ برد بڵێت: «بابا، هاذا مو شوغلی!».

(ژین – ژمارەی ١١٧١)

## ڕووناکییەک لە ئاسۆی کورد

*بەبۆنەی بڕیارەکانی کۆنگرێسی شەشەمی*

*قوتابیانی جیهانەوە بۆ مافی نەتەوایەتی کورد.*

لەهەر پێنج کیشوەری دنیای فراوانەوە نوێنەری قوتابیان لە شارە مێژووییەکەی ئاشتی (دار السلام) یەکیان گرت و شەشەم کۆنگرێسی سەرکەوتووی خۆیانیان لەدوا دوایی هەفتەی ڕابردوودا تەواو کرد.

مافی ڕۆشنبیری و نەتەوایەتی کوردی دابەشکراو لەناو بڕیارە پرشنگدارەکانیان شوێنی ئاشکرا و بەرچاوی هەبوو، نوێنەری قوتابیانی دەوڵەتی ئەمپەڕ و ئەوپەڕی دنیا لە کۆریاوە تا کوبا لە ناوەڕاستی جەنگەڵە شەخەڵەکانی ئەفەریقاوە هەتا مێرگ و گوێ چەمەکانی ناوجەرگەی ئەمەریکای لاتینی لە یەکگرتنە مێژووییەکەی ئاشتی ئاوادا دانیان نا بە (هەبوونی) نەتەوەی کورددا و موچیاری ئەو حکومەتانەیان کرد، کە





دەستیان بەسەر کورد و ئەو مافانەی کە هەرە گیراوی ئەمڕۆیان بەش بەباری هەموو شوێنێکی کوردستان، لە مافی ڕۆشنبیرییەوە دەست پێ ئەکا، ئەم بڕیارە نرخێکی لەوەدایە، کە عێراق یەکێکە لە برا هاوبەشەکانی دەسەڵاتە هەمانداریەکەی گەلی کورد، ئەندازەبەدەری لەوەدایە کە لەلایەن کۆنگرێسی گشتیی قوتابیانی جیهانەوە دەرچووە، قوتابیانی جیهان هەر لە ئەمڕۆی تەمەن و سەردەمیان بەشێکی گەورەن لەو کۆگا بڕێنەرەوە سەنگینە، کە (ڕای گشتی) پێ ئەڵێن: بەلەشکرگای تاریکی و شەڕ و دیلکاریی تێکۆشەری هەرە هەراش و تازە گوڕ و پەلامار گەرمن، ئیمپریالیزمی جیهانی و کۆنەپەرستانی ناوخۆ و داگیرکەرانی ستەمکار لە ڕیزی هێزە مێملەکانی خۆیان ئەیانژمێرن لەگەڵ پەنجە درێژەکانیان دڵیشیان دەست ئەکا بەلەرزین بەتایبەتی چونکە ئەمانەی، کە ئەمڕۆ قوتابیانی دنیان سبەینێ سەرپاکی دنیا هی خۆیانە، ئەگەر ئەمڕۆ لەپاش لێبووردوویی تێکۆشان تەنیا بڕیاردانی ویستن و داواکردن بتوانن، سبەینێ بڕیاری کردن بەدەستیانەوە ئاسان ئەبێ، ئەوەی ئەمڕۆ وەک قوتابی، گشت قوتابی ڕووی دنیا دانی بەمافی نەتەوایەتی گەلی کورد داناوە، سبەینێ وەک سەرجەمی هێزی مرۆڤایەتی باوەشی برایەتی ئەکا بەبرای کەوتوویا و، ئەو خاک و خۆڵە لە لەشی ئەتەکێنن، کە زۆردارانی کوردی بەدرێژایی سەدە و ساڵانی زۆر لە ناویا گەوزاندوویانە، لەبەرئەوەیە خۆم بەمافدار ئەزانم، کە زۆر دڵنیام لەو ڕووناکییەی لە ئاسۆی نزیکی کوردا بەدی ئەکەم، زۆر دڵنیام لەوەی کە تێکۆشەرانی کورد هەتا هەنگاوێک زیاتر لە مەیدانی هاوکاریی گەلانا بڕۆن، هەتا پتەوتر هێزی خۆیان لەگەڵ:

یەکەم: هێزە نیشتمانییەکانی ناوخۆی وڵاتا و.

دووەم: لەگەڵ هەموو هێزە ئازاد و ئازادیخوازەکانی دنیادا یەک خەن، بەکورتی هەتا کەلێنێکی پەرەدارتر لەو قاوغی گۆشەگیرییە بشکێنن، کە دەستی زۆری ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستانی داگیرکەر و ناوخۆ بەدرێژایی سەردەمان لە ناویا زیندەبەچاڵی کردبوون، بەڵێ خۆم بەمافدار ئەزانم، کە زۆر دڵنیابم ئەودەمە گەیشتنمان بەو ئاسۆیە ڕووناکە ئەوەندە ئاسانتر ئەبێ و ئەوەندە زووتر دێتە دێ، هەروەها خۆم بەمافدار ئەزانم، کە چاوەڕوان بم کوردی هەرە کەلاو هەرە دوورەپەرێز لە هاوکاری لەگەلێ گەلان لە بڕیاری قوتابیانی جیهان بەرامبەر بەمافی کوردایەتیمان دەرسی ئیجابی وەربگرێ، وە باوەڕ بکات کە ڕێگەی ڕاستیی ڕزگاریی نەتەوەییمان لە دەست درێژکردنی دڵسۆزانە دایە بۆ هاوکاریی و برایەتی لەگەڵ هەموو گەلان و هێزەکانی ئاشتی و ئازادی، کە هەمیشە بۆ پێشەوە هەنگاو ئەنێن.

(ئازادی – ژمارەی ٥٢ ساڵی ٢ ٢٨/ ١٠/ ١٩٦٠)

## دەنگێکی دڵسۆز

بەبۆنەی درکاندنێکی زانا و ڕۆشنبیریی بەناوبانگی کورد دکتۆر کامەران بەدرخانەوە بۆ ڕۆژنامەی «نۆیەزایت»ی ئەڵمانی لە بارەی مەسەلەی کوردەوە.

«مامۆستا کامەران بەدرخان، زانا و نیشتمانپەروەری کورد، کە ئێستا پرۆفیسورە لە ئەنیستیتوی زمانەکانی ڕۆژهەڵات لە پاریس چەند ساڵێک لەمەوبەر لەگەڵ پەیامنێری یەکێک لە ڕۆژنامە ئەڵمانییەکان بینینێکی بڵاوکرایەوە، درکاندنەکانی ئەم بینینە لە بارەی مەسەلەی کوردەوە بوو، دکتۆر کامەران لە بنەماڵەی خێزانی بەدرخان پاشای بەناوبانگە، کە ئەم خێزانە لە سەردەمی دوو سەدەی ئەم دواییەدا لە مێژووی جووڵانەوەی نیشتمانیی کوردا لاپەڕەی زۆر گەش و سپی هەیە.

بوێژی بەناوبانگ حاجی قادری کۆیی بەشێکی زۆر لە چاوگەی داگیرسانی بڵێسە بەرزەکەی ئاگری نیشتمان پەروەری خۆی لە کوورەی ئەم بنەماڵە وەرگرتوون وە لە سێبەری داڵدەی ئەوانا بەگیانە بلیمەتەکەی ئەحمەدی خانی ئاشنا بووە، دکتۆر کامەران لە کۆشی خێزانێکی وادا لەگەڵ لە دایکبوونیا شیری خۆشەویستیی کورد و کوردستانی نراوەتە دەم، وە لەو دەمەوە تا لە تەمەنا بەرەو پێشتر چووە و ئاسۆی بیر و زانستیی تا فراوانتر بووە و تاقیکردنەوەی تاڵی و شیرینیی ژیانی لە کاروباری سەر بە دکتۆر کامەران لە سەرنجی منا بایەخ و پارسەنگێکی تایبەتی پەیدا ئەکات، لەبەرئەوە ئەوەندەی بۆ خوێندنەوەی قسەکانی هەستم بەتێنوێتی کرد، بەخوێندنەوەش فێنکییەتی تەواو گەیشت بەدڵم.

لە وەڵامی پرسیاری پەیامنێری (نۆیەزایت)دا دکتۆر کامەران «مافی بڕیاری سەرەنجام بۆ خۆدانان لەلایەن کورد خۆیەوە» بەتاقە ڕێگای ئاسایی دائەنێ. دوایی ئەڵێ: «بەڵام بۆ ئێستا باوەڕم وایە لە پێناوی چارەکردنی مەسەلەی کوردا پێویستە، کۆڵینەوەی ڕێگا دۆزینەوە لەهەر یەکێک لەو دەوڵەتانەدا، کە خەباتی گەلی کوردە لەگەڵ هێزە نیشتمانییەکانی ناو ئەو سنوورە دەوڵەتییە، کە تیایا ئەژین، ئەوەش بەڵگەیە کە لە ڕێچکەی قسەدا دەست ئەخاتە سەر نوختەیەکی لاوازی و داوا ئەکات، کە خۆمان زاڵ کەین بەسەر سەرنجی تەسکی نەتەوایەتیدا، وە ئەڵێ: «تا زۆرتر لەسەر یەکتری کەڵەکە بووە، هەستی نیشتمانپەروەریی لە دڵیا پتر ڕەگی داکوتاوە».

«پێویستە پێ لەوە بنێین، کە بەختیاریی گەلی کورد بەستراوە بە بەختیاریی گەلە دراوسێکانەوە».





دکتۆر کامەران گەوهەری مەسەلەی کورد بۆ ئەمڕۆ لە وەڵامی پرسیارێکی تری پەیامنێردا بەم جۆرە شی ئەکاتەوە، «مەسەلەی کورد لە پلەی یەکەم، مەسەلەی پاراستنی فۆلکلۆر و زمان و ڕۆشنبیریی کوردییە، پێویستی بەتەقەلادانە بۆ چاترکردنی ژیانی کورد لە بارەی ڕۆشنبیری و ئابووری و سیاسەتەوە». لە جێگایەکی تریشا ئەڵێ: «چارە بکرێ بەوە، کە لە پێ لێنانی قانوونی و کردەوەیی سەربەخۆیی ڕۆشنبیری و مافەکانی نەتەوایەتی بۆ کورد بەرەڵڵا بکرێ».

دکتۆر کامەران لە باسی جیاوازیی چۆنیەتی ژیانی نەتەوەی کوردا لە ناو دەوڵەتانی جیاجیادا کۆنە برینەکەی کوردستانی تورکیا وەک بووە و هەیە ئەکۆڵێنێتەوە واضح بووە، کە درۆ و دەلەسەی پڕوپاگەندە توانیویەتی ڕاستی لە سرنجە وردەکانی دکتۆر بشارێتەوە، لاپەڕە زەردەکانی ڕۆژنامەیەکی کوردی و چەند بەرنامەیەکی فیشاڵی ئیستگەکانی ڕادیۆی داناوە بەنیشانە بۆ باش بوونی سیاسەتی ڕژێمە کۆنەپەرستەکانی ئێران لە بارەی مەسەلەی کوردەوە. پەیمانی سوێنخواری ناوەندی، کە ڕژێمی کۆنەپەرستی شایی ئەندامی گەردنکەچییەتی پۆڵا و کۆنکرێتی بنکە سەربازیە شەڕانییەکانی لە خاکی کوردستاندا لەسەر سنگی نەتەوەی کورد بنیات نراوە. پیلانەکانی ئەو پەیمانە شوومەی کە دوژمنە بەئاشتی و ئاسایش، هەموو مرۆڤایەتی ژمارەیەکی نەک کەم زۆریانی وەکو بەرداش لەسەر تەوقەسەری کورد ئەسووڕێنەوە، ئەو چواردەی تەمموزی عێراقە نەبوایە، کە دکتۆر کامەران بەشانازی لێیی ئەدوێ دڵسۆزانە پەیامی دوورا و دوور بۆ مەشخەڵ هەڵگرەکەی ئەنێرێ ئاخۆ ڕژێمی فەرمانداری کۆنەپەرستیی ئێران ڕەوای ئەبینێ بۆ هەڵخەڵەتاندنیش بێ ناوی کورد بە دەما ببات؟ ئێمە دڵنیاین دڵخوازەکانی نەتەوەی کورد لە (عێراق) هەنگاو بەهەنگاو هەموو دێنە دی! لە بارەی کوردستانی عێراقەوە نوقڵانەی وا شیرین لە دەمی دکتۆر کامەران دەرچێ ڕەوایە، چونکە بەڵگەی چنگکەوتەکانی نەتەوەی کورد لە ماوەی دوو ساڵی تەمەنی کۆمارە نەمرەکەمانەوە ئەوا پیاو لە شوێنی خۆیەوە ئاسۆی ڕووناکی دوور بێنێتە بەرچاو دکتۆر، ئەم نوقڵانەیە لە شوێنێکی تری قسەکانیا وا جووت باقی ئەکات «کوردەکانی کۆماری عێراق بەهۆی ئەو سەربەستییەوە،، کە چنگیان کەوتووە لە مەیدانەکانی ڕۆشنبیری و زانست فرمانی گەورە ئەهێننە دی» هێنانەدی ئاواتە شیرینەکانی دکتۆر کامەران بەستراون بەپاراستنی ئەو سەربەستییەوە کە کورد لە عێراق چنگی کەوتووە، ئەو سەربەستییە، کەرتێکە لە گشت سەربەستییەکانی گەلی عێراق بە کورد و عەرەب و کەمایەتییە نەتەوەیەکان، وە لە تێکڕای ئەو سەربەستییانەی جوێ ناکرێتەوە

پاراستنیشی هەروەها بەستراوە بەپاراستنی تێکڕای هێزە نیشتمانییەکانی ئەوێ، بەهێزی هەموو نەتەوەکانی عێراقەوە بەهەموو چین و بەرەو پارتە نیشتمانییەکانیەوە، دوژمنی هەرەگەورەی سەربەستییەکانی گەلی عێراقیش هەر ئەو جانەوەرەیە، کە دوژمنە بەسەربەستیی هەموو گەلانی دنیا. گەلانی دنیا بەرامبەر بەم جانەوەرە دڕندەیە لە ڕەزەمگای مردن و ژیانا وەستاون لە لەشکرگایەکا. ئالاّ هەڵگر و پێشڕەوی ئەم لەشکرگایە گەلە یەکگرتووەکانی دەوڵەتی یەکێتی سۆڤیەتییە، لە پێناوی ئاشتی و کۆمونیزمدا تێکۆشانە کۆڵنەدەرەکەی هێزە گەورە و نەبەزەکەی پێشکەوتووی پێشکەوتنخوازییە بێ برانەوە نایابەکەی لە هەموو مەیدانێکی ژیانی مرۆڤایەتیدا هەڵوێستەکانی یەک لەسەریەکی لە پشتگرتنی نەتەوە زۆرلێکراوەکانا بەڵگەن بۆ پێ ڕەوایی ئەو ئالاّ هەڵگری و پێشڕەوییە، لە بەندی هەرە دوایی درکاندنەکەیا دکتۆر کامەران بەزمانێکی سوپاسگوزارانەی وا بەسۆز لە دەستە سپییەکەی ئەم دەوڵەتە مەزنە ئەدوێ بەرامبەر بەنەتەوەی کورد، کە پیاو فێنکیەکی تەواو بەدڵی ئەگا.

پەیامنێری ڕۆژنامەی باسکراو ئەپرسێ «لە چ شوێنێک بۆ بلاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی کورد تەقەلا زۆرتر ئەدرێ؟» دکتۆر کامەران لە وەلاما ئەڵێ «وەلامی ئەم پرسیارە زۆر سادەیە، لەبەرئەوەی کە باری کوردەکانی یەکیەتی سۆڤیەتی بەپێی دڵخوازیی هەرە باشە، بەڕاستی گرانە بتوانین لە وزەی دەربڕینی سوپاسیان بێن بۆ یەکیەتی سۆڤیەتی بەرامبەر بەو گشت بەرهەمە ڕۆشنبیرییەی، کە لەوێ بۆ گەلی کورد هاتۆتە دی!»

«لە ولاتی یەکیەتی سۆڤیەتیدا، کە تەنیا «٢٠٠» هەزار کوردی تیا ئەژی لە ماوەی بیست سالا (٢٠٠٠) دوو هەزار کتێبی کوردی دەرچووە، بەتایبەتی باسی ئەو فەرهەنگانە ئەکەم، کە بە کوردی – ڕووسی و، بە ڕووسی – کوردی، دەرچوون، یەکەمیان: لە هەزار و، دووەمیان: لە (٣٥) هەزار وشە پێک هاتوون، لەو دانراوە زانستیانەی لە یەکیەتی سۆڤیەتیدا بلاوکراونەتەوە (٧٠٠) کتێبیان لە نەوەی کورد و وێژە و مێژووی کورد ئەدوێن.»





*ئەوەی هەست پێ ئەکرێت ئەوەیە کە گۆران یا (دڵسۆز) لە ڕۆژنامەی ئازادی دا لە لاپەڕەی (ئەدەب و هونەر)دا لە ژمارەی ٤٨ ساڵی ٢ تشرینی یەکەمی ١٩٦٠-ەوە دەردەکەوێت ئەویش بەم وتارە بەناوی (لەم لاپەڕەیەدا چی ئەنووسین).*

## لەم لاپەڕەیەدا چی ئەنووسین

ئەگەر هەبێ بڕوای وابێ ئەم لاپەڕەیە تەرخان کراوە بۆ وێژەی بەرەچییەتی، یان بۆ وێژەی سیاسی بەزمانی کوردی، بەهەڵە چووە. ئەم لاپەڕەیە بەو نیازە کراوەتەوە، کە هاوبەشی بکات لەگەڵ ئەو گشت تەقەلایەی لە پێناوی گەشەپێدانی زمان و وێژەیی گەلی کوردا دڵسۆزان لە هەموو لایەکەوە ئارەقی پێوە ئەڕێژن. ئەوەندە هەیە وێژەی نەتەوەیەک لە چ ئەندازەیەک ئاوێنەی ژیانی کۆمەلایەتی ئەو نەتەوەیەیە، ئێمەش ئەمانەوێ بەو ئەندازەیە بایەخ بەو وێژەیە بدەین، کە ژیانی ئەمڕۆی گەلی کورد لە ڕووی ڕاستییەوە دەرئەخا، لە ژیانی گەلی کورد ئەوەی لە هەموو نیشانەیەک ڕوونتر ئەبێ ڕەنگ بداتەوە ناو ئاوێنەی وێژە، پێویستە نیشانەی هۆشیار بوونەوەی سیاسی گشتی کورد بێ، کورد ئەمڕۆ نەک هەر لە عێراقی ئازادا، تەنانەت لەژێر چەپۆکی داگیرکەری هەرە دڵڕەق و هەرە نۆکەریشا بۆ ئیمپریالیزم، لە سێبەری تاریکیی ڕژێمی هەرە خەستی کۆنەپەرستیشا کەوتووەتە چاوکردنەوە، وە لە فەسالی دەرەبەگ و ڕژێمی کۆنەپەرستی و ئاغای هەردووکیان ئیمپریالیزمدا، دوژمنی خوێنمژی خۆی بەدی کردووە، ئەم وێژەیەی لە چاوی خوێنەرەوە ڕەنگینی بەم واقیعەدا. وە لە وێنەی بەرهەمێکا دەری بڕی، کە هێز و خواستی گەل تیژتر کات بۆ تێکۆشان، ئاشکرایە لاپەڕەی وێژەی (ئازادی) بەر لە هەموو بابەتێکی تر سنگی شانازی بۆ وەرگرتنی والاّ دەکات و بەلام ئەمە واناگەیەنێت، کە هەر ئەوەندە ناوەڕۆکی نووسراو بابەتی شۆڕش بێت، ئیتر گورج گرەو ئەباتەوە، ڕاستی و گەرمی و تیژی و شۆڕشکاری ناوەڕۆک تەنیا کاتێک بەرهەم ئەگەیەنێتە پلەی هونەر کە لە نووسینا تەکنیکی دروست لەگەڵ بەهایەکی ئیستەتیکی ( القیمة الجمالیة )ی پەسەندی چێژ بەکار هاتبێ، مەبەست لە تەکنیک تێکڕایی ئەو شتانەیە، کە نووسەر لە فەرهەنگ و گرامیر و زانیاریی ئینشا و زانستەکانی سەر بەوێژە و بیری جوان فێری بەکارهێنانیان ئەبێ، لە وتەی هونەریدا مەبەست لە بەهای ئیستەتیکی بەکورتی ئەو جوانی و ڕەنگ و ڕووەیە، کە وێژەوان قسەی پێ جوان ئەکا، وە ڕاستییە ڕەوتەکەی واقیعی پێ ئەڕازێنێتەوە، لە ئازادیدا ئایدیالی لاپەڕەی وێژە ئەو نووسینەیە،

کە لەم سێ شتە هەرسێکیانا (ناوەڕۆک، تەکنیک - کە وێنەیە -، شکڵ) دروست ئەکات، بەهای ئیستەتیکی گەیشتبێتە ڕادەیەکی دڵگر و پەسەند.

هەر لەبەرئەوەشە کە ئەم لاپەڕەیە خۆی بە بەختیار ئەزانێ چەند زیاتر بتوانێ نووسەرە خۆشەویستەکانی هان بدات بۆ تەقەلای بەرەو ژوورتر چوونی سەرومڕ لە مەیدانی پێکهێنانی ئەم سێ مەرجەدا بۆ گەیشتن بەنووسینێکی وێژەیی نموونەیی، لە هەمان کاتا دووبارە ئەخەینەوە بیر، کە ئێمە بەچاوێکی تەسک ناوەڕۆک هەڵناسەنگێنین، نیاز لە ناوەڕۆکی پەسەند نەتەنیا دروشمی سیاسەتی ڕۆژانەی وڵاتە، تەنیا ئامانجە ڕاستەوخۆیەکانی بەرە، یان چین، یان گەلە، نە تەنیا ئەو نرخە کۆمەڵیانەیە، کە زۆر زەقن لەبەرچاو وە بەئاسانی ئەدۆزرێنەوە، وە لەلایەن ڕای گشتیی کاتەوە خۆی پێ ڕەوا ببینین لە مانەوە دەست پێ ئەکا هەتا ئەگاتە نیاز و خواست و هەست و بیری زۆر ساکار، زۆر دوورە بەرچاومە وە ئەوەندە زۆرە ئەوەندە لقوپۆپی لێ ئەبێتەوە نایەتە ژماردنێکی سەرپێیی، لەم پێناوەدا ژماردنی ناوەڕۆکە ناپەسەندەکان ئاسانتر دێتە بەرچاو، وە تەقەلا ئەدەین لەم چوار قەڵەمە کۆیان بکەینەوە:

١- ناوەڕۆکێک بەرامبەر بەکەڵک بەخشین و سوود گەیاندن بەکۆمەڵ و ژیان سلبی ڕاوەستێ.

٢- ناوەڕۆکێک لایەنگریی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی و دەرەبەگی بکات.

٣- ناوەڕۆکێک دیوی ڕەش و تاریکی ژیان بخاتە بەرچاو.

٤- ناوەڕۆکێک بیەوێ کە گەل لادا لە شەقامی پێشکەوتنی کاروانی مرۆڤایەتی، هەر بەرهەمێکی وێژەیی پەڵە چڵکی ئەم چوار ئاڕاستەیە لە ناوەڕۆکی نەپژابێ، لای ئێمە بەرهەمێکی وێژەیی نیشتمانیی بێ گەردە، بەرهەمێکی وێژەیی پێشکەوتنخوازە، بەرهەمێکی وایە لاپەڕەی وێژەی (ئازادی) بەشانازییەوە بگرێتە باوەش، پێویست ناکات لەوە بدوێین، کە هەڵوێستەمان بەرامبەر بەو بەرهەمە کۆنەپەرستانە چییە، کە پیس و دەغەزی ئەم جۆرە بیرە چڵکنانە لە برینیانا هەیە، بێ گومان لەگەڵ هەموو خاوەن هۆشێکی سیاسیدا، وە لەپێش هەموویانەوە بەرەنگاریان ئەوەستین، وە وەکو کرم لەژێر پێدا ئەیان پلیشێنینەوە، کە وابێ ئەو نووسەرە نیشتمانپەروەرە سەربەخۆیانەی گومان و دوودڵی بیری خۆیان لە (ئازادی) دوورەپەرێزی خستوونە، بەهەڵەچوون، لەم ڕووەوە ئەتوانن بەچاوی چاپەمەنیی گشتیی گەلی کورد تەماشای لاپەڕەی وێژەی (ئازادی) بکەن، وە بۆ بڵاوکردنەوەی بەری پێنووسیان کۆنەکەنەوە لە کەڵک لێ وەرگرتنی، ئەمە لە بارەی





بەرهەمی ئێستای نووسەرانی هاوسەردەمەوە، بەرامبەر بەبەرهەمی وێژەی کۆن (ئازادی) بەچاوێکی گەلێ فراوانتر سەرنج ئەدا و، بەپێوانەیەکی گەلێ کلاسیکی تر شت ئەپێوێ، ئەو بەرهەمەی لە کۆنەوە بۆ نەتەوەی کورد ماوەتەوە وە بووەتە مایەیەکی جێگای لە سامانی بیری نەتەوەدا، ئێمە کۆنی و تازەییەکەی کۆنەپەرستی و پێشکەوتووییەکەی لە هەڵوێستەی سەردەمی خۆیەوە تەماشا ئەکەین، نەک لە هی سەردەمی خۆمانەوە لە هەڵوێستی پێویستی نەتەوەی کوردەوە بەو بەرهەمە لە ڕۆژی دەرچوونیا، نەک لە هەڵوێستەی (منا - پێویستی)؛ بەڵکو هەندێ جار لێ بێزراوی ئێستامانەوە.

لە هەڵوێستەی ئێستامانەوە سامانی مێژوویی وێژەییمان تەنیا بەچاوی مێژوونووسانە تەماشا ئەکەین، کە بزانین پشتاوپشتی نەتەوەی کورد بەپێوانەی ناوچەیی و پێوانەی سەرجەمی کوردستان، چەند نرخی بۆ ئەو بەرهەمە داناوە؟ چونکە بیروڕامان وایە نرخی هەرە ڕاست بۆ بەرهەمی هونەر و وێژەیش ئەو نرخەیە، کە پشتاوپشتی گەلێک لە سەردەمێکی درێژا ڕای گرتووە بۆ ئەو بەرهەمە، لەبەرئەوە زۆر بەدڵسۆزی نووسەرە بەڕێزەکانی بیروباوەڕی جیاجیای کورد بانگ ئەکەین بۆ هاوکاری لە گەڵمانا لە ڕێگەی تەقەلادانا بۆ ژیاندنەوەی سامانی وێژەی کوردی بەتایبەتی شیعر و فۆلکلۆر. شتێکی بەم بۆنەیەوە پێویست بێ بخرێتە بەر سەرنج سروشتی ئازادییە وەک ڕۆژنامەیەک لەگەڵ ژمارە و قەبارەی لاپەڕەکانی، کە بۆ بڵاوکردنەوەی ڕەخنە و چیرۆکی کورت لەو بابەتانەن، کە ئەم لاپەڕەیە بتوانێ مەیدانێکی باش بەرهەم بێنێ بۆ دەرخستنی هونەری ئەو بەهرەدارانەی ئەتوانن خزمەتی وێژەی کوردی بکەن، وە لە ڕێگەی پێنووسەوە کەڵکێکی گەورەی نەتەوەکەیان بگرن، بەتایبەتی ڕووی دەم لەو نووسەرە نیشتمانپەروەرانە ئەکەین، کە لەگەڵ ئێمە لە بیروباوەڕی سیاسی و ئابووری جیاوازییان هەیە، ئەوانە ئەتوانن دڵنیابن، کە لەگەڵیان هاوکارێکی ڕاست و دڵسۆز بین بۆ خزمەتی زمان و وێژەی کوردی، پاڵ پێوەنەری ئێمە لەم ڕێگایەدا دوو هێزە، هێزی خواستی تێکۆشان لە پێناوی نەتەوە و نیشتمانا، هێزی خواستی تێکۆشان لە ڕێی خزمەتی مرۆڤایەتیدا، وە ئێمە دڵنیاین لەوە، کە خزمەتی نەتەوە و نیشتمان هەر بەسەر ئەو شەقامەدا بەرەو پێش ئەڕوا کە ڕوو ئەکاتە ئامانجی بەرزی خزمەتی مرۆڤایەتی.

## سریالیزم - ما فوق الواقع

ئادەمیزاد دیلی کۆمەڵ بووە و ئەو شتانەش، کە دەری بڕیوە لەسەروو کۆمەڵەوە نەبووە، ئەو شتانەی دەری بڕیوە لەو چوارچێوەیە نەچۆتە دەرەوە، ئەوانەی سەر بەم قوتابخانەیەن ئەیانەوێ ئەدەب بکەن بەدەربڕینی ئەو هەستە تایبەتییەی، کە شاراوەتەوە، وە کە بەرهەمی تایبەتیی ساتێکی ئیلهامە بێ ئەوەی خۆیان ببەستنەوە بەو یاسا و ڕەوشت و ڕێبازە ئەدەبیانەی کە باو بووە.

بەم جۆرە بەرهەمی ئەم شاعیر و نووسەرانە لە شتێک ئەدوێ، کە هەموو کەسێک هەستی پێ ناکات؛ بەڵام بەلای ئەمانەوە زۆرتر ئەو واقیعە دەرئەبڕێت، کە کۆمەڵانی خەڵکی تیا ئەژین، لەم بابەتەوە هەندێ لەم نووسەر و شاعیرانە توانیویانە بەرهەمی وا ڕەسەن بنووسن، کە باسی هەستێکی پەنگ خواردووی شاراوە ئەکات و توانیویەتی هاوبەشیی خۆی بکات لە پێشکەوتنی ئەدەبی ئەو میللەتانەدا بەتایبەتی لە ئەدەبی فەرەنسی و ئینگلیزیدا هەروەها بەلای ئەم شاعیرانەی بەرەڵڵاکردنی ئەم جۆرە هەستە ئەبێتە هۆی ئەوەی، کە ئەدەب لە تازەکردنەوەیەکی بەردەوامدا بێتن، هەر وشە و ڕستە و دەربڕینێک هەڵمەتێک بێت بۆ دۆزینەوەی ڕاستی، ئەو ڕاستییەی کە بەلای ئەمانەوە زۆر شاراوەترە لەوەی کە بەئاسانی دەری ببڕێت بۆیە نوێخوازی لە ئەدەبی سریالیدا یەکێکە لە مەرجە هەرە گرنگەکان، کە داوای ئەکرێت، ئەم تازەکردنەوەیە بەجۆرێکە کە هەر شاعیر و نووسەرەی توانای تایبەتیی خۆی بەکارهێناوە بۆ ئەوەی لە هەموو بەرهەمێکدا جۆرە هونەرێک بەکاربێنێت، کە لەمەوبەر نووسەر و شاعیرانی تر بۆی نەچوون.

سریالیزم زیاتر بەری نووسەران و شاعیرانی ئەو میللەتە پێشکەوتووانەیە، کە بەتاقیکردنەوەیەکی گەلێ دەوڵەمەندا تێپەڕبوون، وە قوتابخانەی ڕۆمانتیکی و ڕەمزیان بەشێوەیەکی پێگەیشتووانە تا ڕادەی ئەو تێگەیشتنە، کە ڕازی بن بەمیراتی پێشوو، وە هەوڵ بدەن بەوە ئەم هەنگاوە تازەیە وەک تاقیکردنەوەیەکی نوێ لە قۆناغێکی نوێیدا.

## گەشتێک

بەفڕۆکە ڕوومان کردە شاری (ستالینگراد)؛ بەڵام لەبەر خراپی هەوا نەمانتوانی لەو شارەدا دابەزین؛ بەڵکو بەرەو شاری (نۆفۆڕۆش) ڕۆیشتین و لەوێ فڕۆکەکەمان





نیشتەوە، بۆمان دەرکەوت ئەم شارە ژمارەی دانیشتوانی چل و پێنج هەزار کەسە وە یەکێکە لەو شارانەی کە ناخۆشی و وێرانکردنی شەڕی دووەمی دیوە، تا سێ کەڕەت لە بەینی ئەڵەمانە فاشیستەکان و سۆڤیەتییەکاندا دەستاودەست کراوە، لەبەرئەوە لەو شەڕەدا لە سەدا هەشتای خانووەکانی وێران بووبوو؛ بەڵام بۆ نموونە و عیبرەت چەند شوێنێکی کەلاوە و ڕووخاوی شەڕی دووەمی ناو شارەکەیان هێشتۆتەوە، وە لەبەرئەوەی دانیشتوانی ئەم شارە زیانی گەورەتریان لەشەڕدا دیوە تێکۆشانیان بۆ ئاشتی ناوبانگی لە هەموو وڵاتانی سۆڤیات دەرکردووە، بۆیە بەشارەکەیان ئەڵێن شاری (ئاشتی)، هەروەها کۆشکەکانی حکوومەت و جێگا گشتییەکان و سەر دەرگای بەشی زۆری ئەمانە بەکۆتری ئاشتیی (بێکاسۆ) ڕازابوونەوە.

میللەتانی سۆڤیەت لە شەڕی دووەمدا زۆر چەوسانەوە و دەردی سەری و ناخۆشیان چێشت و، زۆر قوربانییان داوە، زۆربەی خێزانەکانیان زیانیان بەرکەوتووە، هەروەها هۆشیاری سیاسی و زانستیان بەرزە، لەبەرئەوە لە شەڕی سێیەم ئەگەن، کە چۆن زیان بەخشێکە، کە ئەگەر ڕووبدات، وە لەناو هەموو کارگە و کۆلخۆز و سۆفخۆز و قوتابخانەکاندا کۆبوونەوە ئەکرێت بۆ پەرەسەندنی ئاشتی و بەهێزکردنی. کوردەکانی سۆڤیەت لە یەک جێگادا بەیەکەوە ناژین و ژمارەیان سەد و بیست و پێنج هەزارە (ئەمە ساڵی ١٩٥٨)، سەد و دە هەزاریان دابەش بوون بەسەر سێ جەمهووریەتا، کە ئەویش جەمهووریاتی ئەرمەنستان و گورجستان و ئازەربایجانی سۆڤیاتین، وە لەبەرئەوەی پچڕپچڕن نیزامێکی یەکێتی خوێندنیان نییە؛ بەڵام لە هەر چ قوتابخانەیەکا زۆربن هەتا پۆلی پێنجەمی سەرەتایی تەنیا بەزوبانی خۆیان ئەخوێنن، لە پاش ئەوە دەس ئەکەن بەفێربوونی زوبانی ڕووسی و زوبانی ئەو جەمهووریەتەی، کە تیا ئەژین. جووڵانەوەی سەقافی لەناو کوردە سۆڤیاتییەکانا بەچاوی کەمیی ژمارەیان سەیری بکەین زۆر گەرمە (ڕیاتازە)، کە هەفتەی دووجار دەرئەچێت، جاری حەڤدە هەزار ژمارە بڵاو ئەکاتەوە، وە چاپکردنی گرامەر و قامووسی کوردی و زمانی جەمهووریەتەکانی ڕووسی و ئەرمەنی و گورجی باش ئەڕوا بەڕێوە، داوا لە ئێوەش ئەکەم کە زۆر هەوڵ بدەن بۆ بەرزکردنەوەی پلەی هۆشیاریی سیاسیتانەوە، چونکە ئەمە مایەی دڵنیاییە، جگە لەوەش بایەخێکی زۆر بدەن بەبووژاندنەوەی سەقافیی کوردی.

## پیرەمێردی نەمر

*ئەمە وتاری مامۆستا گۆرانە بەبۆنەی چلەی کۆچی پیرەمێردی شاعیرەوە لە هەولێر نووسیویەتی و بۆ کۆڕی یادکردنەوەکەی ناردووە.*

«چل ڕۆژ لەمەوبەر مردی. لە هەشتا ساڵییەکەت: کە دڵی تەمەنێکی هەرزەکاری مێشکی تێک نەچووی وەستایەکی هونەر جموجوڵی مناڵانەی پیرێکی ئێسک سووکی هەرگیز لێ نەبڕا ئیتر بۆ ئێجگاری بەلادا هاتوو لە باوەشی خەوی مەرگا ڕاکشا.

ئێستا گیانە بەرزەکەت، هیواداریـن لە کۆڕی یارانی پێش مەرگکەوتووتا هاونشین بێ. هاوڕێی شیعر و ئەدەبت مامۆستای باوەڕ و تصوفت نالی و مەولەوییە، مەولانا خالد و مەحوییە بەڵگە: فەلسەفەی سەرەمەرگی چوار ڕۆژ پێش مردنتە پارچە هەڵبژاردەکانی شیعری مەولەوی و مەحوییە لە دوانوسخەی ڕۆژنامەی ژیانتا...

دڵە لاوەکەشت لەناو شیعر و نووسینە ڕەنگینەکانتا بەگیانی زیندووانی کوردستانا ئەژی تا زیندوویەکی کورد بەلووتکەی بەفراوی شاخە بەرزەکانی کوردستانەوە مابێ. بێینە سەر لەشی ئێستا، لەشی فانی: ئەمیش لە پاش هەشتا و ئەوەندە ساڵ زۆرانبازی لەگەڵ گەرم و ساردی ڕۆژگار نەمرد هەتا لە جێگای خۆی گردی یارەی کرد بەیادگارێکی نەمر گردی یارە بۆ شانازی نەکا؟ ئێستا بووە بەمەیدانی پەیکەری دوو ڕەمزی پاڵەوانی نەتەوەکەمان:

ڕەمزی یەکەم هی پاڵەوانی دەستی شمشێرە کە لەناو گۆڕەپانەکەی مامەیارەدا ئەژی ئەو مامەیارەیە کە لە ڕۆژە ڕەشەکانی دیلی و بێ هیواییشدا یەخەی هەڵئەتەکان ئەیوت لای عەرش کارەکان مەم نێژن چونکە عەرش کارەکان بەدەستی ناپاکی خیانەت، خاکی بەبەیان بۆ ئێجگاری لە بەندی دیلی تونگ کردبوو. بەهێنانە ناو شاری ئۆردوی ـ ڕۆمی.

چاوی پیرەمێردی ئەو سەردەمە سالمی نیشتمانپەروەریان پڕکردبوو لە گریانێک کە هەرگیز جۆش و کوڵی دانەمرکێتەوە.

ڕەمزی دووەم: مامۆستا پیرەمێرد لەشە فەرتوتەکەی تۆ گردی یارەی پێ خستە فەڕ. فەڕێک کەمایەی شانازییە تەنانەت بۆ ئەو بیرەیش کە گۆڕی مامەیارە نموونەیەتی چونکە تۆ نوێنەری بابەتێکی بەرزتری لە هێزی چەک هی هێزی قەڵەمی:

خوای گەورە گەلێ لەپێش چەکا لە سەرەتای داهێنانی هەستیدا قەڵەمی دروست





کرد، پێی وت بنووسە: وتی چی بنووسم؟ وتی قسەی جوان بنووسە! بیری چاک بنووسە باوەڕی ڕاست بنووسە! أشهد ان لا اله إلا اللّه... هتد. قەڵەم لەو حەلەوە دەستاودەست ئەگەڕێ قسەی جوان ئەنووسێ بیری چاک ئەنووسێ باوەڕی ڕاست ئەنووسێ بەبڕشتی نووسی زنجیرەکانی دەست و پێ و گەردنی هەم لەش و، هەم گیانی ئادەمیزاد نەپچڕێنێ لە بەندی دیلی و نەزانی و گومڕایی ڕزگاری دەکات.

مامۆستا پیرەمێرد:

لە کاتێکدا تۆ چاوت بۆ قەڵەم ئەگێڕا ئیلهامی خۆتی پێ بنووسی لە کوردستانی عێراقدا قەڵەم بەدەست چوار مامۆستای گەورەوە بوون:

قەڵەمێک بەدەست پیری یەکەمی شێوەی سلێمانی نالییەوە بوو. شیعری کلاسیکی پێ ئەنووسی. بەپێچەوانەی ئەو بەهەستی پەسەند و حورمەتەوە بەرامبەر بە نالی لە دڵتا بوو دەستت بۆ قەڵەمی ئەو نەبرد. چونکە ئەو وەستایەکی بەهرەدار بوو بەڵام لەسەر تانوپۆی ئەدەب و عەرووزی بێگانە نەخشی ئەچنی. تەنیا چینی بەرزی خوێندەواری سەردەم دەرەبەگی ئەیانتوانی تێی بگەن هەرچی تۆ بۆی ئەگەڕایت کاڵایەک دابێنی بەتەواوی خۆماڵی بێت. بەرزونزمی گەلی کوردزمان بتوانن لەبەری کەن.

قەڵەمێکیش لە قەڵەمەکان حاجی قادری کۆیی پێی ئەنووسی ئەو نیشتمانپەرستە دڵسۆزە کە هەر هاوارێکی شیعری بەشی شۆڕشێک ئاگر و جۆشی لەگەروو ئەهێنایە دەرێ.

بەڵام هەروەکو دوور وڵاتی نیشتمانی خۆی بوو پێش ئەو سەردەمەش کەوتبوو کە بۆی خوڵقابوو. لەبەرئەوە بەشی ناو چاوی شیعرەکانی پشتگوێ کەوتن بوو. لە کون و قوژبنی تاریک خزان بوون. تا لە سەردەم و ماوەیەکی تری دوای خۆیان بەچەند ساڵێ پەلی دەرکەوتن و کارنواندنیان چنگ کەوت. بەڵام شیعر و ئەدەبی – شۆڕشی – لە کات و ڕادەی گەرماوگەرمی خۆیا نەبێ کە سەردەم گۆڕڕا و گوڕی ساردکردەوە. ئیتر ڕابورد بەو ئەندازەی شیاوێتی و لە بارییایە زەبر نانوێنی و وە ئەنجامی نابەخشێ.

مامۆستا پیرەمێرد: هەندێ لە لاوەکانمان گلەییبیان لە تۆ ئەوەیە کە ئەم قەڵەمە ئاگراویەی حاجی قادرت وەرنەگرتووە چارەگە چەرخێک لەمەوبەر تۆ ئاگری جگەری نیشتمان دەستی لە دوو پارچە جگەری خۆت پێ هەڵگرتی لە ئەستەمبوڵەوە خۆت گەیاندەوە گوێ ئاگردانە کۆنەکەی کە سەردەمێک قەلەندەرخانەت ناو نابوو. ئەو حەلە ئەو لاوانەی هێشتا لە دایک نەبووبوون – لەبەرئەوە ئاگایان لێ نییە کە زمان و شیعر و ئەدەبی کوردی کە ساوایەکی پێرەوکە بوو هێشتا لە –شۆڕشگێڕ زیاتر پێویستی

بەپیریێکی دڵسۆزی هێمن هەبوو وەکو -لەلە- لەگەڵ پێگەیاندنی خەریک بێت. لەو کەسانەی کە بۆ ئەم خزمەتە هاتوونەتە مەیدان، درێژی بەرگەگری و مایەی نووسینی بەجێماوت گەواهی ئەدەن، کە تۆ لە هەموویان زاڵتر بوویت. دوایی ئەگەر بهاتایە بەهەڵە بچوویتایە و ڕێگەی شۆڕشت بگرتایە ئاخۆ کێ شوێنت ئەکەوت؟ کام هێزت لە پشت خۆتەوە ئەدی؟

گەلێ نەزان و نەخوێندەوارت گەلێک کوێر و کەڕکراوی دەستی زۆردارت، گەلێ پشتگوێ خراوی بێ ئەندازەت لە گوێی قوڵی گادا نووستبوو. ئەندامەکانی کۆمەڵ بەرامبەر بەخاوەن قەڵەم بەتایبەتی بەشی شاعیر پێڵووی شل خەویان لێک جوێ نەدەکردەوە بۆ ئەوە نەبێ بەچاوی سووکی و بێ بایەخی بەفەساڵیا بنواڕن لەولایشەوە دێوی ئیستعمار بەهەموو زۆری پەنجە و بڕشتی تەڵەکەبازی خۆیەوە چەپۆک و جادووی بەسەر سەرمانەوە ڕاگرتبوو ئەفسانەی پێشینیان واتەنی - کاوەی هەژار دیلی ئەژدەهاکە- کەی سەرسەر بوو سەری موویەکی بجوولایە، شەش چاو بەجارێک لێی نزیک ئەبوونەوە شەش گوێ بەجارێک بۆ سووسەی ڕەپ ئەوەستان، سەد مێشکی ئەهرەمەنانە بەجارێک بۆی ئەکەوێتە بیری بەد نیهادی!!.

ئەم ئیستعمارە نەگریسە دڕندەکانی بەردەستی خۆی وا چەشە کردبوو کە بەخوێنی - سەربزێو-ی کورد لە هی باوک کوژراو تینووترن بەتایبەتی ئەو کوردەش خوێندەوار بێت، خاوەندی بیروباوەڕێکی ڕاست - یعنی زیاندار بێت بۆ قازانجە زۆرەکانی ئەو. ئا لەم بار و ماوە نالەبارەدا تۆ چۆنت ئەتوانی بانگ لە شەیپوور و کەڕەنای شۆڕش هەڵسێنی! هەر لە سەرەتای یەکەم بانگا دەنگیان بۆ ببڕای ببڕ ئەخنکانی، هەروەک هی گەلێ خوێندەواری تری بەنرخیان ئەخنکان!

ئەو حەلە: ئەو شۆڕشەی لە تۆ ئەویسترا ئەنجامی بەچی ئەگەیشت: بەهیچ!

ئەی تۆ، لە سامانی شیعر و ئەدەب چیت بەجێ ئەهێشت بۆ نەتەوە: هیچ!

کەوابێ باشتر کە قەڵەمی حاجیت بۆ نەگرتین بەدەستەوە بەپێچەوانەی ئەو مەیل و جۆشەوە کە لە کانگای دڵتا بوو شۆڕش، گینگڵەی ئەدا ئەمە بەشارەزایی ئەڵێم چونکە بۆ چەند ساڵێک لە نزیکەوە لەگەڵتا ژیاوم: تۆ ناچار بوویت ئەو قەڵەمە نووکداخەیە جێ بێڵی بۆ یەکێ لەو لاوانەی کە گلەییت لێ ئەکەن یان بۆ یەکێ لە پشتی پاش ئەو لاوانە بۆ ئەو بەختیارە کە هێزی کۆمەڵ دڵسۆزانە و پەسەندکەرانە دوای ئەکەوێ. ئەویش بەپشت ئەستووری گەل، هەرچەند جیڕە لە قەڵەم هەڵئەسێنی، زیڕە ئەخاتە دڵی زۆردارەکان و داگیرکەرەکانی بەردەستی ئیستعمار.





مامۆستا پیرەمێرد: قەڵەم بەدەستی سێیەم پیری گەورەی ئەدەب و تصوف مەولەوی بوو مەولەوی ئەو شاعیرە بەرز و نەمرەیە کە هەموو بەیتێکی دیوانەکەی کچە کوردێکی شۆخ و نازدارە بەبەرگ و پۆیلانەی خۆماڵی تەواوەوە بەڵام بەشێوەیەکی کلا کەوتووی باو ون کردووی زمانەکەمان شێوەی گۆرانی کە زمانی میری بوو لە قەڵەمڕەوی ئەردەڵانا لە کاتی شکۆیا ، کە جار بووە سێ کوچکەی ناوەندی کەرکوک، هەمەدان، وە کرماشان هەمووی بگرێتەوە.

تۆ لەگەڵ ئەوەی بەسروشت بۆ بابەتی حاجی خوڵقابووی بەخۆشنوودی شادمانییەوە قەڵەمی دەستی مەولەویت هەڵبژارد. مەولەوی بەشێکی هەرەمە نووسین و شیعری هەبوو ئەمانەی بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری ئایینی و باوەڕی موسوڵمانی خستبووە سەر کاغەز وە ناوی لێنابوو -باوەڕنامە- تۆ باوەڕنامەی خۆتت تەرخانی ئامانجی نیشتمانی و ڕۆژنامەچێتیت کرد.

(بەڵام لە ئەدەبی بەرزا لە شیعری ڕاستەقینەدا بەڕاستی زۆر بەپێی شیاوی ناوی خۆت نا گیانی مەولەوی. تاوێک تۆ گەڕایتەوە بۆ سەدە و جێگای ژیانی خاوەن - گیان- شوێنی باڵاجوانە بچووکەکەی ئەکەوتی کە لەژێر خەرقەیەکی سەوزی ئاودامانا بوو ) : بەکەڵەک لە سیروانی ئەرخەوان سووک ئەپەڕیتەوە. بەلووتکەی شاخی -بەمۆ-دا هەڵئەگەڕای.

لە کۆی ئاتەشگا (کەڵ)ت کوشت. بەسەر بەستەڵەکی گوێ زرێبارا ئەچووی بۆ بانە. لە کوێستانە ساردەکانی سنە و حەسەن ئاوا بەفراوت ئەخواردەوە.

لە گەرمیانی شیروانە و شاکەل لەگەڵ چاوڕەشەکانی جاف دەوارنشینیت ئەکرد. تاوێکیش ئەو خۆی ئەهات بەمیوانی گیان بۆ سەردەم و مەڵبەندی ژیانی تۆ بەجلی شارستانییەوە سواری ئوتومبیلی قەمەرە ئەبوو، سەیران و گەشتی ناو قۆپی و سەرچنار و پیرەمەگروون ڕاوە ماسی چەمەکانی زێ و تانجەڕۆی ئەکرد، لەباتی دەف و دەروێشی و نەیچی گوێی لە قەتاری (ڕەشۆل) و ئاوازی کەمان و عود ئەگرت قەڵەمە پاراوەکەی مەولەوی هەرچەند لەدەستی تۆدا پیتێکی تازە بابەتی نیشتمانی خستە سەر خەرمانی بەر بەڵام بەتێکڕایی جێگای چەکی نەبەرد و خەباتی نەئەگرتەوە. چەشنی سازێکی خۆشئاواز بوو بەدەنگێکی نەرم و شیرین بانگی ئەکردە گەل: بۆ چاوکردنەوە نەک بۆ ڕاپەڕین بۆ هۆشیار کردنەوە لە ڕێگای بینین و چەشنی بابەتی جوانەوە نەک بۆ هەڵسانە سەر پێ بەدەم نرکەی تێ خوڕینەوە.

شیعری بابەتی جوان شیعری بیرولێکدانەوەی ورد و ڕەنگین سنووری ماوە و

سەردەمی بەرەڵایە لە هەموو کاتێکا لەناو هەموو بەرەو باوەڕێکا پەسەندکەر بۆ خۆی ئەدۆزێتەوە لەم ڕووەوە تەنانەت لەناو بێگانەشدا لەناو دوشمنیشا دۆست و ئاشنات پێکەوەنا. هەرچۆنێک بێ نەختە سێبەرێکت چنگ کەوت دەستی تیا بنێیتە لاجانگ بۆ بیرکردنەوە و الهام وەرگرتن - بەم چەشنە بەبیست ساڵی پیری و تەقاویتی بەتاقی تەنیا ئەوەندە بەری ڕەنجت بۆ ئەکردینە کۆشی نەتەوە کە کۆمەڵێک بەعومرێکی درێژ نەتوانی خەوی پێوە ببینێ.

ناڵێم سەرانسەری ئەم بیست و پێنج ساڵەی دوایی بۆت لوا بەئاسایش و ئارام سەر بەکاغەزا شۆڕبکەیتەوە لەگەڵ بەرچنینی بەهرەیی و خۆت خەریک بیت، بەڵکو بەپێچەوانەوە: نەتۆ ئەوەندە ملکەچ خولقابووی بەدرێژی لێو بەلێوەوە دادروی ورتە نەکەیت نەهێزی زۆر و ستەم ئەوەندە لێبردوو بوو هەتا سەر چاو لەتۆ بقوچێنێ. ئەو تاوانە کەم نین کە تیایاندا تۆ بەرامبەر بەجەوری بێ ئەندازە خۆت ڕائەپسکان کاربەدەستی کاتیش بەهەموو دڵڕەقی خۆیەوە دڕک و گرێ و قۆرتی زۆری لەسەر ڕێتا ڕیز ئەکرد.

لەگەڵ ئەوەش بەری ڕەنجت نەک هەر لە مەیدانی زمان و شیعر و ئەدەبا لە ماوەی خزمەتی کۆمەڵایەتی بڵاوکردنەوەی زانستیشا، بزانە چەند جۆرە قەڵەمی زەق ئەخاتە پێش چاوی پەسەند و ئینصاف: وە گیانی مەولەوی بەشێوەی سلێمانی ژیاندەوە کە بەمە لە هەمان کاتدا ژینێکی تازە و نەمرت کرد بەبەر ئەم شێوەیەدا ڕێگات کردەوە بۆ تینوەکانی شیعر و ئەدەبی ئەم شێوەیە کە دەم بنێن بەسەرچاوەی شیعری هەرە ڕوون و هەرە پاکی بەڵکو هەموو خاکی کوردستانەوە. لەگەڵ مەولەوی چەند ژمارەیەک شاعیری فەرامۆشکراوی تریشت لە کفن دەرهێنا و گیانی تازەت کردنەوە بەبەرا. بەتاقی تەنیا نیشتیتە مل ڕۆژنامەچێتی و چاپخانەگێڕی بۆ سەردەمی تازە - ١٥-٢٠ ساڵ تاقە ڕۆژنامەی کوردستانی عێراق ژین و ژیانت گێڕا بەنووسینەوە بەسەرپەرشتی پیت چنی - چاپ و هەڵەگریەوە نووسینی هەڵبەست و پەخشانی ژین و ژیان بابەت بابەت جیا بکرێتەوە، ژمارەیەکی چەند گەورە کتێبی کوردیمان بۆ دێتە کایەوە ئەمە جگە لەو گشت کتێب و نامیلکەیەی بەجیاکار نووسراون. یان کراون بە کوردی و لە چاپدراون وەک کەمانچەژەن، دوانزە سوارەی مەریوان، مەم و زین... هتد.

ئەی ڕەنج و تێکۆشینی چەند ساڵەی قوتابخانەی زانستی چی بەگەواهی هەموو تێگەیشتوویەک یەکەم قوتابخانەی خۆماڵی -ئەهلی- بوو لە هەموو کوردستانا لەباری گەشەپێدانی هەست و وریایی نیشتمانییەوە. ئەی ژیاندنەوەی یاسا -تەقالید-ی





پێشینیان و جەژنی نەورۆز چی؟ ئەی خولقاندنی بزووتنەوەی پێشخستنی ئافرەت چی لە کاتی برەوی کۆنەپەرستیدا لە شاری سلێمانی؟

مامۆستا پیرەمێرد ئەمانەی ژمارەمان کردن هەمووی یادگاری ژیانی ئەدەبی و نیشتمانیت زۆرترە بەرەو ڕووی لاپەڕەی تاریخ ئەبنەوە. بەڵام تۆ جگە لەمانە لە قووڵایی دڵی هاوڕێ و ئاشناکانتا یادگارێکی شەخصیت بەجێ هێشتووە کە ئەمەش هەتا ئەو دۆست و برادەرانە بەسەر دنیاوە لێیان بمێنێ لەبیر ناچێتەوە. لای من مایەی هەرە بەرز و ئاشکرای ئەم یادگارە سیفەتی کەرەم و بەرچاوتێریت بوو... تەنانەت لاپەڕەی کتێب چییە لەگەڵ مەولەویت بەش کرد جێگای ناشتنت نیوەی تەواوی بەر مامەیارە کەوتووە، لە هەموو ژیانتا نانێکت چنگ کەوتبێ لەگەڵ میوان کردووتە بەدوو لەتەوە ئەگەر هەردوو لەتی میوان خواردبێتی چوویت لە ماڵە خزم ئاهی سکت شکاندووە. پیاو بۆ خوا بڵێ ئەوەی چنگت ئەکەوت بیبەخشی هەر نانی ڕووت نەبوو بەپێچەوانەوە بەمانگانەی تەقاوتی بەچنگکەوتی ڕۆژنامە و چاپخانە بەهەموو جۆرێکی تر چنگە کرێ بەدەستت تەقەلات ئەدا کە گەنجینە و موبەقی ماڵت ڕووی سفرە و خوانت حەوزی میوەی هاوینانت هەمیشە ئەوەندەی شت تیابێ کە پێی بوترێ: نیعمەت!

ئەم نیعمەتە زۆرەش ئەوەندە بێ منەت ئەخورا جاری وا هەبوو هەرە بێ ڕواڵەتی هەموو بخۆرەکانی ڕەشید ئەفەندی ڕەحمەتی بێ باکانە پێی ئەوتی من تۆ ناناسم وە بۆ لای خواردن هاتووم بەم چەشنە ئەوەی بەبیری سپلەکانی دیوەخانا ئەهات تەنیا شێتیان بەدەمیش ئەیوت قوماربازیان لە دڵا ئەیشاردەوە جوامێری تۆیش بەڕادەیەک بوو لەسەر خوان و خواردنەکەت نەشێت زیانی لە ڕاستکردن ئەدی نە قومارباز کەڵکی تری لە درۆ و دووڕوویی وەرئەگرت.

بەڵام هەڵبژاردەی هاونشین لای تۆ لە پێش خۆراکی لەشا بۆ خۆراکی دڵ بۆ ڕابواردنی شاعیرانە ئەگەڕان. بۆ ئەو هەوا ئەدەبییە خۆیان ئەکوتا کە بەسەر کۆڕی شەونشینیتەوە تاوە تاوێک ئەکەوتە شەپۆلان - لە کاتێکا ئەگەر وەرزی زستان بوایە- پیرە زۆپا وا تاوی ئەسەند کە زۆر بەگران تۆزێ هەوا لە ژوورەکەدا ئەما بۆ هەناسەدان.

مامۆستا پیرەمێرد

لەهەر سەرێکەوە لێکی بدەینەوە ئەبینین کە تۆ پێویستی عومرێکی درێژی هەشتا ساڵیت زۆرباش بەجێ هێنا. ئەمجا چاوت بۆ ئێجگاری لێک نا لە دیمەنە جوانەکانی نیشتمانی خۆشەویست ماوەتە سەر ئەوە کە قوتابییەکانی تۆ بەپەسەندکەری بێ ئەندازە و جێگیری کەم تا زۆرتەوە، پیاوانە تێبکۆشین جێگا چۆڵەکەت پڕبکەینەوە لەو

جێگایەوە ناتەواو بەجێت هێشتووە دەست بکەین: بە دروستکردن و داهێنانی تازە. بەرۆیشتنی سەرومڕی بەرەو کەل بەهاویشتنی هەنگاوی درێژ و ڕاست و ڕەوان بەبێ دوودڵی بەبێ ترس و لەرز بەرەو ڕووناکی ئامانج ئەگەر ئەمە بۆ ئێمە پێکهات ئەوا هیچ گومان نییە هەم گیانی تۆ لە کردەوەمان شاد و خۆشنوود ئەبێت هەم ئەو برینە گەورەیەی کە کۆچی ئێجگاریت لە دڵمانا بەجێی هێشتووە سارێژ ئەبێت. ئەگەر چی هەستی پەسەند و پیاتا نازیمان هەرگیز ڕوو ناکاتە نشێوی.

گۆران، ئەربیل ١٩٥٠

## بیرەوەریی جەژنێکی ئۆکتۆبەر

ئێوارەی جەژنی ئۆکتۆبەرە بەرواڵەت و بەلەش لەبەردا لەسەر مێزێکی گازینۆدا دانیشتووم ئەحەسێمەوە؛ بەڵام لەپڕ دەنگێکی دەنگوباسی ڕادیۆ باڵە خەو لێخەرەکانی خەیاڵی کردم و بردمی، فڕاندمی بۆ دنیایەکی خۆش و سەردەمێکی دوو ساڵ لەمەوپێش.

ئێستا بەهەستی دەروونی و بە وروژاوی بیرەوەری لە مۆسکۆی جەژنی ئۆکتۆبەری (١٩٥٨)دام، ئێوارەی جەژنە و لەگەڵ ئەندامەکانی تری بانگکراوانی عێراقیدا بۆ جەژنی گەورەی مرۆڤایەتی بیرەوەریی (٤١)ی شۆڕشی ئۆکتۆبەر، ئەو شۆڕشەی دنیایەکی تازەی وای دروست کرد، کە لە ئەفلاتونی یۆنانییەوە تا ویلایەتی بەریتانی فەیلەسووف و ڕۆشنبیرەکانی دنیا خەویان پێوە ئەبینی، کە باوکی فەلسەفەی ماتیریالیزمی، دایلەکتیکی مارکسی نەمر بەپێی ئەو کەرەسە و حیساباتەی لەبەر دەستیا بوو بۆ سەرگرتنی لە هەموو دنیادا بەیەک چاو ڕەنگی ڕێگای خەباتێکی خوێناویی دوور و درێژی ئەڕشت، ئەو شۆڕشەی، کە (لینین)ی بلیمەت لە پاش ئەوەی هەموو دیوێکی ناکۆکییەکانی ئیمپریالیزمی جیهانی تازەی هەڵسەنگان، سەری هەڵبڕی وتی: نەء لەم زرووفەی ئێستادا برایەتی و ئاریکاریی کرێکار و فەللاحی هەژار ئەتوانی لە شوێن کەلاوەی ڕەژیمی چاریی (قەیسەر)یدا بناغەی کۆشکی تازە دابنێت، کرێکار و فەللاح لەگەڵ ڕۆشنبیرە پێشکەوتووەکان شوێن پارتی کۆمونیستی سۆڤیەتی ئێستای (ئەوسا پارتی بۆلشەفیک) کەوتن و بەو ڕێگایەدا ڕۆیشتن، کە (لەنین) بەگۆڕێنەری (مطور)ی مارکسیزم پیشانی دان، چل و سێ ساڵ لەمەوپێش لەم شەوە پیرۆزەی جەژنی جیهانیی ئۆکتۆبەرا لە پاپۆڕی (ئۆرۆراوە) یەکەم گوللەتۆپی شۆڕشی چینی کرێکار گیرایە کۆشکی زستانەی چار، (کە لەوکاتەدا ئەندامەکانی





کابینەی فەرمانداریی بورژوازی تیابوو) لە ساڵۆنی کۆنگریسی سۆڤیەتەکانی ئەم کۆشکەدا (لەنین) بۆ یەکەم جار، کە چووە سەر دوانگا (مینبەر) یەکەم قسەیەک، کە لە دەمی دەرچوو ئەمە بوو: (هاوڕێکان ئەوا شۆڕشی کرێکاران و فەلاحان هاتە دی!) لە پاش ئەوەش پەلەکردنی لە پێکهێنانی سێ شت ویست (ئاشتی بۆ گشت، نان بۆ برسی، زەوی بۆ فەللاحی هەژار) ئۆتۆمبێلی مۆسکۆڤیچ بەشێنەیی ئەڕۆیشت و بەناو شەقامە خاوێنە پانە ڕووناکەکانا ئەیگێڕاین، جەنجاڵیی سەر شەقامەکان بەرێکوپێکی دریان بۆ ئەدادین، کە ئەیانزانی میوانین، بەتایبەتی عێراقییەکانی چواردەی تەمووزی هەمان ساڵین، چەپڵەی زۆریشیان بۆ لێ ئەدایین و دەستی سڵاویشیان بەگەرمی بۆ ڕائەوەشانین، خەڵک زۆر بوو، بەڵام ئێوارەی عارفەی جەژن بوو، ئەو لافاوە بێ سنوورەی لە دواترا دیمان هێشتا نەورووژابوو، ئەمە جەنجاڵیی شەقامەکان، خۆ ڕازاوەیی و چراخان هەر مەپرسە لە هەردوو بەری هەموو شەقامێک بەهەموو باڵکۆنێکەوە بەلاشیپانی دەروازە و پەنجەرە و کەمەری تارمە بەرزەکانەوە ڕەنگی ئاڵای سووری گەورە و بچووک ئاوی چاوی ئەبرد، کەم پەنجەرە بوو لە کۆشکەکانا ئاوازەی مۆسیقایەکی هێنەرە سەمای لێ دەرنەچێ، چراخان و گڵۆپی نیۆنی ڕەنگاوڕەنگ تارایەکی ڕەنگ پەلکەزێڕینەی ئاودامانیان دابوو بەسەر مۆسکۆی جوانا، مۆسکۆی دڵشادی جەژنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و سەرت بەهەر شوێنێکی گشتیدا ئەکرد، کە لەبەر زۆری لە مۆسکۆدا وەکو هەموو شوێنێک گشتی بێ وایە، کە تەنها لە مەیانا کۆبوونەوە بوو، دوان دوان و دانس و مۆسیقا بوو، یان هەڵبەست خوێندنەوە و بەرهەمی هونەری پیشاندان بوو، ئەوەندەی لە وزە دابێ واتای دوان و وتە و هەڵبەستەکانت بۆ وەرئەگێڕرا. زۆربەی ئەو وشانەی تەکەڵ تەکەڵ ئەتبیستن و ئەتبیستنەوە وشەی ئاشتی بوو، وشەی مرۆڤایەتی بوو، وشەی ڕزگاری و ئازادی و بەختیاریی مرۆڤ بوو.

ئەم هەموو دیدەنی و بیستەمەنیانە بەڕادیۆ و تەلەفزیۆن و بڵندگۆبێژ بەهەموو لایەکا بڵاوئەکرانەوە و، لە هەموو لایەک هەموو کەسێک ئەیتوانی بیان بینێ و بیان بیستێ، لە پیاو وابوو هەر بەردی دیوارە، بەڕۆژ بڵندبێژێک بوو دوانی بڵاو ئەکردەوە، بەشەویش ئەبوو بەپرۆژەکتەرێک لافاوی پرشنگی تیژی ئەدا لە ڕووی نموونەکانی شکۆ و سەرکەوتنی کۆمۆنیزم و، ئەیدا لە پەیکەر و نیگارەکانی ئەو نەمرانەی بەردی بنچینەی دنیای تازەیان داناوە، بەتایبەتی پەیکەر و نیگارەکانی (لەنین)ی نەمر، لەگەڵ جووتە باوکی بیروباوەڕ و ڕژێمی کۆمۆنیزم مارکس و ئەنگلز وەکو نەریتە کۆبوونەوە و نمایشی گشتی و ڕەسمی لە مەیدانی سووری کرەملین لە بەیانیی (٧)ی

مانگا لە سەعات (٩)ی بەیانییەوە بۆ سەعات (٣)ی پاش نیوەڕۆ دەست پێ ئەکا. سۆڤییەتەکان خۆیشیان قسە لە ساردیی ڕۆژی ئۆکتۆبەر ئەکەن، لەبەرئەوە هەرلەوێشەوە ڕایان سپاردبووین، کە هەتا ئەتوانین لەبەرگا درێغی لە زیادەپۆشی نەکەین، شەقامە سەرەکییەکانی بەرەو (کرەملین) بەپانی و بەدرێژیی مەیدانی سوور و، مەیدانی سووریش بەپڕاوپڕی ژاوەیان ئەهات لە نمایش و تەماشاکەرانا، دەستەی جۆرەکانی هێزەکانی سوپای سوور دەست پێکردنی نومایشیان کردەوە، ئالآی سووری پانزە کۆماری سۆسیالیستی یەکگرتوو بەداس و چەکووشە سپیەکانیانەوە بەبەر دەمانا کشان، لە پشتیانەوە ڕێچکەی تیپەکانی ئەو سوپایەی کۆمۆنیزم و ئاشتی و ئازادی ئەپارێزێ، بەچەکی سامدارەوە دەستی کرد بەهاتن، ئەم تیپانە ئەوەندە جۆرجۆر بوون و، ئەوەندە زوو تێپەڕین، پیاو مێشکی ڕانەئەگەیی بەسەرنج لێدانی وردیانا و، بەوەرگرتنی وێنەی تەواویانا، نەک ئێستا کە دوو ساڵی خشتی بەسەرا تێپەڕیوە، هەر لە ئێوارەی ڕۆژی نومایشا، کە مێشکی خۆم ئەگووشی بۆ بیرکردنەوە تەنیا فیلمێکی سینەمایی تیژم ئەهاتەوە بەرچاو، کە هەر زنجیری تانکی زەلام زەلام و تایە و چەرخی وردودرشت خێرا تیا ئەسووڕایەوە، لە دەوری لوولە تۆپی درێژ درێژ و، لە دەوری نموونەی ڕۆکێتی (ساروخی) زەبەللاح زەبەللاح، هەر لە هەمان کاتا جۆرەکانی هێزی هەواییش بەژوور سەرمانەوە هونەری نەبینراویان پیشان ئەدا و، لە پاش ئەوان نومایشی گەل دەستی پێکرد، ڕیز و ڕێچکەی پاش و پێشکەوتنی تیپەکانم لەبیرچووە، تیپەکانی (کۆمسومۆڵ و پیۆنیرو) قوتابییانی دانشگا و زانستگاکان و کرێکارانی کارگاکان و فەللاحەکانی (کۆلخۆز و سۆفخۆزەکان) دەستە دەستە تیپی گشت جۆرێکی ڕێکخراوەکان، تیپی نوێنەری گەلانی هەموو دەوڵەتە سۆسیالیستەکانی تر، هەموو بەئالآ و دروشم و بەرهەمی هەموو کۆمارە سۆسیالیستەکانەوە، هەڵسووڕان و داهێنانی خۆیانەوە لەبەری مەیدانی سوورا لەچاو ون بوون، ئێمە لەسەر بەستەڵەکی پلیکانە (مدرج)ە، بەردینەکانی مەیدانی سوور وەستا بووین، ملمان بەسەرشانی یەکترا درێژ ئەکرد و سەیری تێپەڕینی نومایشکارەکانمان ئەکرد و چەپڵەمان بۆ لێ ئەدان، یان وەڵامی بانگمان ئەدانەوە.

لەگەڵ ئەوەی سەرمای مۆسکۆ و شەکەتی وەستان و تەماشا هەتا ئەهات زۆریان بۆ ئەهێنایین؛ بەڵام ئەو گەرمییەی، کە لە میوانداری مۆسکۆییەکان ئەمان دی هێزی بەرگەگرتنی لەو زۆرهێنانە بەگوڕتر کردین، شەڕابی گوڵاوی گەرمیان ئەدایە دەستمان و پەرداخ لەسەر پەرداخ ئەمان نا بەسەرمانەوە، بەمە تینێکی گەرمیمان ئەکرد بەسەر





موچڕکە ساردەکانی بڕبڕەی پشتمانا.

هەرچۆنێک بێ تا پێنج سەعات خۆمان گرت، وە بۆ گەڕانەوە بەمە ئاگاداریان کردین، کە تیپی نومایشکاری ئەوتۆ لە دواوە نەماوە، بەرامبەر بەشەقڵی گشتی تێکڕایی ڕێچکەی نومایشتەکە پوختەی تێ چەسپاوی یادم ئەوەبوو، کە نیگاری هەرەزۆر هی (لەنین) دروشمی هەرە دیار کۆتری ئاشتی، زینەتی دەستی گشت باڵۆنی ڕەنگاوڕەنگی لاستیک بوو.

لە گەڕانەوەی بەرەو ئوتێلمانا لە نومایشت لەناو ئوتومبیلەکەدا لێکدانەوەی دەروونیی مێشکی بەگیر هێنابووم.

یادگاری (لەنین) و نیشانەی ئاشتی لە قووڵایی دڵی هەموو هاونیشتمانێکی سۆڤییەتیدا ئەژین، ئاشکرایە ئەی تۆ بڵێی باڵۆن هەڵواسین نیشانەی ساکاری عەزمی بێ سرەوتی سۆڤیەتی بێت بۆ زاڵبوون بەسەر هێزە هەرە یاخییەکانی سروشتا؟ ئەو عەزمەی کە ئەوەتا ئالآی سووری کۆمونیزم بەمانگ و ئەستێرەکانی ئاسمانا ئەگێڕێ.

## مەولەوی و شیعری موناسەبەت

شیعری موناسەبەت لە ئەدەبی هەموو نەتەوەیەکا هەیە، بەڵام نەک بەو زۆرییەی کە لە ئەدەبی ئێمە و گەلەکانی دراوسێمانا بەرچاو ئەکەوێ.

دەستووری گشتیش لەم پێناوەدا ئەوەیە، کە موناسەبەت ڕەنگە بتوانین هی بابەتی دڵداری لێ دەرکەین، شیعر گەلێ پێپیلکە لە قوللە زێڕینەکەی ئەچێتە خوارەوە، تا ئەیگەیەنێتە شوێنێک، کە لەگەڵ قسەی ڕەشۆکیی سەرزمانی ڕۆژانەمان جیاوازییەکی ئەوتۆی نەمێنێ.

ئەمە هەرچەن لە سەرێکەوە پیاو لە شیعری موناسەبەتا بێزار ئەکات، لە سەرێکی ترەوە تەرازوویەکی سووک و خۆشبەزی ئەداتە دەست بۆ هەڵسەنگاندنی نرخی ئەدەبی ئەو شاعیرانەی توانیویانە لە بوارێکی وا کەم ئاوا بەمەلەوانی تەکانی پەڕینەوە بدەن.

لەگەڵ ئەوەش لە زۆر زمانا جارجارێک بەهرەداری وا هەڵکەوتووە لەباتی ئەوەی نرخی (بەدیعی) شیعر بەموناسەبەتی نزم کاتەوە موناسەبەتی ئەوەندە هەڵبڕیوە گەیاندوویەتییە ئەو ئاسمانە بەرز و جوانە کە پەری شیعر نەتوانێ تیا بژی و ماوە بدۆزێتەوە بۆ پەڕبازی بەشاپەڕە نەخشینەکانی.

لە زمانی ئێمەدا «مەولەوی» شاعیری، بەناوبانگی شێوەی هەورامییانە، یان گشتی

تر بلێین (شێوەی گۆران) لەو چەشنە بەهرەدارانەیە، ئەم شاعیرە بلیمەتەی کورد، کە ڕەنگە لەبەر دووریی شوێنەواریی باری شێوەی زمانەکە (لە ناوچەی هەولێر کەمتر ناسرابێ)، بەشی زۆری شێوە هونەرییەکانی لە دایکی موناسەبەت زاون، گەلێ جار موناسەباتی بێ ڕەنگ و ڕواڵەتیش، زۆر دوور نەڕۆین، مردنی کوڕی کوێخایەکی عەشیرەتی جاف، وەرگرتنی تەسبیحەک بەدیاری لەلایەن ئاشنایەکەوە، وەرگرتنی نامەیەک لە هاوڕێیەکی دوور، چنگ کەوتنی شووشەیەکی گوڵاودان؛ بەڵام بۆتەی وەستاکارانەی مەولەوی هەرگیز شتێکی تیا نەتواوەتەوە، کە ڕەوا نەبێ لە قاڵبی بێگەرد و ساغی شیعری ڕاستەقینەدا دابڕێژرێ بەمانای سەرەوە بۆ کوڕی کوێخاکەی جاف، کوڕی مەحموودی یار وەیس، شیوەننامەیەکی درێژی داناوە، ئەگەرچی لە دوو بەرگەکەی دیوانی چاپکراویا بڵاونەکراوەتەوە؛ بەڵام گومانم نییە لە هەڵبەستە هەڵبژاردەکانی ئەوە، هەروەک لە نموونە هەرە بەرزەکانی شیوەننامەیە لەسەر پاکی ئەدەبی کوردیدا.

داخم ناچێ، کە لەم کاتەدا هەڵبەستی ناوبراو لە وزەی دەستەڵاتما نییە تا بۆ ساغکردنەوەی قسەم بیخەمە پێش چاوی خوێندەوارانی خۆشەویست، بەناچاری ئەمەوێ لە ڕێگایەکەوە بۆ بەڵگە هێنانەوە بچم، کە زۆرتر لە یاریی هەی بەخت (یانصیب) ئەچێ، ئەگەرچی لە سایەی گیانە بەرزەکەی مەولەوییەوە بردنەوە تیایا سەدی سەد کەمتر نییە.

ئێستا ئەوا (هەردوو بەرگی دیوانەکەی لەبەردەستمایە، بەرێکەوتی ڕووت بەرگێکم هەڵگرت)، بەرگی دووەم دەرچوو، هەر بەهەمان ڕێکەوت کتێبم کردەوە، دەستم کرد بەچاوگێڕان بۆ پارچەیەک کە بەموناسەبەیەک وترابێ، پاش وەرگێڕانی دوو لاپەڕە (دیاری بۆ ضیاءالدین)م دی، با تەقەللا بدەین ئەم هەڵبەستە وەک نموونەیەک لە خەرمانی گشتیی مەولەوی بدەینە بەر ڕووناکیی تاقیکردنەوە.

مەولەوی پارچە کاڵایەکی ملپێچی دەستووری سەردەمی خۆی بەدیاری ئەنێرێ بۆ ئاشنایەک، کە لە دیوانی چاپکراوا وەکو وتم خوالێخۆشبوو (شێخ ضیاءالدین)ی بیارە نووسراوە؛ بەڵام لە نوسخەیەکی تری دەستخەتدا دیومە زیاتریش ماوەی چەسپینەدڵی هەیە، کە بۆ نێرراو (ضیاءالدینە)، هاوڕێیەکی تەریقەت و شیعری قەلەندەر مەشرەبی مەولەوی بووە، (کاک ئەحمەد) ناو لە دێی پریسی نزیکی هەڵەبجە دانیشتووە.

هەرچۆنێک بێ، ملپێچێک ئەوەندەی دەستەسرێک کەتان، یان بلووری مەگەر لە ناوەندی دڵدارانی وەک (مەم و خاتوونە زین) یان (فەرهاد و شیرین) یان (شەم و





دێوانە) هاتوچۆی کردبێ، ئەمجا هەڵبگرێ بەدڵیا بێت، بەو ڕەنگە وردە نیگاری ڕەنگینی شیعر و ئیلهامی بچنێ؛ بەڵام بڕوانن نیگارخانەی خەیاڵی مەولەوی بە چ وردە هونەرێکی شیرین و دڵگیر ئەم پارچە بلوورییە ئەڕازێنێتەوە:

ئەوا یەک دانە پەتیەی نایابم بۆ ناردی
دەستکردی هونەریی وەستاکانی بەغدایە
پەتیەیەک، کە لە تانوپۆی پەتای خۆشەویستی چنراوە
لە پەڕەی جەرگم سپیترە، کە لەناو لافاوی مەینەتا شۆراوەتەوە
نازکتر لە نازی ئەو کەسەی، کە جێگای نیازمە!
وەکو کەوڵەکەی مەجنوون بیدە بەشانتا، بەدەشت و هەردەکانا سەری بۆ هەڵگرە،
بەو گشت باری دەرد و پەشیمانییەوە کە هەتە،
بەئێسکی ڕەقوتەقی باڵا بەرزەکەتەوە،
بگەڕێ و جارجار هەناسەی ساردی بۆ هەڵکێشە.
با پیرەپەتیە، بەدەم با و هەناسەوە بشەکێتەوە
وەک ئەو بەیداخانە، کە بە باڵا بەرزەکانەوە،
لەسەر قسن و گۆڕستانی مردووەکان ئەشەکێتەوە

ئەمە مەزموونی هەڵبەست بەپەخشان، لە پاش سووکە دەستکارییەکی زۆر کەم لەلایەن خۆمەوە.

پارچە پەتیە لە کونجی دوکانی پەست و تەنگی بازرگانەوە، لەناو هەوای خنکاو و تاریکی ژێر گومەزی ناو بازاڕەوە، بەنووکی قەڵەمی (مەحوی) گەیشتە ناوەڕاستی گومەزە شین و ڕووناکەکەی ئاسمانی ژوور سەلای دەشت و دەر، گەیشتە بەروچۆمێکی وا، تیرە شیعر و تیرە خەیاڵ، کە بێ ئەوەی هەست بە پەلکێشانی ڕاستەوخۆی مەولەوی بکەین، خۆمان ئەبینین یاڵەویاڵ شوێن دێوانەی هەردەکێڵی (پریس) کەوتووین هەروەکو مناڵ بەدەم نەشئەی جوانیی بەهارەوە، مێرگا و مێرگ دووی فڕەفڕی باڵە سپییەکانی پەپوولەی گەڕۆک ئەکەوێ. دوایی ئەبینین (مەولەوی) بە یەک دوو سەرە تەشوێی هونەر بەژنوباڵایەکی بۆ دێوانەی هاوڕێی تاشیوە، کە ئەوەندە شاعیرانە و ڕووناک دیارە، نە دێوانە هەرگیز بەئێسقانە ڕەقوتەقەکەی خۆیەوەی دیوە، نە ئێمەش لە پێش خوێندنەوەی مەولەویدا بەقامیش ئاڵای سەرگۆڕستان و قسنەکانەوە هەستمان پێ

کردبوو، کە لە کوردستاندا زۆرتر جێگایان، یالێکی بەرزە، یان گردێکی سەوز لە نزیکی ئاوەدانییەوە.

(ئەو پەیام ڕاسپێرییەش، ئێمە لە هونەری شیعری ڕووت، نەک شیعری ئامانج و ئایدیاڵ چاوەڕێی ئەکەین)، لە وەرگرتن و پڕ بەدڵ چەشتنی ئەم هەستە جوانە بەولاوە نییە، کە (مەولەوی) تەنانەت لە شیعری موناسەباتیشا وا بە زاڵی و بەوەستاکاری پێمان ئەگەیەنێ.

## لاپەڕەیەک لە تەئریخی ئەدەبی کوردی
## مەلا مستەفا بێسارانی پایەی لە شیعر و ئەدەبا

شاعیری گەورەی شیوەن و موناجات، مەلا عەبدولرەحیمی مەعدوومی، کە زیاتر بە (مەولەوی) ناوبانگی دەرکردووە دوایی هەڵبەستێکی موناجاتی خۆی وەها هێناوە:

### هەورامی

موطریب بەو بەداد دڵگیریەوە
پیری، ها، ئاما وە پیریەوە
نەوات وێرانەی دڵ کەرۆ ئاوا
چەنی بەستەی فەرد بیساران مەئوا
ئیستە گرد جە وەخت نادانیم بیەن
فەصڵی سەرمەستی و جوانیم بیەن
ئێستە ها جەگرد پەشیمانم بەرد
نۆبەی پیریمەن، جوانیم و بەرد
وادەی پیریمەن، یارانم تۆبە
تۆبەی تۆ بەمەن، کەرەمدار تۆبە

***

### کوردی

موطریب بێ بەداد دڵگیریەوە
(پیریی) ها واهات بەپیرمەوە
نەوات وێرانەی دڵ بکا ئاوا
بەسۆزی بەستەی (بیساران مەئوا)





ئەمە گشت، کاتی نەزانیم ڕوویدا
ئێستا وا لە گشت دڵ پەشیمان بووم
نۆرەی پیریمە، جوانیی لە دەست چووم
وادەی پیریمە، گەیشتمە تۆبە
تۆبەی تۆبەمە، کەرەمدار تۆبە!

***

لە جێگایەکی ترا بۆ خاڵۆی کۆماسی (ئەحمەد بەگ) ناوێ شاعیر ئەنووسێ:

### هەورامیانە

تەشریف با وەرە جەرگەمان جەم بوو
بەل وەی (جەم) خەمی جەلامان کەم بوو
(بێسارانی)یەن نەتوی فەردی من
خەم چەنی خەمان زومە بۆ ساکن

***

### کوردی

تەشریف بێنە با کۆمەڵمان جەم بێ
بەڵکو بە جەمی خەم سەنگی کەم بێ
(بێسارانی)یە نیوەی بەیتی من
خەم لەگەڵ خەما زوو ئەبێ ساکین

ئەم بێسارانییە کێیە، کە ئەوەندە بەرزبووە، مەولەوی لە ڕێگای تێهەڵکێشەوە (تەضمین) ئەیکات بەتەرجومانی سۆزی دەروون و جۆشی لێکدانەوەی خۆی؟

هەر بەوەشەوە ناوەستێ، بڕوانن لە شوێنێکی ترا بەرامبەر بەم شاعیرە چ زبانێکی ئەخاتە کار:

### هەورامیانە

هەی ڕەحمەت ئەو قەور سەودایی کامڵ
سەرمەشقی مەینەت (بێساران) مەنزڵ
یانە وێرانیی هەر بەمن یاوان
مەتاو و گرتەی کەس و تر دامان

***

## کوردی

هەی ڕەحمەت لە گۆڕ سەودایی کامڵ
سەرمەشقی مەینەت (بێساران) مەنزڵ
کڵۆڵیی تەنیا بەمن فێرە و بەس
لەمن بەولاوە ناوێرێ بە کەس!

***

شاعیرێک، مەولەوی بەسەرمەشقی مەینەت و سەودایی کامڵ بزانێ، هیچ گومان نییە شاعیرێکی بەنرخ و نایابە، بەکەڵکی ئەوە دێت بدۆزرێتەوە و بناسرێ و بخرێتە بەرچاو، بەتایبەتی بۆ نەتەوەی ئێستای کورد، کە نەک دوو چاو، چوار چاوی تاسە و ئارەزوو بۆ میراتی ئەدەبی پێشینانی ئەگێڕێ؛ بەڵام دەستووری بەگەل ناسین و پێش چاو خستنی شاعیرێک وەکو هیچی تر نییە، لەبەرئەوە دڵ ئەخوازێ ئەو لایەنانەی، کە چاپی ئاساری پێشینانیان گرتۆتە ئەستۆ پەلە بکەن، بەڵکو ڕۆژێ زووتر دیوانی ئەم شاعیرە پێشکەش خوێندەواران بێ، بەجۆرێک کە دیوانی (بێسارانی) وا ئەزانم ڕۆژی بڵاوبوونەوە ڕۆژی لای ژوور و گرتنی ناوبانگی مەعینێکی چەندانی نابێ، بۆ سەلماندنی ئەمە بەڵگە بەڕووەوە هەیە.

لە هەموو سەردەمێک و وڵاتێکا خوێندەوارانی ئەدەب و شیعر لە بارەی خوێندەواری و ثەقافەتەوە لە دوو چینی ئەساسی زیاتر نەبوون، چینی بەرز، چینی بۆرە پیاو.

هەروەکو لە تەئریخی ئەدەبا بەرچاو ئەکەوێ بۆ شاعیرێک تەختی ناوبانگی ڕاستەقینە، هەمیشە بەدەستیاوی ئەم دوو چینە دانراوە، هەرچی شاعیرە خۆراکی گیانی بەچ ئەندازەیەک پێشکەشی هەردوو لایان کردبێ، بەو ئەندازەیە دەستیان داوەتە دەستی یەکتری، بۆ ژیاندن و جاویدان کردنی ناوی.

لە خوێندەوارەکانی شیعری (گۆران)ی هەورامیانەدا سەرکردەی چینی بەرز دیارە، بەبێ ترس لێگرتن، (مەولەوی) هەڵ ئەبژێرن، لای ژوورەوە دیمان (مەولەوی) بەچ چاوێکی ئاشنایەتی و حورمەت تەماشای (بێسارانی) کردووە، چەن فەرد (بەیت)ێکیشمان بەرچاو کەوت، کە هی بێسارانییە و تێهەڵکێشی شیعرەکانی خۆی کردووە.

هەر لەو بابەتەدا، تەماشای فەردەکانی دوایی هەڵبەستی (مەولەوی)ش بکەن:





## هەورامیانە

غەریب بیەم چەنیم کەرەم نەمانا
دە سەد قات بەریم خەدەنگی شا

## نامەکەی گۆران بۆ پیرەمێرد(*)

هەڵەبجە ٤-٤-١٩٣٢

ئوستادی موحتەرەم.!

ڕەنگە لە بیریشتان چووبێت: هاوینی ڕابردوو لە دوکانی حەماغای عەطار بەملاقاتێکی بچووکتان، فیضی گەورەم چنگ کەوت بەرامبەر بە مەلەکەی شیعرم، لە ضمنی تەشویقا متفائل دیار بوون. هەرچەن ئەم التفاتەم حرفیاً بەجدی وەرنەگرت، بەڵام چونکە لە شەخصیەتێکی صلاحیتدار و تجربە دیدەی شیعرەوە صادر بووبوو حاشا ناکەم، قوەتێکی مؤثری بەهیوام بەخشی . ذاتا پێش ئەوەش مەفتونی (پەری شیعر) بووم ئینجا بەهەموو ئیشتهایەکەوە تێی ئاڵام (یاخۆ لەشێکی ئەثیری ئاڵام، کەهەر ساتە بەڕەنگێک، لە شکڵی ئەوا دێتە پێش چاوم...

حاصڵی چ ئەوبێت، چ شەیطانێک لە شکڵی ئەوا بەرامبەر بەخوێنێکی زۆری جگەرم دڵی نەرم بووە، چەند جارێک خۆی تەسلیم کردووم... بەری ئەم عیشقە ئاگرینە چەند ڕۆڵەیەکە، هیچیان لە هیچیان ناچن و هەریەکە خوێنێکی جیاوازیان بەلەشا ئەگەڕێت. بەعضێکیان دڵۆپێک چییە خوێنی کوردیان تیا نییە، بەڵام کەم و زۆر جریانێکی پەری پەتی لەناو دەماریانا هەیە بەعضێکیشیان بەعەکسەوە...

لەم ڕۆژانەدا لەدەمی خۆر کەوتنا، لەناو مەنزەرەیەکی جوانی بەهارا، ئاخر بێچوومان هاتە دنیا، بەخوێن، بەکاڵا، بەباڵا، لەبەچکەی کورد، لە ڕۆڵەی پەری ئەچوو... لە خۆشیانا وەختەبوو گەشکەم پێ بگات... نەختێک یان گەلێک لاواز بوو... مع مافیە لاوازی لای من مەطلەب نەبوو. من تەلیسمی سک و زای شیعرم ئەویست شیعری

(*) ئەمە نامەیەکی مامۆستا گۆرانە لە بەهاری ٩٣٢دا لە هەڵەبجەوە ناردوویە بۆ پیرەمێرد، لەسەرەتایی گرتنەبەری ڕێبازی تازەی شیعریا، داوای دەربڕینی لێ ئەکا لەبارەی ئەو ڕێبازە و بەرهەمی ئەو ڕێبازەوە. کاک محمد رسول هاوار لە نامەخانەی کاک مصطفی صائبدا دۆزێویەتەوە. ئەم نامەیە بەڵگەیەکی گرنگە لە ژیانی ئەدەبیی مامۆستا گۆراندا، وە لە هەمان کاتیشا نموونەیەکی جوانی ئەدەبی پەخشانی ئەوسایەتی. ئێمە تەنها دەسکاریی شێوەی نووسینەکەیمان کردووە. -کۆکەرەوە-

کوردیم بۆ ساغ بێتەوە.

ئا بەشەوقی ئەم ئاوات و ئەحلامە شیرینەوە -کەلەپاش تاریکستانی- گومڕایی- وەک نوری ئیمان ڕۆحی لە ئەشکەنجە ئازاد کردم -کەوتمە ناو کۆڵانەکانی هەڵەبجە... بەتەما بووم شەهادەتنامەی جنسیەت، بۆ ئەم جگەرگۆشە عەزیزەم بەهیئەتی اختیاری (وڵاتی خەیاڵ) تەسدیق بکەم...

هەیهات! هیئتی اختیاریە، بەجلی بێگانەوە نەبی پەریزادە ناناسنەوە.

وتیان: پۆپلانەی متنبی و معری عەرەب، مجەوهراتی حافظ و سەعدیی عەجەم، متومورووی نەفعی و باقیی تورکی پێوەنییە. لەبەرئەوە- طبیعي- لە ڕەونەق و جاذبەی جمال محرومە. ئەتوانین بڵێین!- هیچ وێنەیەکی لەپەری شیعر و خەیاڵ ناچێ، هەروا سەرم سوڕما... چەن جارێکی تر، بەسکەی قەڵب و نارەواج، بەدراوی، بێگانە - اشهد باللە-م لەم ذاتانە کڕیوە نازانم ئەوان سکەی ساغ ناناسن یا من حەقایق پێچەوانە وەرئەگرم؟...

بەشکو ئەوان موصیب بن؟ بەشکو من عیلەتێکی نەفسیم لەگەڵ بێت، سەلامەتی فکر و ذوقی تێکدابم؟! بەشکو من لەڕێگەی ضلالت بم...

شەیطانێکی فاحشە، بەعشقێکی حەرام، بەعشقێکی سەفیلی ملوث ئیغوای کردبم؟!

ئەفسوس!... عومری جوانیم بەخەسار گیرا لە پێناوی عەشقێکا کە مایەی هەیکەلی موقەدەسی خاتیرەی حەرامزادەیەک دەرچوو!...

بەدەم ئەم چەشنە مجادلەوە، لەبەینی یأس و ترددا بیابانی خەیاڵم گرتە بەر، نازانم کەمم پشکنی؟ زۆرم پشکنی؟ ئەوەندە ئەزانم لەپڕ بەرامبەر بەمەنظەرەیەکی عولوی حەپەسام... لەجێی خۆم-هەروەک مێخ داچەقیم لەسەر یاڵێکی بەرزی سەوز، پڕ گوڵاڵە، داوێن دارستان لەژێر سێبەری ڕەنگاوڕەنگی چەن پەلە هەورێکی تەنک تەنکا دەروێشێکی نورانی بەرامبەر بەرۆژ ڕاوەستابوو... پڕ بە دۆڵەکەی بەردەمی - کە چەمێکی گەورەی پێچ پێچۆکەی هاژەهاژ، پیا ئەکشا، پەپوولەی هەزار تەرحە ئەجریوایەوە هەزاران بێچووە پەری بەدەوروپشتی سەریا هەڵفڕهەڵفڕیان بوو کە هەریەکەیان ئەوەندەی کۆترێکی تەقلەباز ئەبوون، بەڵام گەلێ جوانتر بوون، ورشەورشی پەپوولەیان گەلێ زیاتر بوو، دەستی ڕاستی، عاسایەکی پرشنگاوی درێژی پێ گرتبوو. بەدەستی چەپیش، دڵێکی لاوی خوێن گەرم و پڕنەبضی بەسنگی خۆیەوە نوسانبوو پرچێکی خاوی درێژ وەک چۆڕی شیر بەسەر شان و ملیا پەخشان بووبوو... ڕیشێکی سپی سپی، سەرسنگی لەگەڵ بەشێکی زۆری دڵە جوانەکەی باوەشی داپۆشیبوو...





دەستی عاساکەی لێ هەڵتەکانم... بەهەڕا کردن ملم نا بۆ لای... لەپاش زیارەتی داوێنی کەوڵەکەی بەخشوعێکەوە پرسیم:

قوربان! بێ ئەدەبی نەبێ- ئێوە کێن؟ بەزەردەخەنەیەکی شیرینەوە جوابی دامەوە: (قەلەندەر)(١)

ناسیم.. ئیتر حاجەت نەما بەپرسین: لە مەعنای عاساکەی دەستی، دڵە تازەکەی باوەشی، ڕاوەستانی لەناو ئەم مەنظەرە شاعیرانەدا... گورج پەلی هەتیوە بەدبەختەکەم گرت و فڕێم دایە بەرپێی... دەستم کرد بەباخەڵما صورەتی شەهادەتنامەکەم دەرهێنا- کە ئیمزا نەکرابوو و تەقدیمم کرد... بە ئیصرارێکی ئیسترحامکارانەوە دەستم کرد بەلالانەوە:

«تو ئەم جێگا موقەددەسە! تو ئەو شیعارانەی بەهەردوو دەست گرتووتن! هەرچی ڕاستە ئەوەم پێ بڵێ...

ئەم هەتیوە حەلاڵزادەیە یا حەرامزادە؟ ئەگەر حەلاڵزادەیە با نەجاتم بێت لەدەست ئەشکەنجەی وەسوەسە، ئەگەر حەرامزادەشە، با جەرگی دایکە فاحشەکەی بسووتێنم، زیندەبەچاڵی کەم!!...»

لەو حەلەوە بەئاگری چاوەنواڕی ئەتوێمەوە: ئاخۆ کەی بێ- حوکمی قەتعی- لە قەلەندەری محترم ببیەم؟

عەبدوڵڵا سلیمان(٢) - هەڵەبجە

## نامەی گۆران بۆ عەلائەدین سەجادی

هەولێر ٦/١١/ ١٩٥٠

کاک عەلائەدین

ڕۆژتان باش! نووسراوەکەتم چوارشەممەی ڕابوردوو، هەر ئەو ڕۆژە کە من نووسراوێکم بۆ خستبوویتە پۆستە پێگەیشت، ڕۆژی هەینیش کتێبەکان وەرگیران، ئەگەر ناساغییەکەی جاری پێشوو باست کردبوو هەڵامەت بووبێ، سوپاست ئەکەم ئەویش گەیشت، سێ ڕۆژە خراپ -نەء- بڵێم باش! داومی بەزەویدا، چونکە ئەم سێ ڕۆژەم، لە سایەی ناساغییەوە بە بەرچاوتێری ڕابوارد، نەوسم نەچووە سەر خوانێک نەتوانم

(١) مەبەستی لە پیرەمێردە.
(٢) هێشتا گۆران نازناوی- گۆران-ی لە خۆی نەنابوو بەناوی عەبدوڵڵا سلیمان-ەوە ئەینووسی.

بیکرم، چی لەمە باشتر ئەبێ بۆ ڕۆژی لاتی؟

بەهۆی گەیشتنی کتێبەکانەوە تەنگانە خەریکە بەسەر ئەچێ، بێ ئەوەی خۆم هیچ تەشەبوسێک بکەم، دائیرەی مەعاریف تەرتیباتێکی دامەزراندووە بۆ ساغکردنەوەی (١٠٠) دانەیەک لەو ڕووەوە سەرفیاتی هەولێر ئەمجارە خراپ نابێ.

ئەمجارە لەگەڵ ئەوەی چاپ بەرەو تەحەسون چووە دوو شتم بەدڵ نەبوو:

١- جیاوازیی حەجم - بەئاستەمێک - لەگەڵ بەهەشت و یادگار، لەبەر نیازی تەجلیدی هەموو بەرگەکان لە پاشەڕۆژا.

٢-خراپیی برین:

بۆ تەقریزەکە سوپاستان دەکەم، چێژ (ذوق)ی کۆن و نوێت جوان تەحلیل کردووە، ئەگەرچی تەنگی جێگا ناچاری کردووی زۆر بەکورتی پەنجەی بخەیتە سەر، دڵ ئەخوازێ لە هەلی خۆیا لەم زەمینەدا دەست و قەڵەم پەردەدارتر ڕادەن، چونکە وا دەرئەکەوێ گەلێک خوێندەواری کورد ئەم مەوزووعە سەرنجی ڕانەکێشاون تا ئێستا.

نازانم ئەحمەد هەردی و شێخ ڕەئووف هاتنە بەغدا یان نا؟ ئەگەر هاتن ئاخۆ کتێبەکان کێی تر وەری ئەگرێ؟

پژمێن و کۆکێن -باوەڕ بکە هیچ بێ تەقەوڕەقە! - لێم ناگەڕێ. با پتر سەری هەردوولا نەیەشێنم، خواتان لەگەڵ!

براتان: گۆران

## نامەیەکی گۆران بۆ گیوی موکریانی

بەندیخانەی سولەیمانی ١٩٥١/٧/٨

برام مامۆستا گیو!

ڕۆژتان باش! نامەی دڵسۆزیتانم وەرگرت. لە تاریکی بەندیخانەدا دڵم گەشایەوە پێی؛ بەڵام بەندیخانە وەنەبێ ئەوەندە تاریک بێ! یان خواستی پیاو خۆی ئەتوانێ باش ڕووناکی کاتەوە بۆ بەرچاو بینین و ڕۆیشتن بەرەو ئامانج!

نامەکەی پێشووتانم وەرنەگرتووە، ئەبێ بەناونیشانی هەڵە ناردبێتتان، منداڵەکان دەستتان ماچ ئەکەن، دایکم و دایکیان چاوی منداڵەکان و چاوی دایکیان ماچ ئەکەن، لەگەڵ دەستی دایکت.

ڕابواردنی بەندیخانەم زۆر بەدڵی خۆمە، هۆی حەسانەوە و خوێندنەوەی تیا مشەیە؛





بەڵام لەبەرئەوەی کلک لە ژێردەستی میری دایە، مەعلووم نییە ئەم بارە تا کەی ئەخایەنێ، هەرچۆنێک بێ، منیش کەرم کۆڵوبارم سووکە، بۆ کوێ ئەفەرموون، وە چۆن ئەفەرموون ئامادەم لە خزمەتیانا بم؛ بەڵام چەق چەقەی ئاشەکەم تەقەتەقی لێ نابڕێ، ئەوانیش وا دیارە هەر ئەو تەقەتەقەیە دەماریان ئەگرێ و، لە عاستم وەک گای هار تۆڕییان ئەکات، منیش هەر ئەوەم لە دەست دێ هەتا بمێنم تاوتاو دەستەسڕی سووریان هەر پیشان دەم بۆ ئەوەی لە قۆچ وەشاندن نەکەون - ناڵێن خوا دنیای بۆ سەیری خۆی دروست کردووە؟ باوەڕ ناکەم سەیر لەمە خۆشتر بێ: هەڵسووڕاندنی گای سپیی گەورە و گوێرەکەی ڕەشی بچووک!

ئەمانە ڕمووزی بەندیخانەن؛ نازانم تاقەتت هەیە تێیان بگەی؟

ئیتر هەر بژین بۆ براتان: عەبدوڵڵا گۆران

## شارلی شاپلن

## هەڵگری پاداشتی ئاشتیخوازیی ئینتەرناشناڵ

شاری شاپلن بەبۆنەی چوونە ساڵی (٧٠)ی تەمەنییەوە هەزاران نامە و تەلگرافی پیرۆزبایی لە هەموو لایەکی دنیاوە وەرگرت، پەیامی ئەمیش بۆ دنیا لە ئاهەنگەکەیا ئەمە بوو:

«هیوام وایە بتوانین چەکی ئەتۆمی و چەکی هیدروجینی لەناو بەرین، لە پێش ئەوەدا ئەوان بتوانن ئێمە لەناو ببەن، پێویستە ئاشتیمان لەناوا بێ و گیروگرفتەکانمان لەسەر مێزی گفتوگۆ چارە بکەین، نەک لە مەیدانی شەڕا.

پاشەڕۆژی جیهان مێشکی بیرکردنەوەیەکی تازە ئەخوازێ، پێویستە هەرچی هێزی تێگەیشتنمان هەیە بیخەینە کار بۆ ئەوەی بیرکردنەوەمان دوورخەینەوە لە گرتنی ڕێگای خوێنڕێژی بۆ هەڵگرتنی هۆیەکانی ناکۆکیمان!»

«لە بڵاوکردنەوەی ئەنجوومەنی ئاشتیی جیهانییەوە».

گۆڤاری بەیان ژمارە ٦ ل ١٥

## هێزێکی ڕاستەقینە لەناو سیاسەتی دنیادا

*پرۆفیسۆر (جی. دی. بەرناڵ) سەرەکی ئەنجوومەنی ئاشتیخوازانی جیهانی لە بڵاوکردنەوەی ئاشتیخوازانی جیهاندا بڵاوی کردۆتەوە.*

لە پاش تێکۆشانی دە ساڵ، کاتی ئەوە هاتووە بڕوانینە ئەنجوومەنی ئاشتیخوازانی

جیهانی لەو ڕۆڵەیا، کە وەک هێزێکی مێژوویی ئەیبینێ، بۆ ئەوەی سەرکەوتنەکانی و ناتەواوییەکانی بکێشین و تەماشای ئەو پێویستییە تازانە بکەین، کە پێشیان لێ گرتووە.

ئەنجوومەن کە دامەزرا وێنەیەکی دەربڕینی بەرگریی گشتی بوو بەرامبەر بەو فەساڵی شەڕی سارده، کە دوا بەدوای شەڕی بەرهەڵستی فاشیزم گورج خۆی پیشانی ئەو نەدا، کە تا ئەوکاتە چاوەنواڕی سەردەمێکی پشوودان و دروستکردنی پڕ لە ئاشتی بوون.

لە هەمووساڵەکانی دوایی ترا، تاقە دەزگای ئینتەرناشناڵ بوو، کە بیری گشتیی جیهانی لەسەر ئەو خەتەرە کۆ ئەکردەوە، کە ڕوویان ئەکردە ئاشتی لە کاتێکا گوتنێکی قورسی ئەخستەکار بۆ گەیشتن بەئاشتییەکی بەرگەگر لە ڕێگای گفتوگۆ و چەک فڕێدانەوە، بەتایبەتی چەکی ناووکی. ئەنجوومەن گورەی بەهێزی تایبەتی خۆیەوە نەکرد، کاری ئەو بریتی بوو لە ئاگادار کردن و ڕابەریکردنی ئەو ئەنجوومەنە نیشتمانییانە، کە ڕۆژ بەرۆژ لە زیادی بوون، لەگەڵ یەکخستنی تەقەللاکانیان بەجۆرێک، کە هەر لەو کاتەدا لەنگەر لەسەر چەند ئامانجێکی کەمی بەپەلە ڕابگرێ.

هەرە کاریگەر و هەرە سەرکەوتوویی ئەو تەقەللایانە ئەوەیان بوو، کە لە دەستپێشکەری گەورەمان - لە دەست چوو - پرۆفیسۆر «جولیۆ کوری» پەیا بوو، خستنەکاری بانگنامەی ستۆکهۆڵم لە ساڵی (١٩٥٠)دا یەکەم پرۆتستۆی گشتیی ئینتەرناشناڵ بوو بەرامبەر بەچەکی ناووکی، ئەم هێزە پاڵ پێوەنەرە هەر لەو دەمەوە دەستی کرد بەزیادبوون و، تا زۆر دوورتر لە ماوەی جووڵانەوە پەرەی سەند، بەوێنەیەکی دیاری لە «ژاپۆنیا و بەریتانیا و ئەڵەمانیای فیدراڵی»، ئەوانەی بێ ورنگ دان ئەوقاتییان بۆ چەکی ناووکی ئەکرد، تەگەرەی سەرەکییان لە بیری گشتیدا هاتە پێش، کە ئەم بیری گشتییە بەچەشنێکی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ خەباتی ئەنجوومەنی ئاشتی بزواندی. بەم تەنگەتاو کردنە حکوومەتان ناچار بوون بکەونە گفتوگۆ، هەر هیچ نەبێ لە بارەی وەستاندنی تاقیکردنەوەی چەکی ناووکییەوە، تەقەللامان ئەگەر لە بابەتی بنەڕەتیدا، کە قەدەغەی چەکی ئەتۆمییە، سەرنەکەوتبێ؛ بەڵام پتر لە جارێک ڕێکەوتووە، کە توانیویەتی بەشدار ببێ لە بەر لێگرتنی بەکارهێنانی ئەم چەکەدا، بەوێنە لە کۆریا و ڤییەتناما.

سەرکەوتنێکی ڕاستەقینەش؛ بەڵام سنووردار (محدود) چنگ کەوتووە، لە مەبەستی ناوەندیی چارەکردنی ناکۆکیدا لە ڕێگای لێدوانەوە، وە گەیشتن بەبارێکی پتەوی (هاو هەبوونیی بەئاشتی) گەورەی دەوڵەتە زلەکان زۆر نزیکە بەم زووانە کۆببنەوە.





بۆ ئەوەی ئەم دووەم کۆبوونەوەیە بەردارتر دەرچێ لە یەکەم، هەروەک باری شلۆقی دنیای ئەمڕۆ ئەخوازێ پێویست هەیە بەسازدانی تەعبییەی بیری گشتی لەناو جیهانا.

کۆبوونەوەی ئەنجوومەن، بەتایبەتی لە ڕێگای کۆکردنەوەی کۆنگریسە زلەکانییەوە، یاریدەی خۆ ڕێکخستنی هێزەکانی ئاشتی داوە، خزمەتی بووە بۆ ئەوەی کەسان و نوێنەرانی گەلان لە هەموو لایەکی دنیاوە کۆبکاتەوە، ئەم کۆبوونەوەیانە وەک کۆبوونەوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سنووری تەسکی سیاسەتی نەتەوەیی و مۆرکی (هەیبەتی) نەتەوەییدا ڕانەگیراون، لە کار نواندنا وەک پارلەمانێکی هەموو ئینسانەکان وا بوون، کە گشت بابەتە ژیانییەکانی ئاشتی و شەڕیان تیا باس کراوە، ئەو سیاسەتانەیان تیا وەرگیراوە، کە بگونجێ ڕەزایی گشت لایی ڕاکێشن، هەروەها ئەو پێک گەیشتنەیش کە لەناو ئاشتیخوازانی شوێنانی جیاوازی دنیادا پێک هێنراوە کەڵکی زۆر بووە، بەم جۆرە لێک گەیشتنی بەرامبەری و پێکا پەرموونەوە بەرەبەرە زیادی کردووە، لەمانەوە گەیشتووە بەو جووڵانەوەی ئاشتیخوازیی نیشتمانییە، کە نوێنەری بوون و لەم ڕێگایەوە دەزگایەکی یەکگرتوویان پێکەوە ناوە بۆ بیروباوەڕێکی گشتیی وا، کە توانیویەتی تێگەیشتووان بەرامبەر بەبارگۆڕینی ئەو کارەساتانەی بوەستێ، کە لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوودا هاتوونەتە ڕێی جووڵانەوەی ئاشتی.

لەم پێناوەدا هەرە گرنگ بڵاوبوونەوەی جووڵانەوەی ئاشتی بووە، بەناو هەموو دنیادا لەگەڵ ئەو ئەڵقە پەیوەستانەی جووڵانەوە دروستی کردووە لەگەڵ خەباتی پڕ ڕزگاریی نیشتمانی، کە سەرکەوتنە ڕوو لە زیادەکانی فەساڵێکی زۆر دیاری وا بەختیارانەی ئەم سەردەمە بوو لە پێشوازی و پشتگیریی ئەم سەرکەوتنانەدا، ئێمە هەستمان بەوە کردووە، کە یاریدەیەکی چاتری بابەتی ئاشتیی جیهانی ئەدەین، لە ڕێگای قورسایی بیری گشتیی جیهانییەوە بۆ بەرگریی ئەو تەقەللایانە وەستاوین، کە بۆ تەگەرە دانان دراون لە ڕێگای ڕزگاریی نیشتمانیدا.

جووڵانەوە هەر بەهێنانەدی پێویستە سنووردارەکەی خۆیەوە نەوەستاوە، قەدەغەی شەڕ! ئەو هەمیشە لە ژوور ئەمەوە ڕوانیویەتی بۆ وێنەی دنیایەک، کە هەمیشە لە ئاشتیدا بژی، وە بۆ بەکارهێنانی ئەو سەرچاوانە، کە ئێستا لە شتی بێ کەڵکا بەکار ئەهێنرێن بۆ تفاقی شەڕ لە شتێکا کە کەڵکی گشت ئینسانەکان بگرێ، دەستپێشکەریی ئەنجوومەن بەشتێ کۆنفرانسی ئابووریی مۆسکۆی پێکهێنا لە ساڵی (١٩٥٢)دا، کە ئەمە یەکەم جەولە بوو بۆ خاوکردنەوەی ئەو بەندانەی لەسەر بازرگانیی جیهانی هەیە، بەتایبەتی هەرە خۆشەویست لە دڵی سەرەکی لە دەست چوومانا (جولیۆ

کوری) ئەو ئارەزووە بوو، کە زانست بەتەواوی تەرخان بکرێ بۆ خزمەتی ئاشتی و، ڕزگار بکرێ لەو پەردەی نهێنییەتی، کە خراوەتە سەری، لێرەدا سەبارەت تۆمارکردنی سەرکەوتنەکانی کۆنفرانسی (ژنێف)مان ئەکەوێتە سەر، لە بارەی ئاشتی و ئەتۆمەوە لە تەختێکی ڕەسمیدا، لە تەختی نارەسمیی کۆبوونەوەی زانا گەورەکانا، کە بێزاریی خۆیان دەربڕی بەرامبەر بەشەڕی ئەتۆمی و پەرۆشییان پیشان دا لەبارەی تاقیکردنەوەی چەکی ناووکییەوە، لە خزمەتی ئاشتیدا ئەڵقەیەکی تریش بۆ پەیوەستیی ناو گەلان بەرزکردنەوەی هەستی پەسند بوو بەرامبەر بەکەڵچەری (ئینتەرناشناڵ)، کە لەلایەن ئەنجوومەنەوە یاریدەیەکی باش درا بەدانانی پاداشت و بەدامەزراندنی جەژنی بیرەوەری، بەم جۆرە ئەنجوومەن خۆی ماندوو کرد، کە ئاگادارییەکی گشتی لە ئایدیالی مرۆڤایەتیدا بنوێنێ، کە لە دنیایەکی ئاشتیدا نەبێ نایەتە دی.

ئەو جووڵانەوەی خرایە گەشە لەلایەن ئەنجوومەنی ئاشتیخوازانی جیهانییەوە، لە ڕووی ڕاستییەوە، لەوە زیاتر دەرچوو کە داهێنەرەکانی ئارەزوویان ئەکرد: هێزێکی ڕاستەقینە لەناو سیاسەتی دنیادا! بێ ئەوەی هێزێکی دیاری بەدەستەوە بێ توانی – ئەنجوومەن– کە خەڵکی زۆری گەلان ئاڕاستە بکا و ڕایان بهێنێ بەو بیروباوەڕە، کە لە ماوەی جووڵانەوەی ڕێکخراوەکانی پەرەدارتر بڵاوبووەوە بەناو گەلانا و، لەلایەن ڕای گشتییەوە پەسندکرا و بەجۆرێکی ناچاری داسەپی بەسەر دەوڵەتە هەرە بێزارەکانا، لەم ڕێگایەوە ئەنجوومەنی جیهانیی ئاشتی و ئەنجوومەنە نیشتمانییەکانی لەم دە ساڵەی دواییدا توانییان کاری خۆیان بنوێنن لە بەرهەڵستیی ئەو هێزانەدا ملیان نابوو بۆ شەڕنانەوە، بەڵێ نەیانتوانی بیانگێڕنە دواوە؛ بەڵام بێ زیانیان کردن.

بۆ لەمەوپاش تەقەللای گەورەتریش پێویستە، پێویستمان بەوە هەیە هێزی گەلێ گەورەتر لەوەی تا ئێستا پێکمانەوە ناوە، بەتایبەتی دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و لە وڵاتەکانی ئەوروپای ڕۆژئاوا، کە لەو شوێنانە لایەنگرانی شەڕی ناوکی (نەوەوی) و هێز بەکارهێنان هێشتا قسەیان ڕەوایە و جووڵانەوەکانی ئاشتیخوازییان پارچە پارچەن و لەژێر چەپۆکان.

مانگان و ساڵەکانی لەمەوپێش تەقەللای گەورەتر ئەخوازن لە هێزەکانی ئاشتی لەوەی تا ئێستا کراوە. ناچار بوونی دەوڵەتە زلەکان بەکۆبوونەوە و لێدوان لە بابەتی ئەڵەمانیا و ئاسایشی ئەوروپا چنگکەوتێکی باشە، بەڵام هەر لە سەرەتا و، لە نیازە دەربڕاوەکانیان دەرئەکەون، کە ڕێککەوتنیان لەسەر شتی زۆر کەم ئەبێ، یان هیچ نابێ، ئەمە لە کاتێکا کە بابەتی ڕێککەوتنیان شتێکی ژیانییە؛ چونکە گرژیی شەڕی





سارد گەیشتۆتە ڕادەی بەرگە نەگرتن وە وای لێ هاتووە ڕووداوێکی زۆر بچووک ببێتە هۆی هەڵگیرسانی شەڕێکی ئەتۆمیی گشتی، لەبەرئەوە پێویستە ڕای گشتی زۆر وریا و لەسەر پێتر بێ بەدرێژایی سەردەمی گفتوگۆ، هەروەک (جولیۆ کوری) ئەیوت: کاتی ئەوەیە گەلان ئاشتی داسەپێنن بەسەر دنیادا!

گۆڤاری بەیان– ژمارە ٦ لاپەڕە ١٧

## زانا و مرۆڤ فریدریک جولیۆ کوری

نووسینی: دکتۆر جۆرج حەنا

لە گۆڤاری (الطریق)ەوە وەرگیراوە

«زانستی بێ ویژدان گیانکوژە»... ئەمەبوو دروشمی فریدریک جولیۆ کوری ئەو زانایەی، کە ئەگەر بەناوبانگترین زانا نەژمێردرێ، ئەبێ ئینسانیترین زانا بژمێردرێ.

ئەم زانا گەورەیەی، کە زوو دنیای ڕۆشنی بەجێ هێشت، توانی میراتێکی وا بەجێ بهێڵێ بۆ ئینسانییەت، کە کەم کەس توانیویەتی میراتی وا بەجێ بهێڵێ.

فریدریک جولیۆ کوری مەیلی بۆ زانست لە کەسەکانییەوە وەرگرت و خۆیشی مەیلی بۆ تەرخانکردنی زانستی بۆ خزمەتی ژیان خستە سەر، جولیۆ کوری گیانی خۆی وا هیلاک کرد، کە هیچ کەسێک نەی کردبێ، بۆ ئەوەی دەرگای نەزانین بشکێنێ لە زانیاریی لەتکردنی ئەتۆمەوە، ئەشعاعی ئەتۆمییەوە، کە ئەم دەرگایەی شکان و خستییە سەرپشت بۆ هەموو کەسێک، کە باوەڕی بەڕێگەکەی هەبێت، ئازاری هیچ شتێک لای نەئەگەیشتە ئازاری ئەوەی، کە زانست و زاناکان بکرێن بەسوخرە بۆ ئیشی ڕووخاندن لەباتی بیناکردن.

زۆرجار فریدریک جولیۆ کوری تەنگی پێ هەڵچنراوە لەلایەن هێزی شەڕەوە لە کاتێکا وای لێ هات حکوومەتەکەش پشتی تێ کردووە و بەناڕەوایانە ئیستیقالەی پێ کرد لە مفەوەضیەتی ئیشی ئەتۆمیدا ئەو مفەوەضیەتەی، کە دروست نەئەبوو لە فەرەنسەدا ئەگەر عائیلەی (کوری) و ڕۆڵەکەیان (فریدریک جولیۆ کوری) نەبوایە، وە بەم کردەوە ناڕەوایە حکوومەتی فەرەنسا لەبەرچاوی هەموو گەلانی جیهان سووک بوو.

ڕۆژێک لە ڕۆژان لە ساڵی (١٩٥٠)دا بەریتانیا نەیهێشت جولیۆ کوری بچێتە خاکەکەیەوە، لە کاتێکا ئەگەر ئەو نەبوایە، وە گیانی خۆی نەخستایەتە خەتەرەوە، وە (ئاوی قورسی) بەدزییەوە لە فەرەنسای داگیرکراوەوە نەبردایەتە بەریتانیا، ئالەتی

شەڕی هیتلەری زۆر گرانتر ئەبوو لەسەر بەریتانیا وەک قارەمانێک چوون بەپیرییەوە؛ بەڵام لەساڵی (١٩٥٠)دا بەدەرکراوی لە (لیمانی دۆڤەرەوە) گیرایەوە.

زۆر گران بوو لەسەر هەردوو دەوڵەتە گەورەکان، فریدریک جولیۆ کوری لە پاش شەڕ بەزانایەکی ئینسانی ببینن و، ئەیانویست زانایەک بێت بەسوخرە گیرابێت بۆ ئامانجە شەڕاوی و ڕووخێنەرەکانیان.

بەڵام ئەمە لە عەزمی خۆی نەیهێنایە خوارەوە، لە هەوڵدانا مایەوە بۆ پێکهێنانی یەکێتییەک لە بەینی زاناکانی وڵاتاندا و، دروشمی یەکێتییەکەیان، دروشمەکەی خۆی بێت، کە ئەویش (زانستی بێ ویژدان گیانکوژە)، وە هەروەها پێک بێت لەسەر بیرێک کەوا زانیاری نەبێ بۆ خزمەتی دوژمنانی ژیان، وە ئەم هەوڵەی تا ڕادەیەک سەری گرت؛ بەڵام بەتەواوەتی سەری نەگرت چونکە ئەوەی (جولیۆ کوری) هەوڵی بۆ ئەدا، نە ئەلوا بۆ ئەو دەوڵەتانەی، کە خاوەنی سیاسەتی قوەتن، وە ئەم دەوڵەتانە دەستیان کرد بەهەڵدانی چەند زانایەک لە زۆر ڕێگەوە، وە ئەم چەند زانایە وازیان لە بانگە پیرۆزەکەی زانای ئینسانی (جولیۆ کوری) هێنا بۆ شتێک، کە کەمترین ناوی لێ بنرێ، ئەوەیە کە بەهیچ جۆرێک لەگەڵ شەرەفی زانیاریدا، وە هەروەها لەگەڵ ئینسانیەتی زانیاریدا ڕێک ناکەوێت.

بەڵام ئەمە پەستی نەخستە دڵی گەورەی ئەم پیاوەوە، چونکە لە پاش ئەم سەرنەکەوتنە ڕووی کردە ڕای گشتیی جیهانییەوە، وە سەیری کرد ئەمان باشتر ئەچن بەپیریەوە، وە باشتری تەئیید ئەکەن لە چەند هاوەڵە زاناکانییەوە، ئەوانەی کە وازیان لە شەرەفی ڕێگەی زانیاری هێنا و فرۆشتیان بە (چێشتێکی نیسکێنە).

(فریدریک جولیۆ کوری) لە ساڵی (١٩٤٩)دا لەگەڵ ڕای گشتیی جیهانیدا لەسەر وەعدێک بوو لە پایتەختەکەی حکوومەتی فرەنسەش خۆیدا، کە ئەمەش بەرەنگارییێکی بەخشی بەرامبەر بەو حکوومەتەی، کە پشتی لە جولیۆ کوری کرد، کە یەکێک بوو لەوانەی کەوا شانازی پێوە ئەکرا لەنێوان پیاوانیدا، هەر لەو کاتەدا بوو، کە ڕای هەموو جیهان گەیشتبووە لووتکەی تووڕەیی و ئەوپەڕی بێزاری لەسەر بۆگەنترین تاوان، کە لە (یوکوهاما) و (ناکازاکی)دا کردیان، وە بەرامبەر بەو کەسانەی، کە هەمیشە خەریکی ڕێکخستنی چەندەها پیلان بوون بۆ ئەو چەشنە تاوانانە، وە لەوەش پیستر و ناحەزتر؛ بەڵام ڕای گشتیی جیهان ئەگەڕا بۆ سەرۆکێک، کە هێرشێکی چلیپاییانە (صلیبیة) زدی هێزی ئەهریمەن (شەڕ) بەرێت.

ئەوەبوو (جولیۆ کوری) لە شێوەی زانایەکی ئینسانیی گەورەدا وەکو سەرۆکێک خوا





ڕەخسانی بۆی، وە لە دایکبوونی بزووتنەوەی ئاشتیی جیهانی گەورەترین هێرشێکی چلیپاییانە بوو بۆ سەر ئەهریمەن. وە لە جەرگەی ئەم بزووتنەوەیەوە دەنگی فریدریک جولیۆ کوری سەرۆک بڵند بووەوە و ڕووی قسەی کردە هاوڕێ زاناکانی لەهەر وڵاتیک بن، وە وتی «ئێمە کە بە زانا ناسراوین ئەمڕۆ بەرامبەر بەمەسئولییەتەکانمان ئەوەستین، وە لەو بڕوایە داین، کە بێ گومان زۆر پێویستە بەربەرەکانیی هەموو جۆرە ڕەشکردنەوەیەکی ڕەهبەری زانست بکەین، وە زانایانیش لە توانایانا هەیە، کە ئەم بەربەرەکانییە بکەن، زانایان نایانەوێ لەژێرەوە دەست تێکەڵ کەن لەگەڵ ئەو یاسا کۆمەڵایەتییە بۆگەنانەدا، کە ئەیانەوێ بەرهەمی هەموو کۆششە زانیارییەکانیان بەرەو چەند ئامانجێکی پڕ مەترسی ئاڕاستە بکرێن:

زانایان نایانەوێ وە ناشبێت لێیان بوەشێتەوە، کە گۆشەگیر بن و لە ژیانی گشتی دوورەپەرێز بوەستن، پێویستە لەسەریان هەروەکو خەڵقانی تر هەمیشە لەکاردا بن و بەرهەمی داهێنانە زانستیەکانیان بۆ خزمەتی گەل تەرخان بکەن، زاناکان پتر لە خەڵقی تر هەست بەگرنگترین بەختیاری ئەکەن کەوا هەر داهێنانێکیان گەورەترین مژدەی کامەرانی و خۆشیی ئادەمیزادی تێدایە، بەبێ ئەوان زیاتر لە خەڵقی تر ئەوە چۆتە دڵیانەوە، کە جونبوشی داهێنانەکانیان لە ڕێگەی سووککردنی ئازاری ئادەمیزاد و گۆڕکردنی سەدەها نەخۆشی و قڕان و کارەساتدایە، ئەوان گەلێک لە خەڵقی تر زیاتر هەست بەبەرهەمی ئەو داهێنانە ئەکەن، کە گەلان سوودی لێ وەرئەگرن، وە ژیانیان پێ خۆشتر ئەکەن، ئەوان لە خەڵقی تر گەلێک زۆرتر هەست بەو دڵخۆشییە ئەکەن کە بە داهێنانە ئافەریدەکانیان ئەیبەخشن بەئادەمیزاد. زاناکان هەست بەمانە هەموو ئەکەن، هەروەها هەست بەوە ئەکەن، کە تا چ ڕادەیەک مەسئولن لەمەدا، کەواتە زۆر پێویستە لەسەریان نەیەڵن زانستەکەیان بۆ وێرانکردن و ڕووخاندن بەکاربهێنرێت، پێویستە لەسەریان شان بەشانی دەستەچیلەی بەربەرەکانیکەرانی کردەوەی ڕووخاندن و وێرانکردن بڕۆن، وە لە هاوشانی ئەو پێشەنگانەوە بڕۆن، کە داوای ئامادەکردنی ڕای گشتیی جیهانی دژی شەڕ دەکەن. زاناکان زۆر چاک هەستیان بەوە کردووە، کە زانست چی پێشکەش کردووە و، لە دواڕۆژیشدا چی پێشکەش ئەکات بۆ بیری ئادەمیزاد لە جیهانێکدا، کە کۆتری ئاشتی شاپەڕی بەسەریا شۆڕکردبێتەوە.»

وە لەسەر هەمان مینبەرەوە بوو، کە (جولیۆ کوری) هەموو دەوڵەتان و گەلانی جیهانی بانگ ئەکرد، بێ ئەوەی گوێ بداتە شێوەی یاسای سیاسی و کۆمەڵایەتی و جۆری ژیان، بۆ پتەوکردنی زانیارییەک یەک لەیەک هەڵێنجێنن و کار لە یەکتر بکەن،

وە بۆ سەوا لەگەڵ یەک کردنێکی ئابووری لە مابەینی میللەتاندا و، بۆ کردنەوەی گرێی گیروگرفت نەک بەزۆر، بەڵکو بەخوایشت، چونکە زۆرەملایەتی هیچ ڕۆژێک لە ڕۆژان گرێیەکی تا سەر نەکردۆتەوە، بەڵکو تەنانەت لەوانەیە کە هەزار گرێی تریش بخاتە پاڵ گرێ کوێرە کۆنەکەوە، بزووتنەوەی ئاشتی لە جیهاندا بەسەرۆکایەتی ئەم پیاوە گەورەیە ڕۆژ بەڕۆژ لە گەشە و پەرەسەندندا بوو وە تا ئەهات فراوانتر ئەبوو، زیاد لە هەموو بزووتنەوەکانی تر ئەم بزووتنەوەیە ئاواتی گەلانی تینووری ئاشتی و ژیانێکی چاکتر بووە، وە ئەم بزووتنەوەیە داوای ئەکرد و، ئێستاش داوا ئەکات، کە واز لە سیاسەتی زۆرداریەتی و ئیمپریالیزمی بهێنرێت، وە بەڕاستی دان بنرێت بەوەدا، کە هەموو گەلێک مافی ئەوەی هەبێت، کە چارەنووسی خۆی بە دەستی خۆی بێت، وە ئەو جۆرە ژیانەی لەگەڵیا ئەگونجێت خۆی هەڵیبژێرێت بێ ئەوەی بێگانە دەست بخاتە کاروباری ناوخۆیەوە.

(فریدریک جولیۆ کوری) و بزووتنەکەی گەورەترین دوژمنی ئیمپریالیزم و شەڕخواهەکان و سیاسەتی ڕاکردن بەدوای خۆ چەکدارکردندا بوو، هەروەها سەختترین دوژمنی پەیمانە دوژمنایەتییەکان و هەموو جۆرە بیروباوەڕێکی خەڵک لە یەک تەریک کردنەوە و هێزی شەڕ بووە، وە هەر ئەمەش بوو، کە بەنەبەزترین دوژمنێکی شەڕخواهان ناوی خستە دنیاوە. هەروەکو شەڕخواهانیشی بەهەمان ئەندازە بەرەو ئەوە ئەبرد، کە بەهەموو جۆر بەختەتاباری لە قەڵەم بدەن؛ بەڵام ئەو سوچ و گوناهانەی، کە ئەوان بۆیان هەڵئەبەست، بێ گومان ئێجگار بازاڕی و بێ نرخ بووە، بەڵێ زۆریان تەقەللا ئەدا، کە بەرهەڵست و کۆسپ بخەنە بەر ڕێگەی سەرکەوتنی هەوڵ و کۆششە پڕ بەرهەمەکانی؛ بەڵام (جولیۆ کوری) نەبەز هەمیشە هەر لە نەبەردا بوو، وە هەر بەهەمان هێز تا دوا هەناسەی ژیانی بەمەزنیی مایەوە مەزنی لە خەباتە زانستییە پڕ سەخت و ماندوویەتییەکەی کەوا تەواوی ژیانی لە موختەبەرەکاندا بۆ تەرخان کردبوو مەزەندی لەو جەنگاوەرییە ئینسانییە پڕ ئێشوئازارەیدا، کە ئەی کرد بەرامبەر بەشەڕخواهان.

جولیۆ کوری خزمەتێکی کرد بۆ نیشتمانەکەی، کە مەگەر هەرخۆی کردبێتی، وەکو زانایەک لە موختەبەردا، کە ناوبانگی هەموو دنیای ئەگرتەوە، وە لە پێشەنگی بزووتنەوەی بەربەرەکانی کردنی داگیرکەرە هیتلەرییەکان لە کاتێکدا، کە تا بیناقاقایان بەپیسترین کارەساتەوە تێوە گلابوون، تەنانەت لە پاش کارەساتی ناوبراویشدا هەمیشە هەر لە پەرەپێدانی بزووتنەوە پڕ جۆشەکەی خۆیدا بوو چ لە بابەت زانستییەوە و، چ لە دنیای ئینسانیەتەوە. ئەم پیاوە بەهیچ جۆرێک کۆڵی نەئەدا بەرامبەر بەوانەی، کە





ئەیانویست دووبارە فرەنسە بهاوێژنە باوەشی پیلانەوە، ئەولای وابوو ئەگەر بێتو فرەنسە بکەوێتە دەستی ئەوانەی، کە ئەم پیلانە ئەگێڕن، چ لە ناوخۆیدا، وە یاخود لە دەرەوەی، بێ گومان وای لێ دێ کاتێ دێتەوە هۆش خۆی، کە گەورەترین کارەسات و قورسترین نەگبەتییەکی تری بەسەرا هاتووە.

خۆزگە حکوومەتی فرەنسە پایەی گەورەیی ئەم پیاوەی لەبەرچاو ئەبوو لە ژیانیدا، نەک پشتی تێ بکردایە و هەموو خەباتەکانی بخستایە ژێر پێوە، بۆ ئەوەی گۆی شەڕەف و سەرکەوتنی ببردایەتەوە لە ڕیزی دەوڵەتاندا ئەگەرچی لە کاتێکدا کە دنیای ڕۆشنی بەجێ هێشت (برتوان)ی وەزیر وتارێکی دوور و درێژی لەسەر تەرمەکەی خوێندەوە؛ بەڵام ئەم وتارە بەو هەموو بەلاغەتەوە وەنەبێ حکوومەتی فرەنسەی بەخشی بێ لەو گوناهبارییەی، کە بەرامبەر بەو هاووڵاتییە بەشەڕەفەی کردی.

جارێکیان لە شوێنێکدا چامان بەیەکەوە ئەخواردەوە لە یەکێک لە هۆدەکانی کۆنگرەی ئاشتیدا لە (وارشۆ)ساڵی (١٩٥٠)، لە کاتێکدا کۆنگرە لە شاری (شیفلد)ەوە لە ئینگلتەرە گوێزرایەوە بۆ (وارشۆ). (وەکو گوتمان لەوکاتەدا کە جولیۆ کورییان لە مینای دووڤەرەوە گێڕایەوە) پێی وتم جووڵانەوەی ئاشتی چۆن ئەڕوات لە لوبنان؟ ئایا تەنگوچەڵەمەتان دێتە ڕێ لەلایەن حکوومەتەکەتانەوە؟ وتم تەنگوچەڵەمە یەک بەدوای یەکدا دێن؛ بەڵام جووڵانەوەی ئاشتی هەر بەسەرکەوتوویی ئەڕوات بەڕێی خۆیدا سەرەڕای تەنگوچەڵەمەی ئاسایشی گشتی (الأمن العام) جولیۆ کوری دەستی کرد بەقاقای پێکەنین، کە ناوی (ئاسایشە گشتییەکەم) برد، وە بەنەختێک تەوسەوە پێی وتم وا دیارە ئەوەی لای ئێوە پێی ئەڵێن، ئاسایشی گشتی بەڕاستی ئاژاوەی گشتییە هەروەکو لە نیشتمانە خۆشەویستەکەی منیشدایە (فرەنسە)، ڕەنگە ئینتدابی وڵاتەکەم لەسەرتان وڵاتەکەتانی تا سنگێکی وەک سنگەکەی مەلای مەزبوورەی تیاکوتا، ئێمە ئەو عەرەبە نین، کە باسی سنگەکەی مەلا ئەکەن؟ داخەکەم کە ئینتداب ئەو سنگەی لە خۆتانەوە، وە لەناو خۆتاندا دروست کردووە. ئینجا ئەوەتان لەسەر ماوە، کە ئەو سنگە بەدەستی خۆتان هەڵکێشن، پێویستە لەسەرتان، کە خۆتان لە ئێمە ئازاد بکەن، وە لەوانەش کە بوون بەسنگ بۆ ئێمە. چوونەتە سەر ڕێی ئازادی ئەوەتان لەسەر ماوە، کە ڕێگاکە تادوایی ببڕن. ئینجا پیاڵەی (چا)کەی هەڵبڕی (چونکە هیچی تر لەسەر مێزەکە نەبوو) وتی با نەخبی سەربەستیی گەلی لوبنان بخۆینەوە.

فریدریک جولیۆ کوری چەند بە شەڕەفی!!

وا ئەزانم گەلانی هەموو جیهان هیچ ئینسانێکی تریان ئەوەندەی تۆ خۆش

نەویستــووە و بەڕێز نەیان گـرتووە. وە گـەلان هەمـوو تەقـدیری تێکۆشـانی زانسـتی و ئینسـانی ئەکەن، وە ئێمەش کە لەژێر ئالآی ئەما ڕۆیشتین وە لەژێرەوە چاکەیمان تاقی کردەوە، ناوی کوری ئەمێنێتەوە بۆمان ئەبێ بەنیشانەیەک، بۆ ئەم جوولآنەوە پیرۆزەی کە دایمەزران و، ئەوەی کە گیانی کرد بەبەریا بەزانینەکەی و، بیر و دڵی و مێشک و جوانی، وە ناوی بەنەمری ئەمێنێتەوە لە دڵی گشت ئینسانێکی بەشەرەفدا.

## پێشەکی ئەم ژمارەیە

«وتاری پێشەکی بۆ گۆڤاری شەفەق- بەیان»

خوێندەواری خۆشەویست!

ئەم ژمارەیەی بەیان -شەفەق- کە ئەکەوێتە دەستت ئەبینی هەندێک گۆڕینی بەسەرهاتووە، بەوێنە: بەشی عەرەبی هەڵگیراوە، سەرتاپای گۆڤار بووە بەکوردی لە ئاراستەیا ڕێگای ئاشتیخوازی بەجۆرێکی ڕوونتر لە جاران گیراوە، لە ناوەکەشی لە شەفەقی عەرەبییەوە بووە بە (بەیان)ی کوردی.

هەر لەمەندە سرنجا بۆتان دەرئەکەوێ، کە دوو ئامانجمان گرتۆتە پێش چاو:

- یەکەم: گۆڤاری بەیان تەرخان بکرێ بۆ خوێندەوارانی زمانی کوردی و بەس، چونکە گۆڤارێک ناتوانێ لە هەمان کاتدا خزمەتی دوو زمان بکات، ئامانجی خوێندەوارانی هەردوو زمان لە یەک ڕادەدا پێک بێنێ، بە وتەی بازاڕی بدوێین، نامانەوێ بەنرخی (١٠٠) فلس بایی (٥٠) فلس خوێندنەوە پێشکەش هەردوولای کوردی خوێن و عەرەبی خوێن بکەین.

- دووەم: لەم ڕۆژەدا کە پاراستنی ئاشتی پێویستی هەرە لە پێشی هەموو ئینسانێکی بەشەرەفە، ئاوات و هیوای گەلانی جیهانە، هەموو گەلانی جیهان، مەیدانی تێکۆشانێکی نەبەزانەی دەوڵەتە پێشکەوتووەکانە، کە هاوبەشیی جەمهوریەتە خۆشەویستەکەمان لەم تێکۆشانەدا مایەی شانازیی گشت ئەندامێکی گەلی عێراقە بەهەموو نەتەوە و چین و دەستە و کۆمەڵەکانییەوە؛ ئا لەم ڕۆژەدا نەبوونی خوێندنەوەی سەر بەئاشتی گومان نییە ناتەواوییەکی گەورەیە لەبەرچاوی هەموو دڵسۆزێکا، وە ئەچێتە سەر کەڵەکە ناتەواویەکانی تر.

جوولانەوەی ئاشتیخوازی لە پێش هەموو شتێکا لەسەر خەباتی بیر و تێگەیاندن بەندە، خەڵک تا زۆرتر لە ڕاستی تێ بگەن لە بارەی شەڕ و ئاشتییەوە تا ئاگادارترین لە نرخی توانستی خۆیان بۆ وەستاندنی شەڕ و پاراستنی ئاشکرایە گەرمتر دێنە ڕیزی





تێکۆشانەوە.

لە هۆیەکانی بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی جوولآنەوەی ئاشتیخوازی لەناو گەلی کوردزمانا، لامان وایە هەرە گرنگیان لە پاش ڕادیۆ بڵاوکراوەیەکی کوردییە.

لە ماوەی وزە و دەسەڵاتمانا، بیرمان کردەوە لەوەی بۆ ئەم مەبەستە گۆڤارێکی کوردی دەرکەین، لەپاش هەندێک سەرهێنان و سەر بردن لەگەڵ خاوەندی ئیمتیاز و سەرنووسەری لێپرسراو کاک عەبدولقادر بەرزنجی ڕێککەوتین، کە ئەو گۆڤارە بەیان - شەفەق- بێ، لە پاش ئەو دەستکارییانەی، کە لەم ژمارەیەدا ئەکەونە بەرچاوی خوێندەوارانی خۆشەویست، ئەمجا ئەگەر خوێندەوارانی بەڕێز لەو بیرەدا کە لەم ژمارەیەوە پێکەوەی ئەنێین لە گەڵمان بن لە بۆچوونمانا، هەم هۆی شانازیمان ئەبن، هەم ئەبن بەهاندەرێکی نرخدار بۆ هێزی هەنگاوەکانی لەمەو پاشمان.

ناتوانین لە ئێستاوە دەست بدەینە بەڵێندانی گەش گەش لەبارەی هەنگاوەکانی پاشەڕۆژمانەوە، چونکە ئەو هەنگاوانەی گۆڤارێک ئەیهاوێت، هێز و توانست تەنیا لە هەڵسووڕێنەرەکانی وەرناگرن؛ بەڵکو ڕۆڵی ئەوان لە پێشکەوتنیا هەرگیز ناگاتە ڕادەی هاندان و بازاڕ گەرمییەک کە خوێندەوارەکانی پیشانی ئەدەن، تەنانەت دڵسۆزی و خەمخواریی نووسەرە لاوەکییەکان، بگرە لە ئەندامانی بنەڕەتی هەڵسووڕاندن پتر ئەتوانن گەشە بدەن بە (بڵاوکردنەوە)یەک، وە پاڵی پێوەبنێن بۆ پێشەوە.

ئەوەی لەسەر ئێمە بێ لەم پێناوەدا بەدڵسۆزی تا ڕادەی لێبووردن بۆ ئەوەی گۆڤاری (بەیان) لەسەر دەستووری (گۆڕینی سروشتی بەرێوەبەرین، دەستووری گۆڕین لە جەمهوریەتی خۆشەویستی عیراقا بەسەردەمی هەڵچوونی شۆڕشیدا ئەڕوا، هەر مانگە شۆڕشێک، هەندێ مانگ چەند شۆڕشێک، بۆ هاوپێیی کردنی ئەم هەموو شۆڕشە گورجانە ئەگەر خوێندەواران و نووسەرانی خەمخواری ئاشتی و بیری کوردی دەستمان بگرن و بۆ پێشەوە پاڵ بەرەوڕەوەی بەیانەوە بنێن، ئێمەش دڵنیایان ئەکەین، کە ماوە نادەین ڕەنجیان بەفیڕۆ بڕوات!...

گۆڤاری (بەیان) ژمارە ٣ ساڵی ١٩٥٩

## ئاشتی و سامانی بیر

*لە بڵاوکردنەوە (نەشرە)ی ئەنجومەنی ئاشتیخوازانی جیهان وەرگیراوە*

نووسەری وتار «ئارثەر لوند کڤیست» نائبی سەرۆکی ئەنجوومەنی باسکراوە و، یەکێکە لەوانەی پاداشتی ئاشتیخوازیی لەنینیان وەرگرتووە.

ئاشتی بابەتێکە پەیوەندییەکی گەورەی بەکەلچەر (ثەقافە)وە هەیە، ئەمە هەمیشە وا بووە؛ بەلام لەم ڕۆژانەدا ئێجگار ڕاست و دروستترە، بەتایبەتی لە کاتێکا، کە لەم سالانەی دواییدا ترسی شەڕ هەڕەشە لە سەرجەمی جۆری ئینسان ئەکات، هەڕەشە لە هەبوونی کەلچەر خۆی ئەکات، لە ڕابردوودا کەلچەران زۆرتر ناونیشانی ناوخۆیان پێوە بوو، ئەگەر شەڕ کەلچەرێک، یان چەند کەلچەرێکی لەناو ببردایە ئاسان بوو لە جێی ئەوان هی تر قووت ببێتەوە، ئەمڕۆ کەلچەر لە ڕادەیەکی پەردەدار وێنەی جیهانیی وەرگرتووە، هەموو دنیای گرتۆتە باوەش و ژیان و گوڕی کشاوە بەناو چوار سنووری گشت گەلان و ڕژێمانا، ئێستا کەلچەر لە توانادا نییە لە تاقە یەک شوێندا بدرێتە بەر پاڵ؛ بەلکو ئێستا لەژێر هەڕەشەیەکی تێکڕاییدا ئەژی، کە ڕووی هەموو جیهانی گرتووە، شان بەشانی پەرەسەندنی کەلچەر، هۆیەکانی وێرانکردنیش تا ڕادەی تالووکە گەورەتر بوون، توانستەکانی پەیوەستی لەناو گەلان و کەلچەرانا لە گشت چاو لێک نانێکا، ئەگونجێ بەهۆی شەڕێکی جیهانییەوە، تەگەرەیان بێتە ڕێ، ئەمەیە باری هەلوێستەمان، پێویستە چارەی لێ دەرچوونی بۆ خۆمان بدۆزینەوە.

تالووکەی شەڕ و هەڕەشەی خاپوورکاری بڕ نادرێن لە شتی تر، کەلچەریش هەروەها بڕنادرێ و نابێ بدرێ، کەلچەری نەتەوەیی ئەبێ هاوکاری بکات لەگەڵ کەلچەری جیهانی و، لە ڕێگای ئەم هاوکارییەوە هاوڕێ بدۆزێتەوە بۆ بەرەنگاریی شەڕ، ئا لێرەدا دەردەکەوێ، کە هاوکاری، واتا ئاشتی.

کەلچەر سەر دەفتەری ئەو شتانەیە، کە ژین ئەوەندە شیرین ئەکەن ژیان بهێنێ، شەڕ نەک هەڕەشە لە ژیان ئەکا و بەس؛ بەلکو هەڕەشە لەو شتانەش ئەکا، کە مەعنا و نرخ بەژیان ئەبەخشن، کەلچەر ناتوانێ لە ئینسانییەت خۆی زیاتر بەرگەی ئەو نەگبەتییە بگرێ، کە بەهۆی شەڕی جیهانگیرەوە ڕووئەدات، لێرەدا پرسیار لەوە کە «کامەیە کەلچەری نیشتمانی و، کامەیە کەلچەری جیهانی؟» بێ مەعنا دەرئەچێ. ئەمڕۆ گشت کەلچەرێک لە هەمان کاتا هەم نیشتمانی و هەم جیهانییە، درەختێکە لە لقەکانی و ڕەگەکانی، هەردووکیان یەک بایەخیان هەیە. بڕدان و جیاکردنەوە لە وشکبوون، لە گەشایی سست و دەغەزاری لە ونکردنی توانستی خۆگۆڕین (تطور) زیاتر هیچ ناگەیەنێت، هاوکاری و گۆڕینەوە، وە گۆڕینەوە و پەیوەستی بابەتی ژیانین بۆ ژیانی کەلچەر، ئاشتیش هەروەکو کەلچەر، لە گەلێک بابەت پێکهاتووە ئەویش شتێکی تێکەلاو و ئالۆزکاوە، ئاشتی لەنگەری پەرموونەوە ناخاتە سەر تاقە یەک کەس، بەلکو زۆرکەس، هەموو کەسێک ناتوانرێ ببڕێتەوە، یان بپارێزرێ، بەتەقەللای تاکە لایەن ئەبێ ژمارەی هەرەزۆر بۆی بکەونە هاوکاری و لێک گەیشتن، بابەتی «بە ئاشتی





پێکەوە ژیان» ئەبێ بەجۆرێک چارە بکرێ، کە هیچ لایەنێک نەکەوێتە ژێرباری هەڕەشە، یان زۆرلێکردن، ئاشتییەک لەسەر هێز و زۆرداری بنیات بنرێ، هەرگیز ئاشتییەکی دروست نییە؛ بەلکو کەلەکی دۆڕاوە، خەوی بێ هۆشییە، ئاگری ژێر بوڕکانە!

بەلام لە هەمان کاتا لە ژیان و پەیوەندییەکانی دەولەتانا هەندێک گۆڕین پێویستە؛ بەلکو ناچارییە، گەلێک بێدادیی زۆر گەورە هێشتا لەناوا ماوە. نابەرامبەری «لامساوات» هەیە لە ژیانی ئابووری، کۆمەلی، ڕەگەزی، تەنانەت لە ژیانی سایکۆلۆجیدا، ئەمە داوای تەقەللایەکی (وەک یەک) لێکردنمان لێ ئەکات؛ بەلام تەقەللای بەم جۆرە پڕە لە ترسی تەقینەوە.

هیچ گومان نییە، کە (وەک یەک لێکردن)ی وا، لە ڕێگای ئاشتی و ئاسایشەوە یەکێکە لە فرمانە زۆر سەختەکان.

ئا لێرەدایە بەپێی باوەڕی من، کە کەلچەر و گۆڕینەوەی کەلچەر ئەتوانن هاوبەشی بکەن لە تەقەللای وەک یەک لێکردنا، بەمەرجێک خەوشدار (عەیبدار) نەبێ، بەنیازی بازرگانی یان پڕوپاگندە بۆ سوودی یەک لایەن، کەلچەر ئەتوانی هۆی پێکەوەنووسان بێ و لێک گەیشتنی ئینسانان پتەو بکات و، گیانێکی خۆشەویستی لە ناویانا دابمەزرێنێ، کەلچەر لە ڕێگەیەکی هەست پێ نەکراوەوە یاریدە ئەدا بۆ دروستبوونی بیر و هەستی نوێ، گەلێک ئاسۆی تازە تازە بۆ بەرچاو ئەکاتەوە و، پێویستی هاندان ئەبینێ بۆ دەستدانە فرمانی بەکەلک.

گۆڕینەوەی کەلچەر لە خزمەتی ئاشتیدا دەستێکی زۆر گرنگی هەیە، ئاشتی ئەبێ بەگەلێک (هۆ) زەوی بۆ تەخت بکرێ، کە هەندێکیان هۆی ڕاستەوخۆن، هەندێکیشیان ناڕاستەوخۆن.

من بەتەواوی باوەڕم وایە، کە گۆڕینەوەی کەلچەر بەتایبەتی بۆ سەردەمێکی درێژ، یەکێکە لەو هۆیانەی، کە نابێ چاوی لێ بپۆشرێ، ئاشتی لە خەم نارەخسێ بەچەن ڕۆژێکی کەم؛ بەلکو پێویستە بۆ سەردەمێکی درێژ تەقەللای لە پێناودا بدرێ، لەژێر گوڕی کاریگەریی کەلچەرەوەیە گۆڕینەوەیەکی پەرەداری بابەتەکانی کەلچەر ئەتوانرێ کاروباری ئاشتی لە ڕێگایەکی زۆر سرووشتییەوە پەرەی پێ بدرێ و قووڵ بکرێ و لەناو کۆمەلانی گەلانا بەپتەوی ڕەگی پێ دابکوترێ، ژمارەی زۆری کتێب، کاری هونەری، فلیمی سینەما، پیەس (تەمسیل) لەو بابەتەی قسە بۆ خزمەتی ئاشتی ئەکات، یان لە سەرێکەوە بەلای بیری ئاشتیدا دائەتاشێ، لە ئارادا هەیە؛ بەلام بەدبەختی لەوەدایە، کە ئەمانە باش نەزانراون، زیاتر ڕێگایان چۆڵ کردووە بۆ

بەرهەمەکانی شەڕ و دەستدرێژی، یان چەتەگەری و پیاوخراپی، یان هەست بزوێنی بەستی زمان و سوودی پێچەوانە و دوژمنانیە، کە ڕێگا لەمانە ئەگرێ بۆ سنووربڕین، بەبۆنەی کۆمەڵێک (هۆ)وەیە، کە ئەم بەرهەمانە بەڕادەیێ پێیان ئەشێ ناگەنە خەڵکانی زۆری ئینتەرناشناڵ، کە بێ گومان لە پێناوی کاروباری ئاشتیدا سوودێکی زۆر ئەتوانن ببەخشن بەو خەڵکانە.

بۆ چارەسەریی ناتەواویی گۆڕینەوەی کەڵچەری ئەگەرچی جارێ لە ماوەیەکی تەسکیشابێ، وە دانانی نرخ بۆ ئەو دەستەی کەڵچەر هەیەتی لە خزمەتی ئاشتیدا، ئینستیتوی ئاشتیی جیهانی لە (ڤییەننا) بڕیاری دا دەزگایەک دانێ بۆ یاریدەدانی گۆڕینەوەی (کەڵچەری) لەناو گەلانا، بەهەموو هێزمەوە پشتگیری ئەم پرۆژەیە ئەکەم، هیوام هەیە کە کۆمیسیۆنی کەڵچەری زۆر کەڵکی ئەبێ بۆ پەرەپێدانی گۆڕینەوە بەناو گشت لایەکی دنیادا، وە زوو ئەکەوێتە بارێکەوە بتوانێ یەکەم بەری ڕەنجی بخاتە بەرچاو.

(گۆڤاری بەیان- ژمارەی ٣ ساڵی ١٩٥٩)

## دوایی بەن بەشەڕی سارد و شوێنەکانی مەترسی چارەکەن

«سەر وتاری بڵاوکراوەی ژمارەی نیسانی ئەنجوومەنی ئاشتیی جیهان»

لە چەند مانگێکی کەمی ڕابردوودا هەست ئەکرا بەنەرمبوونێک لە پەیوەندییەکانی ناوەندی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا. ئەمە لە سەردانی ئەمریکای میکۆیاندا بەرچاو ئەکەوێ، لەگەڵ گەشتی ماکمیلان لە یەکێتی سۆڤیەتدا، بەتایبەتی لە کۆبوونەوەکەی ئەم دواییی‌ەی سەرکردەکانی پارتی سۆشیاڵ دیموکراتیی ئەڵەمانیای ڕۆژئاوادا لەگەڵ نوێنەرەکانی یەکێتیی سۆڤیەتدا.

بەڵام ئەم نیشانەیەی خاوبوونەوەی گرژیی ناو دەوڵەتانە لەلایەکی ترەوە بەرامبەر بەهەندێک هۆی بەرەڵڵابوونی شەڕی سارد ئەوەستێ.

مەکتەبی ئەنجوومەنی جیهانیی ئاشتی لە مۆسکۆ کۆبوونەوەی بەست، هۆیەکانی ئەم شەڕە ساردەی چەند ڕاست ڕوون کردەوە و داوای لە هێزەکانی ئاشتی کرد، کە تەقەللا یەک بخەن بۆ ئەوەی دنیا ڕزگار کەن لە شەڕی سارد و، چاتربوونێک بخەنە هەوایی ئینتەرناشناڵەوە.

ڕووداوی تازە بۆمانی ساغ ئەکاتەوە، کە مەترسیی مەکتەب لە شوێنی خۆیابوو،





پەیمانی سەربازیی دولۆنەی ناوەندیی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و دەوڵەتانی وەک پاکستان و ئێران و تورکیا کە تازە ئیمزا کراوە، لە عێراقا لە ڕێگای دەست تێکێشانی بێگانەوە پشێوی نراوەتەوە، گەلانی ڕۆدیسیا و نیاسلاند، کە داوای مافی سەربەخۆیی و دەسەڵاتی خۆیان ئەکەن دەمکوت ئەکرێن و، بۆ دەمکوت کردنیشیان زۆر بەکار ئەهێنرێ، لە ئەوروپا درێژداریی «موشکیلە»ی ئەڵەمانیا لەبەردەما قووت بۆتەوە، سروشتە تایبەتییەکەی سرنجی گشت دنیای کێشاوەتە سەرخۆی، لە کاتێکا دوژمنەکانی خاوبوونەوە ئەکەن بەهۆ بۆ هێشتنەوەی هەوای شەڕی سارد.

پشت هەڵکردن لە لێدوانی پەیمانی ئاشتی لەگەڵ ئەڵەمانیا باری زۆر ئاسایی بەرلینی ڕۆژئاوا، کە لە دڵی جەمهووریەتی ئەڵەمانیای دیموکراتیدا شوێن تەلەیەکی داخە بۆ پیلان دانان و گرژی خستنەوە و چەکدارکردنی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا بەچەکی ناووکی، ئەمانە هەموو ئەتوانن هەرەس بێنن بەئاشتیی جیهانی، ئەگەر چارەیەکی گورج و گۆڵیان بۆ نەدۆزرێتەوە.

توانست لەناوا هەیە بۆ دۆزینەوە، لە زۆر وڵات، بەتایبەتی لە ئەوروپا، لە ئاڕاستەی جوێ جوێ بیروباوەڕ هەیە، بەرەبەرە دەنگیان بەرزتر ئەکەنەوە بۆ بڕینەوەی مەسەلەی ئەڵەمانیا لە ڕێگەی لێدوانەوە، وە بۆ دامەزراندنی هەرێمی بێ لایەن، وە بۆ ئارام پێکەوەنان... هتد، لەم پێناوەدا گەلێ پیلان هێنراونەتە پێش، ئەگەر ئەم پرۆژانە بەنیازی ڕێک کەوتن دەستیان بدرێتێ لە تواناداا ئەبێ ترووسکەی هیوا بەدی بکرێت. پرۆژەی سۆڤیاتی بۆ ئیمزاکردنی پەیمانی ئاشتی، وە دەستکاری کردنی باری بەرلینی ڕۆژئاوا بەگیانی نیازێکەوە هاتۆتە دی، کە ناوەنگێتی گرژی و تێک بەربوون لە دڵی ئەوروپا دوورخاتەوە، نۆتەی دووی مارت، کە بەستنی کۆنفرانسی وەزیرەکانی دەرەوە پێشنیاز ئەکات لەگەڵ کۆنفراسی پۆپە دوا بەدوای ئەو، بنکەیەک دائەنێ بۆ لێدوان. لە (١٩)ی مارتدا سەرەک ئەیزنهاوەر پێی لێنا، کە ئەم نۆتەیە هەنگاوێکە بۆ پێشەوە بەرەو ئاڕاستەی دەستکردن بەلێدوان، بەڵام بەپێچەوانەی هیوای گشتییەوە بۆ بەستنی کۆنفراسی پۆپە، بەرەی ڕۆژئاوایی وا دێتە بەرچاو، کە بەهیچ جۆرێک پەلەی نییە بۆ دەستکردن بەلێدوان، وە نایەوێ ڕۆیشتن بەرەو ڕێککەوتنی بەئاشتی پێش بکەوێ، لە بارەی ئەم بارە شلۆقەی کاتەوە ڕووداوێکی وەک یەکتری بینینی دیگۆل و ئەدیناوەر کە بەرهەمی ئەوە بوو جارێکی تریش هەڵوێستەی لاسارانەی ئەڵەمانیا و فەرەنسا ساغ بکەنەوە، درکاندنی جەنەراڵ تایلەری دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە بارەی

هەرەشــە کــردنەوە بۆ بەکــارهێنانی بۆمــبــای ئەتۆمی، یان ئەوانەی تر، کــە داوای بەکــارهێنانی هێـزیان کـرد بۆ سـەر بەرلین، یان کـردەوەی بەریتـانی بەچەکـدارکـردنی هێزەکانی بنکەی دۆرتموند بەرۆکێت (ساروخ)، ناوکی ئەم شتـانە هەمـوو کەڵکیـان هەر ئەوەیە گـرژی بەرز بکەنەوە، هەلی دەمگەیاندنە یەکـتـری بۆ لێدوان دوورتر بخـەنەوە، لەوەش زیاتر، ئەم رووداوانە بۆرپەژنەکـــەی شـــەڕی ســـارد زیـاتر هان ئەدا بۆ ئەوەی تەگـەرەی تازە بخـەنە بەر ئەو سرنجـانەی تا رادەیەک خـەریکن یەک بگرن، هەروەک لە کاروباری بەستنی کۆنفرانسا بەرچاو ئەکەوێ، ئەمە هەڵوێستـەیەکی ئاڵۆزکاوە؛ بەڵام ناونیـشـانـەکـەی لەلایەکـەوە ئەگـەیەنێ، کـە جـووڵانەوەیەکی روو لە گـەشـەکـردنە لە بیـروباوەڕی جیـهـانیـدا لایەنگیـری لێـدوان و دوایی هێنـانە بەشـەڕی سارد، لەلایەکی تریشەوە پیشان ئەدا، کە دەستەی بەرگرەکان تەگەرەی گەورەتر ئەهێننە پێش.

لە هەڵوێستـەیەکی وادا لەسەر جـووڵانەوەی ئاشـتیی جیـهـانی بەتێکڕایی و لەسـەر گشت هێزەکـانی ئاشتی پێویستە ئاگادار بن، کە ڕای گشـتی جارێکی تریش بەهەڵە نەچێ، کە لێپرسراوان نەشاردرێنەوە، کە تێکۆشان لە ڕێگای ڕاست و دروست لانەدا، جووڵانەوەی ئاشتیی جیهانی لەگەڵێ کاروبارا (فعالیات) تێبکۆشێت بۆ ئەوەی ماوەی تێکۆشـانی چاتر و پەرەدارتر کـات بەرامـبـەر بەهەمـوو شـتـێـک، کـە بتـوانی لە هەچ کـوێیـەکی دنیـادا بێ ئاشـتی بخـاتە مـەترسی، وە ئەو دەوڵەتانەی مل نادەن بکەونە لێدوانەوە تەنگەتاویان بکات بۆ ئەوەی مل شۆڕکەن بۆ لێدوان و، کـەشتـییـەکانیـان ناچار ببێ لەسەر سیاسەتی ئاشتی لەنگەر داکوتێ.

(گۆڤاری بەیان ژمارەی ٤)

## دەنگی عێراق درا بەگوێی جنێڤدا

مامۆستا عەزیز شەریف سکرتێری گشتیی ئاشتیخوازانی عێراق لە کاتی تێپەڕبوونی بەڤیـاننەدا بەرەو مۆسکۆ، بۆ ئەوەی بنێرێن بۆ کـۆنفرانسی جنێڤ بارسـتێک عـەرز و حاڵی سپارد بەئەنیستیتۆی ئینتەرناشناڵی ئاشتی، کە لەلایەن سەد هەزار عێراقییەوە ئیـمزا کرابوو بۆ قەدەغەی ئێجگاریی تاقیکردنەوەی چەکی ناووکی، بەو نیـازە کە ئەمە یەکەم هەنگاو بێ بۆ چەک فڕێدانی گشتی.

مـامۆسـتـا عـەزیز شـەریف لەلای گـەلێ دەزگـا و ڕێکخـراوانی بەهێـزی عـێـراقـەوە دەسەڵاتی دراوەتێ، کە لەباتی گشتیان قسە بکات، دەزگاکان ئەمانەن:





نەقـابەی کاربەدەسـتـانی لەشسـاغی، نەقابەی ئەوقاتەکان، کۆمەڵی موهەندیسەکان، نەقـابەی مـامۆسـتـاکـان، یەکـێـتی نووسـەرەکـان، یەکـێـتی مـافی ئافـرەتان، یەکـێـتی نەقابەکانی کرێکاران، یەکێتی گەنجانی دیموکراتیی عێراق، کە ئەمەی دوایی نزیکی سەد هەزار ئەندامی ئیشکەری هەیە.

لە بڵاوکردنەوەی ئەنجوومەنی ئاشتیخوازانی جیهانەوە

«گۆڤاری بەیان- ژمارە٤»

## بۆمبای ئەتۆم دروست مەکەن!

«لە نامەی منالێک بۆ نوێنەرێکی پارلەمان»

کـچە ئینگلیـزێکی دە سـاڵان نامەی بزوێنەری لای خـوارەوەی نووسیـوە بۆ نوێنەرێکی پارلەمان:

«ئێمـەی منالان، بۆمبای ئەتۆمیمان هیچ ناوێ لە ولاتەکەمانا، چونکە ئەگەر بۆمبای ئەتۆم دروست بکەن، ئەبنە هۆی کـوشـتنی کـۆمـەڵێک خـەڵک، دیارە ئێـمـەی منـاڵیش نامـانەوێ هیچ منـاڵێکی وەکـو خـۆمـان بەکـوشت بچێ، چونکە هەمـوو منالان لەگـەڵ یەکـتری هاوڕێن و یەکـتـریان خۆش ئەوێ، لەبەرئەوە تکایە هیچ بۆمـبای ئەتۆم دروست مەکەن.

گوپێت ڕوسی مۆرسای تەمەن (١٠) ساڵ

لە بڵاوکردنەوەی ئەنجوومەنی ئاشتیی جیهان وەرگیراوە

«گۆڤاری بەیان- ژمارە٤»

## ڕووناکی لە ئۆکتۆبەرەوە

*«لە وتارێک وەرگـیـراوە، کە نووسـەری گـەورەی سۆڤـیـاتی فـیـۆدۆر گلاوکـۆف تەرخانی کردووە بۆ کۆماری بەناوبانگی سۆڤیەت لیـتریچەر - Soviet Literature - گلاوکۆف پار بەبۆنەی گـەیشتنی بەتەمەنی (٧٥) ساڵ لەلایەن گەلی سۆڤییەتییەوە ئاهەنگی بۆ کـرا خاوەندی چیـرۆکی بەنـاوبانگی (چیـەنتۆ)، (ئەنەرژی)، پیـاوە سەربەسـتـەکـان وە ساڵی ڕەشە».*

سـەرکـەوتنی شـۆڕشی ئوکـتـۆبەر و ئەو گـۆڕینە بنەڕەتیـیـەی هێنایە ناو بەهۆی بەرزبوونەوەی ئەدەبێکی تازە، ئەدەبێکی وا، کـە جـۆری ئینسـان لەوەبەر بەچاو نەی

دیبوو، نووسەرەکان دەستیان کرد بەدەرکردنی ئەو کارانەی کە نیگاری جوان ئەکێشن بۆ خەباتکردن لە پێناوی دەستەڵاتی سۆڤییەتەکان، وە ڕەنجی تینوێتییان ئەدەن بەرامبەر بەسەرکەوتنەکانی گەل - نووسەر لەناو خۆیا پاڵەوانێکی تازەی دی، پاڵەوانێک کە ئەدەبی سەردەمی کۆن نەیبینیبوو، ئەو کرێکارە، کە جڵەوی دەستەڵاتی گرتبووە چنگ بووبوو بەخاوەندی وڵاتی خۆی، خواستی پۆڵایینی پڕ لە هێزی بێ بڕانەوە، چالاک لە دەست کردنەوەدا، ڕاست وەک تیر لە کردەوەدا، دروستکەری دنیایەکی تازە و شەقامێکی تازە بۆ ژیان، وە پەیوەندییەکی تازە بۆ کۆمەڵایەتی، ڕووخێنەری چەوساندنەوەی ئینسان لەلایەن ئینسانەوە، نووسینی داهێنەرانە، نووسینی ڕاستبێژ لەگەڵ گوڵی پاراوی بەهار پشکوتوو، ئاودراو بەهێز و گوڕی لاوی و بەنەشئەی ژیان و پڕ نیازی تێکۆشەرانە، پاڵەوانی سەردەمی ئێمە، خەباتکەر و دروستکەر، ڕەنجدەر بۆ ژیان لەسەر ڕێگەی سوسیالیستی لە قاڵبی ئەدەبا داڕێژراو لەشی بۆ دروست کرا.

ئەدەبی تازە لە ناخەوە لە ڕاستیی ژیانی تازەی دەربڕین، وە (ڕیالیزمی)ی ئەو ئاشکرایە جۆرێکی جیاواز بوو، دروستبوونێکی جیاوازی هەبوو، پێچەوانە بەئەدەبی کۆن لە ڕێی ڕەخنە و پەردە لادانەوە لە ڕووی ڕووداو، ڕیالیزمی تازە هەرچی هێزی نووسینی تازە هەیە گشتی بەجارێک ئاڕاستەی نیگارکێشانی دروستکەرەکانی دنیای تازەی کۆمونیستی کرد. وە ئەم شێوە (مەتۆدە) تازەیە، شێوەی سوسیال ڕیالیزمی (واقیعی اشتراکی) لە بەهێزی و پێگەیشتنی گورجا (گۆی هونەری بردەوە).

ڕیالیزم هەروەکو هەموو کەسێک ئەزانێ، لە کاتانی جوێ جوێ و لەلایەن چینانی کۆمەڵایەتی جوێ جوێ، وە لێدانەوەی جوێ جوێی بۆ داندراوە نەزەرییەی بورژوازی لە ئەدەبا زۆر سوورە لەسەر ئەوە، کە ڕیالیزم واتا ئۆبجەکتفیزمی (Objectivism - موضوعیة) تەواو، (بێ لایەنیی هونەر) ئەڵێن: هونەر سەرنجدەرێکی بێ لایەنی ژیانە، (بەیەک چاوی دوور تەماشای چاکە و خراپە ئەکات، نە بەزەیی ئەزانێ و، نە ڕق)، ئەم بڕوایە بەڕیالیزم، ئەوەندەی بەپایەدار و گۆڕین هەڵنەگر دائەنێ، ماوە نادا بەگەشانەوەی خەوبینینەکانی شۆڕشگێڕی و بەتەقەللای گۆڕینی دنیا، پێویست بەوتن ناکات، کە هونەرمەند لەسەریەتی نەخشەی ڕاستی بکێشێ؛ بەڵام ناتوانێ قنیات بکات، هەر لەوەندە بوەستێ، هونەر ئەبێ نیگاری شت بکێشێ وەکو هەیە و، جگە لەوەش وەکو ئەبێ یان پێویست ببێ.

ڕیالیزمی ئێمە بەرەو پێش نەجووڵێ، وە ئەم جووڵانە منالی سەرەکیەتی، لە ژیانا بۆ تازە ئەگەڕێ، وە ڕەنج ئەدا کە ناوەڕۆکی پێ بگرێ، ڕەوان و بزێوە و بۆ پاشەڕۆژ خەبات





ئەکات، ڕیالیزمی ئێمە لە پێشکەوتنا تفەنگی لە دەست دوور نەخستەوە و، ئەمە لە بەرهەمەکانی ڕۆژانی زووی ئەدەبی سۆڤییەتیدا هەست پێ ئەکرێ.

***

ئەدەبی سۆسیالیزم هەتا هات بەهێزتر بوو، شۆڕشی ئۆکتوبەر و تایبەتییەکانی فەسالی ژیان لە وڵاتەکەمانا ماوەی دابوو بەپەیدابوونی نووسەری داهێنەر لە جۆرێکی تازەی وا، کە ناونیشانی هەرە دیاری ئەوەیە، کە ئەو ڕێبوارێکی کەنارگیر نییە، گەشتکەرێکی لووت بەرز نییە لە دوورەوە چاو بەشیعر و وتاردا بگێڕێ؛ بەڵکو هاوبەشێکە لەو گشت شتانەدا، کە ڕوو ئەدەن، ئەو لەناو فرمانی کردەوەیی - فیعلی)دا نوقمە بۆ بناغە دانانی ژیانی تازە، ئەو بەجۆرێکی ڕاستەوخۆ پەیوەندیدارە بەئینجازەکانی ملیۆنان کرێکار و فەلاحەکانی کۆلخۆز و خاوەن بیرەکانی وڵاتەکەمانەوە.

شەقاوەکانی ژیانمان درێژ درێژ و بەرەو ژوورن، هاوێشتنەکەیان پتر زل و بێ تەتەڵە کردن و بەر لێ نەبەستراوە، ساڵەکانمان قەڵەمبازی چاترکردن (تطورن)، دروستکردنی (چۆنیەتی) تازە!! خەباتێکمان لە گەڕایە هەر بۆ ئەوە نییە کە پەیوەندییە تازەکانی کۆمەڵایەتیمانی پێ بنج بەست بکەین، یان ئینجازە تازەکانی داهێنەرانەمان بپارێزین؛ بەڵکو بۆ ئەوەشە، کە بجەنگین بەرامبەر بەنەریت و لایەنگیرییەکانی پێشوو، بەرامبەر بە نەخۆشی پاشماوەکانی دوێنێ. نووسەری سەردەمی ئێمە شۆڕشگێڕ و خەباتکەر و لەنینیستە، ئەو هەمیشە پێویستە لە جەرگەی نەبەردا بێت، ئەو تەنیا تەماشاکەرێک نییە، لە هەمان کاتا هاوبەشێکیشە.

بۆ ئەوەی هەموو هەنگاوەکانی چاتربوون (تطور)ی ژیان تێبگات، جەرگەی ڕاستی بۆ دەرکەوێ، نووسەر پێویستە لە ڕیزی دروستکەرەکانا بێت؛ بەڵکو ئەبێ لە پێشەنگەکان بێت. ئەدەبی ئێمە ئەدەبێکی بەکارە (Active) ئەدەبێکە ئاودراوە بەگیانی پارتەکەمان، چونکە پارت مێشک و خواستی پۆڵایینی گەلەکەمانە، بەدەربڕینی کەڵکەڵە و نیازەکانی گەل، بەدەربڕینی ئارەزووەکان و پێویستەکانی، یاریدەی پارت ئەدا لە کاروباری دروستکردنا، ئەوەیە دەستووری بنەڕەتی و، بێ مەرج (مطلق) بۆ پێشکەوتنی هونەری سۆڤیەتی.

ئەمەوێ بەم بۆنەیەوە، ئەو ڕاستییە دەربڕم، کە تا ئێستا لە ئیشوکاری داهێنەریما هیچ جۆرە قورسایی و زۆرێک نەخراوەتە سەرم، نووسەرە بێگانەکان کە هاوبەشی کردن بەناچارکردن ئەدەنە قەڵەم زۆر بەهەڵە ئەچن، ئەمە ڕاست نییە، هەموو نووسەرێکی سۆڤیاتی دڵ و مێشکی خۆی چی پێ ئەڵێ لەوە زیاتر نانووسێ؛ بەڵام کە ئەبینێ

نووسینەکانی کەڵکی گەل و پارتە خۆشەویستەکەی ئەگرێ، هەستی تەواو بەشادمانی ئەکات، ئەوەش سەرچاوەیە بۆ بەهێزیی بێ بڕانەوەی تافی جوانییەک بۆ ئەدەبەکەمان، کە هەرگیز پیربوون نازانێ چییە.

«گۆڤاری بەیان– ژمارە٤»

## دەنگوباسی ئاشتیخوازانە

«کارتەکانی پۆستەی ئاشتی»

ناردنی کارت ستالی نیگارین و چاپکراو بۆ کۆنفرانسی جنێڤ ڕێگایەکی جوانە بۆ داواکردنی وەستاندنی تاقیکردنەوەی چەکی ناووکی (نەوەوی). ژمارەیەکی زۆر لە جووڵانەوەکانی ئاشتیخوازی ئەم بیرەیان وەرگرتووە. لە سویسرە نیگارێکی دەستکردی هانس ئەرسنی لەلایەن جووڵانەوەی ئاشتیخوازییەوە لە چاپدراوەتەوە، بۆ یەکەم جار بەحەوت هەزار دانە، لە نامیلکەیەک، کە زینهارەکەی دکتۆر شورتیزەر ئەخاتەوە یاد، وە داوای جووڵانەوە لە خەڵک ئەکات.

نەبەردیی کارت پۆستالی لیژنەی ئاشتیخوازانی بەریتانیا بەگەرمی کەوتۆتە گەڕ، بەهەزاران کارت دابەشکراوە، لیژنەی نیوزیلاندە بەناونیشانی جنێڤ کارتێکی دەرکردووە، دانەی ئەکەوێتە شەش پەنی، ئەو کارتەی لەلایەن لیژنەی ئاشتیی بولگاریاوە دەرکراوە بەهەزاران دانە بلاوبۆتەوە، ئەمانە لەگەڵ سەدان تەلگراف و عەرز و حالی ئیمزاکراو لە ڕێکخراوەکان و کارگاکان و دەزگا کەڵچەرییەکانەوە ئەنێررێن بۆ کۆنفرانسی جنێڤ، لە کۆبوونەوەیەکی ئەنجوومەنی ئاشتیخوازانی هەنگاریادا لە کاتی بلاوەکردنا هەر ئەندامە کارتێکی سەربەخۆی نارد بۆ کۆنفرانسی جنێڤ بەتەعلیقی تایبەتیی خۆیەوە.

بە وێنە مستەر جوزیف دار فاس «نووسەر و وەرگری پاداشتی کۆمۆن» وەهای نووسیوە: نووسەرێک کە خۆی بەلایەنگری ژیان دائەنێ، ناتوانێ لە یەک شت بەولاوە ئارەزوو بکات، ڕێککەوتن پێک بێت بۆ قەدەغەی ئێجگاریی چەکە ناووکییەکان و دوایی هێنان بەتاقیکردنەوە.

میستەر سەر هاڵمی ڕۆژنامەچی ئەڵێ: ئێمە نامانەوێ ببین بەپەیامنێری مەیدانی شەڕ!

میستەر جانوس سومەگی (فەلاح) ئەڵێ: «من فەلاحێکم، لە هەوای کراوەدا ئیش ئەکەم، لە زەوی تەختا زۆرباش تێ ئەگەم، بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی شار ئەکا بەچی.





میستەر لاجونس کوتیای (نووسەر) ئەڵێ: شەڕی ئەتۆمی هەڕەشە لە شارانمان، لە سامانی بیرمان لە کتێبخانەکانمان، لە دەزگاکانی خوێندەوارییان، لە بەری شیرینی هونەر و زانستمان تەنانەت لە ژینی خەڵکەکانمان ئەکات.

میستەر لازکۆتەرەنی (سکرتێری نەقابەی کرێکارانی چاپخانە) ئەڵێ: من باوەڕم هەیە، کە کاری هەرە باش ئەکەن بۆ خەڵک بەگشتی، ئەگەر ڕێگایەک بدۆزنەوە بۆ بەکارهێنانی ئەتۆم نەک بۆ مەبەستی سەربازی؛ بەڵکو بۆ ئەنجامی سەر بەئاشتی هەموو دنیا چاوەنواڕی ئەمەتان لێ ئەکات.

هەزاران لە نیشتمانییەکانی ئیتالیا کارتێک ئیمزا ئەکەن، کە لەلایەن جووڵانەوەی ئاشتیخوازیی ئیتالیاوە دەرچووە وشە بزوێنەرەکانی ئەم کارتانە دوو چەندانە هێزیان خستووتە سەر ئەو ژمارە زۆرەیان کە ڕوو ئەکاتە جنێڤ:

هەورە ڕەشەکانی مەرگ سنوور ناناسن، بەبێ جیاوازگرتنی ئایین و باوەڕی سیاسی و نەتەوایەتی، پیاو و ژن، پیر و مناڵ ئەکوژن، ئێمە داواتان لێ ئەکەین کە پارسەنگی سوودی نەتەوەیی بخەنە لاوە، داوا ئەکەین کۆنفرانس بلاوە نەکات بەبێ گەیشتن بەبڕیاری قەدەغەی تاقیکردنەوەی چەکی ناووکی، ئەمە کردەوەی خێرخوازییە، کە ئێمە ڕووتان لێ ئەنێین. خێرخوایی ئەبێ ژوور گشت جیاوازیەک و، ژوور گشت سوودێکی خۆیی بکەوێت.

«بەیان ژمارە٤»

## دەستدرێژی بەچی ئەڵێن؟

*بابەتی تەعریفی وردی دەست درێژی (إعتداء) لە قانوونی دەوڵەتاندا شوێنێکی گرنگی هەیە، نوێنەرانی دەوڵەتی یەکێتی سۆڤیەتی مەزن لە ئەنجوومەنە دەوڵەتی و حقوقییەکانی جیهانیدا زۆرجار تەقەللایان داوە، کە مەعنای دەستدرێژیی دەوڵەتان بەجۆرێکی وردی سنووردیار ڕوون بکرێتەوە؛ بەلام ئەمە دەستی نەئەدا بۆ دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان، کە هەمیشە ئەیانەوێ ئاوێک بێ و ماسیی خۆیانی تیا بگرن، بەتایبەتی لەم ڕۆژانەدا بۆ عێراقییەکی دڵسۆزی جەمهووریەت و ئاشتی*

*ئاسانە هەست بەپێویستیی ڕوونکردنەوەی مەعنای دەستدرێژی بکات، بەجۆرێک قانوونی دەوڵەتان دانی پیابنێ. بۆ ئەمەیش ڕاستکردنەوەی ڕای گشتیی جیهانی و، کردنی بەگژ هێزە لاسارەکانی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی و فاشیستیدا کەڵکی زۆرە.*

*ئەمانە وەک نەریتیانە تا نەکەونە باری ناچاری، بۆ هیچ کارێکی ئینسانی سەری نەرم پیشان نادەن، ڕای گشتیی جیهانی یەکێکی سەنگ گرانە لەو هێزانە، کە لە ئەنجاما ناچاریان ئەکات ملی بۆ کەچ کەن.*

*لەبەرئەوە کۆنگریسی دووەمی ئاشتیخوازانی عێراق زۆر بە سەرکەوتوو ئەزانین، کە بۆ یەکەم جار ئەم بابەتەی لە ناوچەی دەوڵەتی و حقوقییەکانەوە کێشایە ماوەی پەرەداری خەڵکەکانی گەل.*

*چەن خۆشە ئاشتیخوازانی گەلانی دنیا لە هەموو لایەکەوە دروشمی ئەم داخوازە ڕاستکەنەوە، کە شەرەفی بزواندنی یەکەمجاری سەری ئاشتیخوازانی عێراق بەرز ئەکاتەوە!*

*«بەیان»*

کۆنگریسی دووەمی ئاشتیخوازانی جەمهووریەتی عێراق لە کاتێکا کۆبووەوە، کە ئیمپریالیست خەریکە لەنگەری تەقەللای دەستدرێژی لەسەر عێراق دابکوتێ، وە دارودەستەی کۆنەپەرستی وڵاتێکی عەرەبی دراوسێ لە گوڕی پەلامارێکی دەستدرێژیدان بۆ سەر ئەم جەمهووریەتە. یەکێک لە تەقەللاکان پیلان ڕێکخستنە بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی جەمهووری لە عێراقا، ئا لەم باری تەئریخییەی ئێستا، کە ناوەنگە ئیمپریالیستەکان شەڕێکی ساردیان بەسەر گەلانا داسەپاندووە و، دەربارەی ئەم گەلانە وێنە وێنە دەستدرێژیی ئاشکرا و داپۆشراو ئەخەنە کار، ئا لەم بارەدا کۆنگریس هەستی بەگرنگیی تەعریفی دەستدرێژی کرد، تەعریفێکی وردی تەواو، لەبەرئەوە ئەم بڕیارەی لای خوارەوەی دا لە باری تەعریفی دەستدرێژییەوە.





بابەت (١):

دەوڵەتێک بەدەستدرێژکەری ڕاستەوخۆ دائەنرێ ئەگەر دەستپێشکەری لەوەوە بێ لە یەکێک لەم کردەوانەدا:

أ: جاڕدانی شەڕ بەرامبەر بە دەوڵەتێکی تر.

ب: بەهێزی چەکدارەوە داگیرکردنی زەویی دەوڵەتێکی تر ئەگەرچی بێ جاڕدانی شەڕیش بێ.

ج: پێشدەستی بکات لە بەکارهێنانی یەکێک لە چەکی ئەتۆمی و کیمیاوی و میکرۆبییەکانا یان هۆیەکی تری خاپوورکەری سەرجەمی.

د: بۆمبارانی زەویی دەوڵەتێکی تر بەنەیرۆی زەوی، دەریایی، هەوایی، یان پەلامارێکی نیازدار بداتە کەشتی و فڕۆکەکانی دەوڵەتێکی تر.

ه: هێزەکانی زەوی و دەریایی و هەوایی خۆی دابەزێنێ لەناو سنووری دەوڵەتێکی ترا، بەبێ ئیزنی حکوومەتی ئەو دەوڵەتە یان بەپێچەوانەی مەرجەکانی ئەو ئیزنە، بەتایبەتی لە بارەی کات و جێگاوە.

و: گەمارۆ (حصار)ی دەریایی سەپاندن بەسەر گوێ دەریا و بەندەرەکانی دەوڵەتێکی ترا.

ز: یاریدەدانی یاخییە چەکدارەکان لە پەلاماردانی دەوڵەتێکی ترا، یان مل نەدا واز لە یاریدەدانی یاخییەکان بێنێ، یان بەپێچەوانەی خواستی دەوڵەتی دەستدرێژی بۆکراو گوێ نەداتە قەدەغەی یاریدە و داڵدەدانی یاخییەکان لەناو سنووری وڵاتی خۆیا ئەوەندەی لە توانایا بێت.

ح: بێبەشکردنی هەندێک لە دانیشتووە شەرعییەکانی وڵاتێ لە مافە بنەڕەتییەکان بەپێی ئیعلانی گشتیی مافەکانی ئینسان، کە ئومەی گشتیی ئەنجوومەنی نەتەوە یەکگرتووەکان لە (١٠)ی دیسامبری ساڵی ١٩٤٨دا بڵاوی کردەوە. ئەم بێبەشکردنە با لە ڕێگای ئاسایی (إعتیادی)، یان تەشریعی، یان بەکردەوەی تەنفیزی، یان قانوونی بێت، هەر بەو مەرجە، کە لەسەر بنەڕەتی جیاوازیی ڕەگەزی و نەتەوەیی و ڕەنگی پێست بێت.

بابەت (٢):

دەوڵەتێک بەدەستدرێژیکەری ناڕاستەوخۆ دائەنرێت ئەگەر یەکێک لەم کردەوانەی لەسەر ساغ ببێتەوە.

أ: هاندان و تیژکردن بۆ ڕووخاندنی حکوومەتی دەوڵەتێکی تر لە ڕێگای بەکارهێنانی هێزەوە، ئەمەیش بەدەستگرتن ئەبێ، یان بەچەک، یان بەماڵ، یان بەشتی تری لەم بابەتە، یان بەهەچ هۆیەکی تر بێت.

ب: شەڕی ناوخۆ بزواندن، یان هاندانی، یان تێکۆشان بۆ گۆڕینی ڕژێمی سیاسی، یان ئابووری، یان دەزگا دەوڵەتییەکان لە ڕێی بەکارهێنانی هێزەوە.

ج: بزواندن و هاندان بۆ کاروباری ڕووخێنەری، وەک: «دروستکردنی دەستەی چەتە... هتد».

د: هاوبەشی کردن لە پیلانا بۆ هەر یەکێک لەو بابەتانەی لە سێ بڕگەکەی لای ژووردا ناوبراون، چ بەجۆرێکی ڕاستەوخۆ بێ، یان لە ڕێگای کرێگرتەوە، چ تاقە کەسێک و، چ دەستەیەک لە کەسان.

هـ: لە نزیک سنووری دەوڵەتێکی ترەوە سازدانی لەشکر، یان لەشکرگێڕی و مناوەرەی سەربازیی زەوی، یان دەریایی، یان هەوایی، یان لە ناوچەی مەترسیی ئەو دەوڵەتەدا بەنیازی هەڕەشە و لە پاشانا بۆ زۆر لێکردنی، کە پێچەوانەی پێویستیی سەرشانی کارێک بکات، یان نەی کات.

و: دروستکردنی هاوسوێنی و دەستە پێکەوەنانی شەرفرۆشانە و دەستدرێژیکەر.

ز: سووربوون لەسەر درێژەدان بەگوڕی تاقیکردنەوە و دروستکردنی چەکەکانی ناوکی و کیمیایی و میکرۆبی، ئەو تاقیکردنەوانە کە زیان ئەگەیەنن بەلەش و لەشساغیی ئینسان، بەتاقیکردنەوە زانستییەکانیشەوە، ماوەی هەڵسووڕان لەم کردەوانەدا، چ لەناو سنووری دەوڵەتەکە خۆی بێت، یان لەناو دەریا، یان هەوا، یان لەسەر زەویدا بێ.

بابەت (٣):

دەوڵەتێک دائەنرێ بە دەستدرێژیکەری ئابووری (اقتصادی) ئەگەر دەستی بچێتە یەکێک لەم کردەوانە:

أ: پیلان ڕێک خات بۆ تەنگەتاوکردنی دەوڵەتێکی تر لە ڕێگای ئابوورییەوە و، بەمە ببێتە هۆی برینی دەسەڵات و سەربەخۆیی ئابووریی ئەو دەوڵەتە، یان هەڕەشە بخاتە سەر بنچینەکانی ژیانی ئابووری.

ب: بەرامبەر بە دەوڵەتێکی تر دەستکردن بە هەڵسووڕانێک کە ئەبێتە تەگەرە لە ڕێگای پێکەوەنان و بەکارهێنانی سامانی سرووشتیی خۆیا.





ج: دەوڵەتێکی تر بخاتە ژێر گەمارۆی ئابووری.

بابەت (٤):

دەوڵەتێک دائەنرێ بە دەستدرێژیکەری بیری (فیکری) هەر کاتێک یەکێک لەم کردەوانە بکات:

أ: بزواندن و تیژکردن بۆ هاندانی پەسەندکردنی بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی و کیمیایی و میکرۆبی و چەکی وێرانکردنی سەرجەمی تر.

ب: بزواندن و تیژکردن بۆ هاندانی شەڕ.

ج: بزواندن و تیژکردن بۆ خەریک بوون لەگەڵ ئەو کار و کردەوەیانە، کە باسکران لە بڕگەی (٣)ی بابەتی (٢)دا.

د: بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی فاشیستی و نازییەتیی و، جیاوازیی ڕەگەزی و نەتەوەیی، وە بە چاوی ڕق و سووکی تەماشاکردنی گەلێکی تر.

بابەت (٥):

جگە لەو کردەوانەی لە بابەتەکانی پێشوودا باسیان کراوە هەچ کردەوەیەکی تر ئەنجوومەنی ئاسایش (أمن) دایبنێ بە دەستدرێژی دروستە ئەو کردەوەیە سەربازی بێ، یان ئابووری، یان بیری (فیکری)، یان دەستدرێژیی ناڕاستەوخۆ.

بابەت (٦):

هەچ کردەوەیەک بچێتە ژێر مەعنای دەستدرێژی، هەروەک لە مادەکانی پێشوودا هاتووە، بەهیچ پەڵپێک پاساو نادرێ (بەهیچ زەعمێک تێپەڕ ناکرێ) نە بەپێویستیی نەتەوایەتی، نە هی سیاسی، نە هی ستراتیژی، نە هی ئابووری، یان بەهیچ نیازێکی وەک بەکارهێنانی سامانی سروشتیی ناو سنووری دەوڵەتی دەستدرێژی بۆکراو، یان نیازی چنگ خستنی کەڵک و ئیمتیازات، یان پەڵپی ئەو سەرمایەیە، کە لە وڵاتی دەستدرێژی بۆکراودا خراوەتە گەڕ، یان بۆ هیچ مەبەستێکی تر بێ لەناو سنووریا، یان بەساغکردنەوەی ئەوەی، کە حکوومەتی دەوڵەتی دەستدرێژی بۆکراو ناتەواویی هەیە لە (مقومات)ی دەوڵەتیدا، بەکورتی دروست نییە ئەم بابەتانەی لای خوارەوە بکرێن بەپەڵپ:

١- باری ناوخۆی دەوڵەتێک، بەوێنە:

أ: دواکەوتوویی نەتەوەیەک لە ڕووی سیاسی، یان ئابووری یان کەلچەری (ثقافی)یەوە.

ب: گومانی ناتەواویی لە بەڕێوەچوونیا (إدارە)یی.

ج: مەترسی لە زیان گەیشتن بەگیان و موڵکی بێگانە.

د: جوولانەوەی شۆڕشی، یان پێچەوانەی شۆڕش، یان شەڕی ناوخۆ، یان پشێوی و مانگرتن.

هـ: دامەزراندنی شێوازێکی سیاسی، یان ئابووری، یان کۆمەڵی، لە هیچ دەوڵەتێکا و، پاراستنی ئەو شێوازە.

٢- هەچ کردەوە یان تەشریع یان فەرمانێک لە هەچ دەوڵەتێک دەرچێ بەوێنە:

أ: شکاندنی پەیمانە دەوڵەتییەکان.

ب: خستنە ژێر پێی مافەکان و کەڵکەکان (مصالح) لە ماوەی بازرگانی و ئیمتیازات، یان هەر جۆرێکی تر لە نیشاطی ئابووری، کە بۆ سوودی دەوڵەتێکی تر خۆی، یان ڕەعیەتی پەیدابووە.

ج: پچڕینی پێوەندیی دیپلۆماسی یان ئابووری.

د: دەستدانە هەڵسوورانێک، کە هەیبێ بەسەر بڕینەوەی پەیوەندیی ئابووری و ماڵییەوە.

هـ: سەرپێچی لە قەرزدانەوە.

و: قەدەغە یان کەمکردنەوەی ڕەو (هیجرەت)، یان گۆڕینی باری بێگانە.

ز: گرتنی ئەو ئیمتیازاتە، کە دراوە بەنوێنەرانی ڕەسمیی دەوڵەتێکی تر.

ح: مل نەدان بۆ تێپەڕینی هێزی چەکدار، کە بڕوا بۆ زەویی دەوڵەتی سێیەم.

ط: دەست دانە هەڵسووڕانێک، کە سروشتی ئایینی (تەبیعەتی دینی)ی هەیە، یان پێچەوانەیە بەئایین.

ی: قەوماوەکانی سەر سنوور.

بابەت (٧):

لە باری دەستکردنی دەوڵەتێکا بەسازدانی لەشکر و لەشکرگێڕی (حشد وتعبئة) بەژمارەیەکی زۆر لە هێزە چەکدارەکانی لە نزیکی سنووری دەوڵەتێکی ترەوە، ئەو دەوڵەتە هەڕەشە لێکراوە بۆی هەیە پەنابەرێت بەهۆیە دیپلۆماسیەکان، یان بەهۆی تر، بۆ ئەوەی لە ناکۆکیی دەوڵەتانی وا بگاتە چارە دۆزینەوەیەکی ئاشتییانە لە هەمان کاتا بۆشی هەیە ڕێگای هەڵسوورانێک بگرێ، کە خاوەن سروشتی





سەربازی بێت، وەک؛ ئەو کردەوانەی لە سەرەوە باسمان کرد؛ بەڵام نابێ سنوور ببڕێ.

بابەت (٨):

دەستدرێژی، کۆنگریس بڕیاری دا، کە هەموو دەستدرێژییەک، یان تەقەڵلایێ پێویستە پرسینەوە (مەسئولیەتی) تەواو بخاتە سەر ئەو دەوڵەتە، کە دەستی ئەچێتە کردەوەی وەها و، پێی دائەگرێ لە ڕێکخراوی ئەنجوومەنی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە پرەنسیپە گشتییەکانی مەسئولیەت «پرسینەوە»، هەروەک لە قانوونی دەوڵەتاندا پێی لێنراوە، بەرامبەر بەدەوڵەتی لێپرسراو، بخاتە کار، وە یاریدەدانی دەوڵەتی دەستدرێژی بۆکراو، لەلایەن هەچ دەوڵەتێکی ترەوە بێت کردەوەیەکی ڕەوا و گونجاوە لەگەڵ پرەنسیپە شەرعیەکاندا.

«بەیان- ژمارە٤»

## نووسەر و سەردەمەکەی

زۆر لە نووسەرە ڕۆژئاواییەکان، کە ئاوڕ بۆ سییەکانی زوو ئەدەنەوە ئەو ساڵانە دائەنێن بەسەردەمی گوڕی پەرداخت بۆ نووسەرەکانی بەریتانیا و ئەمەریکا و فرانسە و وڵاتانی تر، بۆ ئاوڕدانەوە هەریەکەیان ڕێگایەکی تایبەتیی خۆیانیان گرتووە؛ هەندێکیان هەناسەی سارد بۆ ڕابردوو هەڵئەکێشن و نەفرین ئاڕاستەی ئێستا ئەکەن، هەندێکیش هەر بەوەوە ناوەستن؛ بەڵکو خۆیان ماندوو ئەکەن بۆ ئەوەی هۆی کورت هێنانی نووسەرانی ئێستایان ببەنەوە سەرکێشە تیژەکەی بابەتە سیاسی و ئابوورییەکانی ئەمڕۆ.

لەم ڕووەوە یەکێک لە سەرنجەکانی جۆن ئۆسبۆرن (John Osborne) تایبەتییە، هەروەک پیشەیەتی گەلێک دەستووری پێچەوانەی یەکتری لەم سەرنجەیشیا ڕیز کردووە بناغەی بریتییە لەوە، کە لە سییەکانا گران نەبوو بۆ نووسەرێک، کە بزانی لەناو لەشکرگاکانا شوێنی خۆی کامەیە، بۆ هەچ لایەکی ئەڕوانی ئەی دی «هەر خەڵکە کراوەتە تەنەکەی خۆڵەمێشی ئابووری»؛ بەڵام ئێستا «تەنەکەی خۆڵەمێش» دیمەنێکی تری هەیە. «زۆر جێگای حەسانەوەیە و تا ڕادەیەکی باش خاوێنە» ئوسبۆرن (Osborne) لەسەر قسە ئەڕوا بەدوان لە ڕۆژانەی کرێکار لە بەرزبوونەوەی تەختی گوزەرانی (مستوای مەعیشەت)، وە لەوەش ئەدوێ، کە باج (ضریبة) سامان لە ساماندار بڕ ئەدا و ناچاری ئەکات سوودەکانی خۆی لەگەڵ کەم دەستەکانا بەش بکات.

ئەو بالۆرەیەی لەم قسانەیا بەرگوێ ئەکەوێ زۆر (هاوبین) نییە لەگەڵ ئاوازەی (لاوی ڕق هەڵساو)، کە زووتر وتی. لە ژمارەی ئەیلوولدا - هی سۆڤیەت لیتریچەر - لە وتارێکا بەناونیشانی «ئازادی بۆ هونەرمەند» ڕاڕایی ئەم چیرۆکنووسە لاوەمان خستە پێش چاو، لە کاتێکا لە چیرۆکە تازەکەی (ئاوڕدانەوە بەرقەوە) دواین، ئێمە لێرەدا زۆرتر شلۆقی و ڕاڕایی بیری (ئۆسبۆرن)مان مەبەست نییە، ئەوەندەی ئەو هەڵفریواوییە زیانداره، کە لەناو نووسەرەکانی ڕۆژئاوایی سەردەما تەشەنەی کردووە، زۆریان باوەڕیان وایە، کە ئەگەر هەر ماڵە تەلەفیزیۆنێک و سەهۆڵکەرێکی تیا بێ و، شەقامەکان پڕ بن لە ئوتوموبێل ئیتر هیچ نامێنێ شەڕی بۆ بکەین و، کشانەوەی نووسەرەکان لە کاروباری سیاسەتی ئابووریی ڕۆژانە نابێ ببێ بەهۆی توانج تێگرتنیان لە کاتێکا، کە بەباوەڕیش دیموکرات بن؛ بەڵام بابەتی ئۆسبۆرن خۆی پیشان ئەدا، کە ئەم «هەڵخەڵەتاوییە دامرکێنە» چەن جێ نەگرە و چەن نالەبارە، بۆ پەرموونە و بەو بالۆرەی بەندوباوی بەختیارییەی! ئەم خۆڕەتاندنەی لە ستایشەوە بۆ «تەنەکەی خۆڵەمیشی زۆرهێنەرەوە و تا ڕادەیەکی باش خاوێن» هەتا مەیدانی گومانچێتیی بێ حیلە و لە هەستکردنی کامەرانییەوە هەتا زەرد هەڵگەڕانی بێ هیوایی، ڕەنگە لە زمانی پاراو چاتریشمان بۆ ڕوون بکاتەوە، دیارە ئۆسبۆرن ناتوانی تێ بگات، یان پیشان بدات، کە ژیانی سەردەم چ ئاڵۆزکاوییەکی تیایە، یاخود ڕاستییەکان هەموو بەڕووتی بخاتە بەردەم؛ بەڵام بەهەست تیژیی ئاگادارە لە حاڵی لاوەکانی پاش شەڕ و، وە هیوا دۆڕاوییەکەیان ئەوەندە ئەبینی تێ بگات، کە جێگای گۆرانی وتن نییە، دنیایەک پڕ بێ لە شەڕی ئیمپریالیستی و هەڕەشەی ئەتۆمی، دینایەک کە خۆپەرستی خاوەن سەرمایە ئەیگێڕێ، دنیایەک کە لاوەکانی بەریتانیا لە (٩)ی مایسی ١٩٤٥دا بەهەر خەوبینین و هیوایەکەوە چۆن بەرەو پیری هەمووی دامردەوە.

خۆش لێهاتووەکانی پشتێن لێکردنەوە و لە خەیاڵا نقوم بوون، هەرچەن دڵخۆشیی خۆیان بدەنەوە بەپەنجە ڕاکێشان بۆ جیاوازییەکانی ئەمڕۆ لەگەڵ ساڵە تاریکەکانی سەردەمی سییەکان، هێشتا لەبەردەمی هەموو نووسەرێکا پرسیاری ئەوەی، کە گیروگرفتە سیاسییەکان چۆن چارە بکرێن، یان چ ڕێگایەک بدۆزرێتەوە بۆ ڕایی کردنی تەنگانە ئابوورییەکان بەهەموو زەقی و تیژییەکەوە ئەمینێتەوە (قوللەی عاجین) ئیتر ڕابوردیی بە پەنا، تەنانەت بۆ جوانی پەرستە هەرە کەللەڕەقەکان، کە بێ ئەوەی چێژ و مەیلەکۆنەکانی خۆیان بگۆڕن، تەقەللا ئەدەن داڵدەی کەلاتر و تازەتر بدۆزنەوە، تەنانەت هەندێک هەرچەن وەک خۆم شێوان دێتە بەرچاو، دەستیان کردووە بە دوان لەو





ئەڵقانەی ئەدەب ئەبەستن بەسەردەمەوە، ئەگەرچی مەبەستی ئەوان ئەوەیە، کە ئەڵقەکان هەتا ئەتوانرێ سنووردارتر پیشان بدرێن.

لەم حاڵانەدا بانگکردنی ڕاستەوخۆ نامێنێ بۆ کشانەوە بۆ قوللە ئەمجارە پەڵپێک ئەگرن، کە زۆر ئاڵۆزکاو و زۆر تازەیشە.

زۆرجار لەوە ئەدوان، کە نووسەر ناتوانێ، وە لەبەر سوودی هونەرەکەی خۆی نابێ خۆی خەریک کات بەکارەساتە کۆمەڵییە سەرەکییەکانەوە، ئەو گیانی سەردەمی خۆی باشتر دەرئەبڕی ئەگەر لەنگەری تەواو بخاتە سەر تاقیکردنەوەی خۆی؛ واتا ژیان و هەبوونی تایبەتی خۆی، لەگەڵ بابەتەکانی سایکۆلۆجی و هەستەکانی.

لێرەدا ئەم پرسیارانە قووت ئەبێتەوە:

باشە ئەی سنووری تاقیکردنەوەی نووسەرێکی ئەمڕۆ ئەبێ کامە بێ؟ سنووری ڕاستەقینە نەک سنوورێک لێگرەکانی ئەوە ئەدەبە دای ئەنێن کە لە بابەتەکانی کۆمەڵایەتی ئەدوێ؟ لە ڕووی ڕاستییەوە ئاخۆ نووسەر هەیە بتوانێ خۆی لەو قەومانە بدۆزێتەوە، کە کار ئەکەنە سەر ژیانی خۆی و خۆشەویستەکانی و ئەو فرمانەیەوە، کە دڵی پێی خۆشە؟ لەناو پڕوپاگندەچییەکانی (لە سیاسەت نەنووسین)یشدا هەندێک هەن بەپێویستی نازانن کشانەوەی نووسەر لە سیاسەت ببەسترێ بەبایەخەکانی (تاقیکردنەوە) و، ئەوان بەساکاری ئەڵێن تاقیکردنەوەی نووسەر هەرچۆن ئەبێ ببێ، پێویستە لەسەری بە هیچ جۆرێک تێکەڵی سیاسەت نەبێ؛ چونکە سیاسەت زیان ئەگەیەنێ بەئەدەب.

سۆمەرست مۆم لە دەمەتەقێیەکی ئەم دواییەدا لەگەڵ فیلیب تۆینبی درکاندی، کە سیاسەت، یان فەلسەفە هیچیان بابەتێک نین دەست بدەن بۆ نووسەر، چونکە چیرۆک گرانبار ئەکەن و، قۆرت ئەخەنە ڕێگای جووڵانەوە.

سۆمەرست مۆم ساڵ لە دوای ساڵ ماندوو نابێ لە دووبارەکردنەوەی ئەم بیرەی بەبێ ئەوەی سرنج بدا لە پووچ بوونی لە کاتێکا سەربەستیی داهێنەری بەبڕبڕە دائەنێ بۆ نووسەر.

لەلایەکی ترەوە بەهەموو سووری و لاسارییەک، دیناتوری تاقە یەک پرەنسیپی یەک ڕەنگ دائەسەپێنێ بەسەر پەیڕەوەکانیا، هیچ بەبیریا نایە، کە نووسەرانی جیاواز هەڵوێستەی جیاوازیان هەیە بەرامبەر بەسیاسەت.

ئاشکرایە نووسەرێک دوور وەستا بێ لە چەمی ژیانی سەردەمی سیاسەت، ناتوانێ

بێ بەبابەتێکی باش بۆ نووسینەکانی، ناتوانێ بەپوختەیی بچێتە ناو دنیای لێکدانەوەیەوە، وە لە چیرۆکەکەیا ئەبێتە هۆی قورس و بێ ئاهەنگ، نووسەرێکی وا تەنیا کاتێک بەردەمی خۆی تەخت ئەبینێ، کە بابەتی نووسین لە دنیایەکی بچووکا بریتی بێ لە هەستە عادەتییەکانی خۆی لەگەڵ ئەو تاقیکردنەوانە، کە زۆرتر لە جۆری خۆیی (ذاتی)ن، هیچ پێویست بە وتن نییە، کە لە ڕووی زانستی و کۆمەڵایەتییەوە نرخی نووسینەکانی هەتا بڵێی کەم ئەبێ، ڕەنگە کار بکاتە سەر خوێندەوارەکەی بەتەعبیرێکی نایاب، بەورد و ڕازاوەیی وەسفی دیمەنێک بەیاری کردن بەوشەی درەوشاوە؛ بەڵام هەرگیز ناتوانێ بیبزوێنێ بەدوورخستنی نیگارە جوانەکانی ژیان، گورە تیژەکانی نەبەردەکانی سەردەمێک، یان هێزی دڵداری، یان هەستی کینە و ڕق، وە دیارە هیچ شتێکی تازە داناهێنێ نە لە ژین و نە لە ئەدەبدا، شتێکی وا کە بەقووڵی بیکا بەهاوسەردەمێکی ڕاستەقینە، بیکا بەهاوڕێی گیانیی زۆر پشت لە خوێندەواران.

بەڵام بەوەی باشە هەندێ نووسەری تر هەن لە جۆرێکی ترن، کەڵک و سوودەکان و هەست و ئەندێشەکانی سەردەمی خۆیان خوێنی ژیانیانە، بەرهەمیان تەرخان کراوە بۆ کارەسات و بابەتە گرگرتووەکانی ڕۆژیان، ئەڵقەی پەیوەستیی سیاسەت و چارەنووسەکانی ئینسانییەت بەڕوونی ئەبینن و هەستی پێ ئەکەن و تێی ئەگەن.

بۆ نووسەرێکی وەکو ئەمانە شاندانە بەر (ئیلتیزام)ی پێویستەکانی ژیان و سیاسەت شتێکی زۆر سروشتییە، نەک سیاسەت؛ بەڵکو دەرخستنەوە لە سیاسەت، چیرۆکەکەی لێ تێک ئەدا، قۆرت ئەخاتە ڕێگای درێژبوونەوەی پیەس، وە ئەو بەهرە هونەرییانەی ڕێگای (لە سیاسەت نەداون) هانی ئەدا بۆی بگەڕێ هەمووی خاپوور ئەبێ.

ڕێکەوتێکی چەن باشە، کە تێگەیشتنی ئەم شتە ساکارانە لەوە دەرچووە هەر تایبەتی بێ بۆ نووسەرە سۆڤیاتەکان، لە بارەی زیانی خۆبردانی ئەدەبەوە لە جووڵانەوە و کارەساتە گشتییەکانی ڕۆژانە لەم ڕۆژانەدا گەلێ جار لە چاپەمەنیی ڕۆژئاوادا ئەبینرێن.

لە گۆڤاری (دی ئەتلانتیک)دا ژمارەی کانوونی دووەمی/ ١٩٥٨ی وتارێک هەیە بەپێنووسی (ئارشیبالد ماکلیش)، لەم وتارەیا شاعیری کۆن بەسکاڵاوە ئەڵێ: «هونەرمەندی ئەمریکا خۆی بەکاروباری سیاسەتەوە خەریک ناکا، هیچ نەبێ بەرگری لەو سەربەستییە بکات، کە هەبوونی هونەریی لەسەربەندە».

ماکلیش بەم قسانە تەنیا ئەوە ساغ ناکاتەوە، کە لە ئەدەب و هونەری ئەمریکادا کەلاگرتن لە سیاسەت شتێکی زۆر باوە، لە هەمان کاتا ئەگەڕێ بۆ دۆزینەوەی هۆیش،





ئەو تاوانباری سەرەکی بەوە دائەنێ کە ئەمریکاییەکان داویانە بەئەستەتیک (جوانی ناسی – بدیع) و، ئەڵێ: «ئەوەندە دوور ڕۆیشتووە، کە هونەری لە شوێنی خوا بچکۆلەیەک داناوە و، پچڕپوبەتی لە گشت جۆرە پەیوەندییەک بەدنیای ژیانەوە».
ماکلیش هەندێ ڕووداو لە دەرسە پەرگرتووەکان (متطرف)ەکان، ئەخاتەوە بیر خوێندەوارەکانی، کە ڕۆڵی (جوانی ناسی) باش ئەخەنە بەرچاو؛ یەکێک لە پەیڕەوەکانی ئەم باوەڕە وتوویەتی: کە داوی هەرە تاڵوکە بۆ هونەرمەند ئەوەیە، کە خۆی بەپێویستی کۆمەڵایەتییەوە خەریک بکات، یەکێکی تر نووسەرێکی زەنگی (قولی)، وا لاس داوە گوایە، ئەو چیرۆکە نایابەی لە بارەی ژیانی زەنگییەکانەوە نووسیویە هیچ نرخێکی هونەری نییە، چونکە ناتوانرێ بەهیچ دابنرێ، جگە لە بەرهەمێکی پرۆتستۆ (احتجاج).

بەڕاستی ڕووداوی کاریگەرن! هەرچەن ئەو، ئەمانە هەموو بەبێزارییەکی دڵسۆزانەوە دەرئەبرێ؛ بەڵام ناپرسێ ئەم مۆری (جوانی ناسی)یە بۆچی لە ئەمریکادا بەم جۆرە پەرەی سەندووە و دەسەڵاتی پەیدا کردووە، یان ڕەگەکانی ڕەچەڵەکی ئەمە ئەبێ کامانە بن؟ ئەو خۆی ماندوو ئەکا بۆ ئەوەی پیشان بدات، کە کشانەوەی هونەرمەند لە سیاسەت ئەگەڕێتەوە بۆ هێزی (جوانی ناسی)؛ بەڵام بێ گومان جوانی ناسی خۆیشی ئەبێ لێی بکۆڵرێتەوە، لە پێش ئەوەدا بتوانێ ببێ بەهۆی جووڵانەوەیەک لە هونەرا، ئەشێ خۆیشی هەندێک هۆ کاری لێ کردبێ.

مێژوو پیشان ئەدا، کە جوانی ناسی و ئەو هونەرەی داوای لە سیاسەت نەدوان ئەکات، هەردووکیان لە یەک بنچ ڕواون، هەردوو بەرهەمی ڕاستەوخۆ و مانیفەستۆی بیروباوەڕی تاکپەرستیی بۆرژوازین.

لایەنگیرانی تاکپەرستی خۆیان بەتاقە پاڵەوانی سەربەستیی داهێنەرانە و شەخسی (کەسی) دائەنێن، لای ئەوان سەربەستی کەلایی ئەگەیەنێ لە کۆمەڵ و توانای دەربڕینی شەخسیەت بێ بایەخدان بەهیچ شتێکی تر لە ڕووی زەویدا؛ بەڵام ئەم جۆرە سەربەستییە دەستبرینە، هەڵوێستەی تاکپەرستان (Inudividualist) لە ئەدەبا کوتومت وەک بەرهەمی کۆمەڵایەتییەکی سەرمایەداری وایە، کە جیاوازی ئەخاتە ناو جۆری ئینسانەوە. تاکپەرستی وەک فەلسەفەیەک ڕێگا لە هونەرمەند ئەگرێ کە لە ژیانا بزانێ شوێنی خۆی کامەیە، پەیوەندیی لە ناوەندی هونەر و ڕووداودا چییە، وە کام دەستوورانەن فەرمانیان بەسەر گۆڕانی ڕووداو و خۆیشیا ڕەوایە؟ تاکپەرستی زانستیی ژیان ئەگۆڕێ بەخەیاڵبازی و بڕوای درۆ. نووسەری بڕوای تاکپەرستی تەنیا یەک دوژمن

ئەبینێ بۆ سەربەستیی خۆی، دەستوور دانەری (تەشریع) بەمەرجێک سانسۆرێتی لە پاشکۆدا بێ؛ بەڵام سنوورەکانی سەربەستیی داهێنەرانە دیارە تەنیا بەسانسۆر دیاری ناکرێن، ئاسۆی نووسەر خۆیشی لەگەڵ ئەو تێگەیشتنەی بەرامبەر بەرۆیشتنی مێژوو هەیەتی دەستیان هەیە لە دیاریکردنی سنووردا.

ئاخۆ نووسەرێک بەتەواوی سەربەست ئەبێ لە کاتێکا لە ژیان هیچ نەگات، وە بەناو کلۆڵی و تەنگانەکانیا بەوێڵی بسوورێتەوە بێ ئەوەی جۆری هەڵسووڕانیان لەگەڵ ئەو دەستوورانەی کاریان تێ ئەکەن بتوانێ بەدی بکات.

ئاشکرایە نووسەرێکی وا هەتا ئەمرێ دیلی خەیاڵبازی ئەبێ، سەرهەڵدانی عاتیفەیەک یان بیرێکی ناقۆڵا لەوانەیە بیکا بەیەخسیری باوەڕێکی لاوەکی نابەجێ، وە ئەو بیرانەی بەدیمەنی ڕواڵەت گەشن؛ بەڵام لە ناوەوە بێ مایە و پووچن بەئاسانی ئەتوانن ڕایکێشن بۆ لای خۆیان و لاسی بدەن. بەڕاستیش ئەمەیە، کە ئەمڕۆ لە زۆر نووسەری ڕۆژئاوایی ڕووئەدا، ڕووداو (واقیع)ی ئەمڕۆمان هەتا بڵێی تێکەڵ و پێکەڵ و ئاڵۆزکاوە، لە کۆمەڵێک تناقضی هەرە تیژ و هەڕەشەی زۆری پەناگرتوو (کامن) دروست بووە، ئەو نووسەرەی نەتوانێ بەوردی چاودێری گەڕانی کارەساتەکان بکات، یان ئەو دەستوورانە تێ بگات، کە ئەیان گێڕێت لە ڕاستیدا ناتوانێ بەتەواوی سەربەست بێ، با لە هەچ پەنایەکی تاکپەرستیدا ئارەزوو ئەکات خۆشی بشارێتەوە لە ڕووداو. سەمەرە ئەوەیە کە ئێمە هەندێ جار لە تاقە یەک پەناگەدا نووسەر ئەبینین، هەڵوێستەی بەرامبەر بە (ڕووداو) پڕ گومانییە، نووسەریش ئەبینین، کە دنیای بۆرژوازی بەچاویلکەی گوڵڕەنگ تەماشا ئەکات و وا ئەزانێ چونکە ئێستا وەک سییەکان نییە، ئێستا (هۆ) لەناوا نییە بۆ هەڵچوون و هیچ نەماوە شەڕی لەسەر بکەین. سرنجە فەلسەفی و جوانی ناسییەکانی هەردوو لایان یەک ئامانجی هەیە، بەڕاست دانانی کەمتەرخەمی و بێدەنگی بەرامبەر بەکۆمەڵ.

ئەو گومانکەرانەی زیاتر دڕن، دوورتر ئەڕۆن ئەمانە یاساکانی (تقالید)ی کەڵچەری ئینسانی، ڕاستیی ئینسان و پێشکەوتوویی زانست ئەکەن بەژێر لێوەوە، گشت ئەو شتانە، کە لە تەمەنی جوانییانا ڕێزیان لێ ئەگرتن لەبەرئەوەی باوەڕیان بەژین نەماوە، تەنانەت گەیشتوونەتە ڕادەیەکیش، کە دزی و درۆزنی ئیمپریالیزم و مەیدان نانەوەی چەکداریش لە ڕیزی پێشکەوتنە زانستییەکان و یاسا کەڵچەرییەکان ئەژمێرن، بەجۆرێکی تا بڵێی هیچ و پووچ. نیهیلیستەکان (هیچ خوازەکان) بەگاڵتە پێکردن و نەفرین ناردن بۆ هەموو شتێ ڕووی زەردی خۆیان بەهەرە ئازا و بەهەرە بەزات دائەنێن؛





بەڵام ئاخۆ لە ڕای گشتی جیابوونەوە ئازایییە؟ ئێمە پێویست نییە ڕێگا هەڵەکەین، تەنیا چونکە ئەوان ئەیانەوێ لە گشت کەسێکی تر بەرزتر بقیرێنن ئەمە ئازایی نییە، بێ جەرگییە، ترسە لە ژیان، هیسترایە.

ڕەخنەگرتنی هیستریایی لە ڕووداوی ژیان لایان ئاسان ئەگاتە پلەی ڕەخنە لە ئینسانییەت بەگشتی، لە هەموو ڕووداو بێ ئەوەی تەماشای ئەو جیاوازییە زەقە بکرێ، کە لە ناوەندا هەیە، بێ ئەوەی تەماشای ئەو جیاوازییە بکرێت، کە لە ناوەندی هێزەکانی پێشکەوتن و هێزەکانی کۆنەپەرستدا هەیە.

ڕوو دەرخستنی ئەم ڕەخنە نیهیلیستییە لە میزاج و سروشتەوە نەهاتووە! بەڵکو ئەنجامی هەندێ زەرفی تایبەتییە.

نووسەرە ڕۆژئاواییەکان بەوانەشەوە، کە دوژمن بەکۆمونیزم و یەخە هەڵئەتەکێنن لە باوەڕی سوسیالیستی لە بارەی سەربەستی داهێنەرانەوە خەریکن بەگەرمی و ڕەپوڕەوانییەکی ڕوو لە زیادی لەم زەرفانە ئەدوێن.

وتارێکی (جەی. بی. پریستلی J.B. Priestley) «نیوستێسمان (٢٨)ی دیسامبری ١٩٥٧» بەکەڵک هاتنی لەم شوێنەدا گومان هەڵناگرێ «پێویستە لە سەرمان تەقەللا بدەین کۆمونیزم ڕاوەستێنین، نەک بەخۆکوشتنی مەیدان نانەوەی چەکداری؛ بەڵکو بەدۆزینەوەی -وەک ڕووسەکان کردیان- بیروباوەڕێک کە کەڵکمان ئەگری، بەوێنە بەڵێنمان بەدەستەوەیە، کە کۆمۆنیزم ناتوانی دان بەباوەڕی ئێمەدا بنێ لە بارەی مافی سەربەستیی تاکەوە، لە بارەی ئەوەوە، کە پیاو ئەبێ هەندێ مافی هەبێ دەست بۆ بردن هەڵنەگرێ؛ بەڵام ئێمە نەک هەر نەوەستاین بەدیار ئەم مافانەوە؛ بەڵکو لەناو گێرەوکێشەی ڕقەبەریی بێ بڕانەوە و هەڵپەی دەستپێشکەریی ناردنی زۆرتر ئاشنا بۆ دوورتر جێگا، وامان لێ هاتووە خەریکین ئەم شتانە لە بیر دەرئەکەین و چاویان لێ ئەقوچێنین، ئەو دنیا ئازادەی زۆری لە بارەوە ئەبیەین و ئەخوێنینەوە و سەربەستییەکەی وا دەرئەکەوێ هەتا دێ ڕوو لە کەمییە، دیمەنی باوەڕی بنەڕەتیی هەرە ساکاری مافەکانی ئینسان، خەریکە لەبەرچاومان ون ئەبێ».

پریستلی نایەوێ ببینێ، کە ژیانی کۆمەڵایەتی سۆڤیاتی بەختیاری بەراورد هەڵنەگر ئەبەخشێ بەنووسەری سۆڤیاتی بەوەی کە ماوەی بۆ خۆش کردووە خزمەت بگەیەنێت بەو گەلەی، کە دڵ و مێشک و گیانی خۆی بۆ تەرخان ئەکات، بەو ئایدیالانەی کە باوەڕیان پێ ئەکات؛ بەڵام ئەوە ئەبینێ کە چەن دەلەسەیە سەربەستیی تاک لە وڵاتانی بۆرژوازیدا، وە دانیشتوانی ئەو وڵاتانە، چەند شل بووە لە گرتنی داوێنی ژین و باوەڕ و ئایدیالیان، ئەمەش ئەیتۆقێنێ!.

زۆری تریش فڕێ ئەداتە چاڵی بێ هیوایی و کەمتەرخەمی؛ بەڵام ئەمڕۆ کەمتەرخەمی مردنە، ئیمپریالیستەکان و بەردەستەکانیان هەرچی هێز و دەسەڵاتیان هەیە بەکاری ئەهێنن بۆ ئەوەی لە ئاشتیی بسرەوێنن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە ئەندەنووسیا، لە جەزایر و لەگەلێ شوێنی تر، دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان گرفتار بوون لە چنگی مەیدان نانەوەی چەکی ئەتۆمیدا.

پێشنیارەکانی یەکێتی سۆڤیاتی لە پێناوی ڕێککەوتن و پارێزگاریی ئاشتیدا بەخۆدۆزینەوە و دەستی دەستی وەڵام ئەدەنەوە، بەرامبەر بەم دیمەنە باری هەڵوێستەی نووسەر لە ڕووی بابەتی هەرە گرنگی ڕۆژا هی شەڕ و ئاشتی، بایەخێکی ئێجگار زۆر وەرئەگرێ.

جیاوازیی لە سرنجی سیاسی، فەلسەفی، جوانی ناسی (ئیستەتیک)دا یان لە تێگەیشتنی ئەوەدا سەربەستیی داهێنەرانە کامەیە، ئەمانە هیچیان نابێ نووسەرانی گشت وڵاتان لە یەکگرتن دووربخەنەوە لەگەڵ ئەوانەی، کە خەبات ئەکەن لە پێناوی پاشەڕۆژێکی چاترا بۆ ئینسان و لە ژوور هەموو شتێکەوە بۆ پاراستنی ئاشتی، چونکە لێرەدا بابەت بابەتی جیاوازیی سیاسی یان ئایدۆلۆژی نییە، کە تا ئێستا دەمەقاڵمان لەسەر کردوون و، لەمەو پاشیش هەر ئەیکەین، بابەتی پرەنسیپی ڕەوشتە لە ژیانی ئینسانا، بابەتی شەرەف وجدانی خۆیەتی بۆ نووسەرێک کەمتەرخەمی لەم بابەتەدا هاوبەشییە لە تاوانا، تاوانێک کە بەرامبەر بەجۆری ئینسانگەلی خۆی ئەکرێ، تاوانێک کە بەرامبەر بەمناڵانی هەموو دنیا و مناڵەکانی خۆی ئەکرێ، ئەو نووسەرەی بۆ هەچ هۆیەک بی، بێ هیوایی بێ یان دوژمنایەتیی کۆمونیزم، یان خۆشەویستیی هونەری ڕووت، یان دڵگیرۆیی (هەر ماڵە و تەلەفزیۆنێک) - دوور بوەستی لە مەیدانی خەبات بۆ ئاشتی بیەوێ و نەیەوێ ئەبێ بەهاوبەشی هێزەکانی شەڕ.

بۆ ئەمڕۆ بێدەنگ بوون یاریدەیە بۆ ئەوانەی سوودیان ئەگەڕێ لە بازاڕی مل کەچ کردنا، بۆ ئەوانەی کە ئەیانەوێ ویژدان و وریایی گەلان خەفەکەن. پەت گەیشتۆتە ڕادەی پچڕان، ژیانی بەسەدان ملیۆن لە ئینسان لە قومارایە، هەموو نووسەرێک دەنگێکی لە دەمایە بیگەیەنێ بەخەڵک، دەبا ئەو دەنگەی دەنگی شەڕەف و وجدان بێ، دەبا خەفە نەبێ بەئارەزووی پەست و ترسنۆکانەی خۆ لادان لە داخی گرانی و پێویستیی ڕۆژ، بەو نیازەی، کە پاراستنی ئاشتی و ئینسانییەت بەجێ بهێڵێ بۆ خەڵکێکی ترا!...

«بەیان-ژمارە ٣»





## موحازەرەکانی گۆران لە کۆلیجی ئەدەبیاتی بەغدا
## ڕەخنەی وێژەیی -النقد الأدبي-

*لەم ژمارەیەوە بڕیارمان دا، کە (محاضرة) عیلمیە - ئەدەبییە بەنرخەکانی مامۆستای شاعیر و ئەدیبی ناسراوی کورد (گۆران) بەزنجیرەیەک بڵاوبکەینەوە، کە لە (دانشگای ئاداب - بەشی خوێندنی کوردی) لە بەغدا پێش مەرگی بەماوەیەک پێشکەشی کردووە.*

*مامۆستای ناوبراو لەو دانیشگایەدا دەرسی ڕەخنەی وێژەیی و هەڵبەست و زمانی کوردی پێ سپێررابوو، لەبەرئەوەی محاضرەکانی لەسەر ئەم بەشە گرنگانەی تەرخان کردبوو؛ ڕەخنەی وێژەیی چییە؟ مێژووی ڕەخنە بەکورتی لە کوردیا، مێژووی ڕەخنە بەکورتی لە یۆنانا، مێژووی ڕەخنەی عەرەبی، چۆنێتی ڕەخنە، ڕەخنەوانی ڕاست بەکێ ئەڵێن؟*

*هەڵبەست و کێش و قافیە، لە هەڵبەستا کێش، کێشی هەڵبەست لە زمانی کوردیدا، کورد بۆ کێشی بڕگەیی ئاوڕێک بەرەو مێژوو، ئەو کێشە بڕگەییانەی ئێستا باون، دەستووری زمانی کوردی، زمانەوانی، زمانێک لە پەرەسەندنا دابەش ئەبێ بەسەر زمان و شێوە زمانی نوێدا، کێشەی ناوخۆی شێوە زمانە شوێنییەکان... هتد. ئەمانە هەوێنی ناوەڕۆکی باسەکانی بووە؛ بەڵام داخی گران مەرگ مۆڵەتی نەدا، کە ئەو بەرنامە پیرۆزەی بۆ خۆی دانابوو لەسەر ئەم ڕێگەیە بەئەنجامی بگەیەنێت و تەواوی بکات، ئێمەش کە ئەم زنجیرەیە بڵاوئەکەینەوە، نیازمان ئەوەیە، کە دەرگایەکی هەرە پێویست و گرنگ بخەینە سەرپشت و لەبەردەمی نووسەر و وێژەوان و شاعیرە بەڕێزەکانا، کە لەم*

*باسە بەکەڵک و پڕ بایەخانە بکۆڵنەوە و پێنووسەکانیان بخەنە کار لەم جۆرە مەیدانەدا بۆ پێشخستن و گەشەپێدانی وێژەی کوردی، هەروەها بۆ ئەوەی خوێندەوارانی کوردیش بێ بەش نەکەین لەم کۆڵینەوە و شیکردن و شارەزایی و ڕووداوانە.*

*هەرچەندە بڕواشمان وایە کە چاکترین شت ئەمە بوو کە ئەم محاضرانە لە نامیلکەیەکی تایبەتی، یان هیچ نەبێ لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤارێکی ناسراوی کوردی بڵاوبکەینەوە بۆ ئەوەی چاکتر کەڵکیان لێ وەربگیرێ و بمێنێتەوە؛ بەڵام کە ئەو نیازە ئەمڕۆ نەیەتە دی بەپێویستمان زانی بەش بەحاڵی خۆمان، کە ئێمە ئەو هەنگاوە بنێین و لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکەمان بەزنجیرەیەک وەکو وتمان بڵاوی بکەینەوە و، هیوادارین کە لەلایەن هەموو خوێندەوارانی کوردەوە بەتایبەتی ئەوانە، کە تینووی سەرچاوەی ئەم باسەن، سەرنجێکی ورد و لەسەرخۆی لێ بدەن بۆ ئەوەی نرخ و بایەخی شیاوی خۆیانیان بدرێتێ و، ڕەنج و تەقەللای پیرۆزی لە مێشکی لاوەکانی و سەرپەڕەی کاغەزا چاندبێ، لەم ڕووەوە وردە وردە دێتە بەر و، بەپڕشنگەکانی چەند کون و قوژبنێکی تاریکی دنیای (وێژەی کوردی) ڕووناک ئەکاتەوە.*

*«ژین»*

## ڕەخنەی وێژە چییە؟

وشەی ڕەخنە لە کوردیی شێوەی سۆرانیدا، واتایەکی فەرهەنگیی زانراوی هەیە، کە بریتییە لە «خەوش گرتن، عەیب گرتن» لە کردەوە، یا لە ڕەوشتی کەسێک، یا لە سیفەتی شتێک، یان کارەساتێک (حادثة).

لەم ساڵانەی دواییدا لە ئەنجامی بووژاندنەوە (نسبیە)کەی جووڵانەوەی ڕۆشنبیریی کوردیدا دەستکرا بەبەکارهێنانی ئەم وشەیە بەواتا (اصطلاحیەکەی) -نەقدی





عەرەبی-، وشەی (نقد) لە عەرەبیدا یەکێک لە واتا فەرهەنگییەکانی جیاکردنەوە (دراو)ی ساغ لە ناساغ ئەگەیەنێ، بەم واتایە جیاوازی لەگەڵ واتای فەرهەنگیی ڕەخنەی ئێمە ئەوەیە، کە ئەم تەنها خەوشی شت و کردەوە و ڕەوشتی بەها و باشییەکەی ئەمانەش پیشان ئەدا؛ بەڵام وشەی (ڕەخنە) لە پاش ئەوەی بوو بە (اصطلاح) بۆ ئەم هونەرە کە لێی ئەدوێین، هونەری ڕەخنە، کە ئەمڕۆ لقێکی گرنگە لە لقەکانی وێژەوانی، واتا گەیاندنی (مەدلوولی) لە ماوە تەسکەکەی پێشوویا نەماوە و پەرەی سەندووە بەپێی ئەو سنوورەی وێژەوانانی کۆن لە تەعریفیا بۆیان داناوە، ڕەخنەوانەکانی ئەم سەردەمەش کار بۆ گۆڕاندنی سەرومڕ بۆ ئەوە تەقەللا ئەدەن ڕۆژ بەڕۆژ نزیکتری بخەنەوە، لە تەواوتری (اکمال)ی تەعریف دانان بۆ ڕەخنە، لە فەیلەسوفی یۆنانی (افلاطون)ەوە دەست پێ ئەکات بەجۆرێکی ئایدیالیستی (مثالي)، ئەفلاتوون باوەڕی وابوو کە وێژە، یان قسەی جوان دەستکردی ئینسان نییە؛ بەڵکو سروشێک و (ئیلهامێکی) پەنهانییە، ڕاستی و جوانیی شت کردەوەکانی ئەگەیەنێتە دەروونە پاکەکانی و خاوەنەکانی، ئەم دەروونە پاکانەش لە ڕێگای هەڵبەست، یان پەخشان، یان فەلسەفەوە ئەگەیەنن بەئەندامانی تری کۆمەڵ، لەسەر بنەڕەتی ئەم بیروباوەڕە، لە تەعریفی ڕەخنەیشدا وای داناوە کە ڕەخنە (شارەزاییە لە سروشتی دەروونی و حاڵەتەکانی و هێزەکانی (أحوال وقوة) و، لەگەڵ سازان و ڕێ نواندنی ئەم شارەزاییە بەقسەی ڕاست و ڕەوان (بليغ)، لە پاش (افلاطون) ئەرەستۆی خاوەندی کتێبی بەناوبانگ (بوطيقا)ی شیعر دێت، کە ئەم کتێبە لەگەڵ کتێبی (ريتوريكا) - خطابة-کەی سەرچاوەی هونەری ڕەخنە و بەلاغەتی هەموو سەردەمێکی باشترە بەتایبەتی ڕەخنەوانە عەرەبەکان لە تێگەیشتنی ئەم دوو کتێبەی (ئەرستۆ)دا لە کاتی خۆیدا توانیویانە بنەڕەتێکی ئەساسی تایبەتیی خۆیان دابمەزرێنن بۆ زانستی ڕەخنە و بەلاغە، هەر لەبەر ئەوەشە، کە لێرەدا باز ئەدەین بەسەر (ئەرستۆ) و سەردەمێکی مێژوویدا، وە خۆمان ئەگەیەنینە مامۆستاکانی وێژەی عەرەب لە سەردەمی عەباسییەکانا و، گوێ بۆ تەعریفی ڕەخنەیان شل ئەکەین، ئەمانە لە خاوەنی (ڕەخنەی هەڵبەست)، ( نقد الشعر )ەوە بیان گرە، تا خاوەندی ( كتاب العمدة في الشعر والشاعر)، وە خاوەنی کتێبەکانی بەراورد لە ناوەندی بوێژەکانی ڕەخنەیان کۆیکەیتەوە و لە بێژنگی بدەیت خوار و ژوور ئا ئەمە دەرئەچیت، ڕەخنە کۆڵینەوەیە لە شت، لێدانەوە و شیکردنەوەیەتی بەراوردێتی لەگەڵ لێچووەکانی و بەرامبەرەکانی و، هەڵسەنگاندن و دۆزینەوەی بەنرخ و پلەیەتی، ئەمە وایە بۆ هەست کراوەکانیش و، بۆ

تایبەتییەکانیش (محسوس ومعقول) لە وێژەیشا لە زانست و هونەرەکانی تریشدا، وە لە هەموو شتێکدا کە پەیوەندی هەبێت بەژیانەوە، ڕەخنەوانە تازەکانیش، بەچاوپۆشین لەو جیاوازییە زۆرانەی لە باری سەرنجیانا هەیە بەگشتی بەم جۆرە تەعریفی ڕەخنە ئەکەن: (ڕەخنە هەڵسەنگاندنی ڕاستی و دروستیی بەرهەمی هونەرییە، بەجۆرێک بتوانرێ نرخی پڕ بەپێستی خۆی چییە بیدرێتێ، وە لە چاویا بەرهەمە هاوجۆرەکانی، یا چی پلەیەک هەڵئەگرێ بۆی دابنرێت)، ئەم تەعریفە وەکو دیتان هەموو جۆرەکانی هونەرە جوانەکانی گرتۆتەوە بەنیگار و پەیکەر و مۆسیقا و هەموو لقەکانییەوە، هەر لەمە تەعریفێکی تایبەتی بۆ ڕەخنەی وێژەیی ئەتوانین بەم جۆرەی لای خوارەوە کورتتری کەینەوە! (ڕەخنەی وێژەیی بریتییە لە هەڵسەنگاندنی بەرهەمی وێژەیی بۆ دۆزینەوەی یەکەم نرخی، دووەم ئەو پلەیەی لە هونەری وێژەدا پێیی ڕەوایە). بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم تەعریفە و بۆ شیکردنەوەی پێویستە ئاگاداری ئەم چەند سەرنجەی لای خوارەوە بین:

١- ڕەخنە کاتێک ئەتوانێت بکەوێتە کار، کە بەرهەمی وێژە لە مەیدانا هەبێ لە پێشا وێژە دێتە دی، دوای ئەوە ڕەخنە لێی ئەچێتە پێشەوە بۆ لێ وردبوونەوە و تێگەیشتن و لێدانەوە و، پاش ئەمە بڕیارێکی لەسەر دەرئەکات، بەهۆی ئەو بەهرە قاڵبوونەوە، کە لە هونەرەکەیا هەیەتی لای زۆربەی خوێندەواران بەچاوی پەسند و لێوەرگرتنی سەیری ئەکرێ؛ بەڵام توانستی دانانی وێژە و چێژ (ذوق) لێوەرگرتنی لە وزەی ڕەخنەدا نییە، کە لە نەبوون دروستی بکات، تەنیا ئەوەندە ئەتوانێ، کە لە پاش ئەوەی ئەم توانستە خۆی لە مرۆڤدا هەبێ ئەویش یاریدەی بدا بۆ بەهێزکردن و گەشەپێدانی، دوایی ئەبێ ئەوەشمان لەبیر بێت، کە ئەم سێ هێزە (هێزی دانانی وێژە و، چێژ لێ وەرگرتنی، ڕەخنە لێ گرتن) هەرسێکیان بەیەکجار لە تاقە یەک نووسەری بەهرەداردا یەک بگرێ.

٢- ئەم تەعریفەی بەلای سەرەوە وا ئەگەیەنێ، کە یەکەم نیاز لە ڕەخنەی وێژەیی هەڵسەنگاندنی بەرهەمی وێژەیی و دانانی نرخی ڕاستەوخۆی خۆیەتی، بەپێیی ئەو دەستوور و پێوانانەی بۆ هونەری وێژەیی دانراوە، بەبێ ئەوەی لەگەڵ هاووێنەی خۆی بخرێتە تەرازووی بەراوردەوە، ئەم جۆرە ڕەخنەیە جۆری ڕوونکردنەوەی (إیضاح)ی پی ئەڵێن، کە یاریدەی تێگەیشتن لە بەرهەم و چێژ لێوەرگرتنی ئەدا، لە لایەن خوێندەوارانەوە. هەر لەبەر ئەو نیازەشە، کە باسی بەراوورد و پلەدانان بۆ بەرهەمی وێژەیی خراوەتە دواوە، هەروەها تەقەللای ڕیزکردنی بۆ تێڕوانین بەپێیی پایەی وەستاویان لە هونەرا، یان بەپێیی بەراوردی بەرهەمی جوێ جوێ یا نەبێ





بایەخی پلەی دووەمی پێ بدرێ، چونکە جیاوازیی بنەڕەتی -ئەساسی- لەناو بوێژ و بوێژەوانەکانا -شاعیر و کاتب- ئەوەندە زۆرە و ظروفیان ئەوەندە لە یەک جیاوازە، گران ئەتوانرێ لێکچوونی -تشابە- کوتومتی وایان لێ بدۆزێتەوە، کە بکرێ بە بناغەی بەراوردێکی تەواو و ڕاست، دوایی نووسەر و وێژە گەورەکان لە پاش ئەوەی هەندێ سیفەتی هاوبەشیان لەناوا هەیە، لە هەمان کاتا هەریەکەیان لە چەند سیفەتێکی تایبەتی خۆیان ئەوەندە مایەدارن، کە کەموکورتی ئەو نوختەی لاوازییەیان بەزیادەوە بیر ئەکاتەوە، کە لە سەرێکی ترەوە ئەگونجێ بیان بێت بەوێنەی (خانی) و (مەلای جزیری) و (مەولەوی)، هەریەکەیان لە بابەتێک، یان چەند بابەتێکی جیاوازی هونەرا گەیشتوونەتە لووتکەیەکی بەرز، لەبەرئەوە زۆر گرانە لە ئەنجامی بەراوردا لە ناویانا، بۆ پاش و پێش خستنیان لە پلەی هونەرا، بڕیارێکی پەسەندی چێژی گشتی، لەگەڵ ئەوەش ڕەخنەوان -ناقد- ئەتوانێ تایبەتییە (خصائصە) سەرەکییەکانی هۆی بەرزی ئەم جۆرە نووسەر و وێژانە بخاتە ژێر لێکۆڵینەوە و ڕوونکردنەوە و بەمە یاریدەمان بدات، کە چاکتر بیانناسین و نرخی شیاو -لایەق- تریان بۆ دابنێین.

٣- ڕەخنە بۆ بینینی هەر پێویستییەک بێ و، ئەو ئامانجەی ئەی هێنێتە دی هەرچییەک بێت ڕەخنەوان پێویستە سەرنج تیژ و دڵ وریا و خاوەنی چێژێکی قاڵکراو بێت بتوانێ هاوبەشی لەگەڵ هەستەکانی ڕەخنە لێگیراو بکات و دووربێ لە گشت ئەو هۆیە لاوەکی (خارجی)یانەی کار ئەکەنە سەر سەرنج و باوەڕەکانی، جگە لەوەش ڕەخنەوان پێویستە مستەوایەکی ڕۆشنبیریی بەرزی هەبێ لە وێژە و زانیاریدا شارەزایی لە مێژووی وێژە و چۆنێتی گۆڕانی و قۆناغەکانی هەبێ هەروەکو پێویستیشە هێزی تێگەیشتن و دووربیندا دەستی درێژ بێت، ڕەخنەوانێکی بایەخدار ئەبێ لەم بەهرە و بابەتانەدا مایەیەکی باشی هەبێت، ئەوسا لە مەیدانی هونەری خۆیدا هەر حوکمێک بدات خوێندەواران ئەتوانن دڵنیابن، کە ناوەڕاستی نیشانەی پێکاوە.

٤- ئەگەر بابەتی لێدوانی وێژە سروشتی بێ لەگەڵ مرۆڤایەتی، بابەتی لێدوانی ڕەخنەی وێژەیی (وێژە) خۆیەتی کە بریتییە لە قسەی جوانی هۆنراوە، یان پەخشانی وا، کە بەنیگار و ڕەنگەکانی هێز و هۆش (عەقڵ) و هەست (عاطفە) و ئەندێشە (خەیاڵ) ڕازاونەتەوە، ڕەخنەوان ئەم بەرهەمە هونەرییە ئەخاتە سەرمێزی شیکردنەوە و لێیی ورد ئەبێتەوە، شی ئەکاتەوە، هۆیەکانی هێز و لاوازیی

ئەدۆزێتەوە، ئەیانخاتە بەرچاو، بەمە یاریدەی خوێنەر ئەدات، کە باش تێبگات و، باشتر پەسندی بکات، لە هەمان کاتدا ڕێگای هەرە ڕاستی پیشان ئەدا بۆ بیرکردنەوە و دیمەن کێشان (تصویر) و دەربڕینی مەبەستی وێژە پێش ئەخا و، پاڵ بەوێژەوانیش و خوێندەواریشەوە ئەنێ بەرەو ڕێگای ڕاستتر بەرەو ئامانجی باشتر.

## ١- مێژووی ڕەخنە بەکورتی لە کوردییا

پاش ئەوەی تەعریفی ڕەخنەمان زانی تێگەیشتین ڕەخنەوان ئەو کەسەیە، کە لە بەرهەمی هونەرێک ورد ئەبێتەوە لە پاش ئەوەی شی کردەوە و واتاکانی لێکدایەوە و لەگەڵ لێچووەکانی بەراوردی کرد، ئەمجا هەڵی ئەسەنگێنێ و ئەو نرخ و پلەیەی پێی ڕەوایە بۆی دائەنێ دوای ئەوەی ئەمە تێگەیشتین، ئەمجا پێویستە چاوێکی گورج بەمێژووی ڕەخنەدا بگێڕین، تا بزانین ئەمیش وەکو هەموو زانست و هونەرێکی تر چۆن پەیدا بووە؟ لە سەرەتای پەیدابوونییەوە بە چ ڕێگایەکدا ڕۆیشتووە؟ ئەمجا چ جۆرە گۆڕانێکی بەسەردا هاتووە تا گەیشتۆتە ئەم بارەی ئێستای؟ ڕەخنە هەروەکو لە دەرسی پێشوودا باسمان کرد، سروشتییەکە دوای وێژە؛ بەڵام ڕاستەوخۆ دوا بەدوایدا هاتووە. هیچ دوور نییە، کە یەکەم بوێژ گورج یەکەم ڕەخنەوانی بەشوێنا پەیدا بووبێ، ئەگەرچی ئەمە لە وێنەیەکی سەرەتا پێخۆش بوون ڕووی دابێ، ئەمجا ئەوەندەی وێژە کۆنە و ئەچێتەوە بۆ سەردەمی بەرەبەیانی مێژوو، ڕەخنەی وێژەش هەروەها لە زمانی هەموو نەتەوەیەکدا، لە سەرەتای پەیدابوونی ئەو نەتەوەیەوە دەست پێدەکات، ئاشکرایە لە پێشا بەجۆرێکی سادە و سەرەتایی تا لە دواییدا بەرەبەرە دەست ئەکات بەخەملێن (أزدهار) و گەشەکردن.

وێژەی کوردی هەروەکو گشت ژیانی نەتەوەییمان بەزرووفێکی تایبەتی نالەبارا ڕۆیشتووە، مێژوومان تا بڵێی کۆنە؛ بەڵام دەزگای ژیانی کۆمەڵایەتی و شارستانییەتیمان ( أجتماعي وحضاري) لەچاو کۆنیی مێژوومانا لە کاروان زۆر بەجێماوە، وێژە کە یەکێکە لەم دەزگایانە، جگە لە بەشی فۆلکلۆری، ئەو بەشەی بەوێژەی نووسراو یان تۆمارکراو ناویان ئەبرێ لە کوردیدا تا پەنجا ساڵێک لەمەوبەر تەنیا هەڵبەست بوو لە پێش (١٩٠٤)ی زایندا، کە ساڵی دەرچوونی یەکەم گۆڤاری کوردییە، پەخشانی کوردی ئەبێ دابنرێ بەنەبوو، هەڵبەستی پێش موسڵمانیمان هێشتا پەردەی تاریکی نەدۆزراوەیی نەزانراوی لە ڕوو لانەدراوە هی سەردەمی پاش موسڵمانیمان، بەپێی ئەو کۆڵینەوەیە نووسەرەکانمان کردوویانە، سەرەتاکەی نزیکەی





هەزار ساڵ لەمەوبەر دەست پێدەکات؛ بەڵام بایەخ پێدانی گرانە، کە بەرهەمی وێژە کۆنەکانی ئەم سەردەمەش هەتا ئەگاتە پشتەکانی نزیک بەخۆمان، پرشوبڵاو و لە چاو ونن، بەڕادەیەک کە ڕۆشنبیرەکانمان چ جای خوێندەواری ساکار، لە بەشی زۆری ئەم سامانە نەتەوەییە نەشارەزا و بێ ئاگاین.

ئاشکرایە هۆیەکانی ئەم ئەنجامە زۆرەن جیاوازیی شێوەکانی زمان، باوسەندنی پەتای نەزانی (مرض الجهل) و نەخوێندەواری و لە یەکتری پچڕاوبوونی ئەم پارچەی وڵات لەگەڵ ئەو پارچەیە، بەش بڕاوبوونی پارچەکانی جگە لە یەک دوو پارچە لە مافی ڕۆشنبیریی نەتەوەیی ئەمجا بەو پێیە، کە ڕەخنە بابەتی لێدوانی وێژەیە و وێژەی کوردیش بڵێین ئەگەرچی لە سەرێکەوە خاوەندی مێژوویەکی درێژە؛ بەڵام لە سەرێکی ترەوە زرووفە نالەبارەکەی ماوەی نەداوە لە تەمەنی سەرەتایی و ساوایەتی ڕزگاری ببێ لەبەرئەوە بەبێ لێکۆڵینەوەش ئەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ڕەخنەی کوردی هێشتا نەیتوانیوە لە سنووری سەرەتایی دەرچێت، بەتایبەتی ڕەخنە لێگرتن و پەسەندکردن لەناو لێگرەکان خۆیانا و لەناو لایەنگرەکانیان تەنیا بەلێدوانی دەمی پێکهاتووە، فێرکردنی جۆری بنەڕەتیش لە ناوەندی بوێژ و مامۆستاکانی خاوەن تەمەن -بەعومر- و تازە پێگەیشتواندا، یان پشتاوپشت دەماودەمی کردووە، یاخود لە سەرچاوەی وێژەی ئەو زمانە دراوسێیەوە وەرگیراوە، کە بوێژەکان تیا شارەزا و لەژێر کارتێکردنیا بوون، ئەمە جگە لەو واتا ڕەخنەییانە جارجار بەنووکی پێنووسی بوێژەکان خۆیانا هاتووە لێرە و لەوێ لە دیوانەکەیانا لەم بەیت یان لەو بەیتا بەرچاو ئەکەون، ئەو زمانانەی کاری زۆریان کردۆتە سەر وێژەی کوردی دوو ڕێژگە (نیاز)ی جیاجیا دروست ئەکەن.

١- ڕێژگەی یەکەم ئەو کارتێکردنەیە، کە لە سەردەمی مێژووی پاش موسڵمانیدا لە زمانەکانی فارسی و تورکی و عەرەبییەوە ڕووی کردۆتە زمانی وێژەی کوردی تا سەردەمی تازەی ئێستامان لەمانە فارسی و تورکیش لە نۆرەی خۆیاندا دووبارە کەوتوونەتە ژێر کارتێکردنی زۆری عەرەبی. لەبەرئەوە و لەناو ئەم ڕێژگەیەدا کاری زمانی عەرەبی ئەبێ بەهێزی سەرەکی دابنرێت.

لە ڕاستیشدا وێژە ، زمانی عەرەبی نەک تەنها کوردی و دوو زمانەکەی تر بەڵکو لە هەموو زمانەکان و شێوە زمانەکانی گشت نەتەوە موسڵمانەکانی تریشا بەوێنەیەکی گرنگ کاری کردووە، تەنانەت لە وێژەی جیهانیشدا (عالەمی) ئاوڕدانەوەیەکی (انعکاس) ناوەڕۆکی (محتوی) بەرچاو ئەکەوێت.

٢- دووەم ڕێژگە، لە سەرەتای سەردەمی تازەوە، (کە بۆ وێژەی کوردی وتمان بۆ نیو

سەدە لەمەوپێش ئەگەڕێتەوە) دەست پێ ئەکات. ئەم ڕێژگەیە لە شارستانیەتی تازەی ئەورووپا هەڵقولا؛ بەڵام شەپۆڵدانەکەی وەکو ڕێژگە کۆنەکانی مێژوو هەر بەناوچەیەک، یان هەرێمێکەوە نەوەستاوە، سەرانسەری ڕووی دنیای گرتۆتەوە، ئێمە هەرچەند بەوێنەیەکی ڕاستەوخۆ لەم ڕێگەیەمان وەرنەگرتووە، دیسانەوە لە ڕێگەی زمانەکانی فارسی و تورکی و عەرەبییەوە (بەپێی ئەو سنووره دەوڵەتییەی تیا ئەژین) گەیشتە ئێمە؛ بەڵام قووڵی و پەرەداری (وسعەتی) کارتێکردنەکە ئەوەندە بنەڕەتییە ئێمەیشی لەگەڵ هەموو گەلانی ڕووی زەویدا داوەتە بەر کە لەو ڕادەیەدا نەماوە بەچاوی ناڕاستەوخۆ تەماشای بکەین، هەروەکو لە زمانی گەلە موسڵمانەکانا بناغەی ڕەوشت و ڕێبازەکانی وێژە و چێژی نەتەوەیەتی خۆی گۆڕیوبەتی و گەشەی پێداوە، بەهەمان دەستوور ئەو وێژە تازەیەی ئەورۆ پاش سەرچاوەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ سامانە گرانبەهاکەی یۆنانییە کۆنەکان، کەوابێ لە ڕێژگەی دووەمیشیا وێژەی یۆنانییە کۆنەکان جێگای عەرەبیی ڕێژگەی یەکەم ئەگرێتەوە، سەرەڕای ئەوەش، کە سەرچاوە دروست ئەکات بۆ ماوەیەکی پەرەدارتر لە دنیای ئیسلامیدا، نەتەوەکانی سەر زەوی هەروەکو لە پێشتریشدا لە دروست بوونی ڕەخنەی وێژەیی عەرەبدا دەستی درێژی هەبووە، ڕوون بووە سەرباری ئەوەش لەبەر بەدەستەوە نەبوونی مێژوویەکی ڕەخنەی تۆمارکراو زۆر بەپێویست ئەبینرێ.

کە چاو بە مێژووی ڕەخنەدا بگێڕین لە وێژەی هەردوو زمانی یۆنانی و عەرەبیشدا، ئەم چاو پیاگێڕانە کەڵکێکی تریشی ئەوەیە لە ڕێگای بەراوردەوە باری ئێستا و ڕابردووی ڕەخنەی وێژەی کوردیشمان چاکتر بۆ ڕوون ئەبێتەوە.

بەم بۆنەیەوە سرنجی بایەخ پێدان ئەبێ ڕابکێشرێ بۆ سەر ڕاستییەکی تریش، ئەویش ئەوەیە لە ڕەخنەی وێژەییدا ئەوەی لە سەردەمی کۆنا لە عەرەبیمان وەرگرتووە زۆرتر لە ڕێگای زمانی فارسییەوە پێمان گەیشتووە، جگە لەوەش نزیکی زمانی کوردی لە فارسی و هاوبەشیی ئەم دوو زمانە لە یەک سەرچاوەی (میشۆلۆژی - عیلمی أساطیر - ئەفسانەدا) و لە یەک سەردەمی مێژووی کۆنا، لەگەڵ تێکچوونی چێژی هونەریی هەردوو لامان ئەم پەیوەندییە گرنگانە گشتیان پێویستییەکی تەواو پێویست ئەخەنە سەرشانی نەک تەنها وێژەوانەکان و ڕەخنەوانەکان؛ بەڵکو هی هەموو ڕۆشنبیرێکی کوردی وێژە دۆست، کە تەقەللا بدات بۆ فێربوونی زمانی فارسی و شارەزایی پەیداکردن لە وێژەی فارسیدا.





## ٢- مێژووی ڕەخنەی بەکورتی لە یۆنیا

لە نەتەوە مێژووەکانی دنیادا خاوەندی وێژەی هەرەکۆنی بەرز یۆنانییەکانن، کە بەرهەمی بیریان بەوێژە و فەلسەفە و زانیارییەوە سەرچاوەی سامانی بیری هەموو مرۆڤایەتییە لە شارستانییەتی ئەم سەردەمەدا، بەپێی ئەو بەرهەمە ڕەنگینەی وێژەیان کە بەدەستەوەیە، یۆنانییەکان هەر لە تەمەنی دەشتەکییەتیانا (بداوة) خاوەنی هەستێکی زۆر ورد و زمانێکی زۆر پاراوی وابوون ئەیانتوانی گەلێ لە بابەتی وێژەییدا (وەک ڕەوانیی وشە و ڕوونیی واتە، سواریی لە کێشا -وەزن-، یان جوانی لە داڕشتنی بەرهەما ) ڕەخنەی زۆر بەجێ لە شایەرە گەڕۆکەکانیان بگرن.

ئەم لێگرتنانە لە پێشا زۆر ساکار بوون، وە زۆرتر لەسەر چێژ (زەوق)ی کاڵ و کرچی ڕەخنەگر خۆی دروست بووبوون، بەبێ ئەوەی ڕێبازێکی (طريقة)ی ڕەخنەوانی بڕیار درابێت، لەسەری بڕۆن.

لە پاش سەردەمێک لەژێر فەرمانی (سولون)دا، دەستکرا بەتۆمارکردنی ئەلیازە و ئۆدیسا هی (هۆمیرۆس) دوو داستانە بەناوبانگەکەی باوکی بوێژان (هۆمیرۆس)، ئەمە بوو بەهۆی گەرم بوونی بازاڕی ڕەخنە و چوونە بنج و بناوانی هەڵبەستەکان و لێکۆڵینەوە لە ڕاستی و ساغییان، لە ئەنجامدا شان بەشانی ئەوەی هەردوو داستانەکە، بۆ یەکەم جار بەپوختی و بەتەواوی نووسرانەوە و تۆمارکران، جووڵانەوەی وێژە و ڕەخنەش دەستیان دایە گەشە و پێشکەوتن.

کە پێ نرایە سەدەی پێنجەمی پێش زایین -هەڵبەستی- تەماشا (تەمسیلی) داهاتبوو، وە لە شاری (ئەثینا)دا دامەزرابوو، ڕەخنەی وێژەیش بەجۆرێک پێشکەوتبوو، کە بوێژەکان ئەیانتوانی بەشێوەیەکی گەلێک قووڵتر و پەرەدارتر قەڵەمی تیا ڕادەن، لە ڕاستیشا تەماشانووسی ( تمثيلية) خۆی هونەرێکە ژیان ئەخاتە ژێر ڕەخنەکارییەوە هەڵە و ناتەواویی ناو کۆمەڵایەتی لە هەموو کاروبارە جۆێ جۆێکانیا ئەخاتە بەرچاو و یاریدە ئەدا بۆ چاککردن و ڕاستکردنەوەی، دیارە ئەمە دەستی زۆر هەبووە لە ماوەدان بەڕەخنە کە پەرە بسێنێ و بگاتە سنووری قووڵتر، بنەڕەتی ئەم ڕەخنە تازەیەش لەسەر ئەو دەزگایە دروست بوو، کە دەوڵەت داینا بۆ هەڵسەنگاندن و نرخ دانان بۆ بەرهەمی بوێژەکان بەو پێیە هەڵبژاردنی شیاوەکانیان بۆ پیشاندانی (تمثيل) لە شانۆدا لە پاشترا ماف کەوتە دەست جەمهووری تەماشاکەریش، کە بەرامبەر بە باشی و خراپی چیرۆک ڕای خۆیان پیشان بدەن؛ بەڵام لەبەر گرانیی ئەرکی

دەربڕینی بیــر و لێــدوانی ورد و بەدرێژە لەناو کــۆمــەڵێ خــەڵکی زۆرا دوای ئەوە جەمـهووری تەماشاکـەرانیش لەناو خۆیانا دەسـتـەی دەمڕاسـتـیـان هەڵبـژارد، کـە لە دەربڕینی (رأي)دا نوێنەریانن، ئەمــە هەرچەندە نەخــتــێک کــۆن بووبوو بۆ هاندانی بوێژەکـان لەناو خـۆیانا، یا بکەونە بەربەرەکـانی و بایەخی زۆرتر بدەن بەچاککردنی بابەت – واتا و ئوسلوبی نووسینەکانیان.

ئەمە لە نیوەی یەکەمی سەدەی پێنجەمدا ڕووی دا، لە نیوەکەی دووەهەمیدا ژیانی یۆنانیـیـەکـان لە گـەلێ سـەرەوە گـۆڕانـێکی تەواوی بەسـەرا هاتبـوو، بەپێـشکەوتنی فەلسەفە و بەدەست پەیداکردنی ئەو (دایلیکیانەی سەفسطائی)یان پێ ئەوتن، لەمەڕ هۆشمـەندی (عـقل) پێشکەوتنێکی نایاب ڕووی دا. (سەفسطائی)یەکان بۆ کـارتی ناوچە پەرمـوونەوەیان (ثقة)یان خسـتـەسەر دواندان (خطبة)، کـە هونەری پەخـشـان ئەگرێتەوە، واتاکانی ئوسلوبەکانی، پەیوەندیی دواندەر (خطيب) بەخەڵقەکانی گەلەوە لە مەیدانی هونەری نیگار و پەیکەر و مۆسیقاشدا فەڕدەستی و نایابی سەری هەڵدا، لە هەمان کاتا گەلێ بیروباوەڕ و تێبینیی فەلسەفی (تنظيرات فلسفية) کەوتە ناوەوە و بوو بەهۆی بزواندنی گومان و دوودڵی و بەرامبەر بە (بت) پەرستی و بەرامبەر بەو بیرانەی لە پێشانا جێ مابوون، پشتـێکی تازە (جيل جديد) پەیدا بـوو، کە گاڵتەی ئەهات بەباوەڕەکانی پشتی گەورەتر لە خۆی، کێشە و بەربەرەکانیی ئەمانە لە سەدەی پێنجـەمی پێش زاییندا ئەوەندە کـاری کـردبوو لە وێژەیشـدا دەسـتـەیەک نـووسـەری نوێکەرەوە (مـجدد)ی پێگەیاند، بەتایبـەتی لە هونەری تراجـیدیدا (فاجعة) کۆمـەڵە چیـرۆکی ڕەخنەگـران کـەوتە نـاوەوە و گـاڵتـەیان بەو تێگەیشـتنە ئەکـرد، کـە کـۆنەکـان (تەمـاشـانووسی و ئوسلوبەکـانی، وتەکـانی و (عـبارات)، بابەتەکـانی و (موضـوع) واتاکـانیـان (معنى)یان هەبوو، یەکـێک لەمـانە چیـرۆکی (بۆقـەکـان) بوو، کـە تەماشانووسی بەناوبانگ (ئەریستۆفان) لە ساڵی (٤٠٦)ی (پ.ز) دای نابوو.

شان بەشـانی ئەم ڕەخنە و وێژەییـیە لەناو فەیلەسـووفەکانیـشا جۆرە ڕەخنەیەکی تر کەوتە گەڕ ئەو بەرەیەی لەم ڕەخنەیەیان پەیدا بوو، بوو بە بناغەیەک، وێژەوانانی بەرزی یۆنـانی، دواتر ڕۆمـانتـیـکەکـانی لەسـەر دامـەزرا، دوایی لە ڕێگای قـوتابخـانەی (اسكندرية) و لە ڕێگای زمانەکانی (سریانی و پەهلەوییەوە) کاری کردە سەر بیر و وێژەی عـەرەبیش، ئەم ڕەخنەبازییـەی یۆنانیـیـەکـان قـسـەی لە وشـە و لە وتـار و لە بابەتیش ئەکرد، بۆ ئەم نیازەش (ئیلیادە و ئۆدیسا)ی (هۆمیرۆس)ی ئەگرت بەدەستەوە بۆ لێکۆڵینەوەی فـەیلەسـووفـەکـان، کـە ئەیان دی هۆمـیـرۆس و هاوڕێکانی وێنەکـانی





خواگەلی (آلهة)ی یۆنانی بەجۆرێک پیشان ئەدەن، کە لەگەڵ هۆشمەندی (عقل) ڕێک ناکەوێت، هەندێکیان دەستیان ئەکرد بەپەلاماردانی بوێژەکان. هەندێکیشیان تەقەلایان ئەدا (لێدانەوەی) بۆ بدۆزنەوە و، ئەیانوت ئەمـە وێنەکێـشـانێکی خـەیاڵ کـردە، کـە لە شێوەیەکی هونەریدا پیشان دراوە و، پێویستە زیاتر بەجۆرێکی تر وەرنەگیرێت، لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم دوو دەستەیە بەهیچ لایەکیان هەرگیز لارییان لەوە نەبووە، کە هەڵبەست جوانییـەکی تیایە هەمـوو لایەک کیـرۆدە ئەکات. وە ئەچوونە ژێر پێویسـتی چاوگێڕان (تحري) بۆ دۆزینەوەی هۆیەکـانی ئەم جـوانییـە. بەم ڕەنگە ڕۆیشتن لەسـەر کـۆڵـینەوە لەوێژە و هەڵبـەست. لە باسی کـێش (وەزن)دا سـەرنجیـان دا لە جـۆرەکـانی کـێش و پەیـوەندیی ئەم جـۆرانە بەو واتا و بابەتانەوە، کـە باشـتـر لەگـەڵیـان ڕێک ئەکـەون، هەروەها سـەرنجیـان لە زمـانیش دا، چونکە زمـانی بوێژەکـان هەمـیـشـە وێنەی تەڕ و پاراوی جـوانیـیـە و، ئەنجامی ئەو سـەرنجانەیان هەمـوو تۆمـارکرد لە هەڕەت (أثناء) تەقـەلای ئەم لێکۆڵینەوەیەدا لە وشـەکـان و قـسـەکـانی زمـان، لە مـێـژووی ژیانی مرۆڤـایەتی، بۆ یەکـەم جار زانیـاریی ڕێزمـان (قـواعد اللغة) دۆزرایەوە، دوای ئەوەش پەرەدان بەکـۆڵینەوە بەچۆنیـەتی دروست بوونی ڕسـتـە (جـملة) وتە (عـبـارة)دا ئەو زانیارییەش دروست بوو، کە واتەکان (معاني) پێ ئەڵێن.

لە پێـشـتـردا دواین لە (سـەفـسطائی)یەکـان، کـە لە کـێـشـەی دەمـەقـاڵدا لەگـەڵ لێگرەکانیان (معارض) چۆن هونەری دواندنیان پێشخست، کێشەی سیاسیش (صراع سیاسي) بوو بەسەرباری ئەم هۆیە لە گورج پێشکەوتنی، هەروەکو بنەڕەتی هونەرێکی دواندنیش دامەزرا. لە سەرەتای ئەم سەردەمەدا بوو، کە باوکی فەلسەفە (سوقرات) بۆ یەکەم جار (بەلاغە)ی بەهونەر دانابوو، گوتی: (نیگارکێشان و هەڵبەست و مۆسیقا و سەما و پەیکەرتاشی جۆرێکن لە لاسایی).

ئیفلاطونی شاگردیشی هەر لەسەر بنەڕەتی فەلسـەفەی (مثالي) دروست بووبوو، ئەم فەلسەفەیە وا ئەگەیەنێت، کە (بوون – وجود) کراوە بە سێ دائیرەوە:

– یەکەم: جیهانی (ئایدیالی – میثالی)یە.

– دووەم: جیهانی هەستە.

– سێـهـەم: جیـهـانی سـێـبەر و وێنە و بەرهەمە هونـەرییەکان. لەم بۆچوونە ئیـفـلاطون ئەیوت؛ بوێژی تراجیدی لاسایی کەرەوەیە ئەویش وەک لاسایی کەرەوەکانی تر، سێ پلە لە ڕاسـتی دوور و، هەروەها ئیـفلاطون بوو کـە بۆ یەکـەم جـار پەیوەندییەکی لە ناوەندی ئاوێنە و هەڵبەستدا دی کە ئەم بیرە هەتا دوایی

لەناو ڕەخنەوانەکانا ما.

لە کتێبی (بوطیقا)دا –ئەرەستۆ– تێبینیە (نظریة)کانی ئیفلاطون مامۆستای (کۆمیدیا) لەسەر لاسایی ڕاوەستان و، پێی لەوەش نا، کە هەست ئەبزوێنن، وە ئەو دوو هەستەی تراجیدی ئەیان بزوێنێ، ترس و بەزەیی (شفقة) هەروەها ئەم دوو هەستەش دەستیان هەیە لە خاو کردنەوەی کۆڕی هەڵسووڕانی ژیانی کۆمەلایەتیدا کەمتر بکرێتەوە؛ بەڵام بۆ کەمکردنەوەی ئەم هەستانە (ئەرسطۆ) بەتەواوی پێچەوانەی (ئیفلاطون) داوای کرد و وتی: ئەبێ نەک تراجیدیا و کۆمیدیا هەڵگرین؛ بەڵکو بەتەماشاکردنیان لە ڕێگای (کاثارسیس)ەوە جۆشی ترس و بەزەیی لە دەروونمان کەمتر کەینەوە، وشەی (کاثارسیس) لەناو وێژەوان و ڕەخنەوانەکانا بەواتەی جوێ جوێ لێک دراوەتەوە هەرە گشتییەکەیان پاککردنەوە (تطهیر)ە، ئەمە تێبینی (نظریة)ی هەرە گەورە بوو، کە (ئەرسطو) لە (بوطیقا)دا بناغەی دەستوورە گرنگەکانی بەلاغە و ڕەخنەی لەسەر دانا ئەو دەستوورانەی، کە تەنانەت ئێستاش لە زانستگاکانی دنیادا سەرچاوەی باس و لێکۆڵینەوەن، بەتایبەتی لە ڕەخنە و بەلاغەدا.

## ٣- مێژووی ڕەخنە بەکورتی لە عەرەبییا

لە زمانی عەرەبیشدا مێژووی ڕەخنەی وێژەیی هەروەکو هی یۆنانی بەرەبەرە پێگەیشتووە، لە سەردەمی پێش ئیسلامدا بریتی بوو لە کۆمەڵە سەرنجێک بەرامبەر بەهەندێ هەڵبەست و بوێژ، کە ئەو سەرنجانەی لە بنەڕەتی چێژی سروشتی و ساکار دروست بووبوون، هۆی ئەم سەرنجدانەش بەربەرەکانی بوێژەکان بوو لە کاتی کۆبوونەوەیاندا لە بازاڕەکان و لە بارەگای شاکان و سەرکردەکاندا، جگە لەوەش عادەتی شانازیی قەبیلەکان بەبوێژەکان خۆیانەوە، بەبەرزبوونەوەی پایەی بوێژ و هەڵبەست لەناو خێڵە دەشتەکییەکان هەموو هۆ بوون، لەلایەکەوە بۆ چاکتر بوونی هەڵبەست و، لەلایەکی تریشەوە بۆ گوڕسەندنی ڕەخنەگرتن و پەسەندکردنی ڕەخنە، ئەو سەردەمە تەنها واژە (لفظ)ی ئەگرتەوە لەگەڵ واتای کەرتی و تاکا (جزئي ومفرد) وە زۆرتر لەنگەری ئەخستەسەر جۆری هەستی کارتێکردن خۆی (تأثیر ذاتي) بەبێ ئەوەی دەستوورێکی دانراو هەبێ، کە ڕەخنەوانەکان بیگرن بەدەستەوە بۆ شیکردنەوە و بەراوردکردن و کۆڵینەوە، بەجۆرێک کە بتوانن بگەنە ئەنجامێکی تەواو بۆ دانانی نرخی هەڵبەست و دیاریکردنی پایەی بوێژ لەناو هاوهونەرەکانیا، لەم سەردەمەدا بوێژەکان (لەبەرکار– حافظ)ی تایبەتییان هەبوو، کە ئەمانە هەموو هەڵبەستەکانیان لەبەر ئەکرد





و بەدەمارگیرییەوە لە سەریان ئەکردنەوە، هەروەها لە هەڵبەستا هەندێ ڕێباز (مذهب – طريقة)ی تایبەتی ئاشکراش پەیدا بوو، هەروەک بەرهەمی –نابغة– بەرچاو ئەکەوێت لە کاتی پەیدابوونی موسڵمانیدا بوێژەکان بوون بەدوو دەستەوە، دەستەیەکیان لەگەڵیا بوون و لەسەریان ئەکردەوە و دەستەیەکیشیان دژی بوون و بەگژیا ئەچوون، پێغەمبەر و جێنشینەکانی زۆرتر ئەو جۆرە هەڵبەستەیان پەسەند ئەکرد، کە هاندانی تیابوو، پڕ ڕەوشت و خووی جوان بوو و بۆ پەیڕەوی ئامۆژگارییەکانی موسڵمانی. لە زمانی عەرەبیدا یەکەم ڕەخنەی ئیجابی لەسەر لێدانەوە و لێکۆڵینەوە دانرابێ و کردوویەتی، وە وتوویەتی، زوهێر لە قسەدا زیاد دانە دەسی نەبوو، خۆی لە وتنی وشەی کێوی و وەحشی ئەپاراست لە هەڵبەستا وە بەتانی کەسا نەئەهات پتر لەوەی هەڵبگرێ، ڕاپەڕینی هەڵبەست لەگەڵ بەرەو پێشکەوتن ڕۆیشت. ناوچە و ڕێبازی (مذهبي) هەڵبەست و سیاسەت دەستی کرد بەزۆربوون، دەمارگیری تیرەپەرستی سەردەمی جاهیلی سەری هەڵدایەوە بەو پێیە ڕەخنەی وێژەییش دەستی کرد بەهێز پەیداکردن و لێکۆڵینەوە گەیشتە هەموو گەوهەرە جیاوازەکانی هەڵبەست و، جگە لەمەش کەوتە تەرازووکاری لەناو بوێژەکانا و لە ئەنجامی بەراورد بەپێی پایەیان چینی بۆ دانان (طبقات الشعراء)، (فلان طبقة... فلان طبقة). بەڵام ئەم ڕەخنەیەش هێشتا هەر بەکشانەوەیەک (امتداد) دائەنرێت لە ڕەخنەی سەردەمی جاهیلی، چونکە هێشتا لەنگەری قورسایی هەر لەسەر چێژ و سەلیقەی خۆی بوو. شان بەشانی ئەم جۆرە ڕەخنە هونەرییە جۆرە ڕەخنەیەکی تری فەرهەنگی (لغوي) پەیدا بوو، کە فەرهەنگییەکان و زاناکانی ڕێزمان دایان مەزراندبوو، بەتایبەتی لە (کوفە و بەسرە)دا، ئەم ڕەخنەیە لەسەر پەیوەندیی وێژە دانرابوو، بەدەستوورەکانی زمان و ڕێزمان (عروض)ەوە بەمەرجێ کە لە چێژی هونەریش دوورکەوتنەوەی تیا نەبێت، لەم سەردەمەدا ڕەخنە پەرەیەکی تەواوی سەند و گەلێک ئاقار (نواحي) تازەی گرتەبەر، وەکو سەرنجدان لە پەیوەندی ناوەندی بوێژ و ناوچەی بوێژ و دەرکەوتنی نیشانەکانی ئەم پەیوەندییە لە بەرهەمەکانی بوێژدا. هەروەها وەکو ڕەنگدانەوە (انعکاس)ی ژیانی کۆمەلایەتی سەردەم لە بەرهەمی بوێژدا. لە سەدەی دووەمدا ڕەخنە هەنگاوێکی گرنگی نا، ژمارەیەکی زۆر زانا و نووسەر و بوێژی بێگانە، کە بەشی زۆریان ئێرانی بوون، بەفارس و کورد و تورکەوە لە مەیدانی ڕۆشنبیری و وێژەی عەرەبیدا سەریان هەڵدا، هەر لە بۆیژان بژمێررێن بەناوبانگی وەک (بەشار کوڕی برد – ئەبو نەواس)یان تیایە، ئەمانە بەپێوانی ئەو شارستانیەتییە تازەیەی پەیدا بوو لە وێژەی کۆنی عەرەبی کەوتنە تەقە،

ئەو شۆڕشەی نایانەوە لە واژە (لفظ) و واتا (معنی) و کێش (وەزن) و دارشتن (صیاغة)دا هەندێ گۆڕانی بەسەر وێژەی عەرەبیدا هێنا، ئەمە بوو بەپەیدابوونی دوو ڕێچکەی پێچەوانە لە ڕەخنەدا.

١- ڕێچکەی کۆن، کە چاوی هەر لە سەردەمی جاهیلی و سەرەتا و موسڵمانی بوو، هەڵبەستی هەر بەو پێوانەیە ئەپێوا.

٢- ڕێچکەی نوێ، کە سەرنجی لە ژیانی تازەی کۆمەڵایەتی ئەدا و تێئەکۆشا، کە پێوانەی هەڵبەست بەو پێوانە تازەیە بگاتەوە.

لە سەدەی سێهەمدا ڕۆشنبیری ئەوەندە پێشکەوت، کە خاوەنبیران کەوتنە دابەشبوونی پیشەیی (التقسیم المهني) پیاوەکانی ئایینی ڕای خۆیان تەرخان کردبوو بۆ لێکۆڵینەوە لە ئەعجازەکانی (قورئان و حەدیث و فقه و ئوسوڵی دین)دا.

زاناکانی زمان دەستیان کرد بەکۆکردنەوەی فەرهەنگ و دانانی ڕێزمان و عروضی هەڵبەست، پسپۆڕەکانی وەرگێڕان (متخصصەکانی تەرجەمە) دەستیان کرد بەگەڕان بەناو سامانی بەجێماوی ئێران و ڕۆم و سەریانی دا، چیبیان لێ بەچاک زانی وەریان گێڕایە سەر عەرەبی، ئەم ژیانی زانستییە بوو، کە لە هەڵبەست و پەخشاندا گەلێ پیاوی وەکو (إبن المقفع، جاحظ، أبو تمام، إبن الرومي... هتد) پێگەیاند.

دابەشبوونی پیشەیی ڕۆشنبیران کاری کردە سەر ڕەخنەی وێژەیی، کە ئەبینرێ ڕەخنەی ئەم سەدەیە لە چوار مێشکی جیاواز (ذهنية) دەرچووە، (١- بوێژەکان، ٢- زمان، ٣- ئەو زانایانەی کە لە سەرچاوەی بێگانە بەتێکڕایی ڕۆشنبیرییان وەرگرتبوو، دوای ئەو زانایانەش، ٤- ڕۆشنبیریی وەرگێڕاوی یۆنانییەکان کارێکی زۆری تێ کردبوون).

لە سەرنجی ئەمانەدا بنەڕەتییەکانی (اصولەکانی) ڕەخنە بەتێکڕایی لە دوو سێ سەرچاوەوە ئەهات:

١- سەرچاوەی کۆن.

٢- سەرچاوەی ئەو کارەی فەیلەسوف و دیالێکت و بەلاغە و منطق کردبووی لەناو ڕەخنەوانەکانی ئەم سەدەیە، لە وێژەوانانی بەدیعی (إبن المعتز)، لە زانا بنەڕەتییەکان، (قتیبە)ی خاوەنی (الشعر والشعراء)، لە پەیڕەوکارانی فەلسەفە (قدامە کوڕی جەعفەر) دانەری (نقد الشعر) بەناوبانگن؛ بەڵام بۆچی هەڵبەستی عەرەبی و ڕەخنەوانی، نەگەیشتنە لووتکەی خەملێن (قمة الأزدهار)، لە سەدەی





چوارەمدا نەبێت، لەم سەدەیەدا ڕەخنەوانەکان بەکورتی خۆیان تەرخان کرد بۆ هونەرەکەیان و لە ئەنجامی سەرنجدان و کۆڵینەوەی بەراوردی زۆردا قاڵبوون بەهرەی چێژیان بەتەواوی گەشەی کردووە و ڕەخنەی ئەمانە دیاریی بوو لە قووڵی و پەرەدار بۆ ئاسوودە، لە شیکردنەوەی ڕواڵەتە وێژەییەکاندا (ظاهرات أدبیە) و، ڕاگەیاندنەوەی ئەو ڕواڵەتە بۆ سەر بنەڕەتە ڕاستەکەیان (اصول الحقائق) کێشەی ناوەندی ئەم ڕەخنەوانانە لە پێشا لەسەر (أبو تمام و بحتری) بوو، لە پاشدا کەوتە ناو هەواداران و دوشمنەکان، (متنبی) لە ڕووی ئەم کێشەیە و زۆرانبازییەوە ژمارەیەک کتێب و نامیلکەی هاتە ناو هەرە ناسراویان:

«کتاب الموازنة بین الطائیین» بوو هی (ئامیدیە) لەگەڵ دانراوەکەی (قازیی جورجاني – الوساطة بین المتنبي وخصومه)، هەر لەم سەردەمەدا بوو، کە بابەتی دزێو لاسایی بوو بەبابەتێکی دوور و درێژی ڕەخنە، لەپاش سەدەی چوارەم وێژەی عەرەبی دەستی کرد بەگلۆربوونەوە، تا گەیشتە ڕادەیەک هونەرێکی لاسایی دەستکردی (مصطنع)ی بێ گیانی لێ دەرچوو.

ڕەخنەیش بەدوای وێژەدا ڕەنگی مردنی لێ نیشت و گیانی تازەی نەچووەوەبەر، هەتا گەیشتە ڕاپەڕینی تازە بەتێکەڵ بوونی ڕۆشنبیریی ڕۆژئاوا لەگەڵ ڕۆژهەڵات. لەم سەردەمەی ئێستاش ئەبینین لە وێژە و ڕەخنەی عەرەبیدا دوو ڕێچکەی تر لە گۆڕایە:

١- ڕێچکەی وێژەی ڕۆژئاوایی.

٢- ڕێچکەی وێژەی ڕۆژهەڵاتی کە دووەمیان ڕۆژ بەڕۆژ خەریکە دەسەڵاتی خۆی دائەسەپێنێ.

## ڕەخنەی وێژەیی

## چۆنیەتی ڕەخنە

وتمان ڕەخنە بەگشتی پێویستییەکە لە پێویستەکانی ژیان، لە کاتێکا ژیان شتێک بێ، هەمیشە ڕوو لە گۆڕان و پێشکەوتن، ئاشکرایە پێویستی بەهۆیەک هەیە، کە بۆ ئەم گۆڕان و پێشکەوتن و چاکتربوونە ڕێگای هەرە ڕاستی هەنگاو پیشان بدات، ئەو هۆیە (ڕەخنە)یە، لەبەرئەوە ڕەخنە بەژمارەی مەیدانی ژیان جۆری هەیە، جۆرێکیان ڕەخنەی سیاسییە، کە پێوانەی (مقیاس) خۆی لە چۆنێتی فەرمانداری و قانوونەکانی دەوڵەت و ناو دەوڵەتانی وەرگرتووە و تەقەلا ئەدا ڕێگای هەرە باش بدۆزێتەوە بۆ بەڕێوەبردنی

کۆمەڵایەتی، جۆرێکیشیان ڕەخنەی کۆمەڵایەتییە، کە پەرموونەوە (ثقة) ئەخاتە سروشتی مرۆڤ (مرۆڤی تاک) بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی و سەر ئەو یاسا باشانەی لە کۆمەڵایەتیدا دروست بوون و، تێ ئەکۆشن بۆ دۆزینەوەی جۆری پەیوەندی هەرە بەکەڵک بۆ گشت کۆمەڵ و بۆ ئەندامەکانی، تاکو بتوانین بەشەقاوی گەورە شەقامی گۆڕان و پێشکەوتن ببڕین.

ڕەخنەیەکی زانیاریش (علمي) هەیە لە فیزیا و کیمیا و ڕیازیات و... هتد، ئەدوێ، هەرچەندە بابەتی لێدوانی زۆرە؛ بەڵام هەموویان لەوەدا یەک ئەگرنەوە، کە لەسەر تاقیکردنەوەی بابەتی (تجربة موضوعية) بەندن و دوورن لە هەموو کارتێکردنێکی خۆیی (تأثير ذاتي).

جۆرێکی تریش ڕەخنە هەیە پێی ئەڵێن ڕەخنەی هونەری ئەمیش هەندێ ئوسوڵی گشتی هەیە، هەر یەکێکە لە هەموو لقەکانی هونەرە جوانەکان؛ وەکو نیگار، وێنە، وێژە، مۆسیقا، پەیکەر، سەما، نەخش و میعماری... هتد، بە وێنە: «دەربڕینی ڕاست -تەعبیری ڕاست- هێزی کارتێکردنی شیرینیی ئەندێشە، ئاگاداری تەناسوب و هاوئاهەنگی «ئەم ناونیشانە هەریەکەیان بەهەموو یەکێک لە لقەکانی هونەر وەکو یەک پەیوەستن، لەگەڵ ئەوەشدا هەر یەکێک لەم لقانە پێوانەی ڕەخنەگریی تایبەتی خۆی هەیە، بەپێی سروشتەکە بۆ هونەری دەربڕینەکەی، ڕەخنەی هونەری بەپێچەوانەی ڕەخنەی زانیارییە و، کە سەرنجی خۆیی (نظرة ذاتية) هەڵناگرێ کەم و زۆر بەشێک لە هێزی پێوانەکەی کەوتۆتە سەرنجی خۆیی، واتە چێژی هونەری تایبەتی ڕەخنەوان دەستێکی دیاری هەیە لەو ئامانجانەدا، کە لە ڕەخنەی بەرهەمێکی وێژەییدا پێیان ئەگات. لقەکانی ڕەخنەی هونەری، مەبەستی ئەم دەرسەی ئێمە ڕەخنەی وێژەییە، کە ئەگەر وشەی وێژە بەواتا گشتییەکەی بگرین ئەتوانین لەم ڕەخنەی وێژەییە (٣) جۆری لای خوارەوە جیا بکەینەوە:

١- ڕەخنەی مێژوویی، کە پەیوەندیی ناوەندی وێژە و مێژوو لێ ئەداتەوە، بەرپەرچدانەوەیە بۆ خاوەن وشەیەک. سوران محوی لای من ڕەخنەیە بەجێیە، کە ڕەخنەکە بەند بێ بەباسی زانیارییەوە و، داڕێژرابێ بەکەرەستەی بەپێز و بەبیری تیژ و بەباوەڕی بەهێز و بەبەڵگەی تەواو و ڕاست، بێ گومان ئەو ڕەخنەیە ئەوسا ئەتوانین بڵێین دروستکەرە، وە لام وایە لە هەمان کاتا ڕەخنە لێگیراویش بەسنگ فراوانی و دڵ سافییەوە داخوازییەکانی ڕەخنەگر وەربگرێت، ئینجا ئەوەی من مەبەستم بێ لە ئێرەدا ئەوەیە ئەڵێم ڕەوا وابوو ئەو برایە پێشەکی بهاتایە و تۆزێ





چیرۆکەکەی شی بکردایەوە و ڕووی چاک و خراپی بۆ خوێنەر بخستایەتە ڕوو، وە ئەگەر نیازی خزمەتیش بوو ئەوا باشتر شیکار و چارەسەرییەکی بۆ ڕووی خراپییەکانی دابنایە، نەک یەکسەر بێت ڕەخنە لە نوقتە یا نیشانەی پرسیار کردن بگرێ، کە زۆر دوورنییە ئەو سەهوانە بگەڕێتەوە بۆ چاپخانە؟! یان نەهاتایە نارەوا ڕەخنە لە بەرهەمە چاپ نەکراوەکان بگرێ، کە هێشتا نەچوونەتە بەرچاوی خوێنەر، بۆیە ڕووی تێ ئەکەم و ئەڵێم: سەیرە سەیر!! ئەوەی دەستوور نەبوو کرا بەدەستوور، ئەوەی نەبینراوە ئەوا بینرا! ماسی لە بەحرایە، کەچی ئەکرێ! باس باسی داهاتووە! داهاتوویەکی یەکجار دوورە! باس باسی بەرهەمە، بەڵێ بەرهەم بەرهەمێ کە نەچۆتە بازاڕەوە. کەسێ نەیبینێ؟ ئینجا نازانم چۆن چۆنی حوکمی خراپ ئەدا بەسەریانا؟! خۆشم لەو نووسینە سەرسامم!! ئایا کێ ناڵێ لەناو ئەو بەرهەمانەی، کە لە مێژەوەیە پێیانەوە خەریکم یەکێکی تیا هەڵناکەوێ. کە لە پاشەڕۆژدا شیاوی ئەوە نەبێت هەرخۆت بەباشی لەسەری بنووسی، سەیرە تێ ناگەم بۆچی ئەو برایە وا ئەکا؟ تێ ناگەم! تێ ناگەم! کارەساتە «سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی مێژوو ئەکات بەبنەڕەت بۆ کۆڵینەوە لە وێژە و هۆ دۆزینەوەی ڕواڵەتەکان و، تایبەتییەکانی، بۆ وێنە بمانەوێ لە «مەم و زین»دا کۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی بکەین ناتوانین بگەینە ئامانجێکی وردی ڕاست، بێ ئەوەی زانیارییەکی «معلومات»ی باش پێکەوە بنێین، پێشتریش کە پەیوەندییان بەتایبەتیی باسمانەوە ئەبێ.

هەروەها ناتوانین لە نهێنییەکانی گرێی کوردایەتی حاجی قادر بگەین، ناتوانین بزانین بوێژەکانی سۆران بۆچی درەنگ دەستیان دایە هەڵبەست بەزمانی کوردی، یان شێخ ڕەزا بۆچی تووشی نەخۆشیی داشۆرین (هەجو) و هەرزەنووسی بوو، هەتا پەنا نەبەینە بەر لاپەڕەکانی مێژووی سەردەم و پێش سەردەمیان «ئەوەندەی مێژووی نووسراوی وڵاتمان بتوانێ لەم شتانە یاریدەمان بدات».

٢- ڕەخنەی کەسی «شخصی» ئەو ڕەخنەیەیە، کە لەسەرگورشتەی ژیانی بوێژەوە ئەگاتە تێگەیشتنی بەرهەمەکەی و ئەو تایبەتییانەی «خصائص» لە هونەر و ئوسلوبەکەیا هەیە، بەپێی ئەم ڕێبازەی دووەم ڕەخنەوان لە باتی ئەوەی تەماشای پەیوەندییەکانی ناوەندی ناوچەی وێژەوان و بەرهەمەکەی بکات، ڕێگەی ئەم تەماشاکردنەش بەم جۆرە ئەبێ، کە ڕەخنەوان دەست بکات بەکۆڵینەوە لە ژیانی وێژەوان لە سەرەتای منداڵییەوە، چۆن بەخێوکراوە؟ چۆن پێگەیشتووە؟ چی خوێندووە؟ لە کوێ؟ لەلای

کێ؟ ئەو شتانەی کاریان کردۆتە سەر ژیانی چین؟ لە کارەساتی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایین (دین)؟ لە دۆست و ئاشنا؟ چی جۆرە سروشتێکی (طبیعة) و میزاجی بەسەریا زاڵ بووە؟... هتد. بەوێنە ئەبینین بوێژی نیشتمانپەروەر حاجی قادری کۆیی، کینە و ڕقی شۆڕشگێڕیی خۆی لە یەکەم پلەدا ئاڕاستەی شێخەکان و صوفی و دەروێشەکان کردووە، لە پاش ئەوان مەلاکان، تاوانباریی دەرەبەگەکان لە دواخستنی نەتەوەی کورد و لە یەک نەگرتنیدا دیارە لەوان کەمتر نەبووە، لەگەڵ ئەوەش ئاگری پەلاماری (حاجی) بەرامبەر دەرەبەگ بەگشتی کزە؛ بەڵکو هەروەکو نەبێت وایە، هۆی سەرەکیی ئەم ڕاستییە تێناگەین، هەتا نەزانین لە سەردەمی فەقێیەتی (حاجی)دا چی جۆرە ڕقەبەرییەکی داخ «گەرم» لەناو دەستەی فەقێ و دەستەی صۆفیدا لە نان لەلایەکەوە، حوجرە و مزگەوت لەلایەکی تریشەوە، هەتا نەزانین «حاجی» لە تەمەنی منداڵیدا ئاغاکانی کۆیە دەستیان بەسەرا کێشاوە تا پێگەیشتووە، کە چۆتە ئەستەمبووڵیش کەوتۆتە ژێر سێبەری میرەکانی بەدرخانی، کە سۆزی نیشتمانپەروەریان بەتایبەتی هۆشیاری سیاسییان لە حاجی کۆنتر و زیاتر نەبووە،؛ بەڵکو دەستێکی درێژیان هەبووە لە تیژکردنی بڵێسەی دەروونی (حاجی)دا ئەوە لە کاتێکا بۆ هۆی بەرزی ئەم بڵێسەیە ئەگەڕێین لە نیشتمانپەروەریی حاجیدا ئەبێ یەکێ لە مشوورە (مهمە)کانمان دۆزینەوەی ئەو کارە بێ، کە مامۆستای کوردپەروەر «ئەحمەدی خانی» کردوویەتی، «حاجی قادر» کە لە ڕێگای دیوانەکەیا، ئەو دیوانەوە، کە دەڵێت: هاوڕێی شەووڕۆژی ژیانی (ئەستەمبۆڵی) بووە!

٣- ڕەخنەی هونەری – ئەم جۆرەی ڕەخنە، جۆری هەرە لەبارە بۆ ئەو کەسەی بیەوێ سروشتی وێژە و چۆنییەتی گەوهەرەکانی (عناصر) لە هۆیەکانی جوانی و هێزی تێ بگات، وە بیەوێ ڕێگەی هەرەباشی بۆ خوێندنەوە و نووسینی وێژەییش دابنێ، ئەتوانرێ بوترێ، کە ڕەخنەی ڕاستەقینە ئەمەیانە و دوو جۆرەکەی تری، جۆرەکانی مێژوویی و کەس، لێدانەوە و ڕوونکردنەوەی ئەم جۆرەی سێهەم بەمەرجێک ئەوە بزانین، کە ئەوانیش لە نۆرەی خۆیانا پێویستن بۆ ساغکردنەوەی ڕاستیی ئەم و، بۆ دوورخستنەوەی ئەنجام دەرهێنانەکانی (إستنتاجات) لە لێڵی و لە وێڵ بوون بەڕێگای هەڵەدا، ئەمجا ئەگەر چاو بگێڕین بەهەموو ڕووەکان و ڕواڵەتەکانی مێژووی وێژەدا ئەبینین، کە ڕەخنەی هونەری لقی زۆری لێ ئەبێتەوە:

١- ڕەخنەی وێژەیی (لفظي)، کە تەماشای فەرهەنگ و، وشە یان ڕێزمان، یان عروز





یان بەلاغەت ئەکات.

٢- ڕەخنەی واتایی (معنوي)، کە لە داهێنان و تازەکردنەوە و قووڵکردنەوەی واتا ئەدوێ، لەگەڵ ئەو شتانەی پەیوەندییان بەئەندێشە و چۆنێتی دەربڕینی هەستەوەیە، هەروەها لەگەڵ چۆنێتی هەستی ڕاستەقینە و هەستی زۆرکردن.

٣- ڕەخنەی بابەتی (موضوعي) ئەم ڕەخنەیە سەرنج لە بابەتی تایبەتی ئەدات بۆ هەر یەکێ لە جۆرەکانی وێژە؛ هۆنراوە و پەخشان لە هۆنراوەدا، لیریک (غنائی) گۆرانی ئەبێ چۆن بێ؟ وشەی چۆنی پێ گەرەکە؟ ئەی هەڵبەستی درام؟ ئەبێ هەڵبەستی درام، داستان... هتد لە پەخشانا، وتار، دوان، چیرۆکی کورت، چیرۆکی درێژ، تەماشانامە (مسرحية)، گروشتە، گەشتنامە،... هتد، ئەبێ چۆن بنووسرێ، چونکە ئاشکرایە ئەم جۆرانەی بەرهەمی وێژەیی، بەپێی سروشتی تایبەتیی خۆیان و بەپێی بابەتی لێدوان و ئامانجی داهێنان هەریەکەیان جۆرە قاڵبێک، کە بەرهەمەکانی بۆ جۆرەکانی تر دەست نادات.

لەم سەردەمەی ئێستامانا و لەو بەرهەمەی لە ڕەخنەگرییدا پێک دێت لە دوو پلەدا ئەبینرێت، پلەی یەکەم: پلەی پەلەیە کە بەتایبەتی بۆ ڕۆژنامە و سووکە گۆڤارەکان ئەنووسرێ، ئەم جۆرە ڕەخنەیە زۆرتر لە بڵاوکردنەوەی ئاگاداریکردن ئەچێت، لە چوارچێوەی بچووکا: قسە لە تازە دەرچووی چاپەمەنی ئەکات بە سەرنجدانێکی گورج و کۆڵینەوەیەکی هەتا بگونجێ کورت، لەگەڵ ئەوەش ئەم جۆرە ڕەخنەیە نابێ دووربێ لە ڕاستەقینەیی و ڕاستی لە حوکمی دروست لە ئینسان؛ بەڵام بەتەواوی ئەبێ دووربێ لەلایەنگری و دڵ ڕاگیری و لە ڕوودامان (مجاملة) بەرامبەر بەخاوەن بەرهەمی وێژەیی هەرکەسێ ئەبێ ببێ! چونکە پێچەوانەی ئەمە خوێندەوار بەهەڵەدا ئەبات، وە لەباتی سوود گەیاندن بەچێژی هونەری گشتی، زیانی زۆری پێ ئەگەیەنێ و، پێوانە دروستەکانی ڕەخنە بەسەر یەکا تێکوپێک ئەدات.

پلەی دووەم: ئەو جۆرە ڕەخنەیەیە، کە بەنیازی ڕەخنەی ڕووت بەشێنەیی تر و لە ماوەیەکی پەرەدارتر ئەنووسرێ، ئەمەیان لە وێنەی کتێبێکی سەربەخۆدا دەرئەچێ، یان لە یەکێک لە گۆڤارە سەنگینەکانا بڵاو ئەکرێتەوە، وەک ئەم جۆرە ڕەخنەیە لە هونەری ڕەخنەدا مامۆستاییەکی زۆرتری ئەوێ، لەگەڵ لێکۆڵینەوەیەکی قووڵ و ئەندێشەیەکی بەپیت و بیر لێکردنەوەیەکی ڕاست و پەرەدار، ئەم جۆرەیان زۆرجار بە پێشاندانی کورتەیەکی دانراوی، ڕەخنەگیراوەکە دوایی دێت، یان بەتەواوکردنی کەمی و کووڕییەکانی، یان بەهۆی باسەکانی ڕەخنە لێگیراوەوە کردنەوەی ئاسۆی لێدوانی

بابەتی تازە، بۆ وێژەوان و بوێژەکان. ئەو ڕەخنەیە لەسەر ڕێبازی دووەم ئەڕوات، ئەتوانین لای خوارەوە هەنگاوەکانی جارێ بەکورتی بخەینە بەرچاو، تا لە پاشترا بەدرێژی لێیان ئەدوێین:

١- لەسەر ڕەخنەوان پێویستە لە پێشا سەرنج بداتە وردە بابەتەکانی فەرهەنگ، ڕێزمان، بەرهەمی ڕەخنە لێگیراو و تەواو دڵنیا بێ لەوە، کە وشە بەچی واتایەک بەکارهاتووە و بەپێی دەستوورەکانی زمان چ شوێنێکی گرتووە، تا لەم ڕێگایەوە بتوانێ لەوانەی ڕاستەقینەی وشە و وتەکانی بەوردی تێبگات.

٢- تەقەڵا بدات جگە لە واتا ڕاستەقینە نزیکەکان، واتای دوور و داپۆشراوی وشە و وتەکانی باش تێ بگات.

٣- ئەمجا سەرنج بدات نرخی ڕاستەکانی قسە لەدەرخستنی بیروباوەڕ و هەستەکانی نووسەردا و، تێ بگات ئەو ڕاستییە کامیان بنچینەن و، واتەی بنچینەیی دەرئەبڕن، کامیان تەعبیر و سوودیان هەر ئەوەیە، کەواتە بنچینەکە ڕوونتر ئەکەنەوە بەئاشکرا کران و دووبارە کردنەوە، فرمان کردن لەم سێ هەنگاوەدا، ئاشکرایە کە فرمانێکی وشکە؛ بەڵام زۆر پێویست بوو بەبەرهەمهێنانی ڕەخنەیەکی پەسەند. جگە لەوەش ڕەخنەوان لەبەرئەوەی ئەم سەرنجە فەرهەنگی و ڕێزمانیانە لەگەڵ لێدوانی واتا و بیر و هەستە هونەرییەکانی باسی ئەکات، ئەگەر وەستایانە پێنووس بەکار بهێنێ ئەتوانێ لەبەر دڵی خوێندەوار نووسینەکە تەڕ و پاراو بخاتە بەرچاو.

٤- لەپاش ئەوەی ئەو سێ هەنگاوەی لای سەرەوە تەواو بوو، ئەمجا فرمانی ڕاستەقینەی گرنگ لە ڕەخنەوان دێتە پێشەوە، هەڵسەنگاندنی بەرهەمی وێژەیی لە بارەی سەرنجی هونەرییەوە، بەتایبەتی وێژە و، واتای ئەم بەرهەمە چییە؟ (خصائصی لفظی و معنوی) ئەم ئینتاجە چییە؟ ئەم تایبەتییانە پەیوەندییان چەند هەیە بەهۆشمەندی و هەست و ئەندێشە و بە بەهرە و خوو ناوەنگ ( بيئة) و زانستی و نووسەرەوە؟ پیاوەکە لە ڕەخنەگرتنا، کە گەیشتە ئەم ماوەیە ئیتر بەتەواوی ئەچێتە ناوجەرگی ژیانی نووسەرەکەوە و بەچاوی ئەو شت ئەبینێ و بەگوێی ئەو ئەبیسێ و گیانی تا ڕادەیەک ئەچێتە ژێر کاری هەست و بیر و ئارەزوو و ئاواتەکانی ئەوەوە، بەم جۆرە لە پاش ئەوەی نووسەریشی ناسی، ئەمجا لە ڕێگای نووسینی سەردەمەوە شارەزایی سەردەم و ناوچەکەش ئەبێ، ئەبێ نرخی شیاوی نووسەریش و بەرهەمیش بدۆزێتەوە و، ئەنجامی ڕاست لە سەرنجەکانی خۆی دەربهێنێ بۆ خوێندەوارەکانی.





## هەڵبەست

وەکو لە دەرسەکانی پێشوودا وتمان؛ بەرهەمی وێژەیی لە دوو جۆری بنجی پێکهاتووە:

١- پەخشان، ٢- هەڵبەست.

لە وێژەی کوردیدا پەخشان زۆر کەمە و لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە بەتایبەتی لە چارەکە سەدەی دووەمییەوە دەستی کردووە بەسەرهەڵدان و گەشەکردن؛ بەڵام هەڵبەستی هونەری بۆیە پێی ئەڵێن هونەری، سەرەتای ئەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی هەزار ساڵ لەمەوبەر، سەردەمی (عەلی تەرموکی) لە شێوە زمانی کرمانجیدا و، سەردەمی داهێنانی هەڵبەستە ئایینیەکانی شێوە زمانی گۆرانی و سەردەمی (بابەتایەری هەمەدانی)، کە لە وێژەی فارسیدا بە (بابەتایەری عوریان) بەناوبانگە، ئەمجا لەبەر ئەو بایەخەی هەڵبەست لە مێژووەکەمان هەیەتی و لەبەر ئەو جێگا زۆرەی لەناو بەرهەمی وێژەییمانا داگیری کردووە، لەسەرمان پێویستە کۆڵینەوە لە هەڵبەست پێشتر خەین، وە بایەخی گەورەتری بۆ تەرخان بکەین.

## هەڵبەست چییە؟

پێشینان ناونیشانی هەڵبەستیان بەکێش و قافیە هەڵداوە و وتوویانە: «هەڵبەست ئەو قسانەیە، کە کێش و قافیەیان هەیە» بەم پێیە ئەبێ فەرهەنگە عەرەبی و کوردیەکەی بەدەن: قالب، اسم: ناو... بەهەڵبەست دابنرێ، ئاشکرایە ئەم قسەی هۆنراوەیە، نەک هەڵبەستی ڕاستەقینە، هەڵبەستی ڕاستەقینە سەرەڕای هۆنراوەیی وشەکان ئەبێ واتاکەشی پەتی نەبێ لە گەوهەرەکانی هونەر (ئەندێشە، خەیاڵ، هەست) پێشینان لە دانانی تەعریفی لای سەرەوەدا تەنیا سەرنجیان لە دیمەنی دەرەوەی هەڵبەست لە قالبەکەی داوە، ئەگینا قسەی هۆنراوەی بێبەش لە هەوێنی گەوهەرەکانی هونەر تەنیا لەبەرئەوەی کێش و قافیەی هەیە، هەرگیز بەهەڵبەست دانانرێ، هەروەها قسەیەکی پەخشانیش هەرچەند پڕ بێ لە هەوێنی هونەری بەمەرجێک کێش و قافیەی نەبێ، فراوانتر بدوێین بێبەش بێ لە جۆرێک ئاهەنگ و مۆسیقای تایبەتی، ئەو قسەیەش پێی ناوترێت هەڵبەست، بەوێنە ئەم قسانەی لای خوارەوەش:

«یار نووستبوو لە ژوور سەریا هەناسەیەکی ساردم هەڵکێشا، بای هەناسەم زوڵفە ڕەشەکانی لە ڕووی ڕووناکی لادا؛ بەڵام داخەکەم! چاوە مەستەکانی نەکردەوە... ئەوەندە بێ ناوچاو بووم... لەگەڵ ئەوەی کزەبای بەیان هەڵی کرد و، تاریکییە خەستەکەی شەوی

تەران، کەچی ئەو دوو نێرگزە جوانەکەی ئەو هەر نەگەشایەوە...» .

گەر (نالی) هەر بەم جۆرە بیخستایەتە سەر کاغەز پێی ئەوترا بەرهەمی وێژەیی یان پارچەیەک پەخشانی جوان، چونکە لە هەموو جۆرەکانی هەوێنی هونەردا بەشدارە: بیری ورد، خەیاڵی جوان، وێنە و نیگاری ڕەنگین... هتد بەڵام هەرگیز هەڵبەستی پێ نەوترا، تا بەم جۆرەی لای خوارەوە لە کێش و قافیەیەکی تایبەتیدا نەیهۆنیایەوە:

«هەناسەم زولفەکەی لادا و مەیلێکی نەکرد چاوی
نەسیم ئەنگوت و شەو ڕابوورد، دوو نێرگس هەر لە خەودابوو»

مەرجی هەڵبەست تەنیا کێش و قافیە نییە؛ بەڵام هەبوونی مۆسیقایەکی ڕەوان و جۆرە کێش و قافیەیەک، بەتایبەتی «کێش» هەرە گرنگی پێویستییەکانی هەڵبەستە، ئەمجا ئێمە لە پێش ئەوەدا لە بنچینەی باسی هەڵبەستەوە، وەکو جۆرێک لە جۆرە گرنگەکانی وێژە بەپێویستی ئەزانین کەمێک لە جۆرەکانی کێشی کوردی بکۆڵینەوە، دوای ئەوەش چاوێکی تر بەباسی قافیەدا بگێڕین.

## لە هەڵبەستا کێش

کێش لە هەڵبەستی زمانە جیهانییەکانا، لە هەموو زمانەکانی دنیادا هەڵبەت هەیە و، هەڵبەستی هەر زمانەیش بەپێی تایبەتییەکانی (خصائص)ی خۆی جۆرە مۆسیقایەکی جیاواز لە مۆسیقاکانی پەخشانی هەیە، ئەو مۆسیقایەی هەڵبەست بەعەرەبی (وەزن)ی پێ ئەڵێن و، ئێمە لە کوردیی تازەدا وشەی «کێش»مان بۆ داناوە ئەگەر بێتو چاو بەکێشی هەڵبەستی زمانە پێشکەوتووەکانی کۆن و تازەی دنیادا بگێڕین، ئەبینین چی لەناو گەلانی ڕۆژئاوادا کێشی هەڵبەست «لە ڕێکخستنی قسە پەیدابووە، لەسەر بنەڕەتی دەستەدەستەکردنی دەنگەکانی بە دانانی شوێنی پشوودان لە ناوەندی هەموو ڕیزە ڕستەیەکدا، ئەم دەنگە دەستەدەستەکراوانە لە عەرەبیدا (تفعیلە) و لە زمانەکانی ڕۆژئاوادا «پێ»یان پێ ئەڵێن، کورد بەجۆرێکی ڕێکەوتی ناو گەلێ (عفوی و شعبی) نزیک کەوتوونەتەوە لە دۆزینەوەی زاراوە (اصطلاح)ە ڕۆژئاواییەکە لە تێکڕا کە جۆرێک لە جۆرەکانی هەڵپەڕکێی ناوناوە «سێ پێیی» ئەم دەستە قسانە کە لەمەوپاش (پێی هەڵبەست)یان پێ ئەڵێن لەسەر بنەڕەتی برگەکانی دەنگ ڕێکخراون؛ بەڵام هەر زمانە بەپێی تایبەتییەکانی (خصائص) و جیاوازییەکی خۆی لە ژماردن و پێوانە ڕیزکردنی برگەی دەنگ و ڕێگایەکی تایبەتی بۆ خۆی گرتووە:

١- بەوێنە: زمانی یۆنانی کۆن و لاتینی بۆ ڕیزکردنی قسە، لەسەر پێی هەڵبەست





بایەخیان بەکورتی و درێژی برگە داوە لەیەک پێ دا و برگەی درێژ یان بەپێچەوانەوە دوو برگەی کورت و برگەیەکی درێژیان کۆکردۆتەوە و چەند پێیەکی وەک یەکتریان لە دێرێک وا ڕیز کردووە، لەم ڕێگایەوە، جۆرە کێشێکی هەڵبەستیان دۆزیوەتەوە پێوانەی درێژ و کورتی برگەشیان لەسەر ئەم شێوازە (قاعدە) داناوە:

١- برگەی درێژ پێییێکی دەنگی لەگەڵ بزوێنەرێکی درێژ «ئەی، ووس» یان دوو پیتی دەنگی لە ناوەڕاستیانا بزوێنەرێکی کورت یان درێژ «باز، بەز» یان لە پێش پیتێکی دەنگی بزوێنەر، دوو پیتی دەنگی «بەرز، ئارد، ماست» یاخود لەپاش پیتێکی دەنگی و پیتێکی بزوێنەری کورت یان درێژ پیتێکی دەنگیی تێکەڵاو «مرکب» وەکو «نگ» لە «جەنگ»دا... هتد.

٢- وێنەی جۆرێکی تری کێش، هی هەڵبەستی ئینگلیزی و ئەڵمانی و ڕووسییە، کە لەم زمانەدا «پێی» هەڵبەست لەسەر بنەڕەتی درێژی و کورتی برگە نا، لەسەر بنەڕەتی قورسی و سووکی برگە دروست ئەکرێ.

چونکە لەم زمانەدا لەنگەرێکی قورسایی قسە هەیە، ئەخرێتە سەر برگەیەکی «دیاریکراوی – معین»ی وشە ئەم قورساییە لە ئینگلیزی «ئەکسەنت»ی پێ ئەڵێن، وەرگێڕاوەکەی بەعەرەبی «ئیرتیکاز»ی پێ دەڵێن، بە فارسی «تەکیە»یە بەو پێیە لە کوردیدا وشەی «لەنگەر» ئەتوانێ شوێنی واتاکەی پڕ بکاتەوە لە کێشی ئەم زمانەدا برگەی لەنگەری جێی برگەی درێژ و برگەی بێ لەنگەری جێی برگەی کورت ئەگرێتەوە، بەوێنە لە ئینگلیزیدا چوار جۆری بنجی «أصلي» کێشی هەڵبەست هەیە، پێیەکان بەم ڕەنگە لە برگەی قورس و سووک ڕێک ئەخرێن:

١- قورس + سووک.

٢- سووک + قورس.

٣- سووک + سووک + قورس.

٤- قورس + سووک + سووک.

٣- جۆری سێهەم لە کێشەکانی هەڵبەست وێنەی لە زمانی فەرەنسیدا بەرچاو ئەکەوێت، زمانی فەرەنسی هەرچەند لە بنەڕەتا لە دایکە زمانی لاتینی زاوە؛ بەڵام لە ئەنجامی گۆڕان بەسەرهاتنی مێژوویدا هەم برگەکانی لە وشەی پێوانەدا لە یەکتری نزیک بوونەتەوە، هەم لەنگەری دەنگیشیان لەسەر لاچووە، لەبەرئەوە لە زمانی فەرەنسزیدا کێشی هەڵبەست لەسەر مۆسیقایەکی خاوتر و ڕەوانتر

دائەڕێژرێ لەبەرئەوەی لەم زمانەدا بۆ دروستکردنی کێشی هەڵبەست پێویست نەماوە بەحیساب ڕاگرتنی بۆ درێژی و کورتی، یان قورس و سووکی بڕگەکانی وشەکانی لە ڕیزکردنیانا، لە یەکە یەکەی پێیەکانی هەڵبەستا، بەوێنە درێژە هەڵبەستێک (مصرعێک) لە کێشی ئەسکەندەری کە دوانزە بڕگەییە پێویستە هەر سێ بڕگە یەک بخرێتە پێیەکەوە.

بەم جۆرە چواری لە درێژی هەڵبەستەکەدا ڕیز بکرێ تەنیا ئەوە هەیە بۆ ئەوەی جۆرە ترپەیەکی سووکەڵە لە مۆسیقای هەڵبەستدا پەیدا ببێ لەنگەرێکی دەنگ ئەخرێتە بەر دوابڕگەی هەموو پێیەک، دوابڕگەی هەموو دێرە هەڵبەستێک، کە ئەم لەنگەرە لەنگەری هەڵبەستی پێ دەڵێن و جیاوازە لەو لەنگەرەی لە هەندێ زمانا ئەخرێتە سەر بڕگەی وشەوە.

## کێشی هەڵبەست

لە هەڵبەستی تازەی زمانی کوردیدا دوو ڕێچکەی جیاوازی کێش هەیە، ڕێچکەی یەکەم؛ ئەو بوێژانە لەسەری ئەڕۆن، کە پەیڕەوی بوێژە کۆنەکانمان ئەکەن، کە لە سەردەمی زۆرکۆنەوە لە ڕێگای وێژەی فارسییەوە هەندێ دەریایان لە کێشی عەروزی عەرەبییەوە وەرگرتووە، کێشی عەرووزی عەرەبی و ڕۆژهەڵاتناسەکان و زاناکانی عەرەب وەک یەکگرتوو وان لەمەدا لە بنەڕەتا لەسەر حیسابی چەندیی (بڕگە)، واتە درێژی و کورتییەکەی دروست بووە، کتومت وەکو کێشی هەڵبەست لە زمانی یۆنانیی کۆن و لاتینی.

ڕێچکەی دووەم: ڕێچکەی بوێژە تازەکانە و لەسەر بنەڕەتی ژمارەی بڕگە ئەڕوا، لەهەر پێیە درێژەکانی هەڵبەست بەوێنەی کێشی فەرەنسزی، کە لە دەرسی پێشوودا بەنموونە هێنامانەوە بۆ جۆری سێهەم و کێشەکانی هەڵبەستی جیهان، هۆی گرنگیی ئەم ڕێچکەیە لەلایەن بوێژە تازەکانەوە بووژانەوەی هەستی نەتەوایەتییە لەناو گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستا دەستێکی گەورەی تیا هەیە، لە سەرەتای ئەم سەدەیەی ئێستا و، لەناو تورکە عوسمانییەکاندا جووڵاندنەوەی تورکاندنی (تتریک)ی هەموو دەزگا و ڕواڵەتەکانی کۆمەڵایەتی کەوتبوونە گوڕسەندن، تێکۆشێن هەتا بڵێی گەرم بوو بۆ گۆڕینی ئەلفوبێ و، بۆ بژاردنی زمانی تورکی، بۆ بادانەوە لە هەڵبەستا لە کێش و عەروزەوە بۆ ئەو کێشەی تورکییە گەلانییە، کە عوسمانییەکان خۆیان «کێشی پەنجە یان کێشی هیجا»یان پێ ئەوت، ئەم تەقەلایە گۆڕانێکی سروشتی بوو، کە سەرنجی





ڕۆشنبیرەکانی کوردی ناو سنووری دەوڵەتی عوسمانی ڕابکێشێت، ئەمانیش هەر لەو سەردەمەوە وردە وردە کەوتنە بایەخدان بەم باری سەرنجە تازەیە بەرامبەر بەبەرژەوەندی نەتەوایەتی (مەصالحی قەومی) و ژیانی کۆمەڵایەتی بەتایبەتی بوێژەکان لە ماوەی بۆلوانیا بەسووری (گەرمی) دەستیان دایە چاوگێڕان بەشوێن کێشی تایبەتی نەتەوەیی کوردا، ئەمانە بۆ گەیشتنی زوو بەئامانج لەلایەکەوە فۆلکلۆرە ڕەنگینەکەی گەلی کورد بەگشتی لەلایەکی ترەوە کێشەی دە بڕگەییەکەی هەڵبەستی گۆرانی «شێوەی زمانی گۆران» بەهونەرە بەرزە جوانەکەی (مەولەوی)یەوە ڕێگای ئارەقڕشتنی بۆ ئاسان کردن، لەچاو نالەباریی زرووفا لە سەردەمی چەند دەستە ساڵێکی کەما «عشرات من السنین» هەم چەشنی جۆرێکی کێشی نەتەوەیی ڕەسەن «ئەصیل» دۆزرایەوە، هەم لە ڕێگای لێکدانی ئەوانەوە چەند جۆرێکی «تازە داهاتوویش» هێنرایە کایەوە و، لەم ڕێگایەوە لە زمانی کوردیدا تارادەیەک لەسەر بنەڕەتی کۆنی ناو گەلێ ڕێچکەی دووەم کرایەوە، کە بریتییە لە ڕێکخستنی ئەوەندەی یەکتری ژمارەی بڕگە لەهەر پێیەی لە دێری هەڵبەستا، وەکو لەپێشەوە باسمان کرد، ئەم جۆرە کێشە لە کوردیدا ئەتوانین ناوی «کێشی بڕگەیی» لێ بنێین.

## کورد و کێشی بڕگەیی

بۆ ئەوەی ڕادەی پەیوەندیی کێشی بڕگەیی بەهەڵبەستی زمانی کوردییەوە تێبگەین، پێویستە سەرنجی پشکنین بگرینە دوو ئاراستەی جیاواز:

یەکەم: ئەو بەرهەمەی لە وێژەی شێوەی گۆرانی و لە فۆلکلۆری نەتەوەییدا ئێستا بەدەستەوەیە.

دووەم: ئاوڕدانەوەی بەرەو پاش بەمێژوودا ئەوەندەی لە وزەدا بێت بۆ ئەو سەرچاوانەی، کە زمان و وێژەی کوردیی ئێستایان لێ پەیدا بووە، لە باری کێش و وێژەی گۆرانی، کە لەناو کوردی عێراقدا لقی هەورامییان زۆرتر ناسراوە بەهەڵبەستی هونەری و فۆلکلۆرییەوە، لە کێشا تاقە جۆرێکی هەیە ئەویش کێشی زانراوی دەییە «٥ بە ٥»، کە بریتییە لە کێشی هەڵبەستی نەتەوەیی هەموو کوردان، بەگشتی هەموو بوێژەکانی تری ئەم شێوەیە بەم کێشە هۆنراوەتەوە، با ئەم دوو دێرە هەڵبەستەی لای خوارەوە لە بارەی کێشەوە بخەینە بەر لێکۆڵینەوە:

چون دیوانی شوور ئازیز نەسەردا
شەتاو سەر هۆرگرت وەدەشت و دەردا

لە خوێندنەوەی ئەم دێرانە بەدەنگی بەرز بەئاسانی بۆمان دەرئەکەوێ کە قورساییەک ئەکەوێتە سەر وشەی «شوور» لە دێری یەکەم و سەر وشەی «گرت» لە دێری دووەمدا، دوابەدوای ئەو قورساییەش «لەنگەرەکەشی» وەستان و پشوودانێک لە خوێندنەوەدا ڕووئەدا، هەمان لەنگەر و پشوودان، لە پایانی هەردوو دێریشدا دوابەدوای وشەکانی «سەردا» و «دەردا» هەستی پێ ئەکرێ، ئەم شوێن و پشوودانانە شوێنی دیاریکردنی «پێ»یەکانی هەڵبەستن بەوێنە:

دێری یەکەم لە دوو «پێ» (چون دیوانی شوور)، و (ئازیز نەسەردا)، دێری دووەمیش لە دوو «پێ» بە (شەتاو سەر هور گرت) و، (دەشت و دەردا) دروست بووە، ئەمجا ئەگەر بڕگەکانی ئەم (پێ)یانە هەرچواریان جیاجیا بژمێرین و، سەرنج لە جۆری ڕیزکردنی درێژ و کورتەکانیان بدەین بەدەستووری لای خوارەوە: (چون دیوانی شوور ئازیز نەسەردا) (شەتاو سەر هۆر گرت وەدەشت و دەردا) بۆمان ڕوون ئەبێتەوە، کە هەر پێیە لە پێنج بڕگە پێک هاتووە و کورتی و درێژیی بڕگە لەناو ڕیزی (پێ)یەکانا هیچ جۆرە حیسابێکی بۆ ڕانەگەیەنراوە، بەوێنە «پێ»ی یەکەم لە پێنج بڕگەی درێژ دروست بووە، وە بڕگەی کورتی هیچ تێ نەکەوتووە، لە کاتێکا بەرامبەر بەو لە دێری دووەمدا «پێ»ی دووەم لە دێری یەکەما تەنیا بڕگەی سێیەمی کورتە، کەچی بەرامبەر بەو (پێ)یەی دووەمی دێری دووهەم جگە لە بڕگەی سێهەمی بڕگەی یەکەمیشی هەر کورتە، هەر لەم کێشە ژمارەیەک دێرە هەڵبەستی تریش تەماشا بکەین جیاوازییەکی زۆری ئەکەوێتە بەر سەرنجمان، هەم لە نیسبەتی ژمارەی بڕگەی کورت و درێژی پێیەکان، هەم لە گۆڕینی لەناو دوو ڕیزی دوو پێی بەرامبەر بەیەکترا، ئەم درێژەیەی لە سەرەوە دامان لە بارەی تایبەتی و نیشانەکانی کێشی دەیی (١٠) گۆرانییەوە هەموو جۆرە کێشەکانی ناو هەڵبەستی فۆلکلۆری کوردی ئەگرێتەوە، کە هەرە باوەکانیان دوای کێشی هەشتی و چوار بەچوار و کێشی حەوتی «چوار بەسێ»ن ئەمە بەمەرجێک ئەو کێشەی حەیران و لاوکی لەسەر دانراوە بخەینە لاوە بۆ کۆڵینەوەی سەرنجێکی سەر پێیی وەک لە خوێندنەوەی هەڵبەستی ئاساییان دەست ئەکەوێ بەدوو نازناوی «لەنگەر» دەورێکی هەبێت، لە دروست بوونی مۆسیقایانا.

## ئاوڕێک بەرەو مێژوو

ئێستا لەناو ڕۆژهەڵاتناسەکانا گومان لەوەدا نەماوە کە کوردی یەکێکە لە خێزانی زمانەکانی ڕەگەزی ئاری و، لە زمانی فارسیی ئێستا کۆنترە، تەنانەت ئەوانەی لە





شێوەکانی زمانی کوردیدا شارەزاترن باوەڕیان وابوو لەوە ئەچێ، کە کۆڕی تایبەتیی نیشانەکانی لەگەڵ شێوە زمانەکانی زیاتر پاراستووە و، بەرامبەر بەزمانە کۆنەکانی پێش پەهلەویش هیچ نەبێت ئەوەندەی ئەم فارسییە مافی هەیە بۆ داوای نزیکی و لێچوون. ئەمجا ئێمە لە کاتێکا لە سامانی وێژەیی زۆر کۆنمان هیچمان بەدەستەوە نەبێت ئەتوانین بەلێکۆڵینەوە لە چۆنێتی کێشی هەڵبەستی کوردی پەنابەرین بەو سامانەی لەوێژەی زمانە کۆنەکانی ئێران بەجێماوە، مایەی سوپاسە کە لەو زمانانە دوانیان:

١- پەهلەوی بەهەموو شێوە زاراوەکانییەوە، ئەو شێوە زمانەی کە لە ئاڤێستا بەشی «گاتەکان»ی پێ دانراوە، ئەم دوو زمانە هەریەکەیان کۆمەڵێک هەڵبەستیان لە پاش بەجێماوە، کە ئەمە لە سەرنجی ڕۆژهەڵاتناسە پسپۆڕەکانەوە ڕێگای گەیشتنی ئێمەی ئاسان کردووە، بەو نیازەی کە پێویستمان بۆ لێکۆڵینەوە بەپێی سەردەمی مێژوویی، با لە پێشا لە هەڵبەستەکانی ئاڤێستا بدوێین، لە زمانی ئاڤێستا وشەی «گات» بەواتای «سروود - گۆرانی» و «چس تشتی»واتا هەڵبەست «مسلحەت جووت دێری هەڵبەست بێت» و «وچ» یان «واژە» بەواتای «وشە» ئەگرێتەوە، بەو پێیەی پسپۆڕەکانی ئاڤێستاناس ساغییان کردۆتەوە، دەستووری هۆنینەوەی (نظم)ی هەر پێنج بەشەکەی «گاتەکان» بەم جۆرەیە:

١- بەشی «ئاهونەڤایتی» کە بەپەهلەوی «ئەهودگات»ی پێ ئەڵێن، بریتییە لە هەڵبەستێ، بەکێشی شانزە بڕگەیی «٧+٩».

٢- بەشی «ئوشتەڤایتی» کە بە پەهلەوی «ئەشتودگات»ی پێ ئەڵێن، بریتییە لە هەڵبەستێ بەپێنج «ها ء فعل» بەکێشی یانزە بڕگەیی (٤+٧)ە.

٣- بەشی «سیەنتامینیو» بەپەهلەوی «سیەنتەدگات»ی پێ دەڵێن، کە «گیانی پیرۆز»ە بریتییە لە هەڵبەستێ بەچوار «ها = فعل» ئەویش هەریەکێ یانزە بڕگەییە «٤+٧».

٤- بەشی «ڤوهوخشاترا»، کە بریتییە لە هەڵبەستێ کە یەک «ها ء فعل»ی و، لەسەر قافیەی سێ دێری دانراوە، بەکێشی چواردە بڕگەیی (٧+٧).

٥- بەشی «ڤاهیشتوهیشتای» بریتییە لە هەڵبەستێ کە بەحەوت «ها» بەشێکی نۆزدە بڕگەییە (٧+٧+٥)، وەکو ئەبینین لەم پێنج بەشەی «گاتەکان»دا کێشی هەڵبەست، یانزە، دوانزە، سیانزە، چواردە، شانزە، نۆزدە بڕگەییە؛ بەڵام بەناوی «بەشتەکانی»ەوە، لە ئاوێستادا پارچەیەکی تر هەیە وەک کتێبی دوعا و

صەڵەواتی زەردەشت وایە، وە لەوەدا بەشی زۆری کێشی هەڵبەستەکانی هەشت برگەییە، ناو بەناوێ کێشی (١٠) برگەیی و دوانزە برگەیشییان تیا ئەبینرێ لە هەشتییەکانا شوێن پشوو زۆرتر ئەکەوێتە ناوەڕاست (٤+٤)، هەندێ جاریش ئەکەوێتە پاش برگەی سێهەم، یان پێنجەم بەدەگمەن دوای برگەی دووەمیش ئەکەوێت.

لە هەڵبەستە دەیەکانا شوێن پشووی تاوێک ئەکەوێتە ناوەڕاست (٥+٥)، تاوێکیش ئەکەوێتە پاش برگەی شەشەم؛ بەڵام هەڵبەستە دوانزە برگەییەکان دوو شوێنی پشوویان تیایە، یەکەم: پشوو پاش برگەی سێ، یان چوار یان پێنج ئەکەوێ.

دووەم: ئەکەوێتە پاش برگەی هەشتەم، لە هەڵبەستی ئاڤێستاییدا بەو پێیەی شارەزاکان ساغیان کردۆتەوە، بنەڕەتی کێش لەسەرچوون یەکی ژمارەی برگەن، جگەلەوە لە هەموو دێرە هەڵبەستێکیشا ناو بەناو شوێنی وەستان (پشوودان) بووە و، بوێژ ئازاد بووە بەپێی سەلیقەی خۆی ئەم شوێنانە بگۆڕێت.

لە وێژەی زمانی پەهلەویدا، ڕۆژهەڵاتناسی بەناوبانگ «گریستنسن» ئەڵێ: ئەو کەسەی بۆ یەکەم جار هەستی بەهەبوونی هۆنراوە کرد «ئاندریاس» بوو، ئەم زانایە لە بەردەنووسەکانی «شاپووری یەکەم»دا لە «حاجی ئایار – ئێران» توانی پەی «ادراک» بەرێ بەوە، کە ئەم یادگارەی زمانی پەهلەوی سەردەمی ساسانییەکان هۆنراوەیەکی هەشت برگەیی یان حەوت و تەنانەت جێگای لەنگەری ناو ڕیزە هەڵبەستەکانیشی نیشانەکراوە، جگە لەم بەردەنووسەی حاجی ئایار لەناو دۆزراوەکانی «تورخان»یشدا لە تورکستانی ئاسیای ناوەڕاست ژمارەیەک لە کتێب و نووسینەکانی (مانییەکان) کەوتە دەستی زاناکانی ڕۆژهەڵاتناس، بەناو ئەم نووسینەدا گەلێ سروود و پارچە هەڵبەست کەوتە دەست، هەرچی بەردەنووسی حاجی ئایار بوو بەئەلفوبێی پەهلەوی نووسرابوو، کە پیتی بزوێنەری نییە، لەبەرئەوەش خوێندنەوەی دروست و تەواو بەم ئەلفوبێیە زۆر گرانە؛ بەڵام پاش جێماوی (مانییەکان) بەئەلفوبێی ئاسووری نووسراوە و جۆری ئاخاوتنی بنجی وشەکان گەلێ باشتر ئەدا بەدەستەوە، ڕێکەوتی ئەم دۆزینەوەیە هەلی خۆش کرد بۆ پسپۆڕەکانی پەهلەوی ناس کە ئاسانتر بتوانن لە بنجوبناوانی هەڵبەستی ئەم زمانە بکۆڵنەوە. زانای فەرەنسی «بەنڤینیست» بگرە لە هەمووان زیاتر تێکۆشابوو بۆ ساغکردنەوەی هەڵبەستی پەهلەوی و کۆڵینەوە لە چۆنییێتی هۆنینەوەی ڕێکخستن. ئەم زانایە بۆ یەکەم جار لە دانراوی «ئاسووریک»ەوە دەستی کرد بەئیشکردن، ئەمە نامەیەکی پەهلەوییە وا دەرئەکەوێ، کە لە بنەڕەتا بەپەهلەوی ئیشکانی (پارثی)یەکان





نووسراوە؛ بەڵام لە پاشا لە سەردەمی ساسانییەکان دەستکاری و دانە دەمێکی بەسەرا هاتووە. (بەنڤینیست) لە ناونیشانی نامەکە و لەم وانەی کە بەدەم بزوێنەوە زوو زوو دووبارە ئەبێتەوە: «ئیوم ئەپەرتە هەچ تو درەفت ئاسوریک»، بەکوردی یانی «هەم بەرتر لە تودرەفتی ئاسووری» باوەڕی بۆ ئەوە چووە کە ئەم نامەیە سەرتاپا هەڵبەست بێ، ئەمجا لە سەرەتا بەسەر ژمارەیەک دێرە هەڵبەستی پانزە برگەییدا؛ بەڵام ئەمەی کاتێک هەیە بەپێی دەستوور و پێوانەکانی زانستیی زمانناسی هەموو لە «مەتنی مەحتەوی» بنجی دەرهاوێشت، ئاشکرایە بەرەنجێکی زۆر و بەم ڕەنگە بنەڕەتییە ئەشکانییەکەی «پارثی» لە وێنەی هەڵبەستێکی درێژا ساغی کردۆتەوە، لە پاش دووساڵ هەمان ڕێباز لە نامەیەکی تری پەهلەویدا بەکار هێناوە بەناوی «ئەیاتکار زەریران» یادگاری پاڵەوانەکانییەوە، نامەی سێهەم کە هەمان دەستووری ساغکردەوە (جاماس نامگ) بوو، لە «ئایاتکار زەریران»دا ئەم دوو دێرە هەڵبەستەی لای خوارەوەش وەکو دێرەهەڵبەستەکەی «درەفت ئاسووریک» لەسەر کێشی یانزە برگەیی دانراوە؛ «بەدەم زروان خواکەلەی زەمانەوە ئەوترێ» – زەمان توز و مەندترە هەچ هەردوو زەمان هەنداچک ئوکاری دانستان– زەمان ئەندازەی بێ بنکەی گشت شتانە–. جگە لەم کێشە لە هەڵبەستە «مانە»وییەکانی «تورفانا» کێشی: (٥، ٦، ٧، ٨، ٩، ١٠) برگەییش هەیە، ئەو کێشە (عەروز)یە دائەنێن کە فیردەوسیش (شاهنامە)ی پێ هۆنیوەتەوە، کە دەریای موتەقاربی هەشتی مقصورە (فعلن، فعلون، فعلون، فعول) هەروا «بەنڤینیست» لە پێناوی بەراوردی کێشی هەڵبەستی زمانە کۆنەکانا لەگەڵ (فۆلکلۆری) فارسی تازە بەم جۆرەی لای خوارەوە سەری قسەی سەرنجەکانی ئەگەیەنێتەوە بەزمانی کوردیش، ئەگەرچی بەنەریتی (عادەتی) ڕاهاتنی کۆن لە ڕیزە پێوەگرتنی ژماردنا شێوە زمانە کوردییەکان لەگەڵ شێوە زمانی فارسیدا دابنێین؛ بەڵام بەڕوونی بۆمان ساغ ئەکاتەوە، کە کێشی هەڵبەستی کوردی لە جۆری برگەییە و ژمێرە (حسابی) درێژی و کورتی برگە هیچ پەیوەندییەکی بەسەرەوە نییە، (بەنڤینیست) ئەڵێ: «یادگاری زەریران» هەروەکو لە مێژووی وێژەی ئێرانیدا هۆی پێکەوە بەستنی بەسەردەمی (ئاڤێستا) و سەردەمی (دەقیقی و فیردەوسی)یە، لەباری سەرنجی ڕێبازی هۆنینەوەشەوە سنووری نیشانکردە لە ناوەندی کێشی هەڵبەستی (ئاوێستایی) ناونیشانی بنجی (ئەصڵی) گرنگیی ئەم سێ جۆرە کێشە و (ئاوێستای پەهلەوی فارسی گەل) ئەوەیە، کە هەرسێکیان لەسەر بنەڕەتی ژمارەی برگە دامەزراون و، چەندی و چۆنی برگە لەمانەدا دەستی نییە، هەروەها لە هەڵبەستی شێوەزمانەکانی کوردی و

گۆرانی و هەورامانی و خوراسانیدا چەندی و چۆنی بڕگە هیچ کارێکی بەسەر کێشەوە نییە، لە بارەی قافییەوە شیاوی سەرنجە کە (بەنڤینیست) ئەڵێ:

لەهەردوو نموونەی هەڵبەستەکانی سەرەوەدا «یادگاری زەریران» و پارچە هەڵبەستەکانی یەکەم و سێهەم هاوقافییەن، هەروەکو دووەم و چوارەمیش پێکەوە هاوقافییەن؛ بەڵام دێری پێنجەم قافییەیەکی جیاوازی هەیە.

## ئەو کێشە بڕگەییانەی کە ئێستا باون

لە پێشەوە وتمان لە فۆلکلۆری کوردیدا کێشی هەرە باو کێشی (١٠) بڕگەییە (٥+٥) و، وێنەمان لە هەڵبەستەکانی مەولەوی بۆ هێنایەوە، لە پاش کێشی دەیی لە فۆلکلۆردا کێشی هەشتی (٤+٤) دێت، دوای ئەویش کێشی حەوتی (٤+٣) لە تاکەتاکەی دێرەکانی هەڵبەستی لاوک و حەیرانیشا ئەتوانین کێشی یانزە بڕگەیی (٦+٥) و (٤+٤+٣) بدۆزینەوە، بوێژە تازەکانمان لە ماوەی ئەم دە ساڵانەی دواییدا لە بەرهەمی هونەریانا ئەم جۆرە کێشانەیان هەموو ژیاندۆتەوە، جگە لەوەش چی بەچاولێکەری بێگانە و شتی ڕێگای داهێنانەوە چەند جۆرێکی تازەش کێشیان دۆزیوەتەوە، ئەوە لای خوارەوە یەکە یەکە لەو جۆرە کێشە بڕگەییانە ئەدوێین، کە لە شێوەی سۆرانیدا تا ئێستا هەڵبەستیان پێ دانراوە:

١- کێشی دە بڕگەیی، ئەم کێشە لە هەڵبەستی کوردیدا ئەوەندە باوە پیاو زۆر بەئاسانی ئەتوانێ ناوی لێ بنێ کێشی نەتەوەیی گەلی کورد، هەر بەو دەستوورەی لە زمانی فەرەنسزیدا کێشی دوانزە بڕگەیی (ئەسکەندەری) بەکێشی نەتەوەیی دائەنرێ بۆ گەلی فەرەنسەیی، یان کێشی « ئیامبیک» بەکێشی نەتەوەیی دائەنرێ بۆ ئینگلیزەکان، یاخود کێشی یانزە بڕگەیی (٦+٥) بۆ تورکەکان، لەناو هەموو کۆڕەکانی ژن و پیاوا کێشی هەڵبەست نییە ئەوەندەی ئەم کێشی (دەییە) بەسەر دەمەوە بێ و لە هەڵبەستەکانی چیرۆک و گۆرانی و شیوەن و بەستە و لایەلایەی کوردیدا بەزۆری بەکاردێن و بۆ دانەرەکان بەئاسانی ڕێک بخرێت، وەتێرە هەڵبەستەکانی کێشی دەیی بەئاسانی «عادەتی» هەریەکێ لە دوو پێی پێنج بڕگەیی دروست ئەبن؛ بەڵام دروستیشە دێری هەڵبەستی لە سێ پێی پێنج بڕگەیی بهۆنرێتەوە و تاوەکو وێنەی لای خوارەوە:

مەلی سەر پنچک پەلوپۆ ڕەنگین خۆ من هەڵۆ نیم
لێم مەفڕن بەجووت مەترسن ئاخر پێتان بڵێم چیم





منیش وەک ئێوە لەم دنیا گەورە گەردێکم بچووک
ناشتوانم بۆ خۆم بفڕم بخوێنم بەباڵ بەدەنووک

٢- کێشی هەشت بڕگەیی: کێشی هەشت بڕگەیی لە فۆلکلۆری کوردیدا زۆر باوە، واش دێتە بەرچاو هەتا بەرەو ناوچەی شێوەی کرمانجی بڕۆین باوی زۆرترە بەپێچەوانەی دە بڕگەییەوە، کە تافی برەوی (شدة الرواج) لە جەرگەی ناوچەی شێوەی گۆرانییەوە پێ ئەکا، دێری هەڵبەستی ئەم کێشە لەسەر دوو پێی چوار بڕگەیی ئەڕوا، زۆربەی بەرهەمی بوێژە تازەکانمان بەم کێشە و بەم جۆرە دەستکاری کراوەکانی هۆنراوەتەوە، ئەم پارچەیەی لای خوارەوە وێنەی جۆری ساکاری کێشی هەشت بڕگەیی (٤+٤)ە:

وەنەوشەی بن درک خزاو
نێرگزە جاڕ بە هەزار چاو
چاوی ڕەشی کردەوە دی
پێئەکەنێ زەرد و سپی

٣- کێشی حەوت بڕگەیی: لە فۆلکلۆری کوردیدا کێشی حەوت بڕگەیی (٤+٣) لە پاش هی هەشتی دێ، لەبەر نزیکیی مۆسیقاکەی لە کێشی هەشتی لە هەڵبەستی فۆلکلۆریدا هەندێ جار تاکەتاکە لەناو دێرە هەڵبەستەکانی هەشتیدا بەرچاو ئەکەوێ، لەم ساڵانەی دواییدا ژمارەیەکی زۆر هەڵبەستی تازەی پێ دانراوە ئەم پارچەی لای خوارەوە نموونەیەتی:

هەرچەند کە ئەیدی ئاوا
کەشتی بۆ گەرداو ئەڕوا
هەزاران هاوار بکرێ
کەس نییە ڕێی ڕاست بگرێ
ناچار خۆی سەرخۆش ئەکرد
هەستی فەرامۆش ئەکرد
جارجار کە زۆر پەست ئەبوو
کەمێکیش بەدمەست ئەبوو
بە جوێن، توانج، سەرزەنشت
داخی دڵی خۆی ئەڕشت

# گۆران و کفر!

گۆران کە لە تەوێڵە مامۆستا بووە و بەڕێوەبەری قوتابخانەکەی ئەوێ بووە ئەم شیعرەی داناوە وە بەناو قوتابییەکانیا بڵاوی کردۆتەوە وە ئەوانیش خوێندوویانەتەوە بۆ کەسوکاریان بەو کارە بووە بەهۆی ئەوەی کە قوتابخانەکە دانەخرێت چونکە ئەو سەردەمە هەندێک لە شێخە نەزانەکان ئەیان وت قوتابخانە مەنزڵگای کفرە و زۆربەی قوتابییەکانیان هاندابوو کە نەچن بۆ قوتابخانە و کەسوکاری قوتابییەکانیش دوای ئەو شێخانە کەوتبوون وەبڕوایان پێ کردبوون بەڵام کە گۆران ئەو شیعرەی بڵاوکردەوە قوتابییەکان قەناعەتیان بەکەسوکاریان کرد و گەڕانەوە بۆ قوتابخانەکە!

زاڕوڵە و مەعصوم بێگوناهین مێ
ئیسلام زادین مێ، ئیسلام خواهین مێ
عەزممان جەزمەن، پەی وەنەی عیرفان
هەر وەنەی، وەحشی کەرۆ بە ئینسان
سا خوا توفیق، توفیق هەر بەتۆن
توفیقمان بدە پەی وەنەی عرفان!!

مامۆستا حمە رشید هەورامی ئەم شیعرەی پاراستوە وە بۆی ناردوم! سوپاسی ئەکەین!

هۆگر گۆران ٢٠٠١/١٢/١٢

**لە نوری شێخ ساڵحەوە**

## بۆ (مێشو) = گۆران

ئەی ژیان! ئەی ئەمەلی طائفەی پیر و جوان!
ئەی بەبێ تۆ شەوی دەیجوورە هەموو ڕۆژی ژیان
هیچ مەوەستە دەسا تا دەگەیە زەردیاوا
ئەم دوو سێ شیعرە بەدیاری بەرە خزمەت گۆران
بڵێ: ئەی ناظری ئەو منظرە جوانانەی قەرەداخ
دوور لە دەرد و پەژارە و لە غەم و میحنەت و ئاخ





باوکم ئەو وەختە ئەدیبێ بوو لە ڕیزەی ئودەبا
مەلەوانێکی بەقودرەت بوو لە بەحری ئەدەبا
ئەو دەم شیعری دەوت هۆش و شعورێکی هەبوو
سەر و دڵخۆش و ڕەحەت کەیف و سرورێکی هەبوو
ئێستا کۆماوەتەوە پشتی بەسەر جەدوەلدا
قسمەتی خۆی ئەوە بوو هەر لە دەمی ئەوەلدا
ڕۆژ و شەو فکری بەنووسینی حساباتەوەیە
شەو و ڕۆژ ذکری بەتەسلیمی ئەمانەتەوەیە
شیعری بیکری بۆتە تەصفیەیی تەسلیفات
ورد و ذکری بووەتە تەحشیەیی تەحویلات
جەدوەل و ملحق و تەسویەی ئاذاری
بووەتە قافیە و مەصرەعی مەعنیداری

ژیان ٢٩/٤١٣ ایلولی ١٩٣٤

م. نوری لە زمان جەنابی کوڕیەوە

***

مامۆستا غەنی نانەوا داوای شیعرێکی لە گۆران کردووە بۆ ئاهەنگی نەورۆزی ساڵی ١٩٥٩ ئەویش لە پشتی پاکەتە جگەرەیەک ئەم چەند دێرەی نووسیوە.

شۆڕشی تەمموز نەورۆز باس ئەکا
دیجلەمان ڕووی دەم لە ئاراس ئەکا
بۆیە هەڵهەڵەی جەژنی نەورۆزمان
گوێی دوژمنانی گەلمان کاس ئەکا

بەبۆنەی جەژنی نەورۆزەوە دوای ١٤ی تەمموز وتوویەتی

***

کۆتایی هات

# ناوەڕۆک


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| ١- سەرەتایەکی پێویست | 5 |
| ٢- پێشـەکی | 8 |
| ٣- ئەنجامی هەڵبەست | 12 |
| ٤- چاو | 13 |
| ٥- خولێک بەناو شاردا- سوورەی چاوکاڵ | 14 |
| ٦- فرمێسک | 15 |
| ٧- لاواننەوە بۆ برایەکی جوانەمەرگ | 15 |
| ٨- تاسەی هاودەرد | 17 |
| ٩- تاسەی لێوی ئاڵ | 18 |
| ١٠- گوڵێکی نەوشکفتەی شیعر | 19 |
| ١١- کـەڵکی ئەدەب | 20 |
| ١٢- سەرنجێکی کورت لەشیعر | 24 |
| ١٣- کۆنی و تازەیی لەهەڵبەستا | 27 |
| ١٤- نامەیەکی کراوە بۆ دڵسۆزەکانی هونەر و ئەدەب | 32 |
| ١٥- بەرهەمی وێژەییمان ئەبێ چۆن بێ | 34 |
| ١٦- دوو ئاڕاستە لەتەقەلای گەشەپێدانی کوردیدا | 37 |
| ١٧- وشەیەک لەبارەی ڕەخنەوە | 40 |
| ١٨- تەرمووکی و تەیران | 41 |
| ١٩- ڕێگا سەختەکان | 44 |
| ٢٠- بەردەنووسێک | 46 |
| ٢١- کەڵکی تەمسـیل | 47 |
| ٢٢- ئەدیبەکان لەوڵاتە یەکگرتووەکان | 48 |
| ٢٣- ڕەگەزپەرستی لە ئەمریکا | 50 |
| ٢٤- مـژدە | 52 |
| ٢٥- سـوپاس و سکاڵا | 52 |
| ٢٦- بۆ نووسەرە بەنرخەکان | 53 |
| ٢٧- مێژووی ئەدەبی کوردی | 55 |
| ٢٨- شاعیران و نووسەرانی مەهجەر | 56 |
| ٢٩- زەنگییـەکـان وەهەڵبژاردن | 58 |
| ٣٠- خوێندەواری و زەنگییـەکان | 59 |
| ٣١- میـرجەلادەت بەدرخان | 60 |







| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| ٣٢- پێـمـان ڕەوا نابینن | 62 |
| ٣٣- لوێس ئەراگـۆن | 63 |
| ٣٤- سەفەربەری مەلا حەمدوون | 65 |
| ٣٥- کۆنەپەرستی سەدەها ساڵە | 69 |
| ٣٦- لە دومیزبالوت کرێکار چۆن ئەژی؟ | 70 |
| ٣٧- ڕووناکییەک لەئاسۆی کورد | 71 |
| ٣٨- دەنگێکی دڵسـۆز | 73 |
| ٣٩- لەم لاپەڕەیەدا چی بنووسین | 76 |
| ٤٠- سریالیزم | 79 |
| ٤١- گـەشتـێک | 79 |
| ٤٢- پیرەمێردی نەمر | 81 |
| ٤٣- بیرەوەری جەژنێکی ئۆکتـۆبەر | 87 |
| ٤٤- مەولەوی و شیعری موناسەبات | 90 |
| ٤٥- لاپەڕەیەک لەتەئریخی ئەدەبی کوردی | 93 |
| ٤٦- نامەیەکی گۆران بۆ پیرەمێرد | 96 |
| ٤٧- نامەی گۆران بۆ علاءالدین سجادی | 98 |
| ٤٨- نامەی گۆران بۆ گیوی موکریانی | 99 |
| ٤٩- شارلی شاپلن | 100 |
| ٥٠- هێزێکی ڕاستەقینە | 100 |
| ٥١- زانا و مرۆڤ فریدریک جولیو کوری | 104 |
| ٥٢- پێشەکی ئەم ژمارەیە | 109 |
| ٥٣- ئاشتی و سامانی بیر | 110 |
| ٥٤- دوایی بەن بەشـەڕی سارد | 113 |
| ٥٥- دەنگی عێراق درا بە گـوێی جنێف-دا | 115 |
| ٥٦- بۆمبای ئەتۆم دروست مەکەن | 116 |
| ٥٧- ڕووناکی لە ئوکتـۆبەرەوە | 116 |
| ٥٨- دەنگوباسی ئاشتیـخوازانە | 119 |
| ٥٩- دەستدرێژی بەچی ئەڵێن | 120 |
| ٦٠- نووسەر و سـەردەمەکەی | 126 |
| ٦١- موحازەرەکانی گۆران لە کۆلێجی ئەدەبیاتی بەغدا | 134 |
| ٦٢- گۆران و کفر؟ | 165 |
| ٦٣- لە نوری شێخساڵحەوە بۆ (مێشـو) | 165 |

# ڕێنووسی یەکگرتووی کوردی

تکا لە نووسرانی بەڕێز دەکەین:

*بۆ بڵاوکردنەوەی نووسینەکانیان لە دەزگای ئاراس تکایە ڕەچاوی ئەم ڕێنووسەی خوارەوە بکەن کە پەسندکراوی کۆڕی زانیاری کوردستانە:*

**یەکەم**: گیروگرفتی پیتی (و).

نیشانەی (و) لە زمانی کوردیدا بە شێوەی خوارەوە دەنووسرێ:

١- پیتی (و)ی کورت، واتە (و)ی بزوێنی کورت (و: u)

بۆ نموونە: **کورد. کورت. کوشت.**

Kurd. Kurt. Kust

٢- پیتی (وو)ی درێژ، واتە (وو)ی بزوێنی درێژ (وو: û)

بۆ نموونە: **سوور. چوو. دوو.**

Sûr. Çû. Dû

٣- پیتی (و)ی کۆنسۆنانت (نەبزوێن). واتە (و: w)

بۆ نموونە: **ئاوایی. وەرە. هاوار. ئاو**

دەنگی (و) لێرەدا هەندێک جار لە زاراوی کرمانجیی سەروودا دەبێ بە دەنگی (ڤ)

Awayî (Avahî). were. Hawar. Av

٤- پیتی (ۆ)ی کراوە. واتە (ۆ: o)

بۆ نموونە: **دۆڵ. گۆڕ. نۆ.**

Dol. Gor. No.

**دووەم**: گیروگرفتی پیتی (و)ی سەرەتای وشە.

هەر وشەیەک بە پیتی (و) دەست پێ بکات بە یەک (و) دەنووسرێت.

بۆ نموونە: **وریا. وڵات. وشە. ورد.**

wirya. wilat. wise. wird.

**سێیەم**: گیروگرفتی پیتی (ی):

نیشانەی (ی) لە زمانی کوردیدا بە شێوەی خوارەوەیە:

١- پیتی (ی)ی بزوێن. واتە (ی: î).

بۆ نموونە: **زەوی** – Zewî

٢- پیتی (ی)ی کۆنسۆنانت. واتە (ی: y)

بۆ نموونە: **یار** – yar

• **سەرنج ١**: پیتێکی (ی)ی بزوێنی فرە کورت هەیە کە لە نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی



لاتینیدا نیشانەی (i)ی بۆ دانراوە وەک لە وشەکانی: من – Min ، کن – Kin ، ژن – jin. ئەم نیشانەیە لە نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبیدا نییە.

• **سەرنج ٢**: نیشانەکانی (ی)ی بزوێن و (ی)ی کۆنسۆنانت واتە (î) و (y) لە پیتی عەرەبیدا هەردووکیان هەمان نیشانەی (ی)یان هەیە بەڵام لە ڕاستیدا لە یەکتر جیاوازن و لە کاتی بە دوای یەکتر هاتنیاندا دەبێ هەردووکیان بنووسرێن.

وەک: **نییە. چییە. دیارییەکە. زەوییەکە.**

Nîye. Çîye. Dîyarîyeke. Zewîyeke

• **سەرنج ٣**: لە کاتی هاتنی سێ پیتی (ی) بە دوای یەکتردا وەک لە وشەکانی (**ئاواییەکەمان**...) (**کۆتاییەکەی**...) (**وەستاییەکی**...) (**کۆتاییی بە کارەکە هێنا**) دەبێ بەسەر یەکەوە بنووسرێن، واتە سێ (ی) بە شێوەی (ییی) بە دوای یەکتردا دێن.

(Westayîyeki....) (Kotayîy be Kareke hêna)

**چوارەم**: گیروگرفتی پیتی (ڕ)ی گران، واتە (ڕ)ی نیشانەدار. ئەم پیتە لە هەر کوێیەکی وشەدا هات دەبێ بە نیشانەکەیەوە بنووسرێت. واتە لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا هەر (ڕ)ی گرانی نیشانەدارە.

وەک: **ڕۆژ. بڕیار. کەڕ.**

**پێنجەم**: گیروگرفتی پیتی (و)ی بەیەکەوەبەستن (عطف):

پیتی (و)ی بەیەکەوەبەستن، بە شێوەیەکی جیاواز لە وشەی پێش خۆی و پاش خۆیەوە دەنووسرێت و مامەڵەیەکی سەربەخۆی لەگەڵدا دەکرێت.

بۆ نموونە: **من و تۆ. ئارەزوو و وریا.**

• **سەرنج**: لە هەندێک وشەی لێکدراودا پیتی (و)ی بەیەکەوە بەستن بووە بەشێک لە هەردوو وشە لێکدراوەکە و بە هەموویان وشەیەکی سەربەخۆیان دروست کردووە.

وەک: **کاروبار. دەنگوباس. ئەلفوبێ. هاتوچۆ.**

لەم بارانەدا مامەڵەی سەربەخۆ لەگەڵ پیتی (و)ی بەیەکەوە بەستندا ناکرێت و وشەکە هەمووی بەسەریەکەوە دەنووسرێت وەک لە نموونەکاندا پێشانمان دا.

**شەشەم**: وشەی ناسادە چ ناو بێ یان زاراوە دەبێ بەسەریەکەوە وەکو یەک وشە دەنووسرێن. وەک:

ناو: **چەمچەماڵ. بێکەس. دڵشاد. زوورگەزراو. بێخاڵ. ناڵپارێز. میاندواو. کانیکەوە. سپیگرە.**

زاراوە: **ڕێنووس. ڕێپێوان. دەسبەجێ. جێبەجێ. نیشتمانپەروەر. دەستنووس. دەسبازی. وڵاتپارێز. ئازادیخواز. دووشەممە. سێشەممە. پێنجشەممە. یەکسەر. ڕاستەوخۆ. یەکشەوە** (مانگی یەکشەوە).

**حەوتەم:** پیتی (ت) لە کۆتای کار (فرمان)دا دەشێ بنووسرێت و دەشێ نەشنووسرێت.

وەک: **دێت و دەڕوات** (یان) **دێ و دەڕوا.**

**هەشتەم:** نیسبەت لە زمانی کوردیدا زۆربەی جار بەهۆی پیتی (ی) لە کۆتای ناودا دەکرێت.

وەک: **پێنجوینی. هەولێری.دهۆکی. شێخانی.**

هەروەها ئەم نموونانەی خوارەوە:

ئەحمەدئاوا: **ئەحمەد ئاوایی**

یارمجە: **یارمجەیی.**

تووزخورماتوو: **تووزخورماتوویی.**

شنۆ: **شنۆیی.**

ئاکرێ: **ئاکرێیی** (یان) **ئاکرەیی.**

لادێ: **لادێیی.**

• **سەرنج:** ئەو ناوانەی خۆیان بە پیتی (ی) تەواو دەبن پێویست ناکات (ی)ی نیسبەتیان بخرێتە پاڵ. وەک:

سلێمانی: **کامەران سلێمانی.**

کانیماسی: **حاجی حوسێن کانیماسی.**

ئامێدی: **ئازاد ئامێدی.**

**نۆیەم:** هەر وشەیەکی بیانی چ هاتبێتە ناو زمانی کوردییەوە، یان هەر ناو و وشەیەکی تر کە لە نووسینی کوردیدا دێتە پێشەوە، دەبێ بەرێنووسی کوردی بنووسرێت.

وەک: **ئەڵلا. قەڵەم. ئەکبەر. قاهیرە. ئۆتۆمۆبیل. دۆستۆیفسکی.**

**دەیەم:** ئامرازی (تر، ترین) کە بۆ بەراورد بەکاردێن دەبێ بەوشەکانی پێش خۆیانەوە بلکێنرێن. وەک:

**جوان: جوانتر – جوانترین.**

**خاو: خاوتر – خاوترین.**

• **سەرنج:** ئەم ئامرازەی (تر) جیاوازە لە وشەی (تر) کە بەواتەی (دی، دیکە) دێت. ئەمەی دوایی دەبێ بە جیاواز لە وشەی پێش خۆی دەنووسرێت.

وەک: **ماڵێکی تر، چیی ترم ناوێ.**

**یازدەیەم:** جێناوی نیشانەی وەک: ئەم. ئەو. ئەڤ.

ئەم جێناوانە ئەگەر ئاوەڵکاری (کات – یان – شوێن)یان بەدوادا هات پێیانەوە دەلکێن و دەبن بە یەک وشەی سەربەخۆ.

وەک: **ئەمشەو. ئەمڕۆ. ئەڤساڵ. ئەمجارە. ئەمبەر و ئەوبەر. ئەڤرۆ.**



**دوازدەیەم:** نیشانەکانی نەناسراوی وەک ( ...یەک، ...ێک، ...ەک) بە شێوەی خوارەوە دەچنە سەر وشەکانی پێش خۆیان:

١- ئەگەر وشەکان بە پیتە بزوێنەکانی (ا، ی، ە، ێ) تەواو بووبن ئەوا نیشانەی (...یەک)یان دەخرێتە پاڵ. وەک:

**چیا: چیایەک.**

**زەوی: زەوییەک.**

**وێنە: وێنەیەک.**

**دێ: دێیەک.**

٢- ئەگەر وشەکان بە پیتە بزوێنی (وو) یان هەر پیتێکی دەنگدار (نەبزوێن: کۆنسۆنانت) تەواو بووبن ئەوا نیشانەی (ێک – لە کرمانجیی خواروو) و نیشانەی (ەک)یان لە کرمانجیی سەروودا دەچێتە سەر.

**خانوو: خانووێک، خانووەک**

**گوند: گوندێک** (کرمانجیی خواروو)، **گوندەک** (کرمانجیی سەروو).

**ژن: ژنێک** (کرمانجیی خواروو)، **ژنەک** (کرمانجیی سەروو).

**سێزدەیەم:** گیروگرفتی پاشگرەکانی (دا. ڕا. وە. ەوە)

ئەم پاشگرانە بە وشەکانی پێش خۆیانەوە دەلکێنرێن. وەک:

دا: **لە دڵدا** (هەر برینێ کە لە دڵدا هەیە سارێژی کەن). (خەمێکم لە دڵدایە).

ڕا: **لە ئامێدیڕا** (لە وێڕا بەپێ هاتووین). (لە خۆڕا دڵی گۆڕاوە).

وە: لە چوارچراوە (لە وێوە هاتووین).

ەوە: بە ماڵەوە (بە ماڵەوە ڕۆیشتین).

(جارێکی تر نووسیمەوە). (خانووەکەم کڕییەوە).

• **سەرنج:** پاشگری (دا) جیایە لە وشەی (دا) کە فرمانە و چاوگەکەی (دان)ە.

وەک: **تیرێکی لە دڵی دا. تیرێکی لە دڵی داوم.** ئەم (دا)یەی فرمان بەجیا دەنووسرێ.

**چواردەیەم:** گیروگرفتی پێشگرەکانی (هەڵ. دا. ڕا. وەر. دەر)

١- ئەم پێشگرانە کاتێ دەچنە سەر چاوگ یان فرمان یان هەر حاڵەتێکی تر، پێیانەوە دەلکێن بەمەرجێ جێناوی لکاو نەکەوتبێتە نێوان پێشگر و وشەکەی دوای خۆی. وەک:

* چاوگ:

**هەڵ: هەڵکردن. هەڵگرتن. هەڵکورمان. هەڵکێشان.**

**دا: دابڕان. داخستن. داڕمان. داکردن.**

**ڕا: ڕاگرتن. ڕاکێشان. ڕاپەڕین.**

**وەر: وەرگرتن. وەرسووڕان.**

**دەر: دەرکردن. دەرهێنان.**

* فرمان:

**هەڵ: هەڵگرە. هەڵمەخە. هەڵکشێ.**

**دا: دانێ. دامەبڕە.**

**ڕا: ڕاکێشە. ڕامەپەڕێنە.**

**وەر: وەرگرە. وەرسووڕێنە.**

**دەر: دەربێنە. دەرخە.**

* حاڵەتی تر. وەک:

**هەڵکشاو. هەڵنەکشا. دانراو. ڕاپەڕیو. ڕانەپەڕیو. وەرگرتوو. وەرگرتە. دەرخراو. دەرکراو.**

٢- ئەگەر جێناوی لکاو کەوتە نێوان پێشگر و فرمانەکەی دوای خۆی ئەوا بەجیا دەنووسرێن و جێناوەکە بە پێشگرەوە دەلکێنرێ.

**هەڵ: هەڵم گرن. هەڵیان کەن. هەڵمان کێشن. هەڵمان مەواسن.**

**دا: دامان نەنایە. دایان خەن. دای بڕە.**

**ڕا: ڕایان دەگرین. ڕام کێشە. ڕام پەڕێنە. ڕاشیان پەڕێنێ.**

**وەر: وەرمان گرتایە. وەری نەگری. وەریان سووڕێنەوە.**

**دەر: دەریان پەڕاندین. دەری خە.**

**یازدەیەم:** گیروگرفتی وشەی لێکدراو.

ئەگەر وشەی دووەم لە دۆخی فرماندا بوو، بەجیا دەنووسرێن:

**ڕێک دەکەوین. پێکیان هێنایەوە. پێک نەهاتین. یەکیان نەگرتووە. دەستمان نەکەوت.**

بەڵام ئەگەر وشەی دووەم لە دۆخی چاوگ یان حاڵەتی تردا بوو ئەوا هەردوو وشەکەوە بە یەکەوە دەلکێنرێن.

وەک: **ڕێککەوتن. پێکهاتن. یەکگرتن. دەسخستن. یەکگرتوو. دەسکەوتوو. پێکهاتە.**

**شازدەیەم:** ئامرازی (ش)ی تەئکید کەوتە هەر شوێنێکی وشەوە دەبێ بە بەشێک لە وشەکە و نابێ بە هۆی لەتبوونی وشەکە. وەک: **بشتەوێ ناتدەمێ. نەشخۆی.** گوتی دێم... **نەشهات. نەشمانگرتن. بشمانبەن.**